# ● هەژان

چەند کورتە چیرۆک و رۆمانێک

## ● کاروان عەبدوڵڵا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# هەژان

چەند کورتە چیرۆک و رۆمانێک

**کاروان عەبدوڵڵا**



ناوی کتێب: هەژان – چەند کورتە چیرۆک و رۆمانێک
نووسینی: کاروان عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٠٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## چەند پەیڤێک

وەک ئەزموونێک، بەباشم زانی ئەم کۆمەڵە کورتە چیرۆک و رۆمانە لە دووتوێی بەرگێکدا جارێکی دیکە بڵاوبکەمەوە، لەو باوەڕەدام، کەسانێکی زۆر کەم هەن، ئەم چیرۆکانەیان لا دەست دەکەوێ، چونکە لە هەشتاکانەوە هەندێکیان لە شاخ بڵاوبوونەتەوە و هەندێکیشیان لە دەرەوەی وڵات، دەکرێ هەر هەموویان، بە سێ ئەزموونی جیا، شاخ، هەندەران، گەڕانەوە بخوێندرێنەوە، بەکورتی ئەزموونی نزیکەی بیست ساڵی شوێن و زەمەن جیاوازە، کە راستەوخۆ ئەو هەمەڕەنگییەیان پێوە دیارە... زۆربەی چیرۆک و کورتە رۆمانەکەشم بەبەراورد لەگەڵ چاپەکانی پێشوو، دەستکاری کردوون، بەڵام، لە ئاستی هەڵەی چاپ و زمان و هەندێ داڕشتن دا. هەندێ لەم چیرۆکانەی کە بەفارسی و عەرەبی وەرگێڕدراون دەستکاریم نەکردوون... بەهەرحاڵ دەستم لە ناوەڕۆکەکەیان وەرنەداوە...



## دوا سەردان

لە مێژبوو دەمویست پەردە لە رووی ئەو رازە هەڵبماڵم؛ بەڵام لەوە دەترسام هێندێکیان لێم تێ نەگەن و گاڵتەم پێ بکەن، یا تا ئەبەد نەتوانم تانوپۆی کەم و سەری لێ دەرکەم... «ئەو» هەموو رەفتارێکی بۆ خۆی تەلیسمێک بوو، نە ئێمە لە ئەو دەگەیشتین، نە ئەو لە ئێمە، هەردوولامان بۆ یەکتری ببووینە بارگرانی. ئێمە زۆر بووین، ئەویش تەنیا، کەچی نەبوونی ئێمە بۆ ئەو، لە تەنیاییە وەحشەتناکەیدا، گەلێک چاتر بوو. ئێمە لە ژیانی ئاڵۆز و پڕ کێشمە و جەنجاڵئاسای خۆمان تێ نەدەگەیشتین و لە نێو گۆمی بێ موبالاتیدا دەگەوزاین، چۆن دەکرا، لە نهێنی ژیانی ئەو بگەین و چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە؟ ئەوەی رۆژانە بەچاوی خۆم دەمبینی، تەنیا بزەی بێ بایەخی چەند کەسانێکی نێو بنکەکەمان بوو، ئەویش بەمەبەستی ترساندن و راونانی بوو، دەنا چی تریان بۆ نەدەکرد، ئەوە نەبێ قسەی سەیر و داستانی پڕ خەندە و ئەفسووناویشیان بۆ هەڵدەبەست لە نەوعی:

«ئەمڕۆ ببوو بەموشەک و هەر دەقە و خۆی دەکوتایە ژوورێک!»

«ئەمشەو لە لوولەی سۆپاکەوە هاتبووە ژوورێ!»

«قاپ و قاچاخی چێشتخانەی لە قوڕ هەڵکێشابوو!»

«بەیانی زوو، ببووە کەروێشک، خانووەکەمانی بنکۆڵ دەکرد!»

رەنگبێ هەندێ لە قسە و باسەکانی، خۆیان لە ئاقاری راستی دابێ، بەڵام هیچ یەک لەم گوتانە ناکرێ ئاسایی بن، ئەو رەفتارانەش قەت لە رەفتاری خۆرسکیی ناچن. چەند جارێک گوللەی بێزاری و بێ ئیشی لە تەپوتۆزی وەرداوە. هەموو جارێکیش، دڵم لەگەڵیدا وەلەرزە کەوتووە، من لە چاویدا هەستم بەغوربەتی و بێ ئارامییەکەی دەکرد، بەسۆزەوەش تێم دەڕوانی. بەڵام نەمدەهێشت کەس بمبینێ. ئەو رۆژەش لە هەموو رۆژەک زیاتر دڵم پێی سووتا، کاتێک گوێم لێ بوو یەکێک لە هاوەڵەکانم لە خۆیەوە بڕیاری کوشتنی ئەوی دەرکرد! بەشانازیشەوە دەستی لە سەر سنگی خۆی دەدا و دەیگوت:

– هەر ئەمشەو مۆڵەتم بدەنێ، بەیانی نایبیننەوە!

ئاخر کوشتنی بەستەزمانێکی وا چ ئازایەتییەکە؟! خۆ ناکرێ منیش لە جێگەی ئەو، ئەم هاوەڵەم شەلاڵی خوێن بکەم؟ «ئەو» هەموو بەیانییەک، هەوڵی دەدا، خۆی لە هەموومان بشارێتەوە، دیاربوو خۆشیی لە چارەی ئێمە نەدەهات! تەنیا بەدەورووبەری

ئەو خانووە دەخولایەوە، کە لە سەر کەلاوەی گوندە راگوێزراو و وێرانکراوەکاندا قیت کرابوونەوە. لمۆزی توورەیی و نامۆیی لە بالآیان دەخشاند و ماوەیەک لێیان ورد دەبۆوە و سەیرێکی ئەمبەر و ئەوبەری خۆی دەکرد و مۆرەیەکی لە خانووەکان دەکرد و خێرا رووەو ئەو تاکە خانووە دەچوو، کە دەستی رق و زەبری ئەستوور و کینە لە دلانی پێ نەکەوتبوو، نەمانزانی بۆ تەنیا ئەو خانووەیان بەساغ و سەلامەتی بەجێ هێشتبوو؟ چ خانوویەکی بەهەیبەت بوو، چەند بەفیزەوە لە کەلاوەی گوند و خانووە نوێیەکانی ئێمەی دەڕوانی! «ئەو»یش هەر بەو خانووە فێر ببوو، هەر چ شڕوپڕەیەکی خەلکانی پێشووی ئەو گوندەیە هەبوو لەوێی خڕکردبوونەوە، وەک منالێک بازی بەو شتانە دەکرد و تۆزی لەو ناوە هەلدەستاند. کێ دەیزانی، چ سرێک، چ نیازێک لە پال ئەو هەللا و بەزمەیەدا خۆی حەشاردابوو؟ ئەمشەویش ئەوەتا، روو بەرووم دێ، من خۆم لە کەمین ناوە و ئەویش بۆ سەردانی کەلاوەکەی پەلەیەتی، بەلام جار نا جارێ سووکە ئیستێک دەکا، لە راست و چەپی خۆی رادەمێنێ. دەلێی هەست بەشتێک دەکات، یا مەترسییەک لە رۆحی ئالآوە (ئەمشەو هیچت بەسەر نەیێ، بەیانی ئازادیت، دەبێ لێرە نەمێنیت، هەموویان بەقەد ئەم دونیایە رقیان لێ هەلگرتووی، ئاخر ئەوان چییان لە تۆ دەوێ؟ هێشتا بەوە قایل نین، کە جێ و رێی تۆیانیان گرتووە... ئەم شەو ئەگەر بکەویتە بەر دەستیان، هەموو بیرەوەری و خەونەکانت، لەگەل مێشکە چکۆلانەکەتدا دەپلیشێننەوە. تۆ هیچ تاوانێکت نییە غەیری ئەوەی، لە نێو ئێمەدا بەدوای ناسیاوەکانتدا دەگەڕێی، تۆ هەقتە کە ئێمەت بەنامۆ و غەریب بێتە بەرچاو، رۆژگاریش رێگەی ئەوەمان پێ نادا کە ببێتە مایەی دلخۆشی و حەزی دیتنمان، هەر بۆیە، ئەمشەو ئەگەر لێرە نەتگوازمەوە، رەنگە بەیانی لە پال یەکێک لە خانووە نوێیەکانی گوندەکەتان رابکشێی و هەلنەستیتەوە، خۆ ئەگەر لە نێو کەلاوەی خانوێکیشدا بمریت ئەوە باشترە و تۆیش دەبیتە شتێک لە پاشماوەی گوندەکەتان. وەک کەوشە کۆنە دڕاو و بووکە شووشە جێماو و کۆنە جلەکانت لێ دێ، تۆ حەز بەدیتنی ئەوانە دەکەیت، ئەمەتا ئەوانەی تۆ دەتەوێن لە بەردەمتایە، خۆتیان تێ هەلسوو، بۆنیان بکە، تۆ ئەبێ ئەمشەو لەگەل ئەمانە بژیت، نابێ بچیتە خوارێ، لەوێ مەرگ خۆی لە کەمین ناوە بۆت، ئێستا هەلت دەگرم، دەتبەمە شوێنێکی دوور، دوور لەم گوندە، لەوێ جێت دەهێلم، بۆ خۆت لەوێ بژی، ناتبەمە جێیەک کەسانی وەکو ئێمەی نامۆی لێ بێ) کەمێک مابوو بگا بەشڕوپڕەکان، دیسان وەستا، دروست لەو شوێنە راما، کە من لەوێدا لە سەر چیچکان بۆی دانیشتبووم، پەلەم بوو، هەموو گیانم کەوتبووە هەلپە،





دەمزانی هەر دەبێ خۆی بۆ کۆنە جلەکانی دابنەوێنێ، ئەو ئەگەر تاکە شتێکی مابێ و بۆنی خەلکانی گوندەکەی لێ بێ، تەنیا ئەو شتانەی بەردەمیەتی، بەلام وێدەچوو هەستی بەوجودی من کردبێ، هەر بۆیە دوودل بوو لەوەی لێیان نزیک بێتەوە، دلنیاش بووم کە بەنیگا تاریکبڕەکانی منی دۆزیوەتەوە. من سەرم داخست، متەقم لێوە نەهات، هێندەی پێ نەچوو، گوێم لە ترپەی هەنگاوە نزیکەکانی بوو، بەعاستەم سەرم بەرز کردەوە، نیگاکانمان تێک ئالان، بەوریاییەکی زۆرەوە، بێ ئەوەی چاوی لە سەرم هەلگرێ، نزیکتر بۆوە، ترسێک خزایە نێو گیانم... وەک ئەوەی لە، پڕ بەدەستێکی قورس شادەمارێکم بهەژێنرێ، لە شوێن خۆمدا راتەکیم، ئەویش بێ باکانە لە بەرامبەرم وەستا و تۆزقالێکیش ترسم لێ بەدی نەکرد. هێندێک خۆی لار کردەوە، نیوە هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە، وێ دەچوو دلنیام بکاتەوە کە بەشوێنەکەم دەزانێ و گالتەشی بەپلانەکەم دێ! نیوە پێچەیەکم کرد، بەمەبەستی ئەوەی وای بۆ دەرخەم کە ئاگام لەو نییە و هیچ مەرامێکیشم نییە و دەتوانێ بەرێگای خۆیدا بڕوا! دزە ئاوڕێکم لێ دایەوە، دیتم خەریکی جلەکانە و هەلگێڕ و وەرگێڕیان دەکا، بەترس و نیگەرانییەوە دەخزێتە نێوانیانەوە (چ بکەم، ئەوە هەلمگرتی، بۆ کوێت بەرم؟ چما شوێنەوارێکی وا ماوە لەو خەلکانەی تیابێ کە تۆ حەز لە چارەیان بکەی؟ بتبەمە هەر کوێ، ئەوانەی ئێستە لێی دەژین، هەموویان لە چەشنی ئێمەن بەلام هەر باشترە، هیچ نەبێ تەمەنت درێژتر دەبێ، خێرا خۆم گەیاندێ، بەتەنگەتاوی، هەموو کەلێنێکی دەربازبوونیم لێ گرت، هەر چەند تەکانی دەدایە خۆی، منی لەگەلدا هەلدەتەکاند، ترسێکی خەستی دەئاخنیە لەشم و کاسەی سەرمی دەتەزاند. دواجار مڕەمڕێکی پڕ لە رق و کینەی لەدەم دەرچوو، بەدەرونی مندا هەلگەرا. پەنجەکانم قورستر کردن، بەلام نەمدەتوانی بەسەر ئەو هەموو بزێوییەیدا زال بم. دەتگوت دڕندەیەکی زامدارە و پەلەی تۆلە سەندنەوەیەتی. بناغەی هێز و توانامی لەرزاند، دوو سێ جاری تر وا خۆی هەلتەکاند، ئیدی ئەوەی بەدەستمەوە مابوو، تەنیا پارچە پەڕۆیەک بوو و بەس! زیڕەیەکی وام گوێ لێ بوو، دەتگوت چەقۆیەکیان بەگەردەنمدا هێنا. بواری ئەوەم نەمابوو، بیر لە هیچ شتێ بکەمەوە، ئەویش هەر زوو سەرو پشتی پێکەوە نووساند، بوو بەتۆپەلەیەک، بەتوورەییەکی بێ ئەندازە لێم مۆڕ بۆوە، دەتگوت پێم دەلێ: تازە بۆ کوێ رادەکەیت؟! زانیم هەلەیەکی گەورەم کرد و تازەش بۆم چاک نابێتەوە. دیار بوو هەردووکمان هەستمان بەخەتەری یەکتر کردبوو، ئەو لە حالی خۆ گیڤکردنەوەدا بوو، دەیویست قەلەمبازێکم بۆ بدا، منیش بەبێ ئاگایی، میلی تفەنگەکەم راکێشا، ئەو، وەک هیچ

دەرفەتێکی بۆ نەمابێتەوە. یەکسەر بەمڕە و میاوێکی ترسناک خۆی بۆ هاویشتم. دەتگوت گاشە بەردێک بوو بەسینگم کەوت، سەرەتا ویستم بەلوولەی تفەنگەکەم لە خۆمی دوور خەمەوە، کەچی خۆشم نەمزانی چۆن پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەم قورس کرد و چەند گوللەیەک لوولەی تفەنگەکەمیان بەزاند. هەستم کرد تەنێکی گران، هەر لە تۆپەڵەقوڕێک دەچوو، رمبەی لە سینگمەوە هێنا، کەمێک بۆ دواوە گەڕامەوە، ویستم خۆم راست کەمەوە، کەچی جارێکی دی، لە پێشدان بەڕقتر و سامناکتر بۆم هاتەوە، ئەمجارە بەر لەوەی خۆی بۆم هەڵاوێ، گوللەیەکی تر پەردەی کزە رووناکی مانگە شەوەکەی هەڵدڕی. هەر بەدوای ئەمەوە چەندانی تر بەسەر بنکەکەمان تێپەڕین. ئەویش میاوێکی تێکشکاو و نیوە خنکاوی پڕ لە تاس و حەسرەتی بەدوادا بەجێ ما، کە تاکو ئەمڕۆ سەداکەی لە بن گوێما هەر دەزرنگێتەوە!

خواکورک ١٩٨٦/٢

***



## ڕێگای سێوان

– شەوێکی چەند دوورو درێژ بوو!

بەهێمنی ئەم قسەیەی بەگوێی ئەو چەکدارەدا چرپاند کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو. ویستی جارێکی دی پێی بڵێتەوە، بەڵام چەکدارەکە رووی خۆی وەرگێرا و لەسەرخۆ سەری داخست. «حەمە» بەبێزارییەوە جگارەیەکی دەرهێنا و بەرلەوەی لە نێوان لێوەکانی گیر بکات، ئاخێکی خەفەتباری هەڵکێشا و بەدەستێکی لەرزۆکیشەوە بەدەنکە شقارتەیەک، جگەرەکەی داگیرساند. پێش ئەوەی ئاگرەکە دامرکێتەوە، تێیوە راما. سەرنجی چەکدارەکانی نێو زیلەکەی بۆ لای خۆی راکێشا. سەروسیمای زۆربەیانی بەپەشێوی و مەلوولی هاتە بەر چاو... فووێکی لە ئاگرەکە کرد، بەڵام ئاگری بیرەوەرییەکانی هەڵگیرسا... «ئەو رۆژە شاڵاوی گڕی ئاگر، خانووە بەقوڕەکانی گوندەکەی هەڵدەلووشی، دووکەڵێکی رەش، سپی، بەرەو قووڵایی ئاسمانی ساف و بێ گەرد هەڵدەکشا، چەکدارەکان بەسەروپۆتەڵاکی تۆزاوی و سەر لێشێواوییەوە، کۆڵانەکانیان تەی دەکرد و بێ ئەوەی کەس بایەخ بەئەوی تر بدات، بەتەنگەتاوی دەهاتن و دەچوون، هەر بابای خۆی دەخزاندە ماڵێک، حەمەش وەکو ئەوان، چاوی بڕیبووە دەرگای ماڵێک. بەپەلە بۆی دەرچوو، بەڕقەوە بازێکی بەسەر شوورە نزم و رووخاوەکەدا هەڵدا و بۆ نێو ژوورە تاریک و نووتەکەکە هەڵکشا. هەستی بەچێژی ئارەزووە کۆنەکانی کردەوە، ئەو ئارەزووەی کە لە ئاکامی دەیان لەو جۆرە رەفتارانە، سەری هەڵدابوو. حەمە هەر کە چاوی بەشتومەکی نێو ژوورەکە کەوت، لیکاوێکی لیچ دارژایە نێو دەمی. تەوژمی بۆنێکی گەنیو بەبەر لووتیدا تێپەڕی. بەعاستەم قاچێکی خستە سەر رۆخی مافوورە پان و بەرینەکە... ئەمەیان زۆر چاکە و بەنرخیشە! بەڵام چۆن هەڵی بگرێ! چۆن بیباتەوە؟ بەلەعنەت بێ، بەتەنیاش پێی ناچێتەوە شار! ئەی چی بکا؟ زەمانێکە بەدوای شتی وادا دەگەڕێ، ئەگەر ئەم ئێستا نەیبا، نەختێکی دی یەکێکی تر خۆی دەگەیێنێتێ. کەسێکی واشی دەست ناکەوێ بێتە هانایی و کۆمەکی بکا، هەموویان خەریکی دەستوەشاندنی خۆیانن. ویستی بیپێچێتەوە، شریقەی گوللەیەک لە دەرەوەی ماڵەکە لە جێی خۆی رایچڵەکاند. هەستێکی سەرسام هەموو هەناوی هاڕی، هەستی خێرایی و تێڕوەهاتن لە هەر شتێک کە بەچنگی کەوێ، با جارێ کون و قوژبنی ماڵەکە بگەڕێم، دوایی دێمەوە سەر مافوورەکە! یەکسەرە خۆی گەیاندە لای ئەو سندوقەی کە چەند نوێنێکی بێ سەروبەری لەسەر دانرا بوو، لەگەڵ فڕێدانی نوێنەکان، بووکە شووشەیەکی منداڵان، لەبەردەمیدا تلی خواردەوە. گرنگی پێ

نەدا، سەری سندووقەکەی هەڵدایەوە، لە سەرەتا بەر چاوی ڕەشکەوپێشکەیەکی زۆری کرد، تووڕە بوو، سندوقەکەی سەرانگوم کرد و لە بەر خۆیەوەیش پرتە و بۆڵەبۆڵێکی کرد، لە ناکاو شتێک بەقاچی کەوت، زرینگەی لێوە هات، ئەمە چی بوو؟! بەنێو شتەکاندا گەڕا. گوارە! ئەمە گوارەی زێڕە! خۆشییەک بەنێو لەشیدا تێپەڕی، ئارەزووی تاڵانکردنی زێتر، هورژمی بۆ هێنا. بەخێرایی هەڵسا و چووە دەرێ، گەڕایەوە، لە مافوورەکەوە راما، دیسان چووە دەرێ، لە کۆڵانەکە وەستا، بەدوودڵی وەستا، بیری کردەوە... با بچمە ئەم ماڵەش، دوایی بۆ مافوورەکە دەگەڕێمەوە... رووی لە دەرگای ماڵێکی تر کرد، هێشتا هەنگاوێکی هەڵنەهێنابوو، چەند چەکدارێکی بینی، کە بەشلەژاوی لە ماڵەکە دەردەچوون، بەرقەوە تفێکی رووکرد و بینایی لە گوێسەبانی ماڵێک گیر کرد، کە دووکەڵێکی بۆری بەنێودا دەهاتە دەرێ...

– ئەرێ بۆ وەستاوین؟

کەس لە چەکدارەکانی نێو زیلەکە وەڵامیان نەدایەوە.

– شتێک رووی داوە؟!

ئاگری جگەرەکان بەخێرایی مەودای تاریکییان دەبەزاند و کزدەبوونەوە. چەند کۆکەیەکی ترسڕەوێنیش دیواری کشوماتی شەوە بەساماکەی دەبڕی. کەس نەبوو، بێ ئۆقرەیی و نا ئارامی پێوە دیار نەبێ، هەقیان بوو، لەو دۆڵە وەحشەتناکە و لە نێوان ئەو کێوانەی کە ئاسمانیشیان قووت دەدا، نەیاندەزانی چۆن و کەی و لە کوێ گوللەیەکی نهێنی، سەرشێت دێت و دوا هەناسەیان لە گەروودا دەوەستێنێ؟ لەوانەبێ لەو بێدەنگییە دڵتۆقێنەدا هەموو شتێ روو بدا، چاوەڕوانی هەموو لێقەومانێک دەکرێ... دیسان حەمە بەنێو دەروونی خۆیدا ڕۆچوو، دەرگای رابردووەکانی بەڕووی خۆدا کردەوە...

«شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو، وەکو جاران گیانی کەوتبووە سەما و وەپێش مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکان کەوتبوو، بەهەنگاوە تیژ و چوستەکانی، جەستەی چڕی تاریکی لەت دەکرد، دەیزانی ئەمە کارێکی پیرۆزە و دەبێ هەموو جارێک ئەنجامی بدا، خۆ بەلایشیەوە هێندە قورس نەبوو، چونکە بست بەبستی ئەو ناوچانە شارەزابوو، تا ئێستاش شتێکی لە دەست نەقەوماوە، بەڕاستی ڕێناسێکی سەرکەوتوو بوو، هەردەم بەو کارانەش شادمان دەبوو، شانازیشی بەخۆ دەکرد، چونکە بووە جێگەی باوەڕومتمانەی هەموو ئەو پێشمەرگانەی بەوێدا دەهاتن و دەچوونە نێو شار. ئەو شەوەش کە دوو چەکدار لێی هاتنە ژوورێ و داوایان لێی کرد وەپێش کەوێ بۆ نێو





شار، لە سەرەتادا وای زانی پێشمەرگەن، کە گەیشتە نێو شار، یەکسەرە قۆڵبەستیان کرد و بردیانە بەردەم سەرۆک عەشیرەتەکەی و، لەوێ وەستاندیان:

– حەمە دەست لەو کارانە هەڵگرە. ماڵی خۆت وێران مەکە!

گەورەی عەشیرەت، هەڕەشەیەکی زۆری لە حەمە کرد، حەمە ناچارکرا سەر بۆ قسەکانی گەورەکەی دانەوێنێ:

– خۆت و خێزانت دێنە شار... دەبیتە چەکداری من، لە ئۆردوگایش خانووێکت ئەدەمێ!

حەمە وەک دەمی دروابێ وەک ترس لە نێو گیانیدا روابێ، بەبێ دەنگ هەڵسا و چووە دەرێ. پاش ماوەیەک چەکێکی وەرگرت، هێندەی نەبرد بەدڵێکی پڕ لە حەسرەت و نائومێدییەوە، دەتگوت پارچەیەک لە لەشی جیا دەبێتەوە، ماڵ و خانووەکەی جێ هێشت، پاش چەند ڕۆژێک بۆ یەکەمین جار، لە کاتێکدا لە هێرشبردنێک بۆ سەر گوندێکی دەوروبەری شاردا دەگەڕایەوە و تاڵانێکی چاکی وەدەست کەوتبوو. دەگاتە بەردەرگای ماڵەکەیان و دەوەستێ، وەک بروسکەیەکی پێ بکەوێ، وەک لەو کاتەدا خوێن بەلەشیدا نەگەڕێ، لە شوێن خۆی دەچەقێ و دەمی بەش دەبێتەوە. تیشکی گڵۆپە کزەکەی بەردەرکی ماڵیان، کە بەجامی ئۆتۆمبیلێکی توێتا دەکەوت، ڕۆ دەچووە نێو چاوە زەقبووەکانی، بەخێرایی رقێکی گەورە لە دەروونیدا گرمۆڵە دەبێ «هەمان ترومبێلە لەعنەتییەکەیە، ئەوەی خەڵکی قێزیان لێ دەبێتەوە!!» بەبێ ئاگا، زامنی چەکەکەی دێنێتە خوارێ، ئاخێکی پڕ لە ترس و رق دەردەدا، خۆی ئامادە دەکا، لە پاڵ دیوارێک مات دەبێ، ملیۆنەها تیخە دیوار بەبەر چاویدا دەچەرخێن! هەستی حەیا ڕژان و پاراستنی شەرەف دەخزێتە نێوان پەنجە و پەلاپیتکەی تفەنگەکەی «دەبێ لە خوێن بیانگەوزێنم!» چەند چرکەیەکی قورس و ناخۆش تێدەپەڕن. لەو ساتەدا وەک بدرێتە بەر قامچی و گاشە بەردان، وەک لە حاڵی فێ گرتندا بێ، هەموو جەستەی دەهێشا و دەلەرزی. هەستی دەکرد زەوی لە ژێر پێیدا شەق دەبێ و هێزێکی نامۆ رووەو قووڵایی خاکەکە دایدەکێشێ... تەکانێکی دایەخۆ. پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ و بەئاستەم سەری کێل کردەوە. لەسەرخۆ سیرەیەکی ناخۆشی جەستەبڕ لە دەرگاکەیانەوە هات و نیگای لە دەرگاکە گیر کرد. چوار زەلام، کە هیچیانی نەدەناسی، بێ باکانە، بەخەندە و نەرمە پێکەنینێکەوە، دەرکەوتن، لەبەر چاویدا بوون بەسەدان کەس و ریزیان لەبەر دەرگا بەست! دەماری شەویلاکەکانی وەهەڵپە کەوتن، جیرەی تووڕەیی و بێ دەسەڵاتی لە دوو توێی دانەکانییەوە بەرز بۆوە... خۆیانن!! ئەو سەگانەی کە تا ئێستە

حورمەتم دەگرتن! لوولەی تفەنگەکەی تێ کردن، ویستی... بەڵام نەیتوانی گوللەیەکیشیان پێوەنێ. ئەوەی ئازایەتی بێ لە بەدەنیدا نەما. پشتی بەدیوارەکەوە نا. ئۆتۆمبیلەکە بەبەردەمیدا ڕۆیشت، حەمەش پێڵووی چاوەکانی داخست! پاش ماوەیەک هیچ شتێک لە بەردەمیدا نەمایەوە، تەنیا تاریکی شەو و حەیا ڕژان و چەکێکی لوولە بەقوڕ! لە پڕ پشووی سوار بوو، بەپەشۆکاوی هەڵسا و دەرپەڕی، تا هێزی تیابوو خۆی بەدەرگاکە دادا و خستیە سەر پشت. ژنەکەی لە نێو حەوشەکەدا وەستا بوو، لە شوێن خۆی هەڵترووشکا، هەترەشی چووبوو. حەمە نەیزانی چ بکا و چ بڵێ، بەڵام لە چرکەیەکدا بەدەسرێژێک پەردەی تاریکی و لەشێکی ناسکی کون کون کرد و قەترەی حەیاڕژانەکەشی کردە هەڵم!

– هەمووتان دابەزن!

دەنگێک لە دوورەوە بیسترا. حەمە دەستێکی بەنێوچاوانی خۆیدا هێنا و عارەقەی بیرەوەرییە تاڵ و سامناکەکەی سڕییەوە. لە زیلەکە دابەزی و ریزی بەست. حەپەی سەگ و تەقە دوورەکان تێکەڵ بەهەنگاوی پەلەپرووزێی چەکدارەکان دەبوو. حەمە لە شوێنێک دانرا. نەیدەزانی مەسەلە چییە و چی رووی داوە، بەڵام ئەو تەنیا ئەوەی دەزانی کە بۆ بەجێهێنانی فەرمانی گەورەکان ئامادە بێ... لە پشت تاوێرە بەردێک دانیشتبوو. سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکرد. ئاسمانی شوێنەکەی بەدووکەڵێکی خەست داپۆشرابوو، هەستی ڕوودانی کارەساتێکی بێ ئامانی دەخستە دڵی مرۆڤەوە. لە دووری چەند سەد مەترێک، گڕی ئاگرێکی پان و بەرین کەروێشکەی بەڕووی ئاسمان و نێو پێچەکانی دووکەڵە ڕەشەکە دەکرد. تروسکەی سپێدەش باوەشی لە ئاسۆوە دەرهێنا و سەری بۆ نێو دارو بەرد و خانووەکان دادەنواند. حەمە چاوی بڕیبووە ئاگرەکە. لە پڕ بەر چاوی لێڵ بوو، هەموو شتێکی ئەو سروشتە ئاوێتەی یەکتری بوون. لە نزیکەوە گوێی لە هاوارێک بوو «حەمە! حەمە، حەمە!» دەتگوت بەلایەوە ئاشنایە، سەری خۆی داخست، نێوچاوانی خستە نێو لەپی هەر دوو دەستی مووچڕکێک لە پاژنەیەوە بۆ نێو لەشی هەڵگەڕا. تەوقی سەری هەژاند و بیبلەی چاوەکانی بەرینتر کرد. سۆزی خەونێکی کۆنی شاراوە، دەمارە گرژبووەکانی دڵی خاوکردەوە. چەندان وێنەی باڵا بەرزی دارچنار و سپیندار لە بەرچاویدا چەق وەستان. سنگی بەبۆنێکی خۆش و ئاشنا پڕکرد. لە شوێن خۆی هەڵسا و ئاوڕێکی لە چەکدارەکانی دەوروبەری دایەوە رقێک لە دەروونیدا چەکەرەی کرد، تۆوی بێ ئۆقرەیی پەلوپۆی دەردا. لە دوورەوە دار سێوەکانی بینی، بینی کە چۆن بەبەرگی ئاگرەوە سەمای مردن دەکەن! گوێی





لە هاوار و فیغانی دارە گڕگرتووەکان دەبوو! لەشی گەرم داهات. چەند هەنگاوێک لە شوێنەکەی دوورکەوتەوە. لە ناکاو دەرپەڕی... شاڵاوی ئاگرەکەش گوڵە گەنمی زێڕینی هەڵدەلووشی. دەنگێکی نامۆ وەک لە وەڕینی سەگ بچێ، لە دەمی حەمەوە دەرچوو... خانوو... گەنم... قوڕ... سێو... خاک، وەک ئەوەی هۆشی لەسەرخۆ نەمابێ، نەیدەزانی چۆن چۆنی ڕادەکا. هاوارێکی لێ هەڵسا و پشتاوپشت کەوتە سەر زەوییەکە و رمبەی لێوە هات. هێندەی نەبرد هەڵسایەوە. چەند جارێک بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە... دار، زەوی، بەرد، گوند، ئاو، هەوا،... هەمووی خۆیەتی... بەڵێ خۆیەتی! گوند! باخچەو زەویوزار... بەڵێ، خۆیەتی، گوندەکەمانە... هێزێکی سەمەر بەرەو پێشەوەی برد هەستی کرد پێستی لەشی وەک کیفێک لە بەدەنی جیادەبێتەوە. فیشەکدانەکانیش وەک مڵۆزمێک بەر لە هەناسەی دەگرن. تفی لە زاردا وشک بوو. چەند قسەیەک کە لە حاڵی خوێن ڕشتن و خەنجەر وەشاندندا بگوترێن، لە دەمیەوە دەرچوون:

– زەوییەکەم! ماڵەکەم!

لیکاو بەسەر لێوەکانیەوە کەفی بەست. ڕووەو ئاگرەکە ڕۆیی. هەوای ئەو ناوە بۆنی ئاگر و سێو و دووکەڵی گرتبوو، غاری دا. تروسکەی ئەستێرەیەکی دوور بەزەبری کازیوە بەرەو کزی دەچوو، منداڵەکان... زەوی... مردن... خۆشەویستی... ژن...... کوشتن... گیانی ببووە پارچەیەک لە هاوار، زەوی لە نێو ئاگرەکەدا دەیناڵاند، توند هەنگاوی هەڵهێنا، گەیشتە نزیک ئاگرەکە و پرینگایەوە، دیواری ئاگرێکی بەرینی هاتە بەر چاو. ئارەزوو و خەونەکان تێک شکێنران. لە بەرامبەر بێستانە گڕ تێ بەربووەکەیدا وەستا. تفەنگەکەی بەرز کردەوە. سەیرێکی دواوەی کرد. چەکدارەکان وەک پەرژینێک ریزیان بەستبوو. دروست سەیری حەمەیان دەکرد! بەتووڕەیی بەری خۆی لێ وەرگێڕان چەند پەڵە هەوری منداڵی و حەیا ڕژان بەئاسمانی تەمەنیدا تێپەڕین، پشکۆی خامۆشبووی جەنگاوەرێکی کۆن لە دەروونیدا گەشایەوە. بەتەنگەتاوی، بێ ئەوەی بوەستێ بەنێو توولە ڕێگاکانی بێستانی سێودا تێپەڕی، خاکی بەئاگر پۆشتەکراو و درەختی سووتێنراوی بڕی.

ئارمووش – ١٩٨٥

***

# تۆی ئێستا، ئەوەی دوێنێ!

ئەوە چەند رۆژێکە هەر کە دێتە پۆلەکە یەکجێ لە بەرامبەرم دادەنیشێ، کتێبەکانی دەخاتە ژێر بازوویی و خەیاڵ دەیباتەوە، لە نیگا نهێنی و پڕ دیقەتەکانیدا وا دەردەکەوێ کە بەراوردێک لە نێوان منی نێو خەیاڵی و منی دانیشتوودا بکا. بێگومان بایەخدانێکی وا دەبێتە مایەی ئەوەی سەرنجی من بۆ لای ئەو بچێ. بەتایبەتی ئەم بەیانییەش بەر لەوەی بێینەوە پۆلەکەمان، بەسەروسیمایەکی پڕ لە تامەزرۆوە روو بەڕووم دەهات، منیش لە ئاستیدا شڵەژام، خۆ لە هەواڵ پرسینێکیش زیاتر هیچی ترمان نەوت، بەڵام ئەمجارەیان دەنگ و رەنگی بەتەواوەتی تێک چوبوو، دیار بوو فشاری نێو دەروونی هەردووکمان هێندە کاریگەربوو، نەیدەهێشت ماوەی وەستانەکەمان درێژتر بکەینەوە، ئەگەر یەکێکیش هەروا سەیری کردباین، لە بێ ئۆقرەیی و نیگەرانی روخساری هەردووکماندا بۆی دەردەکەوت کە ئێمە لە سەرەتای عیشقێکی نادیاردا دەژین و ئێستا لە نێو تەڵەی شەرمدا عاسێ بووینە و خوا خوامانە رزگارمان بێ. بەڕاستیش من لەلایەنی خۆمەوە هەر ئەو هەستەم هەبوو، بەڵام دروست نەمدەزانی چ شتێ لە دڵی ئەم دەگوزەرێ... لە پۆلەکەماندا، چاوەکانی ئەم دەبوونە پاسارێکی رەها و جڵەوی نیگاکانمی بۆ خۆی دەگرت و تەراتێنی پێ دەکردم. ئەو چاوانە، هەموو کاتێ بۆ چاوەکانی من خۆیان لە کەمین دەنا، لە کوێ، بۆ کوێ سەرم هەڵبڕیبا، یەکسەر دەبووایە نیگاکانم لە نێو ئامێزی نیگاکانی ئەم بدیبایەوە، بەزەحمەت لەو تێئالانە رزگارم دەبوو... من لە چاوی دەمخوێندەوە، کە دەبێ لێی نزیک ببمەوە و ئەو گرێیە واز کەمەوە؛، بەڵام ئەمە بۆ من کارێکی سەخت و ستەم بوو، چونکە هەموو دەیانزانی من خاوەن ژن و دوو مناڵم، خۆ نزیک کردنەوە و دۆستایەتی کردنی کچێکیش، بۆ ئەوان جێگەی گومان بوو، بۆیە هەتا ترسم لەوەش بوو، کە هەست بەو سەیرکردنە هەڵۆ ئاساییانەی ئەم بکرێ. خۆ مامۆستاکەمان، چەند جارێک بەئەدەبانە وەئاگای دەهێنایەوە، کەچی ئەم گوێی بەمەش نەدەدا و سووکە بێزارییەکی پڕ لە شەرمیشی دەردەبڕی... من دڵنیا بووم، کە لە پۆلەکەدا، نە مامۆستا، نە ئەوانی دی، نە کتێب و شتی تری نەدەبینی، بەغەیری من لە وجودی ئەومدا هیچ شتێکی تر نەبوو، بێگومان لەم حاڵەتەدا، منیش حەوسەڵەی هیچ شتێکم نامێنێ و حەتمەن بیر و هۆشم بەو مەسەلەیە خەریک دەبێ و هەزار کلک و گوێشی بۆ دروست دەکەم!.

جاری وا هەبوو «ئەویش زۆر کەم» پستەپستێکی لەگەڵ هاوەڵەکەی تەنیشتی دەکرد، هەر بۆ ئەوەی سەرنجی من راکێشێ و، گوێشم بکا بەعەوداڵی دەنگ و پستەپست و سەدای هەناسەکانی... من دەمزانی ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی نییە و رەنگبێ تاری ئەوینێکی سەخت و عاسێم بۆ لێ بدا، یا لەوانەشبێ هۆرەی غەریبی و





تەنیایی بچڕێ. دیارە کە من و ئەمیش ئاسمان و رێسمان لە یەک دوورین، من نزیکەی یازدە ساڵێک لەو گەورەترم و خاوەن ماڵ و منداڵم و خەڵکی وڵاتێکی ترم، تەنیا شتێک کە هەردووکمانی بەیەکتر دەبەستەوە، زمان و پەناهێندەیی و... راست بوو، لە چاوی منیشدا بەڕاشکاوی غوربەتی و نامۆیی و بێزاری بەدی دەکرا، بەڵام خۆ لە چاوی ئەوانی تریشدا ئەو میحنەت و دەردەسەرییە هەبوو، ئەدی بۆ زێدە لەو هەموو خەڵکە تەنیا من ببوومە نیشانەی حەز هاوێژەکانی؟! ئێستە خەریکە بەنێو چاومدا رۆدەچێت و دڵی ماندووم رادەهەژێنێ... ئای خوایە! چ نهێنییەک لە پاڵ ئەم چاوە سەنگەرگرانە خۆی حەشارداوە؟ پۆلەکەمان هەمووی بۆتە چاوی ئەم، چاو ریزیان بەستووە و بۆ هەر لایێ بنوارم دەستڕێژی نیگاکانی، هەردوو چاوم دەپێکن، هیچ قەڵغانێکیش بەری ئەم هێز و قودرەتەی ناگرێ. ئەم هێزە وەختە ئیرادەم لە دەست بسێنێ و کڕنوشی بۆ بەرم! لەوە دەچێ تۆڕێکی کوشندەی بۆ نابمەوە، بەزەحمەت بتوانم لێیەوە دەربچم، من خێزانەکەمم لە دوورە وڵاتێک جێ هێشتووە و شەو و رۆژ لە بیری ئەواندا، غەرقی خەیاڵ و نیگەرانییم، چۆن دەکرێ لە دونیای پڕ خۆشەویستی ئەواندا بپچڕێم؟ نا، نەکەی. پاش نەختێکی تر زەبری ئەم نیگا دڵڕفێنانە کۆتایی دێ. وەخۆ دێیتەوە، تەزووی پەشیمانی و چاوی دووری خێزانەکەت بەگیانتدا هەڵدەگەڕێن و ئازارت دەدەن... ئێستە هاوسەرەکەم بیری لەلای منە و بەخۆزگەی ئەو ساتانە دەژی، کە بەڕووی یەکتری بزەمان دەگرت و ئەوینی ئەبەدیمان لە چاوی یەکتر دەڕواند. ئەمە بۆ ساڵێک دەچێ جێم هێشتوون، منداڵەکانم لە بوونی من و سۆزی باوکێتیدا بێ بەشن، دایکیان لە جێگەی منیش یار و هاودەردیانە، پاش چەند رۆژێکی تر چوار ساڵی رەبەق بەسەر هاوسەربوونمان تێدەپەڕێ، دەبێ لە ژووری تەنیایی و بێ کەسیدا یادی ئەو رۆژە خۆشە بکەمەوە. من بەهۆش و خوێن و ئێسقانم لەگەڵ میهرەبانی و ئەوینی ئەودا تێکەڵ بووم. چۆن دەکرێ لە ساتێکی ئاوا، لە عاست نیگایەکی سیحر ئامێز و نامەعلومدا چۆک دابدەم؟.

هەرچەند هەوڵم دەدا خۆمی وا نیشاندەم کە لە بەرامبەر تێڕوانینەکانیدا، نەلەقیوم و بۆ من شتێکی ئاساییێ، کەچی ئەم، ئەو تەقەڵایەشی تێک دەشکاندم، وەک راوچییەک بەدوای نێچیرە زامدارەکەیدا بکەوێ، ئاوا بەچاوە گوللە ئاساکانی، هەموو گیانمی دادەگرت... دروست لەوە دەچوو پێم بڵێ: چارەنووست بەدەست منەوە بەندە، بۆ کوێ رادەکەی؟! راستی دەکرد، تازە من ببوومە بەشێکی گرنگی بیر و ئەندێشەی، تازە هەموو کون و قوژبنێکی پۆلەکەی بۆ کردبوومە چاوی خۆی، بەنێو تەلان و پێچی دەروونمدا تەی دەکرد و بەدەوری دڵی دەستگیرکراومدا دەخولایەوە... سەیر ئەوە بوو، هەر جارێک سەیری ئەنگوستیلەی پەنجەمی بکردایە، لێوی بێ موبالاتی بۆ

هەڵدەتەکاندم و بەچاوی پێی دەوتم: من بەتولەرێی پەنجەکانتدا تێناپەڕم، شارێگەی من چاوەکانتە، بەوێدا ڕۆدەچمە گیانت! لە وەختی پیشوودانداا، ئەم بەتەنیا لە ژوورەوە دەمایەوە، بەنازێکی غەریبانە، ڕوومەتی دەخستە سەر کتێبەکانی و بەچاوی مەست و پڕ لە حەزی کچانە لە چوونە دەرەوەی من رادەما، ئەگەر بۆی بکرایە. گورج هەڵدەستایە سەر پێ و بەری دەرگاکەی دەگرت و بەپاڕانەوە دەیگوت: بۆ دەچیتە دەرێ؟ من لەوە گەیشتبووم! بۆیە هەنگاوی خێراترم بۆ دەرەوە دەنا و بەلاو نیوەوەش سەرنجم دەدایێ. ئەو کاتانە چەند شەیدای باوەشێکی نەرمی پڕ لە خۆشەویستیی من بوو، تەواو مەست و بەنجکراو دەهاتە بەرچاوم، وێ دەچو خۆشترین و بەچێژترین لەحزەکانی ژیانی بووبێ، کە لە نێویدا هەموو ئاوات و خەونە چڕو دێرینەکانی کۆ کردبێتەوە. بەڵام منی پەشۆکاو، شڵەژاو، سووتاو لە نێوان دوو ئاگردا، ئاگری دوێنێی خێزانەکەم و ئەمڕۆی ئەم نیگایانە، دەبێ چیم پێ بکرێ؟ من هەوڵی ئەوەم دەدا هیچ کەسێک لە رەفتاری من و ئەو نەگا، هیچ شتێکیش بەڕوخساری منەوە نەبینن، کەچی ئەم گوێی بەم لایەنە نەدەدا و بۆ هەمووانی دەرخستبوو کە بەندی گرفتێکە و لە مێژە ئازاری دەدا، بەڵام هیچ وەختێ بەقسە نەیدەدرکاند و کەسیشم نەدەبینی بەچاوی گومانەوە لە من و ئەو رامێنێ... ئێستەش زیاد لە پێشوو، ترس سەرتاپای گیانمی داگرتووە، لەسەر کورسییەکەشم ئۆقرە ناگرم. سەری لار کردۆتەوە و بەوردی دیقەتی تێم گرتووە، وەک بڕیاری ئەوەی دابێ، پاش کەمێکی تر یەخەم بگرێ و هوروژمی زریان و تۆفانی دڵ و دەروونی بەسەرمدا ببارێنێ. هاتمەوە سەر ئەو رایە، بەر لە پشوودانەکە بەبیانوویەک هەڵسم و بچمە دەرێ، لەم ناوەش نەمێنم، ئەم لە تەنگەتاوی من تێگەیشت، بزەیەکی ناسکی پڕ لە هێمنی و هێورکردنەوەی بۆ کردم. دەتگوت پێی گوتم: لەسەرخۆبە. بۆ دەترسیت؟ مووچڕکی لەززەتێکی سەیر، کە لە هیچ لەززەتێک نەدەچوو، بەنێو ترس و تاریکی دەروونمدا تێپەڕی، دونیا لەبەرچاوم رووناکتر و فراوانتر بۆوە. خۆشەویستیم نەشونمای کرد و بەسەر دەوروبەرمدا پەخشبۆوە. بزەم دەهاتێ... هەردوو منداڵەکەمم هاتنەوە بەرچاو، وەک پەپوولە هەڵدەفڕین، بەسەر گوڵ و رەیحان و دار و دەوەنەوە ئیستیان دەکرد و پێدەکەنین. بۆیان دەچووم، بەدوایانەوە رام دەکرد، ئەوانیش لە خۆشیی من دەکەوتنە سەما، هەڵدەپەڕین، گۆرانی «بابەهاتەوە... بەخێر بێتەوە»یان دەگوت... تا ماندوو بوون، تا ماندوو بووم، رامان دەکرد، لە پڕ ون بوون، چەنگاڵی خەمێکی هەمیشەیی لە دڵم گیر بۆوە، بەخۆهاتمەوە... سەرم هەڵبڕی، لە دووچاوی پڕ لە چاوەڕوانی و بەدەسەڵات زێتر، هیچی ترم نەبینی... ئەم چاوە هەر لە داوی ئاڵۆزی عیشق دەکا، کە بۆ رۆحی سرکی من دانرابێتەوە... بیرم کردەوە کێ دەڵێ ئەم هەموو حەز و تەماشاکردنە تەنیا بۆ ئەوە نییە کە خۆی بەمن تاقی بکاتەوە، کچێکە و لە بێ





جورئەتی من جورئەتی پەیدا کردووە و خۆی بەمن دەجەڕبێنێ؟ یا بۆ نابێ من یاداوەرێکی خۆش و ناخۆشی رۆژگارەکانی ئەم بم؟ رەنگبێ لە یەکێکی زۆر نزیکی ئەم بچم؟ بۆ نا؟ بەڵام هەر کامێکیان بێ، تازە من بوومەتە بابەتێکی خەیاڵە هەرە قووڵ و خەونە خۆشەکانی. من ئێستا گۆشەیەکی بەچێژی دەروون و سات و وەختێکی زۆری ئەمم گرتووە... خۆیشی چاک دەزانێ کە من تا ئەندازەیەک بوومەتە بەندی نیگاکانی و بەئاسانی دەرچوونم بۆ نییە. ئەگەر چی هەردەم وەک جەنگاوەرێکی بەتواناش هاتۆتە مەیدان. بەڵام هەندێ جار، لە پەناوپێچی چاو و نیگا دوودڵییەکانیدا، هەستم بەپاڕانەوە و ترسی تێشکان دەکرد. لەو کاتانەدا، منیش خۆم بۆ جەنگی سەرکەوتن ئامادە دەکرد و شمشێری نیگاکانم وەگەڕ دەخست برستم، لێ دەبڕی... ئەمڕۆش لە لەحزەیەکدا هەستم بەو بێ توانایییەی ئەم کرد، بەفرسەتم زانی، کە هەر بەچاو هێمایەکی بۆ بکەم و نیشانی بدەم کە من تا ئێستە لە مەبەستی تێ نەگەیشتووم و دەکرێ یەکتری ببینین؟ ئێمە بەئاسانی نەماندەتوانی روو لە یەکتری وەربگێڕین و بەردێک بخەینە سەر ئەو کانییە هەڵقوڵاوە، ئێمە وامان لێ هاتبوو، تەنیا رووی یەکترمان دەبینی و هەر بەچاویش بیرو هۆشی یەکدیمان دەخوێندەوە... سەیرە! دونیای چاوەکانت هەر لە پەناگەی پشوودان، خەون و خەیاڵ و سیحر دەکا! دەبێ چەند جەنگاوەری عیشق لە گۆڕەپانی ئەم چاوانەتدا، رێیان لێ ون بووبێ و ناچارت کردبن لە داد و فریاد بدەن و خۆیان تەسلیمی رۆحت کردبێ؟ خۆش بەحاڵی ئەو جەنگاوەرەی رۆدەچێتە چاوەکانت و دەروونی هاوین ئاسای، بەئاوی نەمریی نیگاکانت تەڕ دەکا و لەبەردەمت، لەسەر کۆشت، بۆ خەونێکی ئەبەدی لێ رادەکشێ، خەون، بەخەیاڵ و خەونەکانت دەبینێ. چ خۆشبەختە ئەو مرۆڤەی بتوانێ بەقامەتی ناسک و دیواری دەروونتدا هەڵبگەڕێ. من کە ئێستاش دڵم بەندە بەدڵی ئینسانێکی تر، وەختە رۆحم باڵ بگرێت، بەسەر رۆحتەوە هەڵبنیشێ! تۆ بەم نیگایانەت هەم برین سارێژ دەکەی هەم دەروون زامدار دەکەی، هێزێکی بێ سنوور دەخەیتە گیانی مرۆڤ، پابەندی خەیاڵ و وێڵ و سەرگەردانی دەکەی، رۆح لە زیندوو دەستێنی و گیانیش وەبەر مردوو دەکەیت، ئەگەر بخوازی هەموو شتێ، هەموو دڵێک لە بەرامبەر چاوی تۆدا دەلەرزێ... دە پێم بڵێ خەمی قووڵی ئێستاکەت لە کوێوە دەست پێ دەکا؟ ئەمە خەمی ئێستای منە، یا خەمی دێرینتە؟ دەتگوت لە چاوی منەوە هەموو شت دەخوێنێتەوە، بەعاستەم، دەمی بۆم بزواند و بەهەناسەیەکی ئاگرینەوە پێی گوتم: تۆ زاڵمی! بەهەموو جەستەم وەڵامی «نەخێر»م دایەوە. سەری خستەوە سەر کتێبەکانی، لەودەمەدا وەختی پشوودان راگەیەنرا. ئێمە هەموو هەڵسایین، کەچی ئەم وەکو تازە چووبێتە ناو خەوێکی قووڵەوە، ئاگای لە دەوروبەر و هەڵسان و چوونە دەرەوەی هیچ کامێک نەبوو، پێڵووی چاوەکانی

داخستبوون، بڕیارم دا بەپەلە بچمە دەرێ و لەوێش خۆم بشارمەوە، هەرکە بەتەنیشتیدا تێپەڕیم، بەدەست خۆم نەبوو وەستام، غوربەتییەکی لە رادەبەدەر گیانمی داگرت، پەشیمان بوومەوە، ئەم هەستی بەوجودی من کردبوو، بەعاستەم چاوی هەڵهێنا و ئاوڕێکی لێم دایەوە، هەر بەچاو تێی گەیاندم کە نەچمە دەرەوە... بەگوێم کرد، لە سەرخۆ بۆی دانیشتم، کرۆکپ، چاوەڕوانی لێکترازانی لێوەکانی بووم، هیچ قسەیەکم بۆ نەدەکرا، هەستم دەکرد هەردووکمان لە بەرانبەر یەکتریدا بێهێزین، خەریکە لەوێ رەق هەڵگەڕێین، من ئەوەندەم نەمابوو فێ بگرم و لەبەر پێیدا وەپەلەقاژێ بکەوم:

– حەز دەکەی گوێم لێ بگری؟

– بۆ نا!

هەردووکمان سەرمان داخستبوو، من هەوڵم دەدا بەسەر تێکچوون و پەشۆکاویەکەمدا زاڵ بم، ئەمیش وەک لە حاڵەتێکی مەستیدا بێ، بەهێمنی سەری بەرز کردەوە، چاوێکی بەسەروسیمامدا گێڕا، لە قووڵایی دەرونییەوە هەناسەیەکی دەردا، لەوە دەچوو گریان هەڵمەتی بۆ هێنابێ، بەنەرمی و ترس و شەرمەوە دەستێکم خستە سەر پشتی و چاوم بڕییە چاوەکانی... دیسان نیگا تیژ و بەهێزەکانی بەنێو چاومدا رۆچوو، لێوەکانی لێک ترازان، بزەیەکی خەمناک، دەموچاوی داگرت، دڵم وەخورپەکەوت، ترس هەڕەشەی لێ کردمەوە... شتێکی قورس لە نێو دڵمدا پەیدا بوو، بێهێز بووم... دەتگوت دەستەمۆی خەوتن کرام:

– ئەگەر حەزناکەیت، با بۆ رۆژێکی تر بێ!

قسەکەی، لە قسەی یەکێک دەچوو، لە گرۆیەک بردبێتیەوە. ئەم دەیزانی کە من لە فرسەتێکی ئاوا دەگەڕام، ئەم تەلیسمە بشکێنین. بێدەنگ بووم، هەستی کرد من ئامادەم گوێی بۆ بگرم، ئیدی وەک لێم بپاڕێتەوە، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێی گوتم:

– بۆ رێ لە نیگاکانم دەگری، دەترسیت؟

– لە تۆ نا...

– لە خۆت؟

– ... !

چەند بەئاسانی دڵمی خوێندەوە، لەو باوەڕەدابووم، هەر درۆیەکی لەگەڵ بکەم، راستییەکەیم پێ دەڵێ. ئەوە خەریکە تەلیسمەکەم بۆ دەشکێنێ... من ئێستا نە هەست بەهالاوی گەرمی لەشی و نە فڕکەی خوێنی دڵی دەکەم، دەستێکی ساردوسڕ، جەستەیەکی خاو، روخسارێکی ماتەمگرتوو، ئەمانە نیشانەی هەر شتێک بن هی عەشق نین! پێشناچێ بەئاگری عەشقی من سووتابێ... . عاشق، هەستی بۆنیان هێندە





بەهێز و ناسک دەبێ، لە دوورەوە بۆنی جەستەی یەکتری دەکەن، بەر لەوەی لەشیان لە یەکتر بسوێ، دەروونیان دەکوڵێ و گەرمایی بەیەکتر دەبەخشن. کەچی ئەم هەتا دێ ساردتر و خەمناکتر و بێدەنگتر دەبێ... وەکو جارانیش، دەسەڵاتی بەسەرمدا ناشکێ...

رەنگە ئەمڕۆکە دواجار بێ بتبینم!

شتێک، نازانم بەشێکی گرنگی گیانم، لەگەڵ ئەم قسەیە و داخستنی پێڵووی چاوەکانیدا، رفێنرا، هەستم کرد جەستەم لە کەمی دەدا و بێهێزتر دەبم، دواجار بینیم چۆنی سەیر کردم، هەر لەوە دەچوو بیەوێ رۆحم بکێشێ... بەبەرچاوی خۆمەوە، دڵی خۆم بینی، وەک باڵندەیەکی چکۆڵەی سەربڕاو لە سەر پانایی دەستم، هەڵدەپەڕی، لە هاواری ئەدا، هاوارەکەی لە دەمی خێزانمەوە، دەهاتە دەرێ. دەینالاند و دەپاڕایەوە:

– رەنگە بۆ دواجار بتبینمەوە!

بەتامی سوێری فرمێسکەکانم وەخۆ هاتمەوە، سەیری تەنیشت خۆم کرد، ئەمم نەبینی، دڵم داخورپا، بەخێرایی، بەهەشتاوی، هەڵسام، چوومە دەرەوە. بەبەردەمی هەموو هاوەڵەکانمدا تێپەڕیم، رەنگ و رووی هیچیەکیانیم بەتەواوی نەبینی. نازانم هەستیان بەتەنگەتاوی و دەموچاوی فرمێسکاوی من کردبوو، یان نا؟ تاکە شتێ بەمێشکم دادەهات، وێنەی تەلیسماوی ئەم و گومبوونی لە ناکاوی بوو، دەترسام بەهۆی منەوە دەست لە کارێکی خەتەرناک بدا و بۆ هەتا هەتایێ ویژدانم لە ئازاردابێ... گەڕام، ئەم دیو و ئەو دیوی قوتابخانەکە گەڕام، بێ ئومێد بووم، نازانم چاوی من بوو ئەمی نەدەدیت، یاخود ئەم خۆی لە شوێنێکی عاسێدا حەشاردابوو؟ چ زوو ون بوو؟ ئەم رووداوەم دروست هەر لە خەونێکی خەمناک دەچوواند. گومانم هەبوو، کە شتی وا لە ژیانمدا رووی دابێ... بەناچاری رووەو پۆلەکەمان گەڕامەوە، گیانم سست و خاو ببۆوە، نەفرەت و بێزاریم لە ژیان بەئاشکرا پێوە دیار بوو، دەشترسام کە ئەمجارە هەر نەبێ یەکێک ئەم دیمەنەی بینیوە و ئیدی چۆن دەکرێ وەڵامی پستەپست و مقۆمقۆی ئەوان بدەمەوە... ساتێکی چەند گران و ناخۆش بوو، دەمویست بەدەرگا سەرەکییەکەی قوتابخانەکە بچمە ژوورەوە، لە پڕ دەنگێکی ناسک رایچڵەکاندم، بەخێرایی ئاوڕم دایەوە. هەر لە پشتمەوە، سێ چوار مەتر لە دووری دەرگاکەوە، لەژێر درەختێکی چڕ و کورتەبنە، دانیشتبوو، روخساری یەک پارچە لە بانگ و فریاد و سۆز و پاڕانەوە غەرق ببوو... نەمزانی چۆن چۆنی گەڕامەوە و لەبەردەمی وەستام، لە تەکییەوە دانیشتم، بەر لەوەی بمەوێ قسەیەک بکەم، بەپانایی دەستی دەمی گرت، چاوی لە چاوم گیر کردەوە، ئەوەی لە مێشکم بوو، هەڵگێڕ و وەرگێڕی کرد، سڕییەوە، سەرم، لە بۆشایی زێتر، هیچی تێدا نەمابوو:

– ئەمڕۆ دەڕۆم، رەنگە لە شوێنێکی دیکە، جارێکی تر رۆحی پەڕیوت بدۆزمەوە!

هەستم کرد، توانای قسەکردنم لێ دەبڕێ، زمانم لە گۆ دەخات، گرێکی چێژهێنەر لە دڵم بەردەدا. نیگام لە دەم و لێوی گیر کردبوو:

– ئەمشەویش دوا خەونم پێتەوە دیت!

دەبێ چ خەونێکی بەمنەوە بینیبێ؟ ئەوە هیچ، لەو خەونانە ناچن، کە کوڕ و کچ بەیەکترییەوە دەبینن... ئەوەی لە چاویم خوێندەوە و لە مانای دەنگی قسەکانیم بۆ دەرکەوت، خەونەکان، خەونی ماتەم و نیگەرانی و دڵتەزێن، لە خۆمەوە هەڵسامە سەر پێ، بەپەلە دانیشتمەوە، خۆیشم نەمدەزانی بۆ ئەوەندە حەزم بەگوێگرتن دەکرد لە قسەکانی؟ خۆ من بەرە بەرە لە شێوەی دەربڕینی قسەکانی دەترسام، بەڵام چ بکەم، قسەکانیشی کتومت هەر لە خۆی دەچوو:

– بۆ دەبێ تۆی ئێستا، لە ئەوەی دوێنێم بچیت؟ من ئێستە لە بەرانبەر کوڕەکەی دوێنێم، ئەو لە مێژە گوم بووە، بەڵام ئێستە لە چاوی تۆ، دەیبینمەوە!

ویستم، شتێک بڵێم، بەڵام نەمتوانی، دیسان هەڵسام، دانیشتمەوە، دەستی خستە نێو دەستم، سەیر بوو! چ گۆڕانێکی خێرا رووی دا! ئەم جارە، هەستم بەهاڵاوی گەرمی لەشی کرد، پەنجەکانی گەرماییان تێ دەگەڕا، تێکەڵ بەخوێن و جەستەی منیش دەبوو، هەقم بوو ئەگەر لەوێ، لە سایەی قسە و نیگاکانی، وشک ببمەوە و رۆحم لە دەست بدەم... بۆچی من بوومەتە ئەو مرۆڤەی کە لەپێشدان خۆشەویستی ئەم بووە؟ ئەی بۆ ئەم نەبۆتە ئەو کچەی کە بۆ یەکەم جار خۆشم ویست؟ هەستی دەکرد، کە من هەتا دێ دادەکەوم و توانای هیچم نامێنێ، کە پەنجەکانمی گوشی زانیم مەبەستی ئەوەیە پێم بڵێ: پەلە مەکە، هەموو شتێکت بۆ روون دەکەمەوە!

نا، بەڕاستی ئێستا لە قسەکانت دەترسم، ئەوەی گوتت بەسە، هیچیش تێ نەگەیشتبم، ئەوەندەم بەسە کە رۆژێ جارێک لە چاوەکانت رامێنم، نا نەکەی بڕۆی، تۆ خەریکە دەبیتە بەشێک لە گیانی من، نەکەی، بۆ کوێ دەچیت؟

– چارەنووسی من وایە، ئەوم جێ هێشت، کەواتە تۆش جێ دەهێڵم! ببوورە... ببوورە لێم... ببوو...... گوێم لە دوا قسەی نەبوو، تەنیا سەدایەکی رۆح شێوێن بوو، بەرچاومی لێڵ کرد، نەمزانی چوومە کوێ، لەم دوور کەوتبوومەوە، وەک وێڵ و سەرگەردان بم، دەگەڕام، شەکەت و ماندوو، تا بەئەمڕۆش دەگا، هەر شەکەت و ماندووم، رۆیشتنەکەی، ونبوونە ئەبەدییەکەی، قورساییەکی هەمیشەیین، لەگەڵم دەژین و جیا نابنەوە...

١٩٩١



# نامەیەکی بەپەلە

١

– ئێستا سەعات یەکە... سەعات پێنج دەگەیتە گوندەکە... ئەمە نامە و ئەمەش پشت و پەنا!

لایەکی لێوی خوارەوەی بەرزکردەوە و چەند تاڵە موویێکی لە سمێڵە پەرش و بڵاوەکەی خستە نێوان ددانەکانی و قرتەی لێوە هێنان. کورتە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەخێراییش دەری دایەوە. پاڵتۆکەی واڵا کردەوە و دەستی بۆ نێو گیرفانی کراسی دووەمی ژێر جلەکانی برد و نامەکەی لەوێ تەقەت کرد. کۆنە دەسەسرێکی گەچراوی لە گیرفانی شەرواڵەکەی راکێشایە دەرێ و بەهێمنی لە دەمانچەکەی وەرهێنا و خستیە بەر پشتێنەکەیی و داپۆشی. زنجیری پاڵتۆکەی بۆ سەرەوە هەڵکێشا و بۆ دواجار سەیرێکی هاوڕێکەی کرد و توند ئامێزیان لە یەکتر گیرکرد و دەستیان خستە نێو دەستی یەکتر و روومەتیان لە یەکدی خشاند.

– ئاگاداری خۆت بە... بەخێرچیت!

لە ماڵەکە هاتە دەرێ و کەمێک لە بەر دەرگاکە وەستا، تیلنیشانێکی لەم سەر و ئەوسەری کۆڵانەکە گرت و یەکسەر بۆی دەرچوو، هەرکە گەیشتە سەر جادەکە، کەوتە بەر هورژمی «با»یەکی توند و قژە نەرمەکەی تێک ئاڵاند، نەختێک هەنگاوهەڵێنانەکەی هێواشتر کرد. هەستی کرد تەزووی ساردییەک دەخزێتە بەدەنی و بەخێراییش گەرمایی بەدەنی رادەماڵێ، کە لە جادەکە ئاودیو بوو، لەنێو گێژەنی بایەکە رزگاری بوو، بەو باریکە ڕێیەدا چووە خوارێ، کە چەندان توولە ڕێگەی تری لێ دەبوونەوە و بۆ نێو باخچە و درەختە وشک و رەق هەڵگەڕاوەکان دەچوون. راستەو راست شۆڕ بۆوە، زەبروزەنگی هەوا ساردەکەش کەمتر هەستی پێ دەکرا. ئازاد، چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە نزیک دارە زل و وشکبووەکەی دارستانی سەر دۆڵەکە، وەستا، بۆ چەند جارێک ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دەدایەوە و هەستی خۆی راگرت، دەتگوت یەکێ لە دواوەڕا بانگی دەکا، کەچی جگە لە هاژەهاژی ئەو«با»یە نەبێ کە قەد و باڵای درەختە رەقوتەقەکانی دەجوڵاندەوە، هیچی نەدەهاتە بەر گوێ، چەند هەنگاوێکی تر بۆ پێشەوە چوو، لە تەنیشت دارێکی زل و زەبەلاح وەستا، بەچاوە تیژ و دووربینەکانی، سۆسەی ئەو ناوەی کرد و تا دڵنیایی دانەسەپایە نێو دەروونییەوە، بستێک لە شوێنی خۆی نەبزووت، وەها بەوردی دیقەتی دەدایە کەلێن و عاسێ و بن بەرد و پەنای دارودەوەنی ئەو ناوە، دەتگوت بەدووربین تێیان رادەمێنێ. بەڵام جووڵانەوەیەک، خشپەیەک، دەنگێکی نائاسایی، هیچی بەرگوێ نەکەوت، لەبەر خۆیەوە وتی «ئەگەر لە خوارەوەش کەمین هەبوو، یەکجێ پێیان دەڵێم: هۆ براینە

مانگایەکمان لێ بزر بووە، ئێوە نەتان بینیوە؟ ئەگەر وتیان نەخێر، ئەوە ڕێگەی خۆم دەگۆڕم و بەڕەزەکانی سەرەوەدا هەڵدەگەڕێم... چووزانن، شڕوشەپڕێوێکی وەک من کێ گومانی لێ دەکا؟ ئەی ئەگەر رایان گرتم و بەپەلە بۆم هاتن و هەموو لەشیان پشکنیم؟ ئەمەیان خەتەرە... نا باشترە بەو ڕێگە عاسێیەکەدا بڕۆم، خۆ قابیلە ئەوێشیان نەگرتووە، چما یەکێکی زۆر شارەزا نەبێ کێ حەددی هەیە لەو عاسێیە، بۆت دابنیشێ؟ دەی بەلای خەرەندە هەزار بەهەزارەکەدا، دەڕۆم، شۆڕدەبمەوە، ئەگەرچی زۆریش خەتەرە، ئەوێ ساڵێ یەکێ لە هاوەڵەکانم، لەو شوێنە پێی هەڵخلیسکاو چەند بەسامناکی تێ هەڵدێرا، دوو سێ جار «ئای، ئەی هاواری»ی لە دەم دەرچوو و ئیدی دەنگی بڕا و لە نێو خەرەندەکەدا، بەعاستەم وەکو مێرووله دەبینرا، پاش چەند سەعاتێکیش خەڵکی گەیشتنە سەری، بەڵام چ هەڵبگرنەوە! دەتگوت هەمبانەیەکی تەڕی پڕ لە ئێسک و پرووسکە... ئەگەر مەجبوربم، دەبێ بادەمەوە ئەوێ... لە هەمووی ناخۆشتر «لاتی شێتانە» دیارە هەر ئەوانەی شێتن بەوێدا دەچن. چار نییە ئەم عاسێیە دوو سەعات وەختم بۆ دەگێڕێتەوە... سەیرە! لە دوێنێوە چەکدارەکانی دەوڵەت هەموو کون و کەلەبەرێکی شاریان گرتووە. تەنیا ئەم ڕێگەیە ماوە، ئەمەش تا سەعات حەوتی بەیانیی ئەمڕۆ نەگیرابوو. باوەڕ ناکەم بەم چەند سەعاتەش لە بەختەکەی من ئێرەشیان گرتبێ... دەی خۆم و بەختم... من دەمزانی ئەمڕۆ کارەکەم سەختتر دەبێ. دەبووایە دوێنێ شەو دەرچووبام... خەتا لە هاوڕێیان بوو، هەر چەند گوتم بەشەو باشترە ئەوان رایان لە سەر نەبوو، نەمزانی بۆ؟ رەنگە هەر لە بەر ئەوە بووبێ کە شەوانی زستان، جێی متمانە و باوەڕ نییە... خۆ راستیشە شەوانی زستان چاوی بەڵەد و شارەزاش کوێر دەکەن.

ئازاد لە ڕێگا ئەسڵێیەکە لای دا و بەپەنای تاوێرە بەردەکاندا چووە خوارێ، لە ئاسمان زیاتر هیچی نەدەبینی. بەهێمنی هەنگاوی هەڵدەهێنا. جاروباریش وەک هەستی بەشتێک کردبێ، رادەوەستا و کڵاوی قاپووتەکەی لادەدا و گوێیەکانی قوڵاغ دەکردن، چاک هەستی لە خۆ دەبڕی، کە دەیزانی هیچ شتێک نابیستێ سەری خۆی دادەپۆشییەوە و دەستەکانی دەخستنەوە نێو گیرفانی پاڵتۆکەی و خێراتر دەڕۆیی. جاران کە منداڵ بوو، زۆر دەهاتە ئەو ناوانە و بەدوای رەوە چۆلەکە و هەموو جۆرە تەیروتاشێکدا رۆژی دەبردە سەر. کە بەهارانیش گژوگیا سەریان دەردەهێنا، دەستی دەدایە پریاسکەیەک و لەگەڵ دۆستەکانی گەڕەکەکەی، بەو شاخ و کێوانەدا هەڵدەگەڕان و هەر چ گیایەکیان دەست کەوتایە، لەوانەی خەڵکی ناوچەکە دەیانخوارد، دەیانئاخنیە توورەگە و پریاسکەکانیان. ئازاد، بەهاری بۆیە خۆش دەویست چونکە ترشۆکە و ڕێواس و کاردی و گوڵە مێلاقی لەگەڵ خۆ دەهێنا. هەموو جارێ، کە پریاسکەکەیان پڕ دەکرد، هەر لەوێ دەچوونە بەر ئاوێک، گیاکانیان جوان و پوخت دەشوشتەوە، دەیانکردە





چەپک چەپک و بەداو، یا بەلاچکە گیایەکی توند، دەیانپێچایەوە و دوایی بەدڵێکی خۆش و بەچاو و دەستێکی ماندووەوە دەگەڕانەوە و گیاکانیان دەهێنایە بازاڕی شار و دەیانفرۆشت. ئازاد هەرچەند بەو شوێنانەدا تێدەپەڕی، هەستی منداڵێتی دەبزوا و رۆژە خۆش و ناخۆشەکانی وەبیر دەهاتنەوە. ئەمجارەش کەگەیشتە رۆخ ئاوی دۆڵەکە. راوەستا. جڵەوی خەیاڵی لە دەست دەرچوو، رۆیی، بەرەو رۆژەکانی رابردووی بۆ سەردەمی منداڵی، ئەو رۆژەی هاتەوە بیر، کە چۆن باوکی بۆ یەکەم جار چەند قسەیەکی پێ رادەسپێرێ و دەینێرێتە لای یەکێ لە هاوڕێکانی شاخ. ئەو کات تەمەنی هەر هەشت نۆ ساڵانێک دەبوو. بەڵام هێندە بزێو و چوست و چالاک و قسەزان بوو، باوەڕێکی زۆری خستبووە دڵی باوکی و هاوڕێکانی چیا. هەر کە لە شار دەردەچێ، چەند چەکدارێک دەبینی، چەکدارەکان لە پەنای بەردێکی گەورە دانیشتوون، دەیەوێ خۆیان لێ گێل بکا و بەلایەکی تردا بڕوا بەڵام چەکدارێک هەستی پێ دەکا و دەنگی بۆ هەڵدەبڕێ:

– کوڕە هۆو... هۆو کوڕیژگە!

ئازاد هەوەڵ جار دەترسێ. بەڵام لەگەڵ خۆیدا بڕیار دەدا، هەتا ئەگەر پیاوی دەوڵەتیش بن دەچێتە لایان و قسەیان لەگەڵ دەکا... دارلاستیکەکەی دەردەهێنێ هەندێک خۆی پێ خەریک دەکا، نیشانەی لە چۆلەکەیەک دەگرێ، بەردێکی تێدەگرێ... ئەوانە پێ ناچن پێشمەرگەبن، خۆ شێت نەبووینە بەو رۆژە خۆشە لێرە دابنیشن... چەکدارەکان هەر لە دوورەوە ئازادیان بینیبوو، زانیشیان بەئەنقەست وەڵام ناداتەوە. یەکێکیان بەنهێنی بۆی دەچێ و لە لایەکی ترەوە ڕێگەی پێ دەگرێ و دەچێتە بەردەمی... ئازاد رادەپەڕێ، ترس هورژمی بۆ دێنێ، کابرا تێ دەگا کە ئازاد ترساوە...

– کوڕیژگە، بۆ کوێ دەچی؟

– ها ؟! بۆ خۆم راوە پاساری دەکەم.

ئازاد دەیەوێ بڕوا بەڵام چەکدارە پیرەمێردەکە لێی دەچێتە پێش و لە سەرخۆ و بەنەرمی پێی دەڵێ:

– کوڕم، تازە لە شار هاتوویتە دەرێ؟ وەزعی شار چۆنە؟

ئازاد لە روخساری چەکدارەکە هیچ رق و کینەیەک بەدی ناکا و یەکسەر هەست دەکا ترسەکە لە نێو دەروونیدا دەپووکێتەوە و لە جێگەیدا خۆشییەک دەڕوێ:

– شار پڕە لە پیاوی چاک... پیاوی خراپ، لە چەکداری وەک تۆ، مێشوولە ناوێرێ گیزە بکا... ئەوجا کێ دەوێرێ؟ شار خۆشە و ناخۆشیشە، کەس بەکەس ناوێرێ!

چەکدارەکە بەپەنجەیەک سەری لووتە خڕەکەی دەخوراند، لەو دەمەدا ئەوانی تریش دەگەنە لایان، لە ئازاد ورددەبنەوە. پیرەمێردەکە سەیرێکی هاوڕێکانی دەکا و دەڵێ:

– خۆ گوێتان لێ بوو؟

ئازاد وەک هیچ ترسێکی نەمابێ، بەبێ دوودڵی دەڵێ:

– ئەوە چۆنە بەو ڕۆژە خۆشە دەتانەوێ بچنە ناو شار؟

پیرەمێرد:

– کوا؟ ناچین.

پیرەمێرد، دەستێکی بەسەری ئازاددا دەهێنێ، ئازاد هەستی بەگەرمایی پەنجە لەرزۆکەکانی دەکا. چەکدارەکان لە نێو خۆیاندا پستەپستێک دەکەن و ئیدی شۆڕ دەبنەوە خوارێ، بەنێو گاشە بەردەکاندا دەڕۆن. ئازاد لە پشتەوە سەیریان دەکا و بۆنی خەستی ئارەقەی لەشی چەکدارەکانی بەبەر لووتدا ڕەت دەبێ. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «ئێستە دەچنە ئەشکەوتی جنۆکان، تا ئێوارێ لەوێ دەمێننەوە، دوایش بەتاریکی هەڵدەکشێن و بەدزیش دەخزێنە نێو شار!».

ئازاد بەچەند پڕوشکە ئاوێکی ڕووبارۆچکەکە، کە لە لایەوە وەستابوو، دەزووی بیرەوەرییەکانی لێ پسا و بینی کەوا ئاوەکەی بەردەمی هەتا دێ لێڵ دەبێ. نەختێک ترسا، لە چیا دوورەکانی بەری دەستە ڕاستی خۆی ڕاما، زێتر تێک چوو... چتۆ بارانە خودایە! ئەمەی وت و پەڕییەوە، بێ چەندوچوون ملی لە هەورازەکەی پێشییەوە نا، نە دەوەستا و نە ئاوڕیشی دەدایەوە، گەیشتە تەپلی سەری هەورازەکە، هەوایەکی توندوتیژ ڕووبەڕووی هات، خۆی دایە پشت تاشە بەردێک، ئەو بەردەی کە دەیان جار لە ژێریدا لێی ڕاکشاوە و ببووە مەنزڵگای حەسانەوەی سەردەمی منالّی و ئێستای، ئەگەر یەکێ ڕێی بکەوتایە لای ئەو بەردە، بەتایبەتیش بەهاران، ئەوا هەندێ لە پاشماوەی گیاوگوڵی بەهارانی لێ دەدیت، ئەو بەردە ناونرابوو «بەردی ترشۆکە» خۆ ئەگەر کەمێکیش لە ژێر بەردەکە دابنیشی و جوان سەیری بکەیت، چەندان نووسراوی بەقەڵەم و هەڵکەندراوی تێدا دەبینی. ئازادیش بۆ خۆی چەند شتێکی تێدا نووسیبوو. لەوانەش کە قەت نەدەسڕانەوە، ناوی خۆشەویستەکەی بوو، ئەو ناوە پێش چەند ساڵێک لەوێی نووسیبوو، ئەو کات لە نێو لەزەت و دنیای خۆشەویستەکەی توابۆوە، حەزی دەکرد لە هەموو شوێنێک ناوی بنووسێ و هەڵیواسێ، بەڵام ئێستا گەورە بووە و نایەوێ خۆی لەم جۆرە شتانە بدا، ئەگەرچی هەموو جارێکیش کە بەتەنیشت بەردەکەدا دەڕوا، سەیرێکی ناوەکەی دەکا و کەمێک بۆی دەوەستێ و دێتە سەر ئەوەی کە بیسڕێتەوە، ئێستا حەز بەوە ناکا خەڵکی ناوی یارەکەی بزانن و ببێتە وێردی سەر زاران و بەسووکی باسی بکەن. سەیر ئەوە بوو، قەت دەستی نەدەگرت ناوەکە بسڕێتەوە. نایسڕمەوە کێ دەزانێ ئەم ناوە تایبەتە بەخۆشەویستەکەم؟ سەدان کچ ئەم ناوەی هەیە، دەیهێڵمەوە، خۆ هیچ نەبێ لە سەفەری تەنیاییدا یادگارەکانی ڕۆژانی





ڕابردووم وەبیر دێنێتەوە...

ئەمجارەش لەبەر گرنگی ئەو نامەیەی کە پێی درابوو، هەر زوو بەسیلەی چاوێکی لە بەردەکە ڕاما، وەک دڵنیا بێ لەوەی کە نووسراوەکە ماوە یان نا؟ بڕیاری دا کە لێی نزیک نەبێتەوە. هەر واشی کرد، دەستبەجێ هەنگاوی خێرای هەڵنا و ڕووی لە لێژاییەکە کرد و چووە خوارێ، بەڵام بیری بەلای خۆشەویستەکەیدا چوو. دەتگوت لەگەڵ یەکێک قسە دەکات... با لەو سەفەرە بگەڕێمەوە، ئەوجا بزانە چۆن وەک پیاوان لەبەردەمی باوکت ڕادەوەستم، خۆ باوکت چاک دەمناسێ، تا ئەمڕۆش هیچ خراپەیەکی لێم نەدیوە، باوکم و دایکیشم بەمەسەلەی نێوان من و تۆ دەزانن، ئەوان زۆر زۆریان پێ خۆشە، تۆزقاڵێکیش لەو پەیوەندییەمان دڵگیر نین، ئەوان خۆیان داوایان لێ کردم کە سێ چوار مانگی تر هەر کە تەعتیل دادێ بێنە داخوازیت. نەسرین! وەختە لە خۆشیان باڵ بگرم. نازانم بۆ ئەوانیش وەک من و تۆ، هێندەیان پێ خۆشە ببینە هاوسەری یەکتر؟ نازانم ئەوان بۆ لەمە بەپەلەترن؟ جارێ دایکم هەر لێی گەڕێ، کە ئەوێ جارێش من و تۆی پێکەوە بینی، وام زانی بەجوێنان دەمشواتەوە، کەچی وەک تازە هەستی کردبێ کە من کوڕی ئەوم هاتە بن گوێم و گوتی: «ئەوەندە نەسرینت خۆشدەوێ؟» منیش بەشەرمەوە گوتم «ئا» زۆری پێ خۆش بوو، ئەوەندە بەکەیف و زەوق ببوو دەتگوت زەمانێکە تۆیان بۆم گواستۆتەوە. باوکیشم هەر لەو ڕۆژەی لە سەر زاری دایکمەوە، بەمەسەلەکەی زانیوە، تەواو ڕەنگ و ڕووی لەگەڵم گۆڕاوە، وەکو جارانی منالّییم و هەرزەکارییم قسەم لەگەڵ ناکا، ئەویش وای نیشان دەدا کوڕی جاران نیم، هەردووکیان زۆر ڕێزم لێ دەنێن، چاکیش دەزانم ئەو گۆڕانە لەوێ ڕۆژێوە دەستی پێ کردووە، کە من و تۆ یەکترمان ناسیوە، یەکترمان خۆش ویستووە... نەسرین هەمووی حەوت ڕۆژ نابێ باوکم و دایکم ئەو بڕیارەیان داوە بێنە داخوازیت، کەچی تۆ لەو ڕۆژەوە وەک عەرز قووتتی دابێ، نە سەرێک لە دەرگاوە دەردەهێنی، نە لە پەنجەرەتان دەردەکەوی، نە لە کۆڵانەکەشمان ڕووبەڕووم دەبیتەوە، نازانم بۆ؟ لەکوێیت؟ من حەوت ڕۆژە، بەردەرگای ماڵی خۆمانم بەرنەداوە، چاوێکم بۆتە دە چاو، بیناییم لە دوور دەرکەتان هەڵنەگرتووە، دڵم بەهەموو شتیک وەجۆش وخرۆش کەوتووە، تەنیا بۆ دیدەنی تۆ، تەنیا بۆ ئەوەی پێت بڵێم بەخەونەکانمان گەیشتین، بەدڵی خۆمان شادبووین... تۆ لەکوێیت؟ جاران هەر وەختێک بم ویستایە دەمدیتی، ئێوارە نەبوو تا درەنگانێ، لەبەر دەرگاکەتان لەگەڵ دەستەخوشکانی کۆڵان نەمێنیتەوە، هەمووی لەبەر خاتری من بوو. هەر کە منت لەوسەری کۆڵانەوە دەبینی، خێرا لە هاوەڵەکانت جیا دەبوویتەوە و بەڕووگەشی وسەروسیمای پر لە بزەوە رووت وەردەگێڕا و دەچوویتە ژوورێ، دەرگاکەشت قەت بەدوای خۆتەوە دانەدەخست .دەچوویت لە بنەبانی حەوشەی

ماڵەکەتان رووەنیشتی، چاوت لە دەرگاکە دەکرد، تا منت نەدەدیت سەری خۆت دانەدەنواند. ئیدی منیش بەدڵێکی مەستکراو و بەهێزی ئەوینی نیگاکانت رووم لە ماڵەوە دەکرد، ئەو رۆژانەش هەتا دێ دڵم تەنگ دەبێ و هەست بەژانێکی غەریبیش دەکەم، دایکیشم وەک هەستی بەشتێک کردبێ، زوو زوو دڵم دەداتەوە و خۆی لێم نزیک دەکاتەوە، جار جاریش پێم دەڵێ «کورِم هیچ شتێک نییە خوا چارەی نەکا!»من لە چاوی دایکمدا خەمێک دەخوێنمەوە، بەڵام هەموو قسەیەکی لەوە دەکا، کە تۆیش وەکو من لە سەفەرێکدا بیت، ئەی ئەگەر وا بوایە بۆ بەمنت نەدەگوت، چۆن ئاگاداری منت نەدەکردەوە؟ نا... نەسرین! بەس لەم سەفەرە بگەڕێمەوە، ئیدی سەفەری داهاتووم، سەفەری یەکجارەکیم بۆ لای تۆیە، ئێستاش ئەوە دەمبینی، بەچاوی خۆت زەینت لێیە، کە چۆن ملی ئەو رێگا سەخت و عاسێیەم گرتووە، وێ دەچێ، رۆژێکی ناخۆشیش بێ، بەڵام هەر دەبێ کارەکەم ئەنجام بدەم، دەبێ ئەم نامەیە بگەێنمە خاوەنەکەی، هاورێییان چەند جار دووپاتیان کردەوە و دەیانگوت «بەبێ وەستان، نابێ دوا بکەویت» منیش، خۆت دەبینی، لەحزەیەکیش ناوەستم، تا نەگەمە جێ، پشوویەکیش نادەم، بەڵام شەرت بێ لەو سەر، کە دەگەڕێمەوە، لە ئێستاش بەپەلە و خێراتر بم، هەر بەغاردان بگەڕێمەوە و زوو بچمە لای دایکم و پێی بڵێم «هەڕون، هەڕون هیچ نەبێ نیشانی کەن!» چ دەڵێی؟ رازیت؟ ئای ئای، دیارە تۆش دڵت وەکو دڵی منە... ئەوە بۆ عادزیت؟ خۆ باوکت بەمەسەلەکەی من و تۆی نەزانیوە؟ کێ دەڵێ وا نییە؟ ئەی ئەو هەموو کزی و بێ دەنگی و خۆ شاردنەوەیەت لە چییە؟ دەزانم تۆ وەکو من نیت، دایک و باوکت بەئاسانی رازی نابن، ئەگەر بەپەیوەندی من و تۆشیان زانیبێ، ئەوە هەر زۆر زەحمەتە بگەین بەیەک، دەزانم کەمێک لە دایکیشت دەترسێی، لە بیرتە ئەوێ جارێ لە سەربانەکەتان وەستابوویت، ئەویش بەپەلە هاتە سەرێ و پیلی گرتی و ناچاری کردی بچیتە خوارێ؟ دواییش دەزانی چۆن چۆنی لە من راما؟ دەتگوت هەر لەوە دەچوو بیەوێ جوێنبارانم بکا، وەها بەتوورەیی سەیری کردم، هێندە نەمابوو بتۆقێم، هێندەش بەخێرایی لە پلیکانەکاندا چووە خوارێ، دەمگوت ئەگەر دەمی نەشکابێ ئەوە قورِم بەسەری بوو، ئەو کات وەخت بوو لە حەژمەتان سەرم بترۆقێ، دوو رۆژ و دوو شەو ئیسراحەتم بەخۆوە نەدی، دەمگوت، هاکا گەیشتە لای دایکم و شکایەتی لێ کردم، ئەوجا، ئەوەی دەهاتە سەر زاری دەیگوت، دەیگوت کورِەکەت بێ ئەدەبە، شەرمیش ناکا، ئەوە کەی راستە رۆژێ تا ئێوارێ بەئامان و زەمان سەربانی لێ گرتووین و یەخەی کچەکەمان بەرنادات... نەسرین! هەر کە تەعتیل داهات دەتگوازمەوە، ئەڵڵاهـ کە رۆژێکی خۆش دەبێ، دەزانی پێش هەموو شتێک سەفەرێکی ئەو ناوەت پێ دەکەم و دەتهێنمە لای ئەو بەردەی کە ئێستا بەنێو بەردی ترشۆکان ناسراوە، لەوێ یادگاری





یەکەم رۆژی دروستبوونی پێوەندیمانت نیشان دەدەم، ناوی خۆت دەبینی، سەرت دەسوورِمێ لەوەی کە چوار ساڵ بەر لە ئێستا، ئەو ناوەم نووسیوە و کەچی هەر ماوەتەوە، دروست دەڵێی لە سەر دڵی من نووسراوە! دەتۆش قسەیەک بکە، ئەم رێگا دوورو درێژە بەچی کۆتایی دێ؟ ئای چەند خۆش دەبوو، ئەگەر بەراستی لەگەڵم بووای، دەبێ ئەو رۆژە دابێ ئاوا پێکەوە بەو هەردانەدا بسوورِێینەوە و بەهەوەسی خۆمان لە نێو ئەم سروشتە خۆش و دڵرفێنەدا بژین، گەورەبین، بمرین؟ نەسرین! دەبۆ جارێکیش بێ لێوەکانت لێک بترازێنە، بەڵکو بەبزەی جارانەوە بتبینم، دەی هەتا دەشتوانی دەنگت هەڵبرِە، پێ بکەنە... دەی... ئا... ئاوها... هێشتا پێ بکەنە... با سەدای دەنگت، وێنەی خەندە و پێکەنینت لەبەر چاوم لاناچێ... نەسرین، نەکەی ئەو چاوە جوانانەت بشاریتەوە، نەکەی لەو چۆڵ و چیایە جێم بهێڵی... نەسر... !

گرمە و تریشقەی هەوری سەر کێوەکان، ئازادی راچەناند و لە شوێن خۆی چەقاند. نێوچاوانی گرژ بۆوە و بەسەرسامییەوە سەری هەڵبرِی، دەتگوت خەبەرێکی دڵگیریان پێ رِاگەیاند. هەنگاوی هەڵهێنا، زۆر بەخێرایی شەقاوی دوورودرێژی دەهاویشت. لەبەر خۆیەوە دەیگوت «هەر ئەو رووبارەی پێشم، ئەو رووبارە لەعنەتییە هەڵنەستابێ، بەئاسانی دەگەمە جێ. دەیزانی ئەگەر توند نەرِوا، رەنگە باران ببارێ و ئاوی رووبارەکەش زیاد بکا و نەتوانێ بپەرِێتەوە... لە هەورازەکەی لای دەستی راستییەوە بایەکی بەگوڕ تێی هەڵکرد و هاشەی لێوە دەهات، هەواکە ئەوەندە بەتین بوو زەلامی راپێچ دەدا، ئازاد لە ترسی بایەکە لە سەر چیچکان دانیشت و سەری لە نێو ئەژنۆکانییەوە گیر کرد، تا بایەکە تێنەپەڕی هەڵنەستایەوە.

هەور بەتەواوی ئاسمانی ئەو ناوچەیەی داپۆشیبوو. لە هەندێ شوێن تەم و مژ زۆر بەنەرمی خۆی لە باڵا و ترۆپکی کێوە نزمەکان دەئاڵاند. ئازاد وای بیر دەکردەوە، کە لەوانەیە بەفر بباری. خێرا هەڵسایەوە و زۆر بەتاو هەنگاوی گەورە گەورەی هەڵدەهێنا، جاروباریش بە تەواوی دەستی بەغاردان دەکرد، ترس چنگی لە دڵی گیر کرد بوو، خەمی ئەوەی بوو چۆن بەزوویی دەگاتە سەر رووبارەکە بەر لەوەی ئاوێکی زۆری بۆ بچێ، چونکە چاک دەیزانی ئاوی ئەو رووبارە لە بەهار و زستاندا هێندە زۆر دەبێ، هەتا مەلەوانێکی بەتوانا و شارەزاش حەددی نابێ خۆی لێ بدا. بۆ چەند جارێک تیژ رۆیی و راماڵینی دار و بەردی ئەو ناوە و شەپۆڵە توند و توورِەکانی ئاوی رووبارەکەی دەهاتنە بەرچاو، لەگەڵ خۆیدا گوتی «ئەو ئاوە زیادی کردبێ، دەبێ بەرەو گوندەکەی ژوور هەڵکشێم، ئەویش سەعاتێکی رەبەق دوورم دەخاتەوە».

ئەوەندە شارەزای ناوچەکە بوو، هەر بۆیە هیچ زەحمەتییەکی لە رێگا گۆڕین و هەڵبەزین و دابەزیندا نەهاتە پێش. بەشوێنی وادا دەرِۆیی، ئەوەی سەیری کردبا ترسی

لێ دەنیشت، بەڵام ئەو دەیزانی بۆ وادەکا، بەمنداڵیش گەلێ جار بەرێگەی باریک و عاسێ و ترسناکانەدا ڕۆیشتووە، کەچی لەو دواییانەدا کە نامەی لە شارەوە بۆ شاخ دەهێنا، قەت خۆی لەو شوێنانە نەدەدا، بەپێچەوانەشەوە، پێی سەیر بوو کە چۆن لە سەردەمی منداڵیدا ئاوا بەبێ ترس و شێت ئاسا بەو جێگایانەدا هەڵدەگەڕا. کە منداڵێتی خۆیشی دەهاتەوە بیر هەمووگیانی دەتەزی و بەسەرسامییەوە سەیری ئەو شوێنانەی دەکرد و دەیگوت «ماقووڵ نییە، ئەمن بێرەدا هەڵگەڕاوم؟ هەر چاکیشە زیندووم» کەچی ئەم جارە وەک بۆ یەکەم جار بێ دوای چەندان ساڵ بەو شوێنانەدا بڕوا بیری لە ترس و هەڵدێران نەدەکردەوە، ئەوەندەش بەخێرایی دەڕۆیی، هەر کەس بیدیبا دەیگوت ئێستا نا کەمێکی تر بەردەبێتەوە و ملی دەشکێ. کەس بەعەقڵی دانەدەچوو، کە زەلامێکی ئاوا، خۆی لەو عاسێیانە بدا، خۆ لە دوورەوە هەر لە زەلامی نەدەکرد، سەت سوێندت دەخوارد کە ئەمە حەیوانە، بەهەر حاڵ نزیکەی سەعاتێک بەو شاخانە هەڵدەگەڕا و دادەگەڕا، گەیشتە شوێنێک، کە هیچ مەترسی و زەحمەتی نەمابوو، لەوێ بەعاستەم ڕووبارەکەی لێ بەدی دەکرا، هەر کە بینی یەکسەر چاوەکانی زەق بوونەوە و لە شوێن خۆی پرینگایەوە، بۆ ماوەیەک وەستا، دوایی پێی هەڵێنا و دەستی بەغاردان کرد. لەپشتەوەڕا دەتگوت بەدوای شتێکدا رادەکا، بەڵام هەر یەکێ لە پێشەوە لێی ورد بایەوە وای دەزانی یەکێک راوی دەنێ و ناشزانێ بۆ کوێ رادەکا. هێندەی نەمابوو بگاتە گردەکەی بەردەم ڕووبارەکە، بەترسەوە لە ئاوی ڕووبارەکەوە راما، یەکبین لە شوێن خۆی مات بوو، فیکەی سەرسامی لە دەم دەرچوو، ئاوی ڕووبارەکە تەواو شێلوو و قوڕاوی ببوو، ئازاد هەستی کرد ئێسکی قاچەکانی دەلەرزن، چەند هەنگاوێک هەر بەبێ ئاگاییەوە چووە پێش، وەک بلێی پێیەکانی لە شتێک گیر بووبن، یان پەشێمانی یەخەی گرتبێ. تا لە گردە نزمەکە سەرکەوت چەند جارێک دەوەستا و لەگەڵ خۆی دەیگوت «بڕۆم، نەڕۆم؟!» نەیدەزانی چ بکا، چ بڕیارێک بدات. باشترە بچمە ئەو گوندەی سەرەوە، با دوا نەکەوم، چار نییە، کێ دەتوانێ خۆی لە ڕووبارێکی وا بدا؟ دەبوایە زووتر بێم، خەتا لەوان بوو، من پێم گوتن، ئەوان هەر بەقسەی خۆیان لێدەخوڕن! ئاخر دەبوایە گوێ لە منیش بگرن، منێک نزیکەی دوازدە ساڵ دەبێ، هاتوچۆی ئەم ناوە دەکەم و بست بەبستی شارەزام و دەشزانم چ وەختێک باشە بۆ پەڕینەوە، دەباشە ئەوە بەگوێی ئێوەم کرد و ئەمەش کارەسات، هەموو جارێ دەبێ وام لێ بکەن، ئێ بەخوا پردەکەی بەردەم گوندەکەش تێک چووبێ، ئەوە هەر ناتوانم بڕۆم، دەبێ لەم دیو بمێنمەوە و چاوەڕوانی رەحمەتی خوا بکەم!

بەرە بەرەو لەسەرخۆ لە ڕووبارەکە دەچووە پێش و بیری دەکردەوە «نا... چاکترە بگەمە سەر ڕووبارەکە و لەوێ بڕیارێک بدەم» هەر چەند لە ڕووبارەکە نزیک دەبۆوە زێتر





بەخاو و خلیچکی و بەکاوەخۆ دەڕۆیشت، دەتگوت تەواو نائومێد بووە، کە لە ئاوەکەش ورد دەبۆوە، ترسێک دەخزایە گیانی و لەشی دادەهێزراند. سەیری ڕووبارەکەی دەکرد و لەگەڵ خۆیدا دەیگوت «ئەی، ئەگەر دواشکەوتم چ دەبێ؟ خۆ بەدەست خۆم نییە، دەڵێم خەتا لە ئێوە بوو، ئاوەکە زۆر هەڵسابوو. ماسی فرێ دەدایە دەرێ، قابیلە شەڕیش لەگەڵ مردن ناکەم!».

لە ڕۆخ ڕووبارەکەوە وەستا بوو، لە پڕ هاژەیەک بەسەر سەریدا هات و تێپەڕی، هێندە نەمابوو لەگەڵیدا هەڵەنگوێ و بکەوێتە نێو ڕووبارەکە، خێرا خۆی راست کردەوە، دڵی وە خورپە کەوت، کە سەری هەڵبڕی، بەرچاوی لێڵ بوو، شتێکی بینی، بەڵام بەتەواوی سەری لێ دەرنەدەکرد، باڵندەیەکی سەیرو سەمەرەی هاتە بەرچاو، جارێکی تر سەری کێل کردەوە بەترسەوە تێی وەڕاما، چ ببینێ، بەژیانی تەیری وا گەورە و ترسناکی نەبینیوە تەیرەکە دروست لە بان سەریەوە خولی دەخوارد، دەتگوت بەدەوری لاشەیەکدا دەسووڕێتەوە، لە ناکاو وەستا، هێندەی نەبرد نیوە پێچەیەکی کرد و لە ئازاد نزیک بۆوە، ئازاد راچەنی، بەرەو دواوە کشایەوە، واقی وڕما، چاوی لە چاوی باڵندەکە گیرکرد، چ باڵندەیەکی زلە خودایە! هەر لە فڕۆکە دەکا! هەبێ و نەبێ هەمان ئەو باڵندەیەیە کە چەند جارێک باوکم بۆی باس کردووم، خۆیەتی، خەرتەلە!

دەستی بۆ دەمانچەکەی برد و بەخێرایی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا و پەڕۆیە لێ ئاڵاوەکەی فڕێ دا و دەستبەجێ سواری کرد. پێش ئەوەی داڵەکە چەند مەترێکی بمێنێ بگاتەسەری، بەوردی دیقەتی لێ گرت و ویستی پەنچە بۆ دواوە بێنێ، داڵەکە بای دایەوە و لە ئازاد دوورکەوتەوە. ئازاد چاوی لەسەر داڵەکە هەڵنەگرت و لە شوێن خۆیدا وەستا و بڕیاری دا هەتا نەیکوژێ نەڕوا... داڵەکە وەک ئەویش بڕیاری خۆی دابێ و هەتا بەسەر نێچیرەکەیدا زاڵ نەبێ جێی نەهێڵێ! زۆر بەخێرایی گەڕایەوە، ئازاد دەمانچەکەی بەرزکردەوە... داڵەکە بۆی هات. هەردووکیان زەقاوزەق سەیری نێوچاوانی یەکتریان کرد. ئازاد قورسایی پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەی زێترکرد... داڵەکە زۆر نزیک کەوتەوە و هەردوو باڵەکانی لە یەکتر دان، وەک بیەوێ راست بەسەر سەری ئازادەوە هەڵبنیشێ. ئازاد پەلاپیتکەی دەمانچەکەی بۆ دواوە هێنا و شریقەی گوللەیەک دەوروبەرە کشوماتەکەی بێدار کردەوە... داڵەکە ئەوەندە بەزیرەکانە خۆی نزم کردەوە و پێچەیەکی لەسەر زەوییەکە دایەوە و بۆی دەرچوو... داخێکی پڕ لە ڕق وکینە لە دڵی ئازاد جێ ما و چەند دڵۆپە ئارەقەیەک بەنێو چاوانیدا هاتنە خوارێ. دڵی گوشرا و لێی بوو بەمەراقێکی سەیر، هێندە نەما، لە حەیفانا دەمانچەکەش تووڕدا، داڵەکە دەتگوت یاری بەعەقڵی ئازاد کرد و گاڵتەشی بەچەکەکە هات...

ئازاد دەمانچەکەی زامن کرد و هەر بەڕووتی لەبەر پشتێنکەی نایەوە، لە ڕووبارەکە

نزیک بۆوە، دوودڵ بوو لەوەی چۆن خۆی لە ئاوەکە بدا و بپەڕێتەوە... لە کوێوە خۆمی لێدەم، لێرە؟ نە، لەولای؟ ئەوەیش هەروایە، هەموو جێیەک لێرە خراپترە، ئەی چ بکەم؟ ڕووەو گوندەکە هەڵکشێم؟ ئەویش دوورم دەخاتەوە، ئەی چارە؟ چاوەڕوان بم، تا ئاوەکە کەم دەبێتەوە؟ کێ دەڵێ زیاتر نابێ؟ دەی خۆمی لێ دەدەم، قیروسیا، یا ئەوەتا دەردەچم یا، بەگەڵ شەپۆڵەکانی دەکەوم.

شەرواڵەکەی داکەند و جلەکانی تری خستنە ناوێ و لە ملی خۆی ئاڵاند... لەسەرخۆ دانەوییەوە و دەستێکی بەئاوەکە داهێنا، کەمێک سەری هەڵبڕی، بینایی کەوتە سەر شەپۆڵەکان، بەدیقەت لێیان ورد بۆوە، چاوەکانی هەڵگلۆفین، دەتگوت شتێک لە نێو ئاوەکە بەدی دەکا، زێتر ملی بۆ پێشەوە دەبرد، دەمی بەش بۆوە، ئەمە چییە؟! لە نێو شەپۆڵەکە تەنێک دەردەکەوێت و نقوم دەبۆوە، ئازاد وای هەست کرد ئاوی ڕووبارەکە بەنێو مێشکیدا دەچێتە خوارێ و هاژە و دەنگە سامناکەکەشی وەک لە ناو کاسەی سەریدا هەڵبقوڵێ، ئاوا بوو. لە شوێن خۆی هەر بەچاو نوقاندن پاشەو پاش گەڕایەوە، لەوە دەترسا نەوەکو گێژ ببێ و بەربێتەوە... چوو لە دووری ئاوەکە دانیشت، بەترس و دوودڵییەوە لە شەپۆڵەکان رادەمایەوە، نەیدەوێرا سەیری دەوروبەری خۆی بکا، دونیا لەبەر چاویدا سەراولێژ دەبوو، وای دەزانی مێشکی بۆتە بەرداش و ئەوەی لە نێوی دایە هەڵی دەشێلێ، بۆ دواجار دزە نیگایەکی لە ڕووبارەکە گرت، گورج هەڵسایە سەر پێ، بینی شتێکی زلی هەڵامساو لە نێو گێژەنەی ئاوەکەدا بەرز و نزم دەبێتەوە، هەر لە زەلامێک دەچوو، ئاوەکە ڕاپێچی دابێ، بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت کە لاشەی گوێدرێژێکە! پاش ماوەیەک لە ڕۆخی ڕووبارەکە نزیک بۆوە، چەند جارێک قاچی لە ئاوەکە وەردا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هەر دوو قاچی خستنە نێو ئاوەکە. چاوێکی لە پانایی ڕووی ڕووبارەکە کرد، ملی لێ نا، هەر چەند هەنگاوی کورت کورتی دەبڕی هەستی دەکرد ئاوەکە بەلای تەنیشتیدا ڕای دەماڵێ، لەگەڵ خۆیدا کەوتە دوان «بریا خۆم لێ نەدابوایە، چیم بەخۆم کرد؟ چما ئەو ڕووبارە هی پەڕینەوەیە؟ ڕۆژی وا گاڵتە بەئاو ناکرێ! خۆ ئاوەکەش لە ناو قەدم تێپەڕی کرد، چ بکەم؟ تازە ناگەڕێمەوە، هاتوومە و مەحاڵە پەشێمان ببمەوە هەر نامەکە تەڕ نەبێ، ئیدی چ دەبی با ببێ، خوای دەکرد دەبووە تۆفان، با کەمێک بەرەو خوارەوە داکشێم، ڕەنگە زەبری ئاوەکە کەمتر بێتەوە» هێندێک خۆی لارکردەوە، ئەوجارە بێ ئەوەی پێیەکانی بجووڵێنێتەوە هەستی دەکرد هێزێک پاڵی پێوەدەنێ، دەیەوێ ڕای بماڵێ وەک بڵێی بەگوریسێک ڕای بکێشن، لە خۆیەوە دەچووە پێش، لە گێژەنەیەک نزیک کەوتەوە، ویستی خۆی لێ لابدا کەچی زۆر بەخێرایی بۆ لای خۆی ڕایکێشا، ترسێک هورژمی بۆ هێنا، نیوە ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە، دڵی وەتەپەتەپ کەوت، بینی کە هێشتا هیچی





نەبڕیوە، دەموچاوی گرژ بوو، ددانەکانی لەسەر یەک دانا و جیرەی لێوە هێنان، دەتگوت لە حاڵێکی سەخت و دژواردایە لەگەڵ کەسێدا، بەتووڕەیی سنگی لە ئاوەکە دەخشاند و شەقی دەکرد. لەپڕ پێی هەڵەنگوت، هەڵخلیسکا، هەردوو دەلینگی شەرواڵەکە و تا چەناگەیشی لە ئاوەکە نقووم بوون، بەڵام توانی خۆی بگرێتەوە و ڕەق ڕابوەستێ... ئاوڕێکی دیکەی لە چەپ و ڕاستی خۆی دایەوە، گەیشتبووە نیوەی ڕووبارەکە، ئاوەکە کەمی مابوو لە گەردنی بخشێ!

ڕقێکی سەیر لە نێو دڵیدا وەگەڕ کەوتبوو، هانی دەدا کە بڕوا و نەوەستێ، زۆری نەمابوو بگاتە ئەوبەری ڕووبارەکە، دیسان گوێی لە دەنگە سامناکەکە و هاژەی باڵندەکە بوو، بەسیلە چاوێکی سەیری لای ڕاستی خۆی کرد، هەر لە سەر بەردەکەی نێوەڕاستی ڕووبارەکە، هەمان داڵەکەی پێشوو، باڵندە زل و زەبەلاحەکەی بینی، دامێنی باڵەکانی لە بەردەکە دەخشاند و دروست سەیری ئازادی دەکرد و لە قیژە قیژی دەدا! ئازاد لە شوێن خۆی چەقی، وەک سەری وەتاشەبەردێک بکەوێ لە ڕقانا دەموچاوی سوور هەڵگەڕا... چ بکەم! ئەگەر لە نێو ئاوەکە نەدەبووم، دەمزانی چیم پێ دەکردی، با بپەڕمەوە، شەرت بێ نەهێڵم لە سەر ئەو بەردە بستێک دوورکەویتەوە، دەبێ بتکەمە خۆراکی تەیروتاشی ئەم ناوە، تازە لەبەر دەستمی، کێوە دەچیت؟ ئازاد وای دەگوت، کەچی لە دڵەوەش دەترسا، ترسی ئەوەی لێ نیشت، نەوەکو داڵەکە خۆی بگەیێنێتێ و بەئارەزووی خۆی دەندوکی بێ ڕەحمی بوەشێنێ، سەروگوێلاکی کون کون بکا، هەر لەو ترسەدابوو، کە پارسەنگی تێک چوو و بەملاو بەولادا هات، کەمی مابوو تیژڕۆیی ئاوەکە ڕاپێچی بدا... داڵەکە بەهێمنی باڵەکانی لێک کردنەوە، وەک بیەوێ خۆی بۆ تێڕوهاتنێک ئامادە بکا، هێندێک هاتە پێش، بینایی لە شڵەژان و ترسی سەروسیمای ئازاد گیر کرد، ئازادی بەبێ دەسەڵات و پەککەوتە هاتە بەر چاو، خۆی بۆ فڕین ئامادە کرد... ئازاد نەیوێرا هەنگاوێکی تر بچێتە پێش، چەند جارێک توندوتیژی ڕووبارەکە فشاری دەخستە سەر قاچەکانی، بەڵام ئەوەی باش بوو هەردوو قاچەکانی لە نێو دوو بەردی گەورەدا عاسێ ببوون. بەچاوی ڕق و تووڕەیی، لە داڵەکەوە ڕاما، وەک بیەوێ بیترسێنێ، بەڵام چی؟! داڵەکەش وەها بەبێ منەتی و بەفیزەوە هەڵدەبەزی و دادەبەزییەوە، دەتگوت لە سەر جەستەی ئازاد هەڵدەپەڕێ و نەخشە و پیلانێکی ترسناکیش دادەڕێژێ. ئازاد بیری لە دەمانچە دەرهێنان دەکردەوە، بەڵام دەیزانی لە وەختێکی وادا مەحاڵە بتوانێ شتی وا بکا. ناچار بوو بڕیاری ئەوە بدا کە بڕوا، نەوەستێ تا دەپەڕێتەوە... هەر کە لاقی ڕاستەی لە کەلێنی بەردەکە دەرهێنا، هاژەیەک بەبنا گوێی تێپەڕی، هەر ئەوەندەی زانی هەردوو قاچی لە ژێرەوە هەڵتەکین و نوقمی ئاوەکە بوو، ئەوەندەش بەخێرایی دەپەڕییەوە، دەتگوت شتێک لە ژێرەوە فڕێی دایە

دەرێ. بەپەشۆکاوی و پەلکوتان و شلّپ و هوڕەوە شەڕی لەگەڵ ئاو و نەگبەتیدا دەکرد، بۆ چەند جارێک دەکەوتەوە ژێر ئاوەکە و بەزەحمەت دەردەهاتەوە. ئاخیری توانی قاچەکانی لە بەردێک گیر بکا. بەڵام وەها ماندوو و سەر لێشێواو بوو، هەتا نەیدەوێرا ئاوڕ بۆ هیچ لایێک بداتەوە، تەنیا دەیڕوانییە بەردەمی خۆی. گێژوویژ، کەڕ و هەناسەسوار، چاو دەرپۆقیو، هەنگاوی نا. لە ناکاو، وەک یەکێ بیەوێ دوا زەبر لە دوژمنە بەزیوەکەی خۆی بدا، بەرقەوە خۆی بەئاوەکەدا دا و لە تخوبی گێژەنەکە وەستا.

وا دیار بوو لە شتێکی دەنۆڕی. چاوی لە نێوەڕاستی گێژەنەکە کرد، شەرواڵەکەی بینی، بەسەر ئاوەکە وەک میزراح دەخولایەوە، بەتەنگەتاوی ویستی خۆی بگەیێنێتێ. بەڵام نەیدەوێرا. چاوەڕوان بوو، دەلینگێکی شەرواڵەکەی لێ نزیک بێتەوە و بیگرێ... یا دەبێ بتهێنمەوە یا منیش دێمە لای تۆ! شەرواڵەکەم هەموو شتێکە، بەبێ تۆ مەحاڵە ئێرە بستێک جێ بهێڵم، چۆن گڤەیەکە خوایە! جاران بەئاسانی دەچوومە ژێرەوەت، لە قوڕ و لیتاوت وەردەدام، بەڵام هەر دەهاتمەوە دەرێ، پێکەنینم بەهەڕەشە و گوڕەشەت دەهات، دەتمبەزاند، ڕۆحم دەردەهێنای، ئاخر کەی لەبەردەمی مندا ئەوەندە بەدەسەڵات بووی؟ کەی توانیوتە ئاوا دەسخەڕۆم کەی، منێک کە ساڵەهای ساڵە شارەزای نهێنییەکانتم، ئێستا چۆن دەتوانی یاری بەچارەنووسم بکەی؟ دەتبەزێنم، تۆش شەرواڵەکەم هەر دێیتەوە و دەتهێنمەوە، تازە بەبێی تۆ پەڕینەوەم نەنگە! لە نێو ئاوەکەش دەرناچم، دەرتدێنم... بەتووڕەیی خۆی گەیاندە دەلینگی شەرواڵەکە و خێرا رایکێشا و لە گێژەنەکەش هاتە دەرێ. جارێکی تر شەرواڵەکەی لە مل ئاڵاند و هەردوو دەلینگیشی لێک گرێدان... بیری کردەوە مادامەکی وای لێ هات هەر خۆی بەئاوەکەدا بدا و بەمەلە بپەڕێتەوە باشترە. لە پڕ مووچڕکێک بەگیانی داهات... نامە! نامەکە! دەبێ مابێ؟! ئەگەر مابێ دەبێ تەڕ نەبووبێ؟ هەر لە فیکری نامەکەدا بوو، کاتێک سەری هەڵبڕی، هەمان داڵە لەعنەتییەکەی کەوتەوە بەرچاو، لەسەر بەردێک هەڵنیشتبوو، زەقاو زەق چاوی لە ناو چاوی ئازاد نا، وەها سنگی دەرپەڕاند بوو، ترس و هەیبەتی لێ بەدی دەکرا، بەیەک نیگا، هەموو لەشی ئازاد، هەڵگوشرایە سەر یەکتر، ویستی پڕ بەدەمی لە هاوار بدا و بقیژێنێ، جوێنی پێ بدا و ترس لە گیانیدا بڕوێنێ، بەڵام کوا؟ داڵەکە وەک نە بای دیبێ و نە باران، چەند جارێک دەنووکەکەی شۆڕ دەکردەوە و لە بەردەکەی بەردەمی دەخشاند، دەتگوت بۆ سەر و ملی ئازاد لە هەسانی دەدا و تیژی دەکاتەوە! ئازاد کە داڵەکەی وەها بینی، بەدەست خۆی نەبوو پڕ بەدەم قیژاندی:

– هێیی یێ یێ یێ ی. هێیی!

داڵەکە لە شوێن خۆی نەبزووت! هەر باکی بەهاوار و وجودی ئازاد نەبوو زێتر





سنگی خۆی دەردەخست و چاوەکانی بەش دەکردەوە، باڵەکانی لێک دەدان، دوایی جووڵەیەکی کرد و قونی خستە سەر بەردەکە و وەک زەلامێک بۆی دانیشت. ئازاد جارێکی تر لە هاواری دا:

– هات هات هات هات، هوو وو وو!

داڵەکە تەکانێکی دا خۆ و بەگرانی راست بۆوە و هێندێک هەڵبەزی و دابەزییەوە... ئازاد بیری کردەوە بەهەر جۆرێک بێ دەبێ دەمانچەکە دەربێنێ... بەراستی هێندە لە داڵەکە دەترسا، ئەوەندە لە رووبارەکە نەدەترسا. دەستی بۆ گرێی لنگی شەرواڵەکەی برد، داڵەکە بۆی هەڵسایەوە، تیژ رووەو ئەو رۆیی. ئازاد بەخێرایی خۆی خستە ژێر ئاوەکە. داڵەکە بەسەر ئاوەکەدا تێپەڕی و ملی بۆ ئەو شوێنە درێژ و شۆڕ کردەوە، کە ئازاد خۆی لێ نوقم کرد، چوو لەو دیو چۆلەکە لە سەر بەردێک هەڵنیشت... دەستێکی ئازاد لە خوارەوە لە ژێر ئاوەکە دەرچوو، ئەمجارە پشتی وەدەرکەوت، نوقم بۆوە... هەر بزر بوو... رووبارەکە ئەوەندە بەتیژ و بەپەلە دەڕۆیی و خوڕەی لێوە دەهات، نەوەکو ئازادی دەڕفاند بەڵکو گاشە بەرد و درەختی گەورەشی لە بنەوە هەڵدەتەکاند و رایدەماڵی.

ئازاد بەزەبری شەپۆلێکی توند، لە بن بەردێک هەڵکشایە سەرێ، لەگەڵ شەپۆلە کەفاوییەکە بەرز بۆوە بەتوندی پشتی وەبەردێک کەوت وەک لە خەوێکی قورس بەئاگابێتەوە، راپەڕی و دەستی بەپەلکوتان کرد و بەهەناسە برکێ و سگی پڕ لە ئاوەوە، بەچواردەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، پاشان وەک سەرخۆشێک بەلادا هات. دونیا لە بیر و خەیاڵیدا، شتێکی بچووک بچووک بوو، تەنیا ئاو و داڵ و مردن بوو... تا هێزی تیا مابوو وەکاری خست، بەڵام گێژەنە و شەپۆڵ و تیژڕۆیی رووبار، گەلەک لەو بەهێزتر بوون.

## ٢

کەس لەوێ نەبوو، بەتەنیا وەستا بووم، تۆش نەهاتی و نەهاتی، چما هەر یەکێ لەوێ بوایە من وام دەکرد؟ من بووم بەس، گریام، سکم بەخۆم دەسووتا. دایکم لە شوێنێکی تر، لە دووری من بۆم دەگریا، نا دایکە با باوکم دەنگت نەبیسێ، ئەوە ماڵمان چی لێ هاتووە؟! ئاگر! نا؟ بەزەحمەت دەتانبینم، خۆ کەمێک ئاو دەست دەکەوێ بۆمی بێنن، زمانم تەڕ دەکەم و تەواو، چەند بێ ڕەحمن، هەموو ئەو ناوەتان لێم گرتووە، بستە خاکێک نەماوە، قومێک ئاوی لێ دەربێ. گوللە دەنگی خۆشە بەڵام لە دوور. چاوم خەریکە دەبێتە چاوی تۆ... نەسرینیش عەرد و ئاسمان قووتی داوە... بۆم بگێڕەوە. نا جگەرە ناکێشم ئاوم بۆ بێنە. پەنجەکانم خوێنیان لێ دەزێ. قاچیشم هەر لە تۆپێکی ئاسن دەکا. وەی ئەم هەورازە چەند تووشە! هەمووی تیشە بەرد و قوڕاوییە. تۆ

برۆ من بەدواتەوەم. بۆ نارۆی؟ حەز لە رۆیشتن ناکەی؟ وەرە باوەشم. ئەی سەرت چییەتی؟ دێشێ؟ منیش وەکو تۆم، نازانم دەڵێی لە کۆڵانەکەمان شایی و هەڵپەڕکێیە؟ ئەی پێم نەوتی جگەرە ناکێشم؟ بۆ هێندە عینادی؟ چاو لە سەرم بکە، دەڵێی دار بەڕووی تێ رواوە! هەی لەو مێشکە، وەکو بەردی لێ هاتووە و کەچی تۆزێک ئاوی تێدا نییە، کانییەکەی بەر ماڵیشمان بووەتە کانی خوێ. منداڵان میزی تێ دەکەن و پارچە کاغەز و پەڕۆشی تێ فڕێ دەدەن، باوکم چەند ساڵێکە راوچییە، بەڵام تا ئێستا پڵنگی نەبینیوە. ئا گورگی کوشتووە، کەچی لەبیری چووە ددانەکانی دەربێنێ، کە هاتەوە ماڵێ وەبیری هاتەوە. چەند فەقیر بوو، باپیرم دەیگوت مێشی لە خۆی دەرنەدەکرد، هەموو رۆژێ وەکو کارەکەر ئیشی دەکرد و بەیانیش زوو دەچووە شاخ و کۆڵێک داری وشکی دەهێناوە، سەرم خەریکە دەبێتە ماتۆڕ، لاکەون! هەتا بەسەر یەکێدا نەکەوتووم و پانم نەکردۆتەوە. ئا! قەڵەمەکەی تۆم لە لابوو. دوێنێ بزرم کرد، چا خۆشە، پیازیش خۆشە، بەڵام رێواس کەم بۆتەوە. بێستانی باپیرەم ئەمساڵ وشک ببوو، هەتا تەڕە پیازێکیشی لێ نەڕوا بوو! من چی لە نۆک و ماش بکەم؟ با بۆ تۆبێ! هەی لەو داوەڵە ترسناکە! ئەمە بۆ منتان داناوە؟ نا بۆ خەرتەلە، ئەوجا کوا خەرتەل ماوە؟ ماوە چۆن نەماوە، ئەی ئەوە نییە باڵی لە رۆژ دەسوێ و لە کەشکەلانی ئاسمانەوە گو دەکا! تف لەو تەیرە ناحەزە، خۆ لە خەونیش لێت ناگەڕێ، خەون خۆشە، ماچیش خۆشە! دڕوویەکم لە پێ راچووە! پێم دەرنایێ. دەتوخوا ئەو دەرزییەم بۆ بێنە، با ئەو کلکە مارەی نێو دەستم دەربێنم. ددانم هەموویان بوونەتە گۆشت، گۆشتی گا، ئۆف کە ناخۆش بوو، گوتم ناتوانم سەری گاکە ببڕم، هەر پێیان کردم، خوێنەکەش پەڕییە چاوم، دەبینن؟ رەنگە وا بزانن کوڕێکی شەڕاویم، خوێن بەری چاوی گرتووم... نا، نا وەکو ئێوە هەژارم، دەست ناوەشێنم، ئەگەر لێشم بدەن چیتان پێ ناڵێم تەنیا ئەوەندەتان بەسە کە لە نێو بێستانەکەی باپیرم نەتانبینم، ساڵانی پێشوو نەمدەوێرا بەهیچ کوێی بێستانەکەدا بڕۆم، هەموو مین بوو، دەیانگوت شەو نییە یەکێک نەتەقێتەوە و سەگێک، گورگێک، ئەسپ و ماینێک بەبەرنەکەوێ، خۆزگە ئەو خەرتەلە گەوادەش بەردەکەوت. چ دەبوو ئەو زەویانەی دەوروبەری شارەکەمان ئاگری تێ بەر بووایە و ئاوی رووباریش رووەو ئەو زەویانە چووبایە و ئاگرەکەی هەڵپێچایە! بەڵام ئاوی رووبار هەوراز ناچێ، ئێ خۆ باران دەبارێ. ئاخر بارانیش هەندێ جار لەعنەتییە. ئەی ئەوە نییە چەند ماڵێکی لە نزیک خانووەکەمان قووت داوە؟ ئەرێ ئەو شایی و گۆڤەندە بۆ کێیە؟ شایی نییە؟ ئەی چییە؟ شین؟! نا باتوخوا دایکم بێتەوە لام و قسەیەکی پێ بڵێم، باوکم لێرە نییە دەزانم لە مێژە مردووە، توخوا باوکە تۆ لە ماڵەوەی، وەی چەند خۆشە! ئەی کوا نەسرینت بۆم هێناوە؟ دەی با بۆ خۆی بگرێ. ئەویش خەمی هەیە،





خەمی من و ئەم دنیایەی هەڵگرتووە. چیتر زوڕنام بۆ لێ مەدە، خۆ من جگە لە رشانەوە، هیچی ترم پێ ناکرێ، هەر کە گوێم لە زوڕنای تۆ دەبێ، بێزم دەبێتەوە و خەریک دەبێ بمرم... ئای باوکە دەتوخوا ئەو جلە سووتاوانەم لەبەر داکەنن، بەڵام سەیری لەشم مەکەن، من هێشتا منداڵم، کەچی هەموو لەشم بۆتە موو، مووی لەشم بەقەد سەرمە دوێنێ سەرم تاشی، نەمکرد ئەوێش بتاشم، ئێ باشە دەرپێیەکەم دامەکەنن، دەمانچەکەشم بخەرە نێو گەڵت، با جورجەکان نەیخۆن! ئا دەیخۆن، پارچە پارچەی دەکەن و پاشان دەیتاوێننەوە و ئینجا دەخەنە دەمیانەوە... ئەم شەرواڵەشم وەک شەرواڵی تۆ تەسکە، کە تەڕیش دەبێ بەبەرمەوە ناچێ، هێندە نامێنێ لە بەرمدا بدڕێ. دەلاییە! با بۆ تۆ بێ... ئەو قەڵەمەشم ون مەکە، بمدەنەوە، بۆ خۆم نامەیەکی جوانی پێ دەنووسم، بۆ نەسرینی دەنێرم، ئێوە حەقتان چییە، کەی من بەئێوەم گوتووە وەرنە ماڵمان، من و نەسرین دەچین، لەوێ نامەکەی دەدەمێ، خۆم نازانم هیچ قسەیەک بکەم، نامەکەی دەدەمێ، توند توند خۆم بەنەسرینی دەزگیرانم هەڵدەواسم، ئێوە لە منداڵی واتان نەکردووە؟ شەرم مەکەن، ئەوەی لە دڵتانە بیڵێن، کافرینە، کەستان نییە لە عومریدا چەند نامەیەکی بۆ ئەم و ئەو نەنووسیبێ، نەسرینیش گەلێ نامەی بۆ نووسیم، ئێستا ئەمەتە نامەیەکی زۆر زۆر گرنگی پێ داوم، هەڵم گرتووە، تەقەتم کردووە، بەکەستانی نیشان نادەم، تا نەچمە گوندەکە...

ئازاد وەک لە خەوێکی قورسدا بێ، ئاگای لە دونیا نەمابوو، وەک خەون ببینێ، هەر لە وڕێنە و هەللەق و مەللەقی قسەکانیدا بوو، جاروبار چاوی هەڵدێنا بەڵام هیچی نە ئەدی. دەستی دەجووڵاندەوە، کەچی هەر لە خۆوە بوو... ماوەیەک ئاوا مایەوە، تا لە پڕ تینێکی بۆهات، هەستی بە وجودی خۆی کرد، بەڵام وای دەزانی لە نێو دەمی دڕندەیەکدا گیر بووە و خەریکە قووتی دەدا، تەکانێکی توندی دایەخۆ، بێ هودە بوو، ویستی هاوار بکا، نەیتوانی... چیم بەسەر هاتووە، ئەوە منم؟ لە کوێم؟ بۆ هاتوومەتە ئێرە؟ دەبێ خەون نەبینم؟! نا ئەمە من نیم، ئەمە منم، بەڵام خەونە، خەونێکی ناخۆشە ناخۆش...

ئاوڕی شێتانەی بۆ هەموو لاییێک دەدایەوە، زانی نیوەی لەشی هێشتا لە نێو ئاوەکەدایە، قاچێکیشی لە ناوەڕاستی دوو قەدی دارێک عاسێ بووە. توانی کەمێک خۆی قیت کاتەوە و قاچە گیر بووەکەی راکێشێتە دەرێ و هێواش هێواش خۆی بخزێنێتە دەرێ. لەتەک رووبارەکە لە سەر سک لێی راکشا، دەتگوت مردووێکە و لە مێژە لەوێ کەوتووە. دیار بوو هەستی بەئازارێکی زۆر دەکرد، هەوڵی دەدا ئەو ئاوەی لە سکی دایە دەربهێنێتە دەرێ... زۆری هەوڵ دا، تا لە پڕ دەمی لێک بەش بۆوە و شۆڕەی لێوە هات و قوڕاوێک رژایە سەر زەوی. هەر بەدوای ئەمەوە هەستی کرد بارگرانییەک

لەسەر لەشی لاچوو... دەستێکی بۆ ملی برد، شەرواڵەکەی کە هێشتا هەر بەملییەوە ئاڵا بوو، فڕێی دایە تەنیشت خۆی... بەو سەرمایە لێی راکشا... پاش نەختێک، لەپڕ هەڵسایەوە. کەچی هەر زوو، هەردوو لاقی تێک ئاڵان و لەرزین... وەها لەرزین هەموو گیانیشی وەک لە کار کەوتبێ، قۆپاوە ناو یەکتر و لە شوێن خۆی دانیشت... سەری خستە نێوان ئەژنۆکانی... نەختێک ئاوا مایەوە، هەر ئەوەندەت زانی شتێک، قورساییەک بەپشتی کەوت، کەوتە سەر سک! بێ یەک و دوو یەکسەر هەڵسایەوە، سەدان تروسکە لەبەر چاوی هەڵبەزینەوە... توانی لەسەر پێیان بوەستێ... وەک هیچی نەبێ وا بوو... ددانەکانی جیڕ کردنەوە، چەندان لۆچی تووڕەیی، لەسەر دەموچاوی نەخشیان بەست... گەڕا... بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە... نەتدەزانی بەدوای چیدا دەگەڕێ. لە راستیشدا چاوی هەموو شتێکی ئەدی و هیچیشی بەتەواوی نە ئەدی... ئەی ئەمە چییە هەڵی گرتەوە؟ دار! شولکە دارێکی بەدەستەوە گرت، هات بەتووڕەیی و ئازارەوە هات، دەمیشی کردۆتەوە و قسەی پێیە، جوێنی پێیە، ئاگریش لە چاوی بەدی دەکرێ، هات و بەچاوی زەق و دەستی بەدارەوە، وەستا، وەستا و پڕ بەدەمیش هاواری کرد، دەیقیژاند و دەلەرزی:

– وەرە ە ە ە ە ە ! وەرە بزانم چیت دەوێ؟ رۆحی منت گەرەکە؟!

سەدای قیژاندنەکەی بەو ناوەدا بەرز و نزم دەبۆوە و لەگەڵ هاژەی بەگوڕی چۆمەکە ئامێتە دەبوو... دیسان قیژاندی و دارەکەشی رادەوەشاند:

– وەرە، ئەگەر مەردیت دێیتە پێش!

وەک یەکێک خۆی گرتبێ، فێدار بێ، دەمولێوی پڕ ببوو لە کەف، لە لیکاو، لە خوێن... بیبیلەی هەردوو چاوی وەک چاوی دەروێشان لە کاتی حاڵگرتندا دەهات و دەچوو، نەدەوەستا، لەپڕ گریا، بەڵام چ گریانێک، گریانی شێتگیری و تووڕەیی بەگیانیدا هەڵدەچوو دەگریا و هاواری دەکرد:

– هەر دەتکوژم، وا دەزانی منداڵم. بمخۆی؟!

داڵەکە وەک ترسابێ، وەک لە عاست هەڵچوونە شێتانەکەی ئازاد خەتەری تێگەڕابێ، بەهەڵەداوان فڕی... لە دوور رووبارەکە، لەسەر گردێک بەهەڵتڕووشکاوی هەڵنیشت، لەرزی، وەک بڵێی کڕنوشی ترس بۆ تووڕەیی و شێتبوونەکەی ئازاد ببا، چیتر رووی لە ئازاد نەکرد... ! ئازاد شولکە دارەکەی بەتووڕەیی فڕێ دا و تۆپەڵە تفێکی پڕ لە کەف و زیخی رۆکردە سەر زەوی... شەرواڵەکەی بینی بەتاو بۆی چوو، دەستی داێ... ئۆخەی دەمانچەکەمی تیایە، ئێستا نیشانت دەدەم، هەر دەبێ بتکوژم، بۆ کوێ دەچی، وا دیارە لێم جیا نابیتەوە، شەرت بێ بەم دەستانە هەنجن هەنجنت بکەم، تازە تەواو دەرچوونت مەحاڵە... بەپەلە و شڵەژاوی هەموو جلەکانی لە نێو





شەرواڵەکە دەرهێنان، فڕێی دان، دەمانچەکەی دۆزیەوە، خێرا زامنەکەی لادا و هەر لە گۆترە ویستی گوللەیەک بەداڵەکەوە بنێ، لەگەڵیشیدا هەموو ددانەکانی کەوتنە جیڕە، کەچی گوللەکە چرووکی کرد:

– هەی دایک و باوکت... !

داڵەکە فڕی، وەها هەڵفڕی تا تەوقی سەر کێوەکان نەوەستا، تا نەبوو بەنوختەیەکی رەش، ئازاد چاوی لەسەر هەڵنەبڕی. ئازاد هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، سەری خۆی داخست و لەبەر خۆیەوە گریا، بەڵام بەنهێنی و بەبێ دەنگ دەگریا... لەسەر عەردەکە دانیشت. زۆر بەغەریبی لە خۆی رادەما... تازە هەستی پێ دەکرد کە رووتە، تەنیا دەرپێ و فانیلەیەکی دڕاوی لەبەردایە... بەو رۆژە ساردە هەستی بەسەرمای نەدەکرد، وەها سەری لێ شێوابوو، هەر نەیدەزانی بۆ وای لێ هاتووە... تا جلە پەرت و بڵاوەکانی نەبینی، تا لە ئاوەکە ورد نەبۆوە و دەستی بەلەشە داڕووشاو و برینداربووەکەی دانەهێنا، تا کەمێک دانەماو بیری نەکردەوە، نەیزانی چ دەکا لەوێ، بۆ کەوتۆتە ئێرە و بۆ وای بەسەرهاتووە... بەخێرایی قیت بۆوە، بۆ جلەکانی چوو، بەڵام دڵی پەست ببوو، نائومێدی بەسەریدا زاڵ ببوو... بیری کردەوە، کە تازە کارەکەی وەزەحمەت کەوتووە و دەبێ بگەڕێتەوە، بەپەلە شڕوشپڕێوی جلە تەڕەکانی کردنەوە بەر، گەڕایەوە لای دەمانچەکەی، هێشتا هەڵی نەگرتبۆوە، لە پڕ نامەکەی هاتەوە بیر، لە پەلە پەلیان هێندە نەما هەموو جلەکانی سەرەوەی هەڵدڕێ، هەموو گیرفانەکان پچڕپچڕ بکا. سەری لێ تێک چوو، بۆ چەند جارێک گیرفانی کراسی ژێرەوەی پشکنی، هیچی تیا نەبوو... وەخت بوو هەناسەی بوەستێ. لە نێو ئەو ئاو و هەوایە سارد و سڕەدا لەشی گەرم داهات، ئارەقەی دەردا. نەیدەزانی چ بکا، کوێ بگەڕێ. بۆ دواجار شوێنی جلەکان گەڕا، لە شوێن خۆی دانیشت، چاوی لە زەوییەکە گیر کرد، شتێکی سپی لە نێوان دوو بەرد، سەرنجی راکێشا، دەستی بۆ برد، هەر کە زانی نامەکەبوو، گەشایەوە، ئا لەو ساتەدا هیچی وەبیر نەما، نە داڵ، نە رووبار، نە کارەساتی پێداچوونەکەی، نە ئێشان، نە دەمانچە، هەموویانی لە بیر چوو. کە بینی ناوی هاوڕێی سەر نامەکەش نەسڕاوەتەوە زۆری کەیف هات، دڵنیا بوو کە نامەکەش هیچی لێ رەش نەبۆتەوە... ئەی ئێستا نامەکە لە کوێ دانێم؟ نا باشترە هەر بەدەستمەوە بێ، ئێ خۆ تازە ناتوانم بڕۆم، بەم بێ توانایییەم بچمە کوێ؟ هەموو گیانم بریندارە... باشترە بگەڕێمەوە، تا شتێکی تریشم بەسەر نەهاتووە...

هێندێک بەدەوری خۆیدا وەرچەرخا، سەیری عەردەکەی دەکرد، دیار بوو دەیویست بزانێ چی ماوە کە لەوێ لێی کەوتبێ، تازە بەتازە هەستی بەساردی جلەکانی دەکرد، لەو دەمەشدا بایەکی توند هەڵی دەکرد و زێتر سەرماوسۆڵی بۆ دەهێنا... دەبێ بێرەدا

هەڵگەڕێمەوە... ئای کە ناخۆشە، جارێکی تر ئەم هەموو ڕێگایە ببڕمەوە... وەرە ئەو هەموو ئازار و زەحمەتییە بچێژی ئەوجا بگەڕێیتەوە... ئێستا هەموو گیانیشم شەکەت و ماندووە، بڕستم لێ بڕاوە، هەڵەیەکی گەورەم کرد دەبوایە یەکەم جار بێرەدا نەهاتبام... ڕێگا دوورەکەم بگرتبایە بەر و بەسەلامەتیش دەگەیشتمە جێ... باشە بۆ ئێستا نەچمە ئەوێ؟ با کەمێکی تر دوا بکەوم، دە وەڵڵا هەر ئەوێ چاکترە، ملی لێ دەنێم، خۆوشانسم. دەڕۆم، هەر بگەمە گوندەکە هیچم ناوێ، لەوێ پشوویەک دەدەم و خۆشم وشک دەکەمەوە... تۆ بڵێی بتوانم؟ بۆ نا؟ دەبا هەوڵێک بدەم خۆ لە جیاتی ئەوەی بچمە شار، دەچمە ئەوگوندە، ئەگەر نەشم توانی دەگەڕێمەوە و پێیان دەڵێم ئاوهام بەسەرهاتووە و ئاوهام لێ هات... خۆزیا جارێکی تریش تووشی داڵەکە دەبوومەوە، ئەو داڵە نەگبەتییە، نازانم چی لە گیانم دەوێ وەکو بنێشت پێمەوە نووساوە، خۆ ئەگەر ئەو نەبوایە وام لێ نەدەهات، ئەو سەری لێ تێکدام... ئۆف خوایە چی بەسەر هێنام، ئێستا لەوانە بوو گەیشتبامە سەر هەورازەکە و ئیدی بەئاسانی شۆڕدەبوومەوە و دەگەیشتمە هاوڕێیان. سەیرە! ڕک و ڕاست دەیویست لە پەلوپۆم بخات و بەئاسانی بکەومە بەر دەندوکی، لێم ببووە ئیزرائیل، چەند عەیب و شوورەیی بوو، ئەگەر شتێکی لێ کردبام، بەڵام لەوە زیاتر چیم بەسەربێنێ؟ بۆ هەر کەسێکیشی بگێڕمەوە گاڵتەم پێ دەکا، کێ باوەڕ دەکا داڵێک ڕێگەی پێ گرتووم و سەفەرەکەی دواخستووم؟ کەس، بەڵام خۆ سەروگوێلاکم دەبینن، باوەڕ دەکەن کە چیم بەسەر هاتووە؟ ئەوە باوەڕیان کرد، بەڵام دەزانی چەند عەیبە، پێم دەڵێن خەتا لە خۆت بوو! نەوەڵڵا خەتا لە ئێوە بوو، چەندم پێ وتن با بەشەو دەرچم، خۆ ڕاستییەکەی بەشەویش هەر نەمدەتوانی، ئەوە بەڕۆژ نەمتوانی چ جای بەشەو. دەی هەتا وەخت ماوە با پێ هەڵێنم. بچمە کوێ؟!

هەنگاوێکی نەنابوو کە دەمانچەکەی بەبیرهاتەوە، خێرا دەوروبەری خۆی گەڕا بەزەحمەت هاتەوە بیری کە لە کوێی دانابوو، دیتییەوە، هەڵی گرتەوە و خستیە بەر پشتێنە تەڕاویەکەی، بەپەلە دەری هێنایەوە و زامنی کرد، قاپووتەکەی ئەوەندە قورس ببوو دەتگوت کۆڵێک بەردی بەملاو بەولای لەشیدا شۆڕبۆتەوە. چەند هەنگاوێکی هەڵێنا، هەستی کرد ئەژنۆکانی وەئیش کەوتوون، کەمێک لە ڕووبارەکە دوورکەوتەوە، بەڵام هەر بەتەنیشتیدا دەڕۆیی. سەیری بەر پێی خۆی دەکرد، هەوڵی دەدا لە توولە ڕێگاکە لانەدا، کە لە تەکییەوە چاوی بەتیژڕۆیی ئاوی ڕووبارەکە دەکەوت سەری دەسوڕما و هێندە نەدەما هێڵنجی بێتێ. ڕێگاکە بەرەبەرە لە ڕووبارەکەی دووردەخستەوە و ڕووەو هەورازێکی دەبرد، لە لای خۆیەوە دڵنیا بوو کە بەرەو گوندەکە دەچێ. دەڕۆیشت و چۆڕ چۆڕیش ئاو بەگیانیدا دەهاتە خوارێ. سەر پەنجەکانی دەتگوت ئاوی لێ دەردەبێ. لە کونە قەیتانی کەوشەکانیشیەوە، ئاو دەردەپەڕی، ئەگەر کەسێک





بەو سەروسیمایە بیدیبایە حەوت قۆناغ لە بەری هەڵدەهات، هەر دەتگوت شێتە و بەچیاوچۆڵان کەوتووە، دەموچاوی وا ئەستوور ببوو سەد سوێندت دەخوارد کە «با»یان تێ وەستاوە! نێوچاوانی لە دوو جێگا هەڵامسابوو. هەردوو لا ڕوومەتی لە چەند شوێنێکەوە داڕووشا بوون، لە گۆشەیەکی لچییەوە خوێنێکی پەمەیی تێکەڵ بەلیکاوێکی خەست و خۆڵاوی لەسەرخۆ دەهاتە دەرێ و بەگەردنیدا شۆڕ دەبۆوە و لەسەر سنگیدا پەرش و بڵاو دەبوو. چاوەکانی یەکپارچە لە خوێن نوقم ببوون. سەرووی بڕۆکانی پڕ ببوو لە خۆڵ و خیز. زۆربەی ئاوە داچۆڕاوەکەی لەشی بەدەلینگی شەرواڵەکەی دەهاتە خوارێ و دەچووە نێو پێڵاوەکانی. وەهاش بەڕێدا دەڕۆیشت دەتگوت وێڵ و سەرگەردانی شتێکی گومبوو بووە. ڕۆشتنەکەی لە مرۆڤێکی ئاسایی نەدەچوو، وەک بڵێی سەرخۆش بێ، جاروبار توند دەڕۆیی لەپڕ یا بەلای ڕاستی یا بەلای چەپیدا دەشکایەوە و کەمێک دەوەستا و کورتە هەنگاوێکی دەهاوێشت و دوایی دەستی بەڕۆیشتن دەکردەوە. بەحسێبی خۆی زۆر ڕۆیشتبوو، لەوانە بێ پاش ماوەیەکی کەم بگاتە گوندەکە... سێ گردۆڵکەی بڕیبوو، هەستی دەکرد بەرە بەرە لەشی گران دەبێ و جارجارەش بەرچاوی تاریک و لێڵ دەبێ و لەدووری چەند مێترێک دار و بەرد لێک جیا ناکاتەوە. پێش نەختێکیش سەری وەژان کەوت، دەتگوت دەستێک رایدەگوشێ، هەتا دەهاتیش گران دەبوو، وای دەزانی شتێکی قورسی لەسەر دانراوە. ، دەمی تفت و تاڵ دەبوو، بەزەحمەت تفی پێ قوت دەدرایەوە. وەستا، نێوچاوانی بەتاشە بەردێکەوە نووساند، گوێی لە ترپە نارێکەکانی دڵی دەبوو، دەنگێک لە نێو مێشکیدا دەگوزەرا، گزەی لێوە دەهات، بەئاستەم سەری هەڵبڕی هیچ شوێنێکی بەدی نەکرد. زۆر ترسا، نێو چاوانی قورس بوو، لە شوێن خۆی دانیشت. چەند جارێک هەوڵی دەدا پێڵووی چاوەکانی هەڵبێنێ، کەچی نەیدەتوانی، یاخود نەیدەوێرا. ماوەیەک بەبێ جووڵە لەوێ کەوت، هەستی بەلاوازیی و بێ توانایی هەموو لەشی دەکرد، لە بیری خۆیدا وای دەزانی لە گۆشەی ژوورێکی ساردوسڕ و دوور لە هەمووکەس، هەڵتروشکاوە و چاوی بڕیوەتە دەرگاکە، بەڵکو یەکێک ڕێی بەوێدا بکەوێ و لەو چەرمەسەرییە ڕزگاری کا... لە ناکاو وەک خەونێکی ناخۆشی بینیبێ، ڕاپەڕی. هەر کە چاوی هەڵێنا، بەباشی دەوروبەری خۆی بینی، سەری ڕووەو ئاسمان هەڵبڕی، چەند دڵۆپە بارانێکی بەسەر دەموچاوی کەوتن و هەڵزەقینەوە، بەو بێ تاقەتییە، لە ترسی باران، تەکانێکی وەبەر خۆدا، هەڵسایەوە، وەک ئەوەی شتێکی وەبیربێتەوە، یان بەدوای شتێکی ونبوودا بگەڕێ، پەنجەیەکی خستە نێو دەمی و بەدەوری خۆیدا خولایەوە، جارێک سەیری هەورازەکەی بەردەمی کرد و جارێکیش لە ڕووبارەکە دەگەڕا، نەیدەزانی هاژە هاژەکەی لە کام لاوەیە... خۆی بەشتێکی سەیروسەمەرە هاتە بەرچاو، دوودڵ بوو لەوەی کە دەبێ

خۆی بێ راوەستابێ! دەبێ خەون نەبێ! دەبێ ئەمە دونیایی واقیعی بێ؟ دەستێکی بەدەموچاوی خۆیدا هێنا و دوو سێ جار کۆخی، مستێکی لە بەردە زلەکەی بەردەمی دا، هەستی بەئازاری پەنجەکانی کرد، لەبەر خۆیەوە گوتی: سەیرە ئەوە منم؟ ئێرە کێندەرێیە؟ ها! دەبێ سەرم لێ نەشێوابێ؟ من بۆ هاتوومەتە ئێرە؟ بۆ وام لێ هاتووە، هەر دەڵێی قەت ئێرەم نەبینیوە... کوا کەی ئەم دار و درەختە چڕ و وشکانە لەسەر رێگای گوندەکەن؟ قەت شتی ئاوام نەبینیوە... خۆ پانزە رۆژ نابێ، چوومەتە گوندەکە و بەهەمان رێگەش گەڕاومەتەوە... نە ئەمن سەرم لێ تێکچوو... ئەدی باشە ئێستا لە کوێم؟ بەدوای چیدا دەگەڕێم؟ کەس بەم سەرماوسۆڵەی زستانە هاتووتە ئەم ناوە؟ ئەی من چی دەکەم لێرە؟ نا، یا ئەوەتە خەونە، یا ئەوەتە دەبێ شێت بووبم! یا دەبێ من نەبم، یا کەسێکی ترە لە من دەچێ! نا، نا ئەمە خەونە... ئۆه خوایە وەختە مێشکم بتەقێ، ئاخر پێم ناڵێی ئازاد لێرە چی دەکەیت، بۆ هاتوویتە نێو ئەم گاشە بەرد و ئەم ناوە ترسناکە؟ چیت ون کردووە و بەدوای چیدا دەگەڕێی؟ نا، ئەمە خەونێکی ترسناکە... خەونێکی ناخۆش و بەدە! بەخێرایی مووچڕکێک بەلەشی داهات و ترسەکەی هەراوتر بوو، هەر چەند هەوڵی دەدا بەقووڵی بەنێو دەروونی خۆیدا رۆ بچێ و بتوانێ سەرە داوی رووداوەکانی پێشووی بگرێ، نەیتوانی. بەپێچەوانەوە، دەیان دەنگ و هەرای نامۆ و وێنەی ترسناکی مرۆڤی لە خوێن گەوزێنراو و لاشەی رزیو و داڵێکی گەورەی دەنووک بەخوێن دەهاتنە بەرچاو... بەهەردوو دەستی بەری چاوەکانی خۆی دەگرت. سەری رادەوەشاند، وەک ئەوەی بیەوێ ترس و وێنە وەحشەتناکەکان لە بەرچاوی نەمێنن، کە دەهاتەوە سەرخۆ، بەتەواوی باوەڕی بەوە دەهێنا کە ئەمە خەونە و ناتوانێ بەئاسانی لێی رزگار ببێ، هەر باش بوو، ئەم باوەڕە کەمێک دڵی هێور دەکردەوە و دەیگوت: چ خەونێکی دوورودرێژە، جیایە لە هەموو خەونەکانی پێشووم! بەبێ ئاگایی لە تاوی دەردی خۆی مستێکی توندی لە بەردەکەی بەردەمی دا، هەر دوو لێوە هەڵامساوەکانی کەوتنە جووڵە و هەڵبەزین. چاوەکانی پڕ ببوون لە فرمێسک، بازنەکانی قوڕقوڕاگەی بەرز و نزم دەبوونەوە، هەر بەتەواوی لەوە دەچوو خەونێکی ناخۆش ببینێ و ئێستاش لە ئاخرو ئۆخرەکەیدا بێ! پشووی سوار ببوو، زۆری بەزەیی بەخۆدا دەهاتەوە، دەگریا، بەڵام گوێی لە دەنگی خۆی نەدەبوو، لەو دەمەدا بارانیش نم نم دەباری و لەشە تەڕبووەکەی تەڕتر دەکرد و لەسەرخۆش وردە زیخ و کەفی سەر دەموچاوی رادەماڵی. چەند دڵۆپە فرمێسک و دڵۆپەکانی باران لەسەر روومەتیدا یەکیان دەگرت و ئامێتەی یەکتر دەبوون... هەستی کرد دەمارە گرژبووەکانی جەستەی، بەرە بەرە خاو دەبنەوە، گەرماییەک بەنێو لەشیدا تێپەڕی، چەند دڵۆپە بارانێک دادەبارێنە سەری، حەزی خەو و پشوودانێکی ئەبەدی لە لا دروست بوو، وای دەزانی





دەستێکی ناسک، شان و مل و سنگ و پشتی دەشێلێ... لەوێ لێی راکشا...

ئازاد، بەهەورە تریشقەیەک راپەڕی، قیت بۆوە و وەستا، دیسان وەک سەر لێشێواوێک بەدەوری خۆیدا سووڕا، دەسووڕا و نەیدەزانی لە چی دەگەڕێ، وەستا، وەک ئەوەی شتێکی وەبیر هاتبێتەوە، چاوی نیگەران و دوودڵی ئەبڵەق بوون... وەرە کوڕی ئەم شاخ و داخە بی، منداڵییم لەم چیاوچۆڵانە بەسەر بردبێ، کەچی ئاوا سەرم لێ تێک بچێ، نەزانم بۆ کوێ دەچم... ئەی ئەوە من نەبووم، کارێکی گرنکم پێ راسپێردرا؟ کە هاتم... هاتم، ویستم لە رووبارەکە بپەڕمەوە، ترسام، ئاوەکە زۆر بوو، بەڵێ! بەڕووبارەکە داچووم، خۆم پێ نەگیراوە، نەمزانی بۆ کوێی بردم، ئا! هاتەوە بیرم... داڵە لەعنەتییەکەم هاتەوە بیر، وا بزانم گوللەیەکیشم پێوەنا... ئا کوشتم! بەئاسمانەوە هێنامە خوارێ، لەتوپەتم کرد، ئێوەش دیتتان؟ گوللەکە بەسەری کەوتبوو، لەپشتی دەرچوو بوو، کە کەوتە خوارێ قەلە رەش بەدەوریدا سەمایان دەکرد، کەچی هەر نەیدەوێران لێی نزیک ببنەوە، تا چوومە سەری، لەوێ بەچەقۆ هەنجن هەنجنم کرد و هەر تیکەیەکم فڕێ دەدایە جێیەک، ئەوجا قەلە رەشەکان بەهەوەسی خۆیان تێی روودەهاتن، بەبێ ترس دەیانخوارد، ئەگەر منیش قەلە رەش دەبووم، ئەو کات دەمزانی چ شوێنێکی لەشی دەخۆم! من بەڕووباریش دانەدەچووم ئەگەر نەخلیسکابام، خۆم هەزار جار، ئاوەکە لەوەش زیاتر بوو، پەڕیومەتەوە، بەڵام ئەم جارە پێم خزی، دیار بوو ژێرەوەی لووس بوو...

ئازاد کەم کەم، لە نێو ئاڵۆزی رووداوەکان، شتێکی دەهاتەوە بیر، بەڵام ئەو شتەش بەتەواوی و بەڕوونی بۆی سەح نەدەکرایەوە، لە هەمووی سەیرتر، سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و خۆ لەبیر چوونەوەیەش، هێشتا نامەکەی هەر بەدەستمەوە بوو، دیار بوو، تاکە شتێک کەلە دەستی نەدابووبێ، ئەو نامەیە بوو، زۆر جاریش بێ ئەوەی ئاگای لە خۆ بێ، وەک خۆی دڵنیا بکاتەوە، سەیرێکی دەستی دەکرد، ئەم جارەش کە بینی نامەکەی هەر پێ ماوە، دڵی خۆش بوو، نامەکە هێزێکی پێ بەخشی. ملی لە هەمان رێگە نا، زۆر بەبێ بایەخ، هەنگاوی هەڵدەهێنا، نووکی کەوشەکەی لە داروبەردی سەر رێگەکە قاییم دەکرد؛ هەر دەڕۆیی، خۆی دابوو بەدەست رێگاکە، لە شوێنێک وەستا، هەڵوێستەیەکی سەیری کرد و دەمی لێک بەش بۆوە، بەخێرایی رابردووی بەبەرچاودا تێپەڕی، سەفەرەکانی پێشووی هاتەوە بیر، لە هیکڕا بەسەرسوڕمانێکەوە گوتی:

– ئۆی باوکەڕۆ من لە کوێم؟ دۆزیمەوە... دۆزیمەوە بۆ کوێ دەچی نەمگوت هەر دەتدۆزمەوە... دۆزیمەوە و بەڵام! من هاتوومەتە کوێ خوایە؟! خۆشییەک بەگیانیدا هەڵگەڕا، بەخێرایی لە دەستی رامایەوە... تەواوی پێداچوونەکەی هاتەوە بەرچاو... ئاوڕێکی دایەوە، کەللەی سەری لەگەڵدا تەزی، باوەڕی نەدەکرد، کە رێگایەکی زۆری

بڕیوە... سەرسام و شاگەشکە بوو... هەستی کرد هەموو ئازای وەژان کەوتووی سڕدەبێ، ئێشی نەما، مەودای مێشکی فراوان دەبوو، بەرچاوی رووناک بۆوە. وەختبوو لە خۆشیانا بەربێتەوە. لەبەردەم خۆی گوتی: ئەوە منم؟! خۆ رووبارەکە فڕێی داوەمەتە ئەو دیو ژێر هەورازەکە، ئەوەی من دەمویست!

بەری خۆی وەرگێڕا و رووی لە کێوەکەی بەرامبەری کرد، پڕ بەدەم هاواری کرد:

– ئەوەتە، ئەوەش رێگاکە!

ئازاد وەک هیچی بەسەر نەهاتبێ، قەتیش ماندوو نەبووبێ و لەشی سووک بوو، سووک بوو وەک ئەوەی هەست بکا بفڕێ. سەرکەوتووانە هەنگاوی یەکەمی هەڵێنا رووی لە هەورازەکە کرد و بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئەوە هاتم، هەردەبێ بتبڕم!

بێ چەندوچۆن ملی لە هەورازەکە نا، ئەوەندە دڵخۆش بوو نەیدەزانی چۆن چۆنی دەڕوا، چەند جارێک قاچەکانی تێک دەئاڵان و هێندە نەدەما تەپەی لێوە بێت، دەستەکانی دایە بەر خۆ و قیت دەبۆوە. خوا خوای بوو بڕوا و نەوەستێ، دەتگوت لەوە دەترسێ نەوەکو جارێکی تر رێگای لێ ون بێتەوە... ئەی ئەگەر زوو نەڕۆم شەو دادێ و ئەوانیش تەنگاو دەبن، هەر ئەم هەورازە ببڕم، ئیدی بەر لە تاریکی دەگەمە لاتان، منیش چیم دەوێ، هەر ئەمەم دەوێ و بەس، خەمی هیچم نییە، بەس ئەم نامەتان بگەیەنمە دەست و بگەڕێمەوە، لە گەڕانەوەشمدا هیچ مننەتێکم بەتاریکی نییە، بەشەلەشەلیش بێ هەر دێمەوە، کە هاتمەوە یەکسەر دەچمە گوندی رۆخ رووبارەکە، لەوێ جلەکانم وشک دەکەمەوە و خۆشم دەدەمە بەر سۆپاکە. ئەوجا خەوێکی خۆشم لێ دەکەوێ، هەڵناستمەوە تا بەیانی، بەیانیش بەئیسراحەت پارووە نانێک دەخۆم و ملی رێگای شار دەگرمە بەر. هەر باش بوو ئەم جارەش رزگارم بوو، شەرت بێ جارێکی تر بەو ئاسانییە گوێ لە قسەکانی هاوڕێیانی شار نەگرم، تا بەخۆم رام لەسەر نەبێ هیچ کارێک نەکەم. دەبوایە هەر کە سەیری هەورەکەم دەکرد، بمگوتایە، ناچم، ئاخر نە ئەوان کارەکەیان هێندە بەپەلە بوو، بیریشیان لەوە نەدەکردەوە، کە لەوانەبێ بەهۆی رووداوێک دوا بکەوم و یا قەت نەتوانم نامەکەیان بگەێنمێ. دەبوایە بۆ کاری وا بەپەلە، رۆژێک زووتر بمنێرن. تا بەکاوەخۆ دەرچم و بگەمە لایان، باشە ئەگەر سەعات پێنج نەمتوانی بگەمە شوێنەکە؟ دەبێ ئەوان چاوەڕێم بن؟ باوەڕناکەم لەوێ بجووڵێنەوە، دیارە نامەکە شتێکی گرنگی تیایە و ئەوانیش دەزانن، سەعات پێنج دەبێ لەلایان بم، دەی ئەگەر دواش کەوتم یەکێکم بەدوادا دەنێرن، هەر ئەم رێگە هەیە کە بۆ ئەوێ بچێ، ئەوانیش ئەگەر بیانەوێ رووەو شار بێن، دەبێ هەر بێرە دابێن، ئەگەر تواناشم نەما لە هەورازەکە شۆڕ ببمەوە، تەقەیەک دەکەم، ئەو کات دەزانن خێرا





یەک دووانێک دەنێرن، نامەکەیان دەدەمێ و خۆیشم دەگەڕێمەوە... دیار بوو بەرەبەرە ماندوو دەبوو، هورژمی ماندوویێتی، نەیدەهێشت هەنگاوی رێکوپێک هەڵێنێ، ناچار بوو، بوەستێ، پشووێک بدا. دەیویست دابنیشێ بەڵام کە سەیرێکی ئاسمانی کرد، دڵی داخورپا. تینێکی تری بۆ هات، پەنجەیەکی بەنێوچاوانیدا هێنا، تازە هەستی کرد، کە لە چەند شوێنێک ئەستوور بووە. سەروسیمای خۆی بەخواروخێچی هاتە بەرچاو نەسرینی بەخەیاڵدا هات:

– ئەمە چیت لێ هاتووە؟!

– لە رۆخ رووبارەکە هەڵخلیسکاوم.

– نا ئازاد، ئەمە هەڵخلیسکان نییە.

– بەڕووبارەکەدا چووم...

ناشیرین بوومە؟ دەزانم لێم دەترسێی، هەقتە، من هێشتا خۆم نەبینیوە، هەر بەپەنجەکانم هەستی پێ دەکەم، ئەوجا لەخۆم دەترسم، من ئێستا وەک دێو و درنجم لێهاتووە. خەڵکیش لێم دەترسن و منداڵانی کۆڵانەکەشمان لەبەرم هەڵدێن.

– نا، نا ئازاد چاک دەبیتەوە...

دەزانم، چاک دەبمەوە، بەڵام کەی؟ باشترە تۆش نەمبینی، خۆم نیشانی کەس نەدەم، لەماڵەوە نایێمە دەرێ، تا وەکو جارانم لێ نێتەوە خۆمت نیشان نادەم. من هەر سەروچاوم تێک نەچووە، مێشکیشم خەریکە تێک دەچێ... ئەها خۆم بەچی خەریک کردووە، لە جیاتی ئەوەی بڕۆم وڕێنە دەکەم! ئەمە هەورەکەش توندی کرد، بێ ئافات بێ، دیارە بارانێکی زۆری پێیە، ئەگەر نەیکاتە باران باشە. دەی هێشتا باران لە بەفر چاترە، بەفر بەڵایە، بەم حاڵەم بەفریش بێتە سەری، ئیدی وای لە بەختم! بەفر خۆشە نەسرین! چەند تۆپەڵە بەفری منت پێ کەوتووە؟ ئەو ئێوارەیە چەند خۆش بوو کە لە سەربانەوە کوڕانی گەڕەک شەڕە بەفریان دەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بوون کچێک لە هەر سەربانێک، سەر دەربێنێ، تۆپەڵە بەفرێکی تێ بگرن، لە تۆشیان دەگرت، دەزانی زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە حەزم نەدەکرد بەغەیری تۆپەڵە بەفری خۆم تۆپەڵە بەفری دەستی هیچ کەسێکت پێ بکەوێ کاتێکیش تۆپەڵە بەفرێکم لە ناو قەدی پشتت دا، وام زانی بەچاوی خۆم کەوت! نەسرین، ئەو شەوە خەوم لێ زڕا، هەر پەنجەکانی خۆم دەگەست و دەمگوت: بۆ وات کرد؟ ئەو کچە نە خزمتە نە هیچ پەیوەندیەکیشت لەگەڵ هەیە، کێ دەڵێ لەلای دایکی، شکایەتت لێ ناکا؟ نەسرین ئەو کاتە ئەگەر شوێنێکی ترم شک بردبا، ماڵی خۆمانم جێ دەهێشت، چاوم بەرایی نەدەدا رووت تێ بکەم. هەر تەنیا لە تۆ نەدەترسام، بەڵکو نەمدەوێرا سەیری دایکیشت بکەم، زەندەقم لەوە چوو بوو، کە بەکوڕێکی خراپم دابنێ... کە بەیانی داهات، هەر زوو هاتمە پێش دەرگەکەمان، وەستام

و چاوەڕوانی ئەوە بووم بێیتە دەرێ، دەمگوت هەرچی بڵێ قەیدی ناکا، پێی دەڵێم: ببوورە خۆشم نەمزانی ئەو تۆپەڵە بەفرەم بۆ تێ گرتی... دەبێ لێم خۆش بیت! ئەو رۆژە دڵم هێندە وەنارەحەت کەوتبوو هەتا نەمدەتوانی وەڵامی دایکیشم بدەمەوە... لەوێ نەڕۆیشتم، لەبەر دەرگاکە چەقیم، وەک دار سنۆبەرەکەیماڵتان چەقیم، هەروەکو ئەویش دەلەرزیم، تا هاتیتە دەرێ، تا رەنگ و رووتم بینی، کە هاتی دەتگوت، هەم ترست هێناوە و هەم خۆشی، کە سەیرت کردم، ترسام لەوەی گوێم لە قسەیەکی وابێ، وەکو بەفر بتوێمەوە، من رەنگم زەرد هەڵگەڕا بوو، کەچی تۆ وەک هیچ شتێک رووی نەدابێ، یەکسەر خەندە دایگرتی و چاوەکانیشت لەگەڵ بینایی چاوە بێ ئۆقرەکانی منا تێک ئالاّن. تۆ هیچت نەوت، کەچی نهێنی خۆشییەکت خزاندە دەروونمەوە، چاوەڕوان بووم لێوەکانت لێک بترازێن. منیش هەر چەند هەوڵم دەدا، ئەوەی دەمویست بیڵێم، نەمدەتوانی، هەردووکمان کڕوکپ لە بەرامبەر یەکتر وەستاین. تۆ خۆت شۆڕ کردەوە و مستێک بەفرت هەڵگرتەوە و بەپەنجە سپی و نەرمەکانت هەڵتگوشی منیش دروست بۆت وەستام؛ لە شوێن خۆم نەبزوام، ئا لەو ساتەدا وام هەست دەکرد تۆ بەفرم تێ ناگری، شتێکی تر لە نێو بەفرەکەدایە، ئەوت مەبەستە... کە تۆپەڵە بەفرەکەت هەڵاویشت بەتەنیشتم کەوت، چەندم پێ خۆش بوو، بەو شوێنەم بکەوتبا کە تۆ حەزت لێ بوو، تۆپەڵە بەفرەکەتم هەڵگرتەوە و لەسەر خۆ بەبێ دەنگ هەڵمگوشی و رەقترم کرد و بۆتم فڕێ دایەوە، تۆش هەڵت نەگرتەوە، یەکێکی ترت دروست کرد، ئەمجارەش بۆت وەستام، هەر کە تێت گرتم گوتت:

– لە تۆڵەی دوێنێ!

ئەو قسەیەت وەک چەپکە گوڵێ بوو، لە زستانێکی تووشدا پێشکەشم بکەیت... خۆ دیتت چەند بەگوڕەوە تۆپەڵە بەفرەکەتم هەڵگرتەوە و خستمە نێو پەنجە لەرزۆکەکانم؟ بەئارەزوویەکی چەند سەرسامەوە تێرو پڕ بۆنم کرد، دەزانی وام هەست دەکرد بۆنی پەنجەکانتی هەڵگرتووە؟ حەزم دەکرد قەت و قەت نەتوێتەوە و بەدیاری هەڵی گرم... تۆ کە بینیت. دیسان بزەیەکت بۆم کرد... نەسرین دەتگوت لە مێژە یەکتری دەناسین، وەک بڵێی زەمانێک بێ چاوەڕێی ئەو ساتە بین کە بەچاو لەگەڵ یەکتر بدوێین. ئەو رۆژە سەرەتای دەستپێکردنی ئەوینی نێوانمان بوو، وەجووڵە کەوتن و گۆڕینەوەی دڵمان بوو... لەو رۆژەوە نە من لە تۆ جیا بوومەتەوە نە تۆش لە من... نەسرین بەس لەم سەفەرە بەسەلامەتی بگەڕێمەوە، ئیدی هەموو ئاواتەکانمان دێنە دی. هەر بێمەوە دیواری هەموو شەرم و ترسێک دەڕووخێنم. خێرا دێمە داخوازیت، هێندەش نابا دەتگوازمەوە، ئەوکات، پێکەوە رووبەڕووی ژیانێکی تر دەبینەوە. هەموو زەحمەتی و ناخۆشی رابردوومان، دەکەینە یادگاری و بۆ یەکتری دەگێڕینەوە... نەسرین من کە ئێستا ئەم





هەورازە سەختە دەبڕم، بۆ ئەوەیە ئەم نامەیەی دەستم بگەینمە خاوەنەکەی، دواییش بۆ لای تۆ بێمەوە... ئەم هەورازە، خەریکە دەبێتە شاخێکی گەورە، هەر چەند لە قامەتی دەبڕم، لەبەر چاوم درێژتر و پانتر و بەرینتر دەبێ. لەشیشم هەتا دێ قورستر و هەنگاونانیشم، زەحمەتتر دەبێ... بەرە بەرە نێوچاوانم، سەرم، ژێر برۆ بەری چاوم، شەویلاکم، قۆڵنجم، وەژان دەکەون. وێ دەچێ ژانە ئەژنۆش بگرم، ئەمەیان لە هەمووی ترسناکترە... هەر دەشبێ کارەکانم ئەنجام بدەم... هاوڕێیانی شار گوتیان: خێراکە، دەبێ سەعات پێنجی ئێوارێ بگەیتە ئەوێ... ئەمە ئێستاش دەمبینی، شەڕ لەگەڵ عەرد و ئاسمان دەکەم بۆ ئەوەی بگەمە سەر هەورازەکە... چ بکەم؟ هەتا دێ هەورەکەش خەستتر و سەرمایەکەش زێتر دەبێ، هەر چەند لە هەورەکە دەنۆڕم، هەور هەڕەشەم لێ دەکا، پێم دەڵێ: بگەڕێوە، هەتا زووە بگەڕێوە! بەڵام نا، گەڕانەوەم مەحاڵە، تازە هاتوومە و زۆریشم نەماوە. هەتا توانام مابێ هەر دەڕۆم، بیرەوەرییەکانی تۆ، دەستی نهێنی تۆ، گرنگی ئەم نامەیە، هێزێکی زۆریان پێ داوم، بۆ سەرەوە هەڵم دەکێشن... ئەم هەورە چ هەورێکی ترسناکە، چۆن خۆی بۆ شەڕێکی سەخت لەگەڵ زەوی، لەگەڵ من ئامادە دەکا، چی لە رۆحمان دەوێ؟ هەر لە دونیای ئاڵۆزی مێشکی من دەچێ... هەورازی بەردەمم سەری لە پەڵە هەورەکان دەخشێنێ. هەر دەتبڕم، ئەم نامەیەش هەر دەگا بەدەست خاوەنەکەی، منیش هەر دەگەڕێمەوە... دایکم هەموو جارێ. پێی دەوتم: رۆڵە کە بەشاخ و کێوان هەڵدەگەڕێی، نەکەی لە ماندووبوون بترسێی، نەکەی لە بەفر، لە باران، چۆک دامێنی و دەستەوەستان!

نەسرین! دەزانی قەت وا لە پەلوپۆ نەکەوتووم، قەت ئەوەندە لە بەفر نەترساوم. ئەوە خەریکە، بەفریش دەبارێ، تازە تا دەگەمە سەرێ رەنگە رێگاکەشم لێ ون بکا، چ بەدبەختێکم!.

ئەم دەنگ و هەراو شەڕوشۆڕە چییە؟ دەوروبەرم هەموو تێک ئالاّون، ملیان لەبەر ملی یەکتر ناوە، دار و بەرد و خاک و خۆڵ یەخەی یەکتریان گرتووە و ناڵە ناڵیانە! سەرم بۆتە شارە مێروولە! دەمارەکانی ملیشم، هەر دەڵێی یەکێک بەهەموو توانایەکییەوە، رایاندەکێشێ، خەریکە لەبن و بۆتکەوە دەریان بێنێ، پشتم، ئاخ بڕبڕەی پشتم، ناتوانم بیچەمێنمەوە... نەسرین! تف لە دەممدا نەماوە، زارم وشک بووە و تێنووە تێنوو!

دڵم قەڵغانێکی کون کونە... لە نێو هەر کونێکیدا کرمێکی رەش، سەر سوور، جووڵە جوولێیانە، هەناسەم تا دێ تەنگتر دەبێ، بەڵام ئەوە هەر دەڕۆم هەر چەند سەیری نامەکەی نێو دەستم دەکەم، زێتر دەچمە پێش، هێشتا رێگەم ون نەکردووە، بەفریش بەنیازی ئەوەیە رێگەم پێ ببڕێ؛ کەمم ماوە بگەمە سەر هەورازەکە. بەڵام کەمیشم ماوە

خۆم راگرم، چ بکەم، کەسێکیش بەهانامەوە نایێ، ئێستا هەست دەکەم، بەرە بەرە گیانم دادەڕزێ. دەڵێی شتێکی قورس بەدوای خۆمەوە رادەکێشم، پێیەکانم بەباشی هەڵنایێن، خەریکە بەرەو دواوەش دەگەڕێنەوە، هەناوم دادەکەوێ، سڕ دەبێ، وابزانم سەرما تەنگی پێ هەڵچنیوم، بەئێسقانمدا چۆتە خوارێ، چ خۆش بوو ئێستا تۆم لەگەڵ بای، بتگەیاندبامە سەر هەورازەکە، لەوێ سەرم بخستبایە سەر کۆشت، کۆشی گەرم و نەرمت، هەموو شەکەتی و ماندوویێتیم بنبڕ بوایە؟ چ حەزێکی گەورەیە، کەی پێی دەگەم نەسرین؟ چ دەبوو دەستێکی نامۆ، بەسەر ئەم هەورازەدا تێپەڕیبا، داروبەردی ئەم ناوەی تەخت کردبا، هەوراز ببایە دەشت و تۆش لە دوورەوە وەکو ئاسک، بازت بدابا و تۆزی هەنگاوەکانت ئاسمانی ئەو ناوەی داگرتبا؟ منیش بەدوای تۆ، بۆ دیدەنی تۆ، بۆ باوەشی پڕ سۆزی تۆ، خۆم هەڵدەهاوێشت و لە نێو خاک و خۆڵی ئەم پێدەشتەدا خۆمان دەگەوزاند، تەزووی خۆشەویستیمان دەخستە رۆحی یەکتر، هەڵنەدەستاینەوە تا دەبووبن بەیەک، ئەو کات مردنیش خۆش بوو نەسرین! بەڵام مردنی ئێستام مردنێکی پڕ لە حەسرەت و غەریبییە، دوورە لە چاوی تۆ، لە فرمێسکی ئەوینی تۆ... وەرە و زوو بگەرە فریام، خۆشەویستیت، لە جەنگەڵێکی تاریک تنۆکی پڕ دڕندەدا دەژی، مەرگ لەوێ، لە پشتم، لەپێشم، لە زەوی و ئاسمان، لە نێو مندا، هەڕەشەی نەمانم لێ دەکا... زۆر کەمیشم ماوە بگەم بەترۆپکی هەورازەکە، ئێستا داروبەرد، زیخ و زیخەڵان، هەمووی رووەو من رادەکشێن، دەڵێی هێزێک لە سەرەوە راویان دەنێ! باوەڕم پێ بکە تەنیا ئەوەندەم هێز لەبەر ماوە چەند هەنگاوێکی تر بڕۆم، من هەورازەکە دەبڕم، هەورازیش من دەبڕێ! وەختە هەردوو چاوم لە حەژمەتی ئەم ژان و دەردە، لە دەست بدەم، بەزەحمەت بەرپێی خۆم دەبینم، چەند هەنگاوێکیشم ماوە بگەمە سەرێ، هەر کە گەیشتم لە چەقی رێگاکەدا رادەکشێم، ئەو رێگایە، خەڵکی پێدا دێ، ترسم نییە، لەوێ تەقەقەیەک دەکەم، ئەم ناوە بێدار دەکەمەوە، هاوڕێیان بەهانامەوە دێن، نەسرین! خەریکە زمانم لاڵ دەبێ، چیتر قسەم بۆ ناکرێ، هەموو شتێک لەبەرچاوم بۆتە شاخێ، شاخێکی گەورە، هاکا بەسەرمدا رووخا!... نەمزانی چۆن بوو دەماو دەم کەوتم، بەزەحمەت هەڵسامەوە. دەبێ چەند هەنگاوێکی تر بڕۆم، لێرە بوەستم کەس نامدۆزێتەوە... نەسرین! مەرج بێ ئەم چەند شەقاوەش ببڕم، ئەگەر ببمە بەستەلۆک، دوا هەناسەی سەرەمەرگیش بدەم، ئەم دوو سێ هەنگاوەش بڕۆم... ئەوە بەر چاویشم بەتەواوی لێڵ دەبێ هەر دەڵێی مستێکیان لە چاوم وەشاند، پێ دەچێ کوێریش بم! ئۆف! مێشکم چ گرمەیەکی لێوەهات. دەبێ نەمرم نەسرین؟! ئۆخەی با لێرە لێی رابکشێم، ئێرە دوا نوختەی گەیشتنمە، دوا رادەی هێز و توانامە، نەسرین!

بستێکی تر، ناتوانم بچمە پێش، ژێر ئەم بەردە، شوێنی حەسانەوەی رێبوارانی ئەم





هەورازەیە، ئەوە منیش پاڵم دایەوە، ئیدی تەواو هەست دەکەم هەناسەشم بنبڕ دەبێ، تۆش بەئاسانی بەدی ناکەم، چاوم تەنیا تارمایییەک دەبینێ، شتێک لە دوورمەوە، هەر لە زەلامێک دەچێ، رووەو من دێ، بەغار دێ، نازانم نە ئەو پەیامێکی پێیە، نە بۆ پەیامەکەی دەستی من رادەکا، ئەوە دەستم بۆ پان کردۆتەوە،، هەر کە هات نامەکە ببینێ و بیبا... نەسرین! مەگری... دێمەوە... ئەی نەمگوت... شەوێکی تر... نا... سەرم ئاخ!! داڵ... چاوت... شار... باوک... دایک... دەچووم... بۆ؟ کە هاتم، باشە، ئەی بۆ نەهات، سەرم، چاوم... تۆ جوانی... نامەکەتم گەیاند... تۆش وەرە... باڵم هەیە، بۆتۆ، خوایە! سەرم! دەستم... شار، گیرابوو... هاتن... نەسرین... مەڕۆ... دێم، دێمە داخوازیت... نەسرین! نە... سر... ین!!

١٩٨٤ خواکورک

# هەژان

شەو درەنگە و تازە نایێ... بەیانی پێش خۆر هەڵاتن، خۆم دەدزمەوە و سەرێکی دەرەوە دەدەم و بەدوایدا دەگەڕێم. خۆ درۆیان لەگەڵ نەکردووم، گوتیان کتومت لەو دەچوو، ئەمڕۆ بینیویانە، ئەی خوایە! چەند بەحەسرەت ئەو ڕۆژە بووم، کە بەچاوی خۆم جلە خاکییەکەی و تفەنگەکەی دەستی ببینم، چۆن ئەم شەوەم لێ دەڕوا؟ بەیانیش چۆن چۆنی پێشوازی لێ بکەم؟ کەواتە بۆ بەیانی خۆم دەڕازێنمەوە و بۆ یەکەم جار نازێکی ناسکی بۆ دەکەم. ئەو گوێ ناداتە کاروکردەوەی من، بەهەردوو دەستی ناوقەدم دەگرێ و جەستەی بێ ئارامم توند بەخۆیەوە دەنووسێنێ. ئەوە کەڕەتی یەکەمە بەری خەونەکانمان دەدوورینەوە، یازدە ساڵی ڕەبەقە دەزگیرانە باڵگرتووەکەم، لەم یاڵەوە بۆ ئەو یاڵ و لەم شاخەوە بۆ ئەو شاخ و بەسەر شار و دێهاتەکاندا دەفڕێ، بەیانی پێکەوە جامی ئۆخەی یازدە ساڵەمان هەڵدەدەین. شارەکەمان دەکەینە شایی و سەرچۆپییەکەشی من و شەیدا دەبین. ئەمشەو ئەگەر خەویشم لێ نەکەوێ لەگەڵ تۆدا دەبم، پێکەوە ڕۆژ دەکەینەوە. لە نووکەوە ئازاری ئەو چەند ساڵەت بۆ دەگێڕمەوە، دەزانم تۆ شەکەت و ماندوویت، حەوسەڵەی ئەم قسانەشت نییە، بەڵام هەر دەبێ گوێم لێ بگری، زۆرم لە دڵایە،، ئەگەر بۆتی نەگێڕمەوە، شەوەکە تەواو نابێ. شەیدا! هەر ئەم شەوە ببڕێتەوە. بەیانی زوو کون بەکونی ئەم شارە دەگەڕێم، هەر دەتدۆزمەوە، دەچیتە کوێ، تازە هاتوویتەوە بەر دەستم، ئەو دەستانەی لە حەژمەتی دووری تۆ، لە نەبوونی هەناسەی گەرمی تۆ قڵیشاون. سەیریان بکە، دەڵێی چەند ساڵێکە لە وشکەڵانیدا دەژین. خۆ ئەم جارە شارەکەمان ڕزگار کرا، خۆ دەتوانم بەئارەزووی خۆم پەنجەکانم بەسەر دەم و لێوی وشکتدا بهێنم؟ ئێستا ئەوەی لە بەندییدا ماوەتەوە تەنیا منم، تەنیا منم بەدوای کلیلی دڵە بەندکراوەکەمدا دەگەڕێم، تۆش ئەوەتا لە نزیکمای، لەگەڵ ئەو چەکدارانەدا دێیت و دەچیت، ئەوەتە لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەمدا دەتانبینم، شایەد تۆش لەگەڵیدا بی، بەڵێ، هەر دەبێ لەگەڵ هاوەڵەکانتدا هاتبیتە شار. ئێستا گەلێکتان بەبەرچاوما تێدەپەڕن، لە ژێر تیشکی کزی عامودەکاندا دیارن، بەنێو تەنکە دووکەڵ و تۆزی سەر شەقام و کۆڵانەکاندا ڕادەکەن. چەند جوانن! ئێستا خەڵکیش هەر وەکو من دەتانبینن، هەر یەکەو دڵی بەجۆرێ لێ دەدا، ئەوەی کەسێکی لەگەڵتاندا هەبێ، وەکو من لەسەر پۆلو دانیشتووە و ئۆقرە ناگرێ. ئەوانی تر، نەشتان ناسن، مووچڕکەیەکی خۆش، کە لە هیچ مووچڕکەیەک ناچێ، بەنێو گیانیاندا دەگوزەرێ، زۆربەمان لە خۆشی ئەم دیمەنە، شاگەشکە دەبین، لە هەناسەدان دەکەوین، مووی سەرتاسەری جەستەمان چەق دەوەستێ، دەگرییێین، کە بەیانیش دادێ، کە ڕووناکی دەخشێتە سەر قامەتی بەهەیبەت و شیرینتان، خەڵکیش بەڕوونی دەتانبینن، هەر بۆ ماوەیەک دەست لە ملانێی یەکتر





دەکەن، ئیدی جارێکی تر ڕێی سەفەرە تەواو نەبووەکەتان دەگرنەوەبەر، تۆش شەیدا، لەگەڵیانی، منیش ڕووەو تۆ دێم، بەڵام مەڕۆ، بەسە چیتر جێم مەهێڵە یازدە ساڵە بەعیشقی دیداری تۆوە دەژیم، ئەم دەوروبەرە هەمووی بۆنی تۆی گرتووە، لەپشت پەنجەرەکەوەش بۆنت دەکەم، ئەم شارە یەکپارچە بۆنی تۆی لێ دێ، گوێم لێ بگرە، ئەم شەوە بەبوونی تۆ بەیانی دەکەمەوە... وەرە! سەرت بخە سەر کۆشم، چاوت لە نێو چاوەکانمدا بتوێنەوە، ئەوەتا بەپەنجەکانم پرچی ئاڵۆزت شانە دەکەم، چ هاڵاوێ لە لەشی شیرینتدا دەردەبێ؟ ئەمە چییە، گڕی دانەمرکاوی چ ئارەزوویێکە؟ وەرە و با سینەی هەڵامساوم لە ئاوێنەی دەستەکانتدا خۆی ببینێ. با سەروسیمای تۆش لەگەڵیدا خاو ببێتەوە و چاوەکانت لە نێو لەززەت و مەستیدا بخنکێن! من ئەو کاتە دەگریم، بەکوڵ دەگریم، ئاخر چ عیشقێک خۆی لەبەر ئازاری یازدە ساڵی نەهات دەگرێ؟ کەچی من و تۆ ئەم هەموو ساڵە ڕەش و تاریکەمان بەڕێ کرد، کێ دەڵێ هەر خۆی خەونێک نییە و بۆ بەیانی بەتامەزرۆی ئەم خەونەوە ڕۆژ نابەمە سەر؟

نا! شەیدا، مەنوو، ئەمشەو تاکە شەوی بەری چەند ساڵ بێ شەویمانە. تا بەیانی لەگەڵما بە... بەڵام کوا... ؟ کێ حەددی هەیە بگا بەتۆ، ئەم دەوروبەرەم تەلبەنێکە، مەگەر تۆ بتوانی هەڵی دڕی، خۆزیا هەموو خەیاڵێک دەهاتە دی، چ دەبوو منیش دوای یازدە ساڵی ڕەبەق، پەنجەی دۆستە دێرینەکەم پێ کەوتبا؟ ڕۆژ نەبووە لە ئاوێنەی بەدبەختیدا خۆم نەبینم، با ئەم جارە لە چاوی ئەودا عومرێک بەلاوەنێم و سەرەتایەک بۆ خۆشبەختی بدۆزمەوە.

شەیدا! دەزانم ئێستا مەستی سەرکەوتنێکی بەئاواتخوازی چەند ساڵەی، لەبەرچاومە، کە چۆن بەنیگا ورد و تیژەکانت، دوو جەستەی مەزن لە نێو شارەکەماندا دەبینی، یەکێکیان، ڕۆحی شاگەشکەبووی خۆتە و بەسەر سەری شارەکەدا هەنگاو دەنێ، ئەوی تریان منم، منی کوشتەی دیدەنی تۆ، بەڵام ئەمە خەیاڵێکە و من دەمەوێ بەپەنجەکانم، هەست بەبوونی تۆ بکەم، بەم چاوانەم بچمە نێو دونیای چاوەکانی تۆ. شەیدا! دەزانم تۆ عەودالی خاکی بەندکراوی، دەتەوێ، ئەو خاکەی منی لە سەرم ئازاد بێ. تۆ هیچ مرۆڤێکت پێ ئازاد نییە، ئەگەر خاکەکەی لێ سەنرابێتەوە.

یازدە ساڵە پەردەی پشت دەرگاکانمان، چاوەڕوانی هەڵدانەوەی تۆ دەکەن، بەیانی لە پشت پەردەی دەرگای دەرەوەدا دەوەستم بەڵکە تۆی ئازیز، بەهێمنی هەڵی دەیتەوە و منی دەزگیرانت ببینی و توند لە باوەشم بگری! شەیدا! چاوەڕێتم، بێیت و ئەم دیلە بەعیشق گیراوە قورتار بکەیت و بیخەیتە سەر پشتت و هەڵی بگری، بۆ کوێی دەبەی بیبە، بیبەرە سەر تەپۆڵکەی شاخەکانی دەوروبەری ئەم شارە، لەوێ ئەگەر کرا بەتەنیا دەژین، دوور لە هەموو کەس، لە هەموو خەم، دوور لە دونیا، ئەگەر کرا دەبینە دۆستی

شوانە بێ لانەکان، دۆستی ئاژەڵە کێوییەکان. دەرد و ئازاری یازدە ساڵەی ئەوینی بێ ئەوینمان بۆ ئەوانە دەگێڕینەوە. پەیمانم بدەرێ چیتر چاوەڕێی یەکتر نەبین، ئەمە دوا جارە و ئیدی زەحمەتە منی کڵۆڵ بەرگەی ئەم تەنیاییە بگرم.

بەیانی زوو دوو بنەداری سەوز، هەمیشە سەوز لەبەر پێمانا دەڕوێنین، با ئەمە نیشانەی سەرەتای خۆشبەختیمان بێ، نیشانەی مانەوەت بێ لە شار، ئەگەر نا منیش لەگەڵ خۆت بەرە و با چارەنووسی منیش بەهی تۆوە گرێ بدرێ. بەیانی تێر تێر لە باوەشت دەگرم، یازدە ساڵەی دووریمان، دەبێتە ساڵەوەختێکی کەم، نزیک، بەباڵاتا هەڵدەزەنێم و وەک ملوانکە خۆم بەگەردەنتدا هەڵدەواسم، بەیانی هەر کە رووناکی وەدەرکەوت، دێمە بەر دەرگا، تۆش لەوێ ئامادە دەبیت، لەوێ، یەکتر رادەمووسین، هەر لە چاوی یەکتر رادەمێنین. تا تێر دەبین... نا تێر نابین... بەتەنیا وەرە، شەیدا، منیش بەتەنیا... بەتەنیا دادەنیشین، لە پاڵ یەکتر، نا! دەچینە دەرەوەی شار، دەرەوە، دوور لە خەڵکی... بەتەنیا... بەیانی دەتبینم... بەیانی... شەیدا... بە... یا... نی... ئێستا، خەوم دێ... ئەم خە... وە... لێم... ناگە... ڕێ!

«زۆر لە مێژە چاوەڕێتم، ئۆخەی کە بەتۆ شاد بوومەوە و خەونەکانم هاتنە دی... وەرە لێم نزیک بەرەوە... با جەستەی گەرم و گوڕت لە لەشی ساردوسڕم بخشێ، با هاڵاوی هەناسەت سینەی بەفراوییم بسووتێنێ، وەرە! پەنجەی بەسۆزت، بەڕوومەتی ماچ نەدیوم دابێنە و با لێوی وشکت بەدەم و لێوی شەقاربووم بکەوێ،! ئەمساڵ ساڵی هاتە و بەروبوومی وەرزە نەزۆکەکان لە تامی دەمت دەدروومەوە... دەبێ ئەم خۆشییەمان خەونێکی تری ئەفسووناوی نەبێ؟ شەیدا! چەند ئەستەمە تۆ بڕۆیت و دیسان سەرم بەتاشەبەردی زەمانە بکەوێ، نەکەیت، ئەم فرسەتە لە دەست مەدە و من هی تۆم، ئەوە لەبەر دەستت دام، هەموو گیانم یەکپارچە عەوداڵی دیدەنی تۆیە، بانگی تۆ دەکا، هی تۆیە، چی لێ دەکەیت، ئارەزووی خۆتە، ئەی خۆت نەتگوت، ئەگەر ئەم جارە لە باوەشی یەکتردا بین، لەشمان یەک رەنگ و یەک دەنگ دەبێ، ئازارەکانمان بەم یەک بوونە دەڕەوێنەوە؟ دە ئەوەتا، لە تەنیشت تۆم، نزیکی تۆم، ئەوینی تۆم، بەرم مەدە و ژیانیش هەر لەو مووچڕکە خۆشە چەکەرە دەکا! شەیدا! ئەگەر تۆ شەیدای منی، ئەگەر دڵمت خستۆتە قەفەسی دڵتەوە، ئەگەر خەون و ئارەزووی تۆم، پاڕانەوەی ناوێ، زێتر وەرە پێشەوە و با ئەو گڕە لە گیانماندا پەرە بگرێ و قەت دانەمرکێتەوە!

دەترسم وەکو جاران خەون ببینم! نا، نا ئەم جارە خەون نییە، ئەدی ئەوە نییە تۆ لەبەر دەمم دای، لە تەنیشتم دای، بەیەکەوە درێژ بووین؟ ها! خۆ گەلێ جاری تریش هەر وا بووە، چەند ساڵێکە هەر ئەم جۆرە خەونانە دەبینم. تۆ پێم بڵێ شەیدا ئەمە خەونە یا نا؟ نا! راستە ئەمە دەموچاوی تۆیە، بەپەنجەکانم هەستیان پێ دەکەم، ئەمە





لەشتە، ئەمە لێوی تەڕتە، بۆنیشت هەر وەکو جاران سەرمەستم دەکا، تۆیت! دڵنیام کەسێکی تر نییە، نا خەون نییە، بۆ قسەیەک ناکەی، بۆ لەگەڵما نادوێی، چ خەبەرە؟ بۆ لە بێدەنگی چەندان ساڵەت ورتە ناکەیت؟ ئەمە منم، تۆزقاڵێک لە تۆ دوورنیم، ئەمە جەستەی منە و خۆم بۆ تۆ ئامادە کردووە، تا ئێستا لە تۆ زیاتر کەس نەیتوانیوە سنووری ئەم لەشەم ببڕێ، دڵم تەنیا جێگای ئەوینی تۆ بووە، لەشیشم تا ئەمڕۆ ئەمانەتێک بووە و بۆ تۆم هەڵگرتووە، سەیرکە! چەند تامەزرۆی لەشی تۆیە! چاوەکانم یەکپارچە نیگاکانتی لێ رواوە، سەیرکە! لە چاوی خۆت زیاتر لە وێنەی خۆت زیاتر هیچی تر بەدی دەکەی؟ چ خۆشە مرۆڤ ساڵەهای ساڵ بەعیشقی دیداری یارەکەی بێ و بەبێ ترس سەر بنێتە باوەشی گەرمی و روومەت لە یەکتر بخشێنن؟ چ خۆشە هەموو ئەندامی لەشی یەکتر بۆ بیستنی هەست و نەستیان بکەنە گوێ؟ چ لەوە خۆشترە لە نێو یەکتریدا خاو ببنەوە تا رادەی توانەوە چاو لە یەکتر هەڵنەبڕن؟ ئای کە خۆشە کاتێ کەسێک چەند ساڵە لە دوور و غوربەتیدا دەژی. یەکبین دێتە بەردەمت و ئامێزی تێوە دەگری. قەت لەوە خۆشتر نابێ، کاتێ، لە دونیای لەززەت و خۆشیدا، لەگەڵ خۆشەویستە چەند ساڵ نەدیوەکەتدا، هێندە قووڵ دەبیتەوە، تا هەست بەپایەداری و نەمریی دەکەیت! شەیدا! ئێستا کە تۆ لە تەکم دای، چاوت بڕیوەتە نێو چاوم، چی لە دەروونمدایە بیخوێنەوە، هەست راگرە، گوێ لە ترپەی دڵە ئارام بووەکەم بگرە، بزانە چ دەخوازێ؟ ئەی ئەمشەو بووکی تۆ نیم؟ زاوای چەند ساڵە ونبوو چ داوایەک لە بووکی تازەی یەک شەوە دەکا؟ ئەمە یەکەم شەوی بووکێنیمە، ئەمشەو شەوی رووناکییە، شەوێکە بۆ من و تۆ، شەوی بەراتە، شەیدا! چیتر ناتوانین رێ لە حەز و تینی تێکەڵبوونمان بگرین... سەرتاپای تۆش ئەم حەزەیە...

ئم... ئو... ف!

بم، بم بم م، بو بو بو بوو بوم...

شششششششششششش بم! ویز ویز ز ز ز ز بم بم بم...

ئای خوایە ئاسمان رووخا، یا زەمین شەق بوو! شەیدا! کوا... ؟

هەم دیسان خەون بوو! شەیدا ا ا ا ا ا ا !

بەرە بەیان بوو، کە لە خەوی خۆش و شای خەونەکانتدا راپەڕی، چ خەونێکی خۆش و چ ساتێکی بەلەززەت بوو؟ حەزت دەکرد تا ئەبەد لەو باوەشە گەرمە دەرنەچیت... تف لەو دەستە نەگریسە، کە لە خەونیشا لێت ناگەڕێ! ! خۆ ئەگەر چی دونیاش لە ژێرتەوە لەرزی و بەهەشتاوی هەڵسایتەوە و ترس بەباڵاتەوە هەڵواسرا و چاوەکانت مۆڵەق وەستان و لە شوێن خۆشتدا سامگرتوو بوویت، کەچی هێشتا تامی ئەو خەونە شیرینە لە ژێر زارتدا مابۆوە و خۆزگەت دەخواست کە خەون نەبا... چەند هەنگاوێک چوویتە

پێشەوە، بەترس، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەت کرد، خەڵکێکت دەبینی سەرلێشێواو، بێ دەسەڵات و لێقەوماو، هەڵدەهاتن. قورسایی ترسەکەت زێتر بوو، گوێت لە قیژە و ناڵەناڵ و گریانی ژن و منداڵ و هاواری سەیروسەمەرە دەبوو، تا دەهات خەڵکە راکردووە دەربەدەرەکان زۆرتر دەبوون، تۆش وەک ئەوان، هەستت بەبێ دەسەڵاتی کرد و بەبێ ئەوەی بەتەواوی لە رووداوەکە بگەیت، بڕیارت دا خێرا بچیتە دەرەوە، یان راستتر، ترس و ئەوینی ژیان، رایچڵەکاندی و وەپەلەپرووزێی خستیت و رووەو دەرگاکەی بردی. هێشتا پێت بەسەر یەکەم پێپلیکە نەکەوتبوو، جارێکی تر عەرز و ئاسمان لەرزین، ئاسمان ناڵاندی و زەویش بۆی گێڕایەوە... دەتگوت لە حاڵی ژانگرتن دان. زەوی بەبەرچاوی تۆوە رووەو ئاسمان دەتەقییەوە، زەخیرەی چەندان ساڵەی هەڵدایە دەر و بەسەر شارەکەدا هەڵی ڕشتەوە، تۆش لە شوێن خۆت، دانیشتی، سەرت خستە نێوان ئەژنۆکانت و بەهەردوو دەستیشت ئەملاو ئەولای سەرە کاسبووەکەت راگوشی، دەتگوت دەتەوێ گوێت لە هیچ نەبێ، بەڵام کار لە کار ترازا بوو، هەر کە دەستەکانت شل کردنەوە و ویستت هەڵسیتەوە جارێکی تر شار هەژێنرا، گرم و هۆڕێک لە نێو سکی تۆشدا پەیدا بوو، لەگەڵ تەقینەوەکەدا تۆش لار بوویتەوە و بەلادا کەوتی، بەخێرایی قسەکانی دایکت بەبیردا هات... کاتێ دونیا خراپ دەبێ، ئاسمان و زەوی ژان دەگرن پاش نەختێکی تر خاک و مرۆڤ تێک دەهاڕێن و ئیدی ژیان کۆتایی دێ... بۆ چەند لەحزەیەک ئەو قسانە بوونە رووداوی ئەو ساتە. بەڵام بۆ خۆشت نەتزانی چۆن لە شوێن خۆت قیت بوویەوە، کە چاوت هەڵێنا، زەلامێکت بینی لە تەنیشتتەوە راوەستا بوو، دەستی خستبووە سەرشانت، دیسان وات زانی لە خەودا بووی. زەلامەکە دیار بوو زۆر بەپەلە بوو بواری وەستانی نەما بوو، هەر بەهەڵاتن پێتی گوت: خێراکە بەدوام کەوە! نەتدەزانی کەسەکە کێیە و چی لێت دەوێ، کەچی بەبێ ئیرادە، بەدوای ئەمدا غارت دەدا، تا گەیشتیتە نێوەڕاستی شار، هیچت لە بیر نەبوو، غەیری ئەوەی کە دەبێ، بەدوای ئەم کابرایەدا رابکەی، لەگەڵ ئەوەی وەک بێهۆشێکیش هەڵدەهاتی، کەچی دڵخۆشی خۆت ئەدایەوە، کە ئەوە رەنگە شەیدا بێ! بۆ هەو نەبێ؟ ئەی ئەگەر ئەو نییە، بۆ منی وەدوای خۆی دا؟ کتومت لە شەیدا دەچێ... شەیدا! کەس بەکەس نەبوو، شایەد هەر لەبەر چاوی «گوڵێ» وا بوو بێ، ئەو حەشاماتە بەملاو ئەولای شاردا هەڵدەهاتن، وای دەهاتە بەرچاو، کە هەر بابایە بۆ خۆی رادەکات و هەر کەس دەیەوێ بگا بەپەناگەیەک و خۆی تیا حەشار بدا. ئەو رۆژە، چ رۆژێکی سامناک بوو! گوڵێ بۆ چەند جارێک هەڵوێستەیەکی دەکرد و چەپ و راست ئاوڕێکی دەدایەوە، چاوی بەرایی نەدەدا دیقەت بداتە هەموو شتێک بەڵام لە دوورەوە گوێی لە ناڵە و دوا سەدای گریانی چەند کەسێک دەبوو، وەک بڵێی هێزێکی نادیار خەریکی ئەو دەنگانە





بێ و بیەوێ دەمکوتیان کا... پیاوەکە لەبەر چاوی گوڵێدا ون بوو، گوڵێ وەک کەسێکی نزیکی ون کردبێ، چاوی بزێوی دەبڕییە هەموو لایێ، هیچیشی نەدەدی، ناچار بوو وەستا، لە هەموو لایێ ترس هوروژمی بۆ هێنا. هێندەی نەمابوو، لە شوێن خۆیدا وشک بێتەوە و هەناسەی لەبەر ببڕێ. لە پڕ هەناسەی سوار بوو، خوێن بەنێو لەشیدا وەهەڵپە کەوت، سۆز و خۆشەویستییەک لە چاوانی بەدی دەکرا؛... ئەی دایکم؟ خوشکم، براکانم، من بۆ کوێ دەچم؟ چۆن هاتبوو واش گەڕایەوە، بەغاردان، بێ ئەوەی هیچ ئاوڕێک بداتەوە، تێی تەقاند و بەرەو ماڵەوە رێی گرتە بەر، چەند کەڕەتێک قاچی تێک دەئاڵا و سەرەنگرێ دەبوو، بەردەبۆوە و خێرا هەڵدەستایەوە. هێشتا مابووی بگاتە نزیک ماڵەوەیان، لە ناکاو هاژەیەک هات، بوو بەگرمە، هەناوی گوڵێ لەگەڵیدا هەژایەوە، هەستی کرد، کاسەی سەری لێک ترازا، ئەوەی لە نێویدا بوو بەهەموو لاییێکیدا پەرش و بڵاوبۆوە، جەستەی بوو بەهەزاران تکە و، هەر تکەیێ رووەو شوێنێ هەڵکشا هەست و خوستی لەبەر بڕا، لەوێ کەوتە سەر سک، بۆ ماوەیەک بەتەواوی بێ هۆش بوو،... تا لە بن گوێی دەنگ و هەرا بەرپا بوو، ئیدی هێدی هێدی لەشی دەجووڵاندەوە، بەترس و لەرز چاوی هەڵدەهێنا و خێرا دەیقوچاندەوە. گوێی لە سەدای ژنان و منداڵان دەبوو، دڵی لەگەڵیدا وەک مەلێکی سەربڕاو هەڵدەپەڕی، هوروژمی گریانێکی بێ پایانی بۆ هات و هەموو گیانی گرتەوە. ویستی پڕ بەدەنگ هاوار بکا، کەچی نەیتوانی، ویستی هەڵسێ، ئەمەش مەحاڵ بوو، هەر لە شوێن خۆی بەعاستەم سەری بەرز کردەوە و دیواری دەرەوەی خانووەکەیانی بینی، لەپشتەوە تۆز و خۆڵێکی زۆر و دووکەڵێکی سپی دەهاتە بەرچاو... بەزەحمەتیش ئەو کەسانەی دەبینی کە سەریان وەپێش باڵایان کەوتبوو، بەڕاست و چەپدا غاریان دەدا لە لای دەستی راستییەوە دیوارێک دەلەرزی، دەتگوت ماشێنێکی مەزن لە دواوە پاڵی پێوە دەنێ، لەسەرەوە درزی تێ دەکەوت و شەق دەبوو، دادەڕما، گوڵێ وای هەست دەکرد خاکی ژێرەوەشی وەجووڵە کەوتووە خەریکە رۆبچێت و قووتی بدا، بەدەست خۆی نەبوو، هاوارێکی سەیری لە دەم دەرچوو، بەڵام هاوارێکی گەروو نووساو. لەو دەمەدا ئۆتۆمبیلێک کە بەردەوام هۆڕنی لێ دەدا، بەلای گوڵێدا تیژ تێپەڕی، دیار بوو هەڵگری خەبەرێکی ناخۆش و ترسناک بوو، لەوانە بێ لاشەی چەند کەسێکی هەڵگرتبێ... کێ دەڵێ ئەم ئۆتۆمبیلە کەسوکاری منی تێدا نەبوو؟ نا! لەلای ماڵی ئێمەوە نەهات، با! رەنگ بێ ئازیزانی من بن... دایکم، خوشکم، براکانم! ئای خودایە «چیمان بەسەر هات» گوڵێ تەکانێکی دایە خۆو هەڵسایەوە، بەحەپەساوی سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، لە خۆی زیاتر کەس لەوێ نەبوو، دەنگە دەنگێکی زۆری دەبیست، هەمووی نیشانەی لێقەومان و ترس بارین بون. چەند هەنگاوێک چووە

پێش، دیسـان شارەکـە شڵـەژا، ئەم جـارە دروست لە نزیک مـاڵەوەیان، یەک پارچە ئاسـمـان بوو بەدووکـەڵ و خۆڵ بارین. گـوڵێ بێ بیـرکـردنەوە، وەک ترسی لە گـیـاندا نەمـابێ، هەنگاوی هەڵێنا، لەم بەر پەڕییـەوە بۆ ئەو بەر، خـۆی گـەیاندە بەر دیواری دەرەوەی خـانووەکـەیان، دێوانە ئاسا چاوی دەبڕییە خـانووەکە و نەیدەزانی چۆن و بەچ لایێکدا بچـێـتـە نێـو حەوشـەکـە، ئەگـەر چی هێـشـتـا دووکـەڵە سپی و خەسـتـەکـە نەگـەیشـتـبـووە ئەو ناوە، کـەچی لەبەر چاوی گـوڵێ دونیـا پەردەیەکی سپی بەسـەردا درابوو، بەرچاوی لێـڵ کـردبوو... خـانووەکـەمـان هەروەک خـۆیەتی، کـەواتە ئەوانیش هیچیان لێ نەهاتووە، نا، قەت کاری وا روونادا، نامەوێ مەرگی هیچیەکیان ببینم...

بەچۆک لەرزین و ترسێکی پڕ لە چاوەڕوانی و دوودڵییـەوە، خۆی کرد بەحەوشەکەدا و خێـرا رووەو ژوورەکـان چوو، چاوەکـانی بـبـوونە گـەڕۆکـێکی نیگەران و حـەزی دیتنی ئازیزەکانی... کوا، دەنگی هیچیان نایێ؟ لە کوێن؟ خۆی کرد بەمەتبەخەکەدا، هەستی بەکـشـومـاتیـیـەکی سـەنگین کـرد، دڵی داخـورپا، ویسـتی دەنگ هەڵـبڕێ، کـەچی لە دەروونیدا هێـزێک رێگەی لێ گرت، بەپەلە بەرەو ژوورەکانی تر رۆیی، لەوێش کـەسی نەبینی... ئەی بۆ کـوێ چوون؟ چیـیـان لێ هاتووە؟ خودایە. خ... و... دا... یە! بەدەست خـۆی نەبوو ئەوەی توانایە لە لەشـیـدا نەمـا، هەردوو قـاچی شل بوون، لە شـوێن خـۆی کەوت... خودایە ئەمە چ غەزەبێک بوو، تۆڵەی چ تاوانێک بوو لە ئێمەت کردەوە؟ کوا هیچ ئەسـەرێکیـان بەجێ نەمـاوە، بۆ لەگـەڵیـان نەبووم؟ بۆ بەجێم هێـشتن؟ چیم بەخۆم کرد، بۆ بەدوای ئەم کابرایە نەناسە کـەوتم؟ ئەو پیـاوە چی لێم دەویست؟ من چیم لەو دەویست؟ خۆ شەیداش نەبووم، سەراب بوو، هەر بەعیـشـقی ئەو سەرابەبووە رام دەکرد. ئێستا بۆ کوێ بچم، بۆ کامەتان بگریم؟ هەمـوو شتێکم لەدەست چوو، تازە چۆن بەبێ ئەوان و بەتەنیا دەژیم، بۆ وامان لێ هات؟!

گـوڵێ پڕ بەدەنگ بانگی دایک و ئازیزەکانی دەکرد، ئەم جارە گوێی لە دەنگی خـۆی دەبوو، لەمـەش زیاتر گـوێی لە هەمـوو چرپە چرپ و گـریە و زاری دوور و نزیک دەبوو، بەرادەیەک دڵی بەخۆی دەسووتا و هەستی بەتەنیایی دەکرد، سەد خۆزگەی بۆ نەمـانی خـۆی دەخـواست، برێـک جـووڵایەوە، یەکـسـەر هەڵسـا و رووەو دەرگـای بەر هەیوانەکـە چوو، سـەیرێکی راست و چەپی خـۆی کـرد، ئاورێـکی بۆ نـاو مـاڵـەوە دایەوە، ئاهێـکی قـووڵی هەڵـکێـشـا و لەگـەڵ دەردانەوەیدا، گـریان یەخـەی گـرت و بوو بەمـۆتەکـەیەک و هەمـوو گـیـانی تەنی، هەر بەپێـوە گـریانێـک گـریـا، لەوە دەچوو داوای رەحـمـەتێک بکا و لەو مـەینەتە رزگـاری بێ. لە شـەقـامـەکـەوە زیڕەی ئافـرەتێک بەرز بۆوە، گـوڵێ وەخـۆ هاتەوە و یەکسەر غاری دا، دەرگای دەرەوەشی جێ هێشت، گەیشتە سەر شەقامەکە، نەیدەزانی چ بکا، نەیدەویست جارێکی تر گوێی لە دەنگی ئافرەتەکە بێ، دەنگەکە هەر





بەدەنگی دایکی دەچوو، دەشـتـرسـا رووەو دەنگەکـە بڕوا، هەر لە خۆیەوە بەدوای چەند کـەسێک کـەوت، وەک ئەوان هەڵدەهات، حەزی دەکرد پڕ بەدەم، لەگەڵ هەڵاتنەکـەیدا، بقـیـژێنێ، کـەچی ترس و شەکـەتیـیـەکـەی رێگایان نەدەدا، ویسـتی توند هاوار بکا و بەخەڵـکەکە بڵێ: بۆ کوێ دەچن؟ ئەمەشی پێ نەکرا. غـەیری هەڵاتن نەبێ هیـچی پێ نەدەکرا، لە بێ توانایی و مـاندوویی لە پەنا دیوارێکی تازە رووخاودا وەستا، کەمێک هەسـتی لە خـۆ بڕی، ئاورێکی بەرەو مـاڵەوەیان دایەوە، هیـچی نەبینی، چاوەکـانی رەشکەو پێشکەیان دەکرد، دونیـا بەدەوریدا دەخـولێـتـەوە، هێـڵنجی دەهاتێ، کـەچی نەدەرشایەوە، دیسان هوروژمی غـوربەتی و سۆز و ترسی تەنیایی، هەناوی هەڵدڕی، لە دڵەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو مـوعـجـیـزەیەک روویدات و ئازیزەکـانی بێنە بەردەم و لەگـەڵیـاندا بەرێ کـەوێ، یان دەسـتێکی غـەیب هەڵی گرێ و فـڕێی داتە تەک ئەوان... چ خـۆش بوو ئەم جـارەش چاوی پێ کـەوتبـان، چ خـۆش بوو هەتا ئەگـەر مـردنیش بووایە، لەگەڵ ئەوان بووایە؟ ئەم تەنیاییـیە وەحشـەتناکـە، شێتی دەکا... ئێستا بۆ کوێ بچێ؟ بگەڕێتەوە یا وەکو ئەم خەڵکە فریای راکردن بکەوێ و بگا بەشوێنێک خەڵکی لێ بێ، هەر باشـتـرە، لەوێ یا ئەوەتا کـەسـوکـاری دەبینێ، یا دەتوانێ لە خـەڵـکەکـە بپـرسێ و خـەبەرێکی دەسکەوێ، ئەوکات چ سـۆز و چ خـۆشـیـیـەک رۆحی دادەگرێ؟ تێـر تێـر لە باوەشـیان دەگرێ و مـاچیـان دەکا، کـۆشی دایکی دەکاتە سـەرینێـک و بەهێـمنی هەمـوو رووداوێکی بۆ دەگـێـڕێـتـەوە... دیسـان ئۆتـۆمـبـیـلێک بەتەنیـشـتـیدا رەت بوو، لە پشـتی ئۆتۆمبیلەکە زەلامێک وەستا بوو، بەدەست هێمای بۆ ئەملاو ئەولا دەکرد و دەنگیشی هەڵدەبڕی... خۆتان رزگار بکەن! لە شار دەرکەون!

بۆ کـام لای شـارەکـە برۆن؟ کـەس نازانێ ئەو جێـگایە ئەمـینە لە کـوێی دەوروبەری شـارە، ئەگـەر گـوڵێ بەگـەڵ خـەڵـکەکـە بکەوێ، هیچ نەبێ لەو مـەترسـیـیـە دوور دەکەوێتەوە، لەوانەشە شوێنێکیـان دەستنیشان کردبێ، ئەگەر نا خۆ ئەو خەڵکە گاڕانی بێ خاوەن نین. ئەم کەرەتە هەر کەس بەتەنیشتمەوە تێپەڕێ وە دوای دەکەوم، منیش لەم خەڵکە زێتر نیم، کێ دەڵێ کەسوکاری منیش هەروا بەرێ نەکەوتوون و ئێستا لەو شوێنانە نین کە خەڵکەکە بۆی دەچن؟ هێندەی نەبرد چەند کەسێکی تر بەبوخچەی زل و هەگـبـەلەشـان، بەبەردەم گـوڵێـدا هاتن، ئاورێـکی سـەیریان لە گـوڵێ دایەوە، دیار بوو دەیانویست بڵێن، کچێ راکە بۆ وەستاوی؟ هەر بەم نیگایانە گوڵێیان وە دوای خۆ دا... هەنگاوەکـانیـان تا دەهات خێـراتر دەبوو، لەو دەمـە پیـاوێکی سـەروسـیـمـا غـەریب، ریشـدار، چەک بەدەست پێشی لێ گرتن، هیـچیـیـەک لە قـسـەکـانی ئەم کابرایە تێ نەدەگـەیشتن، دیار بوو بەزمـانێکی دیکە لەگـەڵ خـەڵـکەکـە دەدوا زانیـان کـە چ مـەبەسـتێکی هەبوو، هەموویان لە دڵەوە بێزاریان لەو مەخلوقە دەبۆوە، بەڵام نەدەوێران

دەری بخەن. تەنیا «ئم»ێکیان بۆ دەکرد و بەپەلەش بەرێ دەکەوتن.

گولێ هەمان دیمەنی دوێنێ ئێوارێی هەر لەبەرچاو بوو، کە چۆن لە پشت پەنجەرەکەوە ئەم چەکدارانەی لەگەڵ هاوەڵەکانی دەبینی، بەڕوونیش چاوی پێ کەوتن کە چۆن لەگەڵ دۆستەکانی شەیدا دەدوان و شوێنیان بۆ ئەوان دەستنیشان دەکرد و ئەمریان بەسەردا دەکردن. گولێ ئێستا لە نزیکەوە ئەم چەکدارانەی بینی و زیاتر دڵی گوشرا... چەند شەقامێکیان بڕی، گولێ هەر بەدوای ئەو چەند کەسەدا غاری دەدا، نەدەوستا، دەیویست هەندێ قسەیان لەگەڵ بکا، بەڵام زمانی لە گۆ کەوتبوو، دڵی خۆی بەمە دەدایەوە، کە قسەکردن هیچ سوودێکی نییە، چونکە ئێستا ئازیزەکانی دەبینێتەوە... ئەدی ئەگەر لەوێ نەبوون؟ دیسان دەستی وەحشەتناکی ترسێکی گەورە دڵی راتەکاند، وەستا، بەچاوی ئەبلەقەوە بەدەوری خۆیدا خولایەوە، لەو دەمەدا چەند چەکدارێکی تر بەبەردەمیدا غاریان دەدا، هێمایان بۆ گولێ کرد کە نەوەستێ، گولێ بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی لێ گرتن، هەموویانی بەغەریب و نامۆ هاتنە بەرچاو، ویستی بەدوایان بکەوێ. پەشیمان بۆوە و لە بن زارییەوە قسەیەک دەرپەڕی، ئێ! ئێ! چ هەڵەیەکیان کرد شەیدا!

چەکدارێک بەخێرایی گەڕایەوە و لەبەردەم گولێدا وەستا، چەند وشەیەکی لەدەم دەرچوو، گولێ هیچییان تێنەگەیشت، بەچاو لە چەکدارەکەی گەیاند کە یەخەی بەرداو هەقی بەسەرەوە نەبێ، چەکدارەکە، خۆی وەک پیاو چاکێک نیشاندا و شانێکی بۆ هەڵتەکاند و رۆیی. گولێ هاتە سەری لە ڕقی ئەو چەکدارانە یەکسەر بگەڕێتەوە ماڵەوە و لەوێ نەیێتە دەر، هەرچی دەبێ با ببێ، ئاخر ئەمانە چین ئەمری بەسەردا بکەن؟ نا، هەر لە رقی ئەمانە باشترە بگەڕێمەوە و لە پاڵ دیوارێکی ماڵەکەمان دانیشتم، بەڵکە لەوێ دیوارەکەم بەسەردا بڕووخێ و یەکجێ تەواو بم! ئەی چۆن دەبێ لە دایک و خوشک و براکانم بێ خەبەر بم، چۆن نەیانبینم؟ نابێ! هەر دەبێ پێش ئەوەی دوا هەناسە بدەم چاوم پێیان بکەوێ، ئاخر چۆن بەبێ دیتنی ئەوان بمرم! بەبێ ئەوان بژیم؟!

گولێ بەخەیاڵی داهات خوشکە بچووکەکەی، کە لە هەموویانی خۆشتر دەویست، بەدەنگی بۆمباکان هەناسەبڕ بووە و نەماوە، مووچڕکەیەک بەلەشیدا هات، لێوی خۆی گەست، هەنگاوی هەڵێنا، وەستا، نەیزانی بۆ کام لا بڕوا، بۆ ماڵەوە، یا بەو شوێنەی کە خەڵکەکە پێیدا هەڵدەهاتن. لە دووڕیانی ئەم دوودڵییەدا بوو، هاشەیەکی تر هات، گرمەیەکی زۆری بەدواوە بوو، دەتگوت ئاسمان شەق کرا و یەکسەر شارەکەی هەڵلووشی... بەرچاوی لێڵ بوو، تاریک داهات،، هیچی نەبینی، تەنیا گوێی لە وزە وزێک دەبوو، خەریک بوو مێشکی بتەقێ، بەهەر دوو دەستی ئەملاو ئەولای سەری





خۆی گرت، ماوەیەک وەستا، لە پڕ رووی وەرگێڕا و هەڵات... ئەم جارە بۆ کوێ بچێ؟ کەسیش دیار نییە، گوێی لە دەنگێکیش نابێ، گرنگ ئەوەیە بەپێچەوانەی شوێنی تەقینەوەکە هەڵدەهات. چەند جارێک بەڕێوە، هەڵدەستایەوە دەستی بەغاردان دەکردەوە، لە کووچەیەک چەند کەسێک بەهەڵە داوان رایان دەکرد، بەعاستەم هەستی پێکردن. بەدوایان کەوت، لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بوو، نەیدەپرسی، هیچی نەدەگوت، ئەوانیش هیچ قسەیەکیان نەدەکرد، هەموویان دەتگوت وەپێش مەرگی خۆیان کەوتبوون، مەرگ راوی دەنان، گولێش وەکو شێت چاوی دەگێڕا و هەنگاوی بەپەلەشی هەڵدەهێنا، بەرێگاوەش هەستی بەزۆرتربوونی خەڵکەکە دەکرد، بەڵام کەسی نەدەناسی، هەموویانی وەک یەک دەهاتنە بەرچاو، ژن و پیاو و منداڵێکی زۆر تێکەڵ بەیەکتری ببوون، سەروسیمای هەموویان لە یەکتر دەچوون، تا دەهات لە شار دوور دەکەوتنەوە. رووەو کەندالێکی قووڵ و بەرین دەچوون، لەوێ دەوەستان، هەبوو لەسەر سک دەکەوت، هەبوو لێی رادەکشا، زۆرتریش بەدوای ئازیزەکانیاندا دەگەڕان... گولێ خۆی لە نێو ئەو حەشاماتەدا بینییەوە، تا بڵێی سەر لێشێواوو ماندوو دیار بوو، بەم حاڵەش چاوە بزێوەکانی هەر دەگێڕا، کەسانێکی زۆری بەدایک و برا و خوشکەکانی دەشوبهاند، دڵی لەگەڵیدا رادەتەکی و تروسکەی خۆشییەک بەگیانیدا دەچوو، گەلێکیش بەگریانەوە رووەو گولێ دەهاتن کەچی خێرا سارد دەبوونەوە و بەلایەکی تردا دەڕۆیشتن. سەیر بوو ئەو خەڵکە هەموو بەدوای یەکتردا دەگەڕان! کەم کەسیش هەبوو، ئازیزەکانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو رۆژە دروست لە حیکایەتی رۆژی حەشر دەچوو. کێ هەبوو سەروسیمای نەشێوابێ، نەگری و نە گریابێ، خۆ زۆربەی ژنان سەردوولکەیان بۆ ئازیزە جێماو و کوژراوەکانیان دەگوت... گولێش لە پەنای بەردێک، پاڵی دابۆوە، ملی بەسەر لاشانێکدا لار ببۆوە و هەردوو دەستیشی لە بێ هێزیدا شۆڕ ببوونەوە، گوێی بۆ سەردوولکەی ژنان هەڵخستبوو، هیچی لێ تێ نەدەگەیشت، هەر بەئاوازەکەی بوو دەگریا. نەیدەتوانی بیر لە هیچ بکاتەوە، دەتگوت مێشکی لەکار کەوتبوو، ناوە ناوە وەک مەستێکی لە دونیا داپچڕاو چاوی بێ تین و توانای دەگێڕا، کەچی هیچ کەسێکی نەدەدی، لە پڕ گوێی لە زیڕەی ئافرەتێک بوو، زیڕەیەک هەناوی مرۆی هەڵدەتەکاند، گولێ راچڵەکی و هەڵسایە سەر پێ، چووە پێش، وەستا، سەیری ئەو شوێنەی کرد کە خەڵکەکە بۆی چوون، غاریان دەدا، ئەویش بەبێ ئاگا، پەلکێشی ئەوێ بوو، بەنێو خەڵکەکەدا دەڕۆیی، وەپێش دەکەوت، توانی بگاتە بەردەم ئەو زەلامەی منداڵێکی بچووکی بەدەستەوە بوو، منداڵەکە بەتانییەکی تێوە لوولدرابوو، کابرا منداڵەکەی دانایە سەر زەوی، بەتانییەکەیان لەسەر لادا، جەستەیەکی یەکپارچە سووتاویان بینی، هەموو تێکڕا ئاه و ئۆفیان لە دەم دەرچوو، گولێ لەگەڵ ئەوەی قەڵەمی پێی شکابوو،

بەڵام دیقەتی دایێ، هەر لە خوشکە بچووکەکەی دەچوو، هەر دەڵێی ئەو بوو... خودایە! ویستی هاوار بکا و خۆی بۆ منداڵەکە شۆڕ بکاتەوە، کەچی نەیتوانی، چەند هەنگاوێک کشایەوە، ویستی بقیژێنێ بڵێ ئەوە خوشکمە! خۆیشی نەیزانی بۆ نەیتوانی، شایەد نەیدەویست باوەڕ بکا کە خوشکییەتی. بەهێمنی و هەناسە بڕکێ و سەروسیمایەکی پڕ لە ترسەوە، چەند هەنگاوێکی تر کشایەوە، ئەم جارە خۆی دزییەوە و بەنێو خەڵکەکەدا پێچی دەکردەوە و دوور دەکەوتەوە... هەموو گیانی یەکپارچە دەلەرزی... دەبێ خوشکە بچووکەکەی نەبێ؟ بۆ جارێکی تر نەچێتەوە و تێی بڕوانێ؛ ؟ نا! دەترسم... ئەو نییە، گوێی لێ بوو کە چۆن کابرایەک پڕ بەدەنگی هاواری دەکرد: کوڕە ڕۆژی پیاوەتییە، خۆتان بگەیێننە نێو شار، خەڵکێکی زۆریش بەجێ ماوە و زۆریش مردوون... هێندێک بەترس و لەرزەوە دەجووڵانەوە و دەیانویست بڕیاری چوونە نێو شار بدەن. هێندێکیش خۆیان گێل دەکرد و لەگەڵ خۆیان دەیانگوت: پیاو هەیە بگاتە نێو شار؟ گوڵێ لەگەڵ ئەوەی دەترسا و نەیدەویست بەچاوی خۆی مەرگی هیچییەک لە ئازیزەکانی ببینێ، بەڵام هێزێک لە دەروونیدا بەرز بۆوە و زاری لێک ترازاند، چووە پێش و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەکابرای گوت: من دێم!

بەڵام کوا ئافرەتێکی وەک گوڵێ دەتوانێ ئەم کارە سەختە ئەنجام بدات؟ ئەمە بەکەسێکی دنیادیدە و بەهێز و بازوو دەکرێ... گوڵێ لە دڵەوە ئەم قسەیەی کرد، هەر بەڕاستیش ئامادە بوو، بۆ کوێ بچوونایە ئەویش دەچوو. ئەو ڕۆحی لەسەر پێ وەستابوو، لەو ساتەدا هەر ڕۆحی پەشۆکاوی بوو وەجواب دەهات. هەر شوێنێکی خەتەرناکیان هەڵبژاردایە، دەکەوتە پێشبڕکێ و جەستەی گوڵێی ڕاپێچ دەدا... گوڵێ بەپەلە لە کابرا نزیک بۆوە، دەستبەجێ وەک لێی بپاڕێتەوە، کابرای وەستاند... کاکە بەجێم مەهێڵن منیش دێم! کابرا بەچاوی گومان و بێزارییەوە لە خەڵکە دەستەمۆبووەکان ڕاما و یەکسەر بەری خۆی وەرگێڕا و لەگەڵ کۆمەڵێکی تر، بۆ نێو شارەکە تێیان تەقاند.

گوڵێ درزێکی گەورەی لە نێو خەڵکەکەدا کردەوە، لێیان دوور کەوتەوە، هەرچەند تینی دەدایەخۆ نەیدەتوانی بگاتە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی پێشی. گرنک نەبوو کەی دەگا، خۆ ئێستا ویژدانی ئازاری نادا، ئێستا نا کەمێکی تر دەگەنە نێو شار. چەند جارێک، هەندێ لە چەکدارەکان دەیانویست بیگەڕێننەوە، بەڵام سوودی نەبوو، لێوی بێزاری و تووڕەیی لێ هەڵدەتەکاندن و بەلایەکی تردا هەڵدەهات، گاڵتەی بەم قسانە دەهات کە پێی دەوترا... کچێ نەڕۆی مەرگ لەگەڵتایە!

گوڵێ بەتەواوی ڕەنگی هەڵبزرکابوو، سەروسیمای داهێزرابوو، هەر چەند خەڵکیش بەنیازی خۆ ڕزگارکردن بەبەردەمیدا تێدەپەڕین، وەک نەیان بینێ سەریشی بۆ بڵند





نەدەکردن. ئەو غاری دەدا، نەدەوەستا، لەمەش زێتر ڕۆحی وەپێش خۆی کەوتبوو، دەگەڕا کووچە و کۆڵانی شارەکەی دەپشکنی، لە هیچ جێیەک ئۆقرەی نەدەگرت، بەهیچ گریان و فیغانێک کۆڵی نەدەدا. ببووە چاوێکی باڵگرتوو، لەسەر هیچ چڵ و پۆپێ هەڵنەدەنیشت. دەفڕی، بۆ دیدەنی ئازیزەکان لایە لایەی دەچڕی. بۆ کوێ بچێ؟ شار خەریکە دەبێتە خۆڵ و لە ژێر پێی ڕاکردووەکاندا تۆز دەکا، دیواری حەوشە و خانووەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان، وەک مرۆڤە بەجێماو و هەناسە لێبڕاوەکان. دەست لە ملانێی یەکتر دەکەن. بەکوێدا غاربدا، خەریکە لە شوێن خۆیدا چەق بووەستێ، ئەی ئەوە نییە جادە و کۆڵانەکانیش بەلاشەی رووخاوی خانووەکان، گیراوە؟ چ شەقامێ هەیە لەوی تر نەچێ؟ چ گەڕەکێ ماوە تا بناسرێتەوە؟ هەموو گەڕەک و شەقامەکان لە یەکتر دەچن، ئەو کەسانەی لێرەو لەوێش لە پەنای دیوارە رووخاوەکاندا و لەنێوان درزی خانووە تێکڕماوەکاندا سەریان چۆتەوە نێو سنگیان، هەموویان لە یەکتر دەکەن، کێ دەتوانێ ئازیزێکی لە نێو ئەو هەموو جەستە خاک بەسەر و شێواوانەدا بدۆزێتەوە؟ گوڵێی سامگرتوو چۆن دەتوانێ گریە و ناڵە ناڵی ئەو هەموو مرۆڤە گەروو سووتێنراوانە لێک جیا بکاتەوە؟ چۆن دەتوانێ چاوی دایک و خوشک و براکانی لە نێو ئەو هەموو چاوە کراو و برژێنراو و شێوێندراوانەدا بناسێتەوە؟ لەگەڵ ئەمەشدا گوڵێ باوەڕی وابوو هێندە نابا دەگا بەو خۆشییەی کە لە پێناویدا ڕادەکا، دەستێکی بەرەحمیش هەر دەبێ بەهانایەوە بێ! بەڵام کوا، ئەم دەستە لە کوێیە؟ هیچ نەبێ بۆ چاوتروکانێکیش بێ ئەوان بەحاڵی گوڵێ بزانن، بیبینن کە چۆن هۆگر و وێڵ و سەرگەردانە بۆ دیدەنیان. ئێستا دەرگاکانی شار هەموو لە سەر پشتن، گوڵێ بەسەر هەورازی ماڵە رووخاوەکاندا هەڵدەگەڕێ و ساتێکی کەم بۆ لاشە بەجێماوەکان، ڕادەوەستێ، بەسەر هێندێکیشیاندا بازدەدا، وەک منداڵێکیش خۆی کووڕ دەکاتەوە و بەنێوان دیوارە رووخاو و عاموودە بەلا کەوتووەکاندا، تێدەپەڕێ. خۆ بۆ جەستەی منداڵێکی کۆرپە شۆڕ دەکاتەوە، لەسەرخۆ پەنجە بەڕوومەتی وشکیدا دەهێنێ. ئێستا خۆیشی نازانێ بۆ کوێ دەچێ و بەچ مەبەستێ ئەمسەر و ئەوسەری شار دەکا. بۆ خۆی دەگەڕێ،، دەسووڕێ، لەم ماڵەوە بۆ ماڵێکی تر ڕێ دەبڕێ. بێ ئەوەی نوقەی لە دەم بێتە دەر، لەپڕ دەوەستێ، لەبەر دەرگای ماڵێکی ئەوبەر شەقامەکە، لاوێک دەبینێ، کە چۆن بەخێرا دەردەپەڕێتە دەور و پشتی بەدیواری بەردەرگای دەرەوە دەنووسێنێ، کوڕە بەهەر دوو دەستی گەردنی زراڤ و سوور هەڵگەڕاو و دەمارە دەرپۆقیوەکانی ڕادەگوشێ، دەیەوێ بکەوێ، بەڵام تین و تاوێکی زیاد دەداتە بەر هەردوو قاچی، هاوار دەکا، بەڵام دەنگی دەرنایێ چاوی بۆ هەموو لایێ دەگێڕێ، کەچی وێ دەچێ هیچ کەسێ نەبینێ، دیاربوو جار ناجارێ لە تاوی ڕۆحدان، چاوی بەزەیی لە ئاسمانی بێ بەزەیی دەکرد،

گوڵێ بەواق وڕمان و سک پێ سووتانەوە کارەساتی ئەم لاوەی بینی، ویستی بچێتە لای. بەڵام چ بکا، خۆ ئەمیش هەر وەکو ئەوانەی پێشوو، پاش چەند لەحزەیەکی تر بەلادا دەکەوێ و لەوێ جێ دەمێنێ. چەند ئەستەمە، یەکێک ڕۆح بدا و کەسوکاریشی لەوێ نەبێ؟ دیارە ئەمیش کەسی نییە، یاخود نەیانتوانیوە بەهانایەوە بێن. خۆ ئازیزەکانی منیش هەر ئاوایان لێ هاتووە، نا! دایکم ماوە، ئێستا دەچمە لای و پێکەوە لەگەڵ خوشک و برا جوانکیلەکانمدا ئەم شارە بەگۆڕاوکراوە جێ دەهێڵین. هەموومان دەڕۆین، دەچینە شوێنێ دەستی کەسی نەگاتێ، دەڕۆین بۆ خۆمان جێگایەک دەدۆزینەوە، هیچ ڕێگایەکی نەیێتە سەرێ، لەوێ خانووێک ساز دەکەین، نا لە ژێر کەپرێک دەژین، پێکەوە هەموو بەیانییەک، خێرا هەڵدەستین و لەوێش نامێنین، بەشەویش دەگەڕێینەوە، بەشەو کەس نامانبینێ... نان و ئاوێکی زۆریش دەبەین... ئاو! گەرووم وشک بوو، ئەم کوڕەش دیارە تینووی بووە، دەبێ قومە ئاوێکی لەکوێ دەست کەوێ؟ قوڕگم وشک هەڵاتووە، دەچمەوە ماڵێ! ئێستا دەگەمە ماڵی خۆمان، ئاو بۆ ئەم کوڕەش دێنم، ئاوێکی زۆری بۆ دێنم، ئەویش لە خۆشیانا شاگەشکە دەبێ، چاوێکم لێ دەکا و لەگەڵمدا دێتەوە، خۆ ئەویش کەسی نەماوە، ڕەنگە منیش وابم! کێ دەڵێ دایک و برا و خوشکەکانم نەماون؟ نا ئەوان نامرن، خوا گوناحی وا ناکا! چۆن دڵی دێ ئەو پەرییانە بکوژێ؟ کەوت! مرد! ئەوە دەمرێ! ئەم کوڕە چی لە ژێر زەوییەکەدا دەبینێ؟ خۆ خەریکە سەری بباتە نێو عەرزەکەوە، ئێی! دەڵێی شێتە! ئەم مستە کۆڵانە لە چی دەدا؟ بەستەزمان وا دەزانێ خاکەکە زوڵمی لێکردووە، ملی زەوی گرتووە و بەری نادا. ئەی خودایە خەریکە بەزۆر عەرزەکە شەق کا و بچێتە ناویەوە! نا! نەکەی، بۆ کوێ... ؟

گوڵێ وەک لە ترسی کەسێ بیەوێ خۆی حەشار بدا، یەکجێ لەوێ هەڵسا و خۆی بەکۆڵانێکی تردا کرد، لەبەر خۆشیەوە دەیگوت: ئێستا دێمەوە، ئاوێکی زۆرت بۆ دێنم... کەمێکی تر خۆت ڕاگرە، بەخۆم و دۆلکە ئاوێک دەگەڕێمەوە، منیش تێنوومە. وەختە لە تێنووان بمرم، ئەمەتە ماڵەکەمان دوور نییە، چەند شەقاوێکی ترم ماوە و بۆتی دەهێنم... دایە! قومێک ئاوم بەرێ، چیتر ناتوانم بێمە پێشەوە، خۆتم بگەیێنێ، ئەگەر ناتوانی، مەیێ، دایە! بۆ ئێوە لە ماڵەوە نەبوون؟ ئەی ئێستا چوونەتە کوێ؟ دایە ئەم کوڕە کەسی نەبوو، مرد، نا نەمردووە، تینوویەتی، ئەگەر نەیگەمێ دەخنکێ، زووبە! تۆش وەرە لەگەڵم... نایێی؟ باشە، ئەی برا و خوشکەکانم، چوونەتە کوێ؟ نا! دەتوخوا وەرنە لام، زۆرم تێنووە، سەرم بۆتە پوورە هەنگ، خەریکە مێشکم دەخۆن! ئەوە هاتمە لاتان، دەدەستی ناسکتان بخەنە سەر هەنیەم، ئەوە دەیەوێ بتەقێ، وەکو شارەکەمان، گرمە و هوڕیەتی ئەوە چییە دایە؟ بۆ دەنگت نایێ؟ ئەم شارە چی





بەسەرهاتووە، ئەی ئێوە خەڵکی ئێرە نین، بۆ سێبەریشتان دەرناکەوێ، من گەڕام، ئەوە دەشگەڕێم، کەچی ناتانبینمەوە، لە نێوان درز و قەڵشی چ دیوار و خانوێکدا خۆتان مەڵاس داوە؟ ئێوە ماون؟ ئا. دەمێنن. دەزانن منیش چاوەڕوانتانم.

ئێستا نێو شارەکە هێمنترە، جار ناجارێ، لە نزیک و دوور، دەنگ و هەرایەکی نزم دەبیسترێ، بەڵام دەنگەکان هەر هەستی پاڕانەوە و بێ دەسەڵاتی و لێقەوماوی دەخەنە دەروونی مرۆڤەوە... گوڵێ بەم دەنگانە، وەک لە خەوێکی سووکدا بێ، ڕاچەنی، هەستی ڕادەگرت، پاش نەختێک تێڕامان، بزەیەکی دەهاتێ و غاری دەدایەوە، بەسەر چەندان لاشەی بەجێماوی نێو کۆڵانێکی تەسکدا بازی دا. بەبێ بایەخەوە هەموویانی جێ دەهێشت، تەنیا لەسەر لاشەیەک هەڵوێستەیەکی کرد، لە تەک لاشەی منداڵێکی ساوای هەناسە لێبڕاودا وەستا، منداڵەکە هەردوو چاوی نیوە داخراو بوون، دەستێکی کەوتبووە ژێر مەمکی دایکە لەسەر پشت ڕاکشاوەکەی، ئافرەتەکە دەتگوت خەون دەبینێ، خەونێکی پڕ لە شەڕوشۆڕ و هەڵچوون... دیار بوو تازە ڕۆحی لێ سەندرابۆوە و توند دەستێکی خستبووە سەر سنگی خۆی، هەر وای زانیوە منداڵەکەی بەباوەشەوەیە. گوڵێ خۆی بۆ منداڵەکە شۆڕ کردەوە، لەسەر چیچکان دانیشت، بەنیگایەکی قووڵەوە لە سەروسیمای بێ گیانەکەی ڕاما، بەبەکە! ئەوە دایەت جێ هێشتووە؟ لێی تۆرابووی، نا، وەرە لەگەڵ خۆمت دەبەمەوە، تۆ هەروەکو خوشکمی، ئەویش چکۆڵەیە، بەڵام لە تۆ گەورەترە، هەردووکتان لەگەڵ خۆم دەبەم، لێرە دوورتان دەخەمەوە... دەتانبەمە هۆوەی، نێزیک ئەو شاخە، دەتاندەمە دەست شەیدا! ئەویش ئێستا لەوێ نییە، بەڵام هەر دەچێتە ئەوێ، چاوەڕوانی من دەکا! شێتە! بەبەکە! دەهەڵسە دەی، خۆ دایە نووستووە، ئاگای لێ نییە، ئەگەر نێیت دەگرییێم! ئەو کاتیش دایکت هەڵدەستێتەوە... دایە، ئەمە بەبۆکەی تۆیە؟ نایدەی بەمن؟ ئەی ئەوە نییە ناتەوێ و فڕێتداوە؟ بۆ خۆمی دەبەم... دایکیشم خوشکە بچوکەکەمی داومەتێ، گوتی: بۆ خۆتی بەرە، ئێستا دەچم دەیهێنم لەگەڵ بەبەکەی تۆ دەیانبەم، لێرە هەڵیان دەگرم، هەردووکیان دەخەمە نێو هەگبەیەک و بۆ خۆم دەیانبەمە بنار ئەو شاخانە، لەوێ لەژێر دار چنارێک دایاندەنێم، شیری خۆمیان دەدەمێ، منیش مەمکم هەیە، ها! سەیرکە، دوو مەمکی وەکو تۆم پێوەیە دواییش کە گەورە بوون فێریان دەکەم، چۆن بەدار چنارەکەدا هەڵبگەڕێن، چۆنیش بێنە. خوارەوە... من دەبمە دایکیان، ئێوە بۆ خۆتان بنوون، ئێستا دەچمە لای دایکم بەویش دەڵێم بۆ خۆت بنوو، بۆ هەڵدەستیتەوە، خۆ چ شتێک لە خەو خۆشتر نییە، منیش دەمەوێ بخەوم، بەڵام نا ئەمڕۆ نانووم، دەترسم کەسێ نەمبینێ، بۆ هێندە تێنوومە؟ ئێستا ئاو دەبێ چ تام و لەززەتێکی خۆشی هەبێ، ئای بۆ قومە ئاوێک. بەبۆکە، ئەتۆ بۆ خۆت خەوت لێ کەوتووە، تا زۆر تینووت نەبێ هەڵنەستیتەوە، هەڵمەستەوە، ئاوا چاکترە.

منیش بێ تاقەتم، حەزدەکەم هەر سەیرت بکەم، نا! با برۆم بەڵکە خوشکە چکۆلانەکەم دەهێنم و هەردووکتان پێکەوە هەڵدەگرم! ئای کە خۆشە، ئاگریش خۆشە، کەمێک خۆمی لەبەر گەرم دەکەمەوە، تۆش لەوانەیە سەرمات بووبێ، کێ دەڵێ لەسەرمان وات لێ نەهاتووە؟.

کۆمەڵە چەکدارێک لە پشتی پیکابێک دابەزین. هەموویان خۆیان دەمامک دابوو، لە گوڵێ نزیک بوونەوە، بەڵام گوڵێ بەر لەوەی ئەوان بگەنە سەری، منداڵەکەی دەست دایێ توند لە ئامێزی گرت... بەسەر مەیتی ئافرەتەکەشدا بازی دا و هەڵات... چەند چەکدارێک وەدوای کەوتن، هەندێکیش ئافرەتەکەیان خستە نێو بەتانییەک و بۆ نێو ئۆتۆمبیلەکەیان هەڵگرت. گوڵێ ئاورێکی لە چەکدارەکانی دوای خۆی دایەوە و وەستا، بەرق و سەرسوورمانەوە وەستا، بۆ بەدوام کەوتوون؟ ئەمە منداڵی خۆمە، خۆ نەمدزیوە! چیتان دەوێ لێم؟ من نایەم لەگەڵتان، من ماڵم لەهۆوەیە. من هیچتان ناناسم، ئەمە دەبەمە بناری ئەو شاخە، لەوێ دەیدەمە شەیدا! شەیدا لەوێیە، ئێوە نایناسن؟ ئەو لەوێ چاوەڕێمە... من خەڵکی ئەم شارەم، ماڵیشم لێرەیە، ئەم منداڵەش هی خۆمە، ها! سەیری بکەن چەند جوانە، هەر بەخۆم دەچێ... دایکم چاوەڕێمە... دەڕۆم...

لە نێو چەکدارەکاندا، کوڕێک لێی هاتە پێشێ و تفەنگەکەی دانایە سەر زەوی، لەسەر چۆک دانیشت و سەری داخست، هەموو گیانی لەگەڵ قوڵپی گریاندا هەڵدەبەزی، گریانەکەی بوو بەهاوار... گوڵێ بزەیەکی بۆ کرد، هیچ گۆڕانێک لە سەر سیمایدا بەدی نەکرا. لە ڕاستیدا وەک نەیدیبێ و نەیناسیبێ ئاوا سەیری کرد. هەر چەند چەکدارەکە لێی پاڕایەوە و نێوی خۆی پێ گوت، سوودی نەبوو، گوڵێ دە دنیایەکی دی دەژیا، خێرا ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا و تەنیا ئەم قسەیەی لە دەم دەرچوو... تۆ کێی؟ ئەمە منداڵی خۆمە! بۆ لێم ناگەڕێن... ئیدی هەڵات!

**١٦/١٥ -٢- ١٩٩١**

***



# ماینە سوورە

لە پەنا کەڤرێکی ڕۆخ بناری شاخێکی گەورەدا وەستا بووم، جەستەم هەر لە گەرماپێو دەچوو، ئەو ترسەی پێم هەڵگەڕابوو، لەسەرخۆ دادەبەزی، هەناسەم لەگەڵ هێوربوونەوەی ترپەی دڵم یەکانگیر دەبۆوە، تا دەهات دەورووبەری خۆم ڕوونتر بەدی دەکرد. دڵنیا بووم کە لە مەترسی دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام حەزی مانەوە و ژیان، ڕێگەی پشوودانی لێ گرتم. خێرا هەڵسام، چەند شەقاوێک ڕووەو هەورازەکە ڕۆیشتم، لە پڕ وەستام، ترپەی چەند هەنگاوێکی نارێک و پەشۆکاوم هاتە گوێ، دڵم داخورپا، ترس هورژمی بۆ هێنام بەڵام لە ترسی مەرگ نەدەچوو، نیوە ئاورێکم بۆ دواوەی خۆم دایەوە، دروست ئەوەی لەو چرکەیە بەمێشکمدا دەهات، ئەو بوو، هەو بوو! ماینە سوورە! ئەمیش لە دووری منەوە ئیستێکی کرد، بۆی گەڕامەوە، گومانم لە چۆنیەتی وەستانەکەی کرد، وەستام، دیقەتم دایێ، دەتگوت پێم دەڵێ: بۆ کوێ دەچی، بگەڕێوە!

ماینە سوورە ئێشکچی دەروازەی ژینگەمان بوو

ماینە سوورە سێبەری پشوودان و پشکۆی زستانمان بوو!

باشتر، جێت ناهێڵم، دەزانم تۆش وەکو ئێمە پەڕاگەندەیت، وەکو من دەتەوێ گرۆی ژیان بیەیتەوە. بەدوای ڕۆحی باڵگرتووتدا ڕادەکەی، ئۆخەی کە هاتی، وەرە، وەرە پێش ماینە سوورە! ماینە سوورە ملی ڕادەوەشاند، نیگاکانی لە دوور چاوم دەچەقاند، هەر چوار پەلی وەجووڵە خستن، کەچی جاران ئاسا نەیدەحیلاند، لە سەروسیمایدا کانیاوی کەنەفتی و شەکەتی دەردەبوو. تێم دەڕوانی، بەڵام وێ دەچوو نەمبینێ! چەند جارێک دەنگم دا، چوومە پێش، وەستام، ئەمیش ڕووی وەرگێڕا و کلکی کردە مێشکوژە و ڕاست و چەپی خۆی پێ دەکوتا. ماینە سوورە قەت پشتی لە ئێمە نەکردووە، هەموومانی باش دەناسی. خۆ لە هەر کوێ، لە نێو گاڕان و تەنیایی و تەوێڵەدا، گوێی لە دەنگی هەرکاممان بوایە، چاوی بەهەریەکێک کەوتبا، حیلەیەکی ناسکی دەکرد و دەکەوتە هەڵپە و هەڵڵا. ئەدی بۆ ئێستا وەکو جاران ناحیلێنێ، بۆ ڕووم تێ ناکا؟ هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە نەمناسێتەوە. ئەی کوانێ جوانووەکەی؟ ڕەنگبێ لە هەژمەتی نەبوونی ئەو، دڵی بەمیش خۆش نەبێ، بەترس و دوودڵییەکەوە چوومە پێش، لەپڕ حیلەیەکی لە دەم دەرچوو، حیلەی ئەم جارەی لە هیچ جارێک نەدەچوو، یەکپارچە بوو لە نیگەرانی و ڕق وکینە و سەرلێشێواوی. هەستم کرد لە نزیکەوە زەنگی مەترسییەکم بۆ لێ دەدرێ، چەند جارێکی دیکەش حیلاندی بەڵام هەرجارە مانایەکی جیای پێ دەبەخشیم دەتگوت هەواڵی ئازار و دەردەکانی، بەدۆڵ و چیا و عەرد و ئاسمان ڕادەگەێنێ. لە خەوی چەند ساڵە بێداریان دەکاتەوە.

یەک شەقاوم مابوو بگەمە لای، ماینە سوورە وا ڕاپەڕی، دەتگوت پەنجەم بەرۆحی کەوت، وەک منی بەقامچی وەشێنێک هاتبێتە بەر چاو، بەڕقەوە لێم دوورکەوتەوە...

ئێستا کەی، وەختی جەنە و غەزرینە، کەی وەختی دەرد و نالّینە؟

ماینە سوورە وا دیارە لە تەنگانە کەمبینە

ماینە سوورە، مانی گرتووە بەم شینە

هۆ، هۆ هەورازەکان!

کانی پێدەشت و عاسێکان!

ماینە سوورە لە من زویرە

رۆحی ئەمیش

وەک رۆحی من دەستگیرە!

ماینە سوورە چەند جارێک بەدەوری خۆیدا خولایەوە، گەردنی پڕ لە ماسوولکە و دەماری ئاوساو، قیت کردەوە، حەی حەی پێ دەکرد و لە تەکیدا نالّەی دەهات. زەویش هەر چوار پەلی بەخۆوە نەدەگرت، زانیم ئەمیش وەکو ئێمە تەقەللای مەرگ بەزاندنێتی، رۆحی بەهەیبەتی ڕێگە نادا ژەهری مردن برژێتە گیانی.

ماینە سوورە ڕمبەی لێوە هات، دار و بەردی ئەو ناوە لەرزی، ئاسمان شەق بوو، دەنگێک، زریکەیەک، بەنێو دۆڵ و پەنا و پێچ و بەردەکاندا هات، هات و بەسەر سەری من و ماینە سوورەدا خولایەوە، ماینە سوورە تەکانێکی بێ ئامانی دایەخۆ، لەسەر پێ وەستا، بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە، بەلادا هات و جارێکی دیکە ترپەی لێوە هات، هەر چوارپەلی لە ئاسمان کرد. کەوتە سەر تەنیشت، هەردوو چاویشی لە نێو فرمێسک و هورژمی خوێن غەرق ببوون. منیش ئەلەوێ مۆڵەق و دەستەمۆ بووم، دەتگوت کۆتی خاک و بەردی ئەوێ ببووم... نەمدەتوانی بستێکی دیکە لێی نزیک ببمەوە یا دوورکەومەوە و ئەو ناوە جێ بهێڵم. ماینە سوورەش وەک هەست بەبوونی من بکا، تاوی دەدایە هەموو جەستەی، سەری بۆ لای من لار دەکردەوە و توند بەزەوی دادەدایەوە. لە پشتەوەم حیلەیەکی ناسک، هەر لە سەدای منداڵێکی ساوا بچێ، هاتە بەر گوێم، ئاوڕم دایەوە، جوانووە ناسکۆڵەکەی ماینە سوورەم بینی، ئاسک ئاسا غاری دەدا، بەپەنای بەردەکاندا پێچی دەکردەوە و دەوەستا و لە قووڵایی دەروونییەوە لە حیلەی دەدا، ماینە سوورە وەجووڵە کەوت، دەتگوت هێزێکی نامۆ، پڕتوانا بەنێو لەشیدا ڕەتبوو. تەکانێکی دایە خۆ، هەڵسایەوە، لەسەر پێیان وەستا، سەری بۆ لای ترپەی هەنگاوەکانی جوانووەکەی هەڵێنا، گەردنی لەرزی، دیار بوو لە حیلەی دا، هەرچەند فەرمانی بەقاچەکانی دەدا کە بووەستن بەڵام وەک داری بێ ڕەگ توانای سەقامگیربوونیان نەبوو. جوانوو دەتگوت رۆحی ونبووی دۆزیوەتەوە، هات و لەبەر دەم





دایکی وەستا، نەمزانی بۆ ڕێگەی دا بەئارەزووی خۆی لە دایکی نزیک بێتەوە؟ خۆ دایکی لە ساتەمەرگدا دەژیا، ژەهر گیانی دەهاڕی و دوا هەناسەی لێ دەبڕی. دەبووایە جوانووەکە دوور خەمەوە... بەڵام، نەمتوانی... ماینە سوورە بەسۆزەوە سەری بێ نیگاکانی لە پشتی جوانووەکەی دەسوویی، وەک بۆ هەتا هەتایێ نەیبینێتەوە، بەتامەزرۆوە گەردەنی خستە سەر ملی، جوانوو وەکو جاران دەمی لە گوان گیر دەکرد، دەتگوت لە دوا ڕێکەوتدا رۆحی تواوەی دایکی هەڵدەمژێ. ماینە سوورە بەهەموو گیانی بۆی وەستا بوو، هەوڵی دەدا تا قەترەیەک شیر لە لەشیدا مابێ قامەتی هەر بەپێوە بێ. جوانوو تێر بوو، بازێکی هەڵدا و لە دایکی دوور کەوتەوە، دایک لەرزی، دەتگوت بارێکی قورس دەخرێتە سەر پشتی، هەر چوارپەلی نوشتاندەوە، سنگی بەعەردەکەوە نووساند، ملی شلتر و درێژتر بوو، وێ دەچوو مەرگ لە هەڵمەتی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، بەڵام ماینە سوورە، ئارەزووەکەی هاتە دی، ئێستاش جەستەی کەوتۆتە سەما. سەمای مەرگ خەریکە لە پەلوپۆی دەخا، جوانووە سوورەش بەدەوریدا دەخولێتەوە، منیش هەر بەدەوری خۆمدا!

١٩٩١

***

# خەجاو

قژی پەرشوبڵاوی منداڵە ساواکەی، وەک خەمێکی ئاڵۆز، تێکەڵ بەشانەی پەنجە ترس تێخزاوەکانی ببوو، ناوەناوە، تا قووڵایی سییەکانی، تا توانەوە لەگەڵ ڕۆحی پەشێواویدا، بۆنی پرچە شل و خاوەکەی دەکرد، لەپڕ دەنگێکی قورس ڕۆچووە دەروونی، دەستی هەواڵێکی دڵڕاتەکێن، ترس ئامێز ڕایتەکاند، گوێی لە چرپەی کۆمەڵێک هەنگاوی نارێک و خشپە و سرتە و پێخوستی کەسانێک بوو، منداڵە ساواکەی لە مەمکە پڕ شیر و هەڵامساوەکەی جیاکردەوە.

چوار کەس بەپەلە وەژوورکەوتن، دەوری خەجاویان گرت، خەجاو تەکانی هەڵاتنی دایە خۆ، بەڵام نەیتوانی، ویستی بقیژێنێ، خێرا دەمی بەپانایی دەستێکی بەردین گیرا، پەنجەی هەڕەشەی بەڕوودا بەرزکرایەوە.

– بێدەنگ بە! مەمکیشت داپۆشە!

یەکێکیان بەپەلەپرووزێ پڕی دایە منداڵەکە و ڕاپێچی دەرەوەی کرد، خەجاو لێوی ڕەق و ناچاری لێک ترازاند، بەر لەوەی شتێک بڵێ، مستەکۆڵەیەکی پێ کەوت. ڕق و کینەی بێ ئەندازەی ئەوان، لەگەڵ مست لێدانەکە ڕژایە نێو دەروونی. ترس و حەپەسان، لەنێو خوێن و جەستەیدا ڕوا. لە پشتەوەڕا دەستێکی ئاسنین، قژە تێک ئاڵاوەکەی بۆ دواوە ڕاکێشا. خەجاو بۆ دەست و پێی ئەوان دانەویەوە، دەستی لەرزۆکی بۆ قاچ و قولی هەموویان درێژ کرد، سیمای پڕترس و وەحشەتگرتووی هەڵبڕی.

– لە ڕاهی خوا... لە ڕاهی ئەو منداڵە!

هیچ قسەیەک، پاڕانەوە و داوایەکی خەجاو بۆ ئەوان گرنگ نەبوو، ئەوان نیگاکانیان خەنجەری ڕق و تۆڵە بوو، خەنجەرێک، تک تک، خوێنی ڕەشی لێ بچۆڕێتەوە. خەجاو وەک منداڵێکی ساوای کەسوکار لێ ونبوو، گاگوڵکەی بەدەوری ئەواندا دەکرد و دەپاڕایەوە. ئەو چاوەڕێی دەستێکی بەرەحم بوو هەڵی گرێتەوە و لەسەر پێ بیوەستێنێ، چاوەڕێی دەنگێک بوو تۆوی شەڕ و تۆڵەی تیا نەبێ، کەچی تەنیا سەدای نووزانەوەی خۆی دەبیستەوە.

– چیم لێ دەکەن؟!

ئەوان وەک کێوێک بەسەر سەریەوە قیت وەستابوون. کێوێکی دڕ، عاسێ، سامناک، کە ئاستەم بوو ئەو جەستە پەڕوباڵ شکاوە ڕێچکەیەکی تیا بدۆزێتەوە و بەباڵایدا هەڵزەنێ. ئەوان شەپۆڵی مەرگ بوون. لەنێو ئەو ژوورە تەسکەدا، شاڵاویان بۆ خەجاو هێنا، خەجاو وەک لە زستانێکی سڕوسارد، لە کەنار دەریایەک بێ و، نیوەی لەشی لە نێو لمدا چووبێتە خوار، لەنێوان قاچی سەخت و چەقیوەکانی ئەواندا گیرببوو.





تازە بۆ کوێ دەچێ، پەنا بۆ کوێ بەرێ، بەکام گوتە و بەکام ڕەفتار دڵی ڕەق و پڕ کینەیان نەرم کاتەوە؟ تازە چوو، زۆر درەنگە ئەوان ئێستا لەبەرچاوی خەجاو بوونەتە یەک سەروسیما. هەموویان یەک دەنگ و یەک ڕەنگ و یەک ئاکار و یەک بڕیارن. ئەوان جاران وانەبوون ئێستا لە ئاست ئەمدا، وەها یەکیان گرتووە، وەها لەناو یەکتریدا توانەتەوە، بوونەتە جەستەیەکی ڕق پڕژێن.

خەجاویان بەپێوە ڕاگرت، شل و شەکەت، سپی هەڵگەڕاو، واق وڕما و پێڵوو وەستاو، سەیری هەموویانی دەکرد، چاوی دەبڕییە چاوی هەموویان. کانی ڕق، خوێن، جوێن، هەڵدەقوڵا، لە قووڵایی کانیەکەشدا بزەیەکی بینی، بزەی گەڕانەوەی حەیا، بەبێدەنگی ئاوڕێکی لە شوێن منداڵە ڕاپێچدراوەکەی دایەوە، دوو قەترە فرمێسک لە سووچی چاوەکانیەوە خێرا خزانە دەرەوە و دەت وت ئێشێکە، ژانێکە لە لەشی جیا دەبێتەوە. هەستی کرد گۆناکانی مەمکی گەرم دادێن، وای دەزانی منداڵەکەی هەر بەباوەشیەوەیە و بەلێوە گەرم و خونچەییەکانی، بەپەلە شیری هەڵدەمژێ، شیر لە مەمکەکانی چۆڕاوە، بازنەیەکی تەڕی نارێکی لە دەوروبەری کراسی سەر مەمکانی نەخشاند، شیرەکە پەرش بۆوە، بازنەکە تێکچوو، شوێنی تەڕاییەکە بەمەمکەکانیەوە نووسا، هەموویان ئەو ڕووداوەیان بینی، یەکێک بەخێرایی عەبایەکی هێنا و دایە دەست خەجاو:

– بەسەر خۆت دادە و، بێدەنگ، وەپێشمان کەوە!

خەجاو هیچی نەوت، بەڵام ترووسکەیەک دڵنیایی بەدڵیدا ڕەت بوو... چۆن دەستیان دەگرێ منێک کە خوێنی ئەوانم تێ بگەڕێ بمکوژن، چۆن دەتوانن بەکۆتایی هێنانی من، چاو لە چاوی منداڵە ساواکەم کەن؟ نا، ئاهی ئەم منداڵەم ڕێگایان پێ نادا، چاوی ئەم منداڵەم بۆیان دەبێ بەمۆتەکێک، بەرۆژ و بەشەو لە بێداری و لە خەوندا، ڕاویان دەنێ، کون بەکون سەر بەماڵەکانیان دەکا، سەری کووچە و کۆڵانەکانیان لێ دەگرێ، بۆ کوێ دەچن، ئەویش هەر گەورە دەبێ، خێرەومەندێک پێی ڕادەگا هەموو شتێکی پێ بڵێ، ئەو لە جنسی ئێوەیە تۆڵەی دایکی خۆی هەر دەکاتەوە، دە قات تۆڵەتان لێ دەکاتەوە، بچووک و گەورەتان لە قوڕ دەنێ، کوا؟ چەند خۆش بوو ئێستا وەک زەلامێکی چوارشانە لەبەر دەستتان قیت ببایەوە، دەست و پەنجەکانتانی ورد و خاش کردبا، نیشانتانی دابا، کە ئێوە زۆر لەوە بێ تواناترن، بچووکترن، کە بتوانن منێکی سەر لێشێواو، بەزۆر بەشوودراو، بێدەسەڵات، پەلکێشی ئارەزووەکانتان بکەن، کوا لە کوێیت کوڕپەلەکەم، دەبا ڕۆحی پڕ لە ئازاری دایکت، بخزێتە گیانت، دەبا گیانی چکۆڵە و بێتاوانت گەورەبێ، ڕۆچێتە نێو دڵی مردوویان، گڕ لە ویژدانیان بەربدەیت و ژیانیان لێ بکەیتە دۆزەخ. ئەوان دەیانەوێ تۆی ساوا لە سۆزی گەرمی باوەشی دایکی

جیاکەنەوە، بۆ هەتا هەتا نیگاکانت بەدوای مندا بگەڕێن، هەر لە ئێستەوە فێری ڕق وکینە هەڵگرتنت بکەن، ئەوەی خۆیان مەبەستیانە لە ناو گوێی ناسکتدا بخوێنن، نەکەی گوێ بۆ تاوانەکانیان رادێری، هۆ کوڕە شیرنەکەم.

خەجاو وەپێشیان کەوت، هێشتا لەبەر دەرگای ژوورەکە رەت نەببوون لەپڕ وەستا ئاوڕێکی پڕ لە حەسرەت و غەریبی بۆ شوێنی منداڵەکە دایەوە، هێزێکی نامۆ تەکانێکی پێ دا، خەریک بوو جارێکی تر خۆی بەعەرزەکەدا بدا و لە شوێن جاران راکشێتەوە. لە ناکاو پاڵێکی توندی پێوەنرا، دەماودەم رۆیشت، لە نێوەڕاستی حەوشەکە رمبەی لێوەهات. خێرا خۆیان گەیاندێ، هەڵیان گرتەوە، ئەو سەروسیمایە پەشۆکاوە. ئەو دەموچاوە هەترەش چووە کە تەنیا لێقەوماوی و پاڕانەوەی لێ دەباری، هیچ سۆز و بەزەیەکی لە قووڵایی دەروونی ئەو کەسانە وەدەست نەهێنا، تۆ بڵێی تۆسقاڵێک رەحم بەمنداڵە ساواکەی نەکەن، گریە و نووزانەوەی ئەو کۆرپەیە ئیفلیجیان نەکات؟! تۆ بڵێی خوا، دەستی بەزەیی درێژ نەکا و بەردەرگایان لێ نەگرێ، بەرپێیان لێ نەکا بەچاڵ، چاڵێکی بێ بن، بەردەمیان نەکا بەتەڵدڕ، بەئاو، بەئاگر... تۆ بڵێی وا بەئاسانی غەدرێکی ئاوا گەورەم لێ بکەن؟

کوا کەسێکی بەویژدان، بەتوانا، بەدەسەڵات، هەر ئێستا لەبەر دەرگای دەرەوە قیت بێتەوە، بەری ئەو زوڵمە بگرێ، منی بێ چارە، بخاتە سەرشانی و بمفڕێنێ، بمباتە دوور، دوور لە هەموو کەسێ، ناسیارێ، خزمێ، برایێ... کوا؟ بۆ هەر ئێستا زەمین ناهەژێ، بوومەلەرزەیەک نایێ و داروبەردی ئەو خاکە تێکەڵ بەیەکتری ناکا، بۆ دەستی پیاوچاکێ بەم حەسارە راناگا، ئەم کەسانە رووەو ئاسمان هەڵناکێشێ، ناویان، ئەسڵوفەسڵیان لەسەر زەوی ناسڕێتەوە؟ بەرەو کوێیم دەبەن، چیم لێ دەکەن؟ خۆ ئەگەر بڕیارتان داوە بمکوژن، دە غیرەتتان هەبێ، بۆ دواجار منداڵەکەم بۆ بێنن، با بۆ ئاخیرین جار هەناسەی رۆحی هەڵمژم، چاو لە چاوی پاک و بێتاوانی بکەم، با بزەی ناسکی لێوە گەرمەکانی تێکەڵ بەرۆحم بێ، با ئەویش دڵ و دەروونی وێڵ و سەرگەردان و پەشۆکاوم ببینێ، باتێر لە چاوی ترس تێزاوی دایکی رامێنێ، دە لێم گەڕێن، با جارێکی تر منداڵەکەم لە باوەش بگرم، ئەو کات هەر چیم لێ دەکەن بیکەن، ئێوە دیارە دەتانەوێ بەنەمانی من، قەترەی حەیا ڕژاوەکانتان هەڵگرنەوە، سمێڵی لەدەست چووی پیاوەتیتان بادەنەوە، بەئارەزووی خۆتان پێبکەنن، پەردەی شەرمەزاری و رووڕەشی هەڵدڕن و بەسەربەرزی جارێکی تر لەدایک ببنەوە... ئەو کات کە وجودی من لە نێوانتاندا سڕایەوە، بەبێ ترس، زبڵی گوناحەکانی نێو ماڵ و بەردەرگا و کووچە و کۆڵانەکانتان رادەماڵن. خەڵکی چیتر قورسایی ناخەنە سەر پشتتان و لە چوارپەلیی رزگارتان دەبێ و وەک جاران لەسەر دوو پێ دەوەستنەوە. ئەو کات تۆزی بێ حەیایی





لەسەر شانەکانتان دادەتەکێنن. دیارە من بوومەتە باعیسی هەموو ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە کە ماوەیەکە پێیەوەی دەتلێنەوە، من ببوومە ئەو مارەی کە رۆژانە، شەوانە، ژەهرم دەخستە گەرووی شانازی و گەورەییتان. من گۆمی بێدەنگی ژیانی ئاساییتانم شڵەقاند، ئێوەم لە شوێنە قاییم و توندوتۆڵەکانتان هەڵتەکاند، رووی سپی و مەردایەتیتانم، لە قوڕێکی رەش و بۆگەن هەڵکێشا، وەزیفە و خەونە زلەکانتانم کردە قۆندەرە و، تەلەبەند و رێچکەی گوواوی مقەدەسەکانتانم پێ بڕی. من ئەو کات مانای ئەو شتانەم نەدەزانی، منی بێچارە چۆن بزانم بەو کارەی کە دەیکەم، دەستوری ژیانی ئێوە تێک دەدەم؟ من چوزانم قەڵای سەختی بوونتان هێندە بەئاسانی بەسەر سەرتانەوە دادەڕمێ؟ ئەوەی لە ژێریشیدا دەمێنێتەوە تەنیا منم، ئێستا لەوە دەگەم هەموو مردووەکانی ژێر ئەو قەڵایە ڕووخاوە، بەمردنی من، زیندوو دەبنەوە، مردووەکانتان، بەخۆیان و رق و کینەکانیان، هەڵدەستنەوە و رووەو من دێن، هەموو گۆڕەکان دەکەن بەگۆڕێک، داروبەردی سەرجەستەیان دەکەن بەدوو کێل، منی تەلبەندبڕ و یاساشکێن بەزیندوویی چاو دەخەنە نێو پەڕۆی حەیا رژاویان. سەروسیمام بەئاخرین تفی نێو زاری بۆگەن بوویان سواق دەدەن، بەهەموویان فرێم دەدەنە نێو گۆڕ و چاڵی پێشووی خۆیان. بەپەلە، وەک رەنو، دار و بەرد و خۆڵی ئەو ناوەش دادەبارێننە سەرم، دامەدەپۆشن، نەوەک رۆحی یاخیبووم، جەستەی یاساشکێنم لە کەلێنێکی چاڵەکەدا دەرپەڕێتە دەرێ و بەسەر سەریانەوە بوەستێ و پڕ بەدەم لە قاقای پێکەنین بدا و دیسان بیانخەمە، جەهەنەمی جاران.

خەجاو نەیدەزانی چۆن هەنگاو دەهاوێ، بەرەو چ شوێنێکی نادیار و خەتەرناکی دەبەن، ئەوانەی ئێستا پەلکێشی دەکەن کێن، تۆ بڵێی مرۆڤ بن؟ هەستی دەکرد بۆتە جەستەیەکی مردوو، چەند تارماییەکی قورس بەنێو تاریکیدا رایدەکێشن، وردە وردە تاریکی خەستتر دەبێ، هێزێک جەستەی لە پەلوپۆکەوتووی هەڵدەڵووشێ، بەرەو قووڵاییەک شۆڕی دەکاتەوە، رووەو دنیایەکی تر دەچێ، لەوێ خەڵکانێکی تر، سەیروسەمەرە و جیا لەوانەی بینیبوونی، دێنە بەرچاوی. لەوێ تێکەڵ بەکۆمەڵێک ئافرەتی بەچەنگاڵ هەڵواسراو، ئافرەتی رووتی مل قرتێنراو دەبێ. لەوێ زەوی شەلاڵی خوێنە، مەمکە بڕاوەکان بەدوای لێوی ساواکان دەگەڕێن. مردووەکان، سەرگوزشتەی داهاتوویان دەگێڕنەوە سەرەپەڕێنراوەکان، سەردولکەی بێ ئومێدی بۆ جەستە گومبووەکانیان دەڵێنەوە. لەوێ کەسانێک هەن کوێرن، سەقەتن، بەشمشێری دووسەری نێو دەستەکانیان پەناوپێچی رێگا چڕو ئاڵۆزەکان دەبڕن.

شمشێرەکان سەرێکیان چاوە و سەرێکیان مار، بەدوای دڵی زیندووی شاراوەی ئافرەتان رادەکەن. ئەوەی سنگە هەڵی دەدڕن، ئەوەی دڵە لە بن و بۆتکە دەری دێنن.

بەژەهری مار دەیشۆنەوە لەوێ دڵەکان هەراج دەکرێن، کەسانێک هەن بەچەقۆی رق، دڵەفرۆشراوەکان هەنجن بەهەنجن دەکەن. لەوێ خەجاو دەکەوێتە بەردەستی کەسێکی سەربڕاو، بزماری پەنجەکانی دەخاتە سەر دڵە حاڵ و فێگرتووەکەی، خەجاو دەقیژێنێ، تا پێی دەکرێ، هاوار دەکا و خۆی لەنێو دەستی مرۆڤە سەربڕاوەکان رزگار دەکات...

– بێ دەنگ بەبێ حەیا... !

تۆ بڵێی ئەوەی بینی، خەون نەبووبێ، یا ئەوەی ئێستا روودەدا هەمان خەونی بەردەوامی پێشوو نەبێ، خەجاو بێ ئەوەی فزەیەکی لێوە بێ، جەستەی خاوی تەسلیم بەو کەسانە ببوو، کە پەستایانە نێو ئوتومبێلەکە، کرانەوەی دەرگای ئوتومبێلەکە وەک لێککردنەوەی دەمی ئەژدیهایەک بوو، زرمەی پێوەدانی دەرگاکە وەک دارمانی شاخێک بوو بەسەریدا.

زریکەی منداڵێکی ساوا، سەری پێ قیت کردەوە، دیسان سەرگۆی مەمکەکانی تەڕ بوون، ویستی بقیژێنێ، وەئیشکەوتنی ئوتومبیلەکە قیژاندنەکەی خنکاند. ئاوڕێکی لە ڕاست و چەپی خۆی دایەوە. خۆی لە نێوەڕاستی دوو زەلام، دوو شاخ، نا، دوو دێوی سەروپۆتەڵاک دەمامکدراو بینییەوە. بەڵام لەوە دەچوو بۆ ئاخیرین جار بیەوێ ماڵئاوایی لە ساواکەی بکا.

ئەو شەوەش کە لەگەڵ سیروان، رێک کەوتن، هەر لە شەوێکی ئاوا دەچوو. بەڵام ئەوەندە ترسناک نەبوو. ئەگەرچی ترس و دردۆنگییەکی زۆر گیانی داگرتبوو، لەگەڵ ئەوەش تroوسکاییەکی لەززەت بەخش درزی دەخستە نێو ترس و نیگەرانییەکەی. ئەو کات بەئارەزووی خۆی بڕیاری دا کە مل وەبەر هەورازێکی ئاوا خەتەرناک بدا، ئەو کات دەیزانی کارێکی ئاوا مەترسی بەدواوەیە. بەڵام دەشیزانی لە پێناوی چیدا وای دەکرد.

سیروان کە نزیکەی چوار ساڵ بوو ئاشنایی لەگەڵ پەیداکردبوو، هەر لە رێگەی ئەو ئاشنایەتییەدا، حەز و ئەڤین، یەخەی لێ گرتن بەو ئاواتە نەگەیشت و خەجاو بەرەزامەندی ئەوانی تر شووی بەکەسێکی دیکە کرد و منداڵێکی بوو. ئەوکات، سیروان جارێکی تر وجودی خەجاوی داگرتەوە، چرکە و ساتەکانی لێ ببوون، بەلەززەتی چاوەڕێی دیتن و نیگەرانی بۆ داهاتووی ژیان.

سیروان، هەر لە شەوێکی ئاوادا خەجاوی هەڵگرت، دار و بەرد و عامودی سەر جادە و کۆڵانەکانی لێ ببوونە مێردەکەی، منداڵە ساواکەشی هەر بەباوەشەوە بوو، توند بەخۆیەوە نووساندبوو، لەگریانی ئەویش دەترسا، بەهەموو چرپەیەک، دەنگێک، قیژەیەک، رادەچەنی. بۆ چەند جارێک دەستی لەرزۆکی دەخستە سەر شانی سیروان و بەترسەوە دەی وت:





– بگەڕێوە سیروان ئێمە چی دەکەین؟

تا لە شار دوورتر دەبوونەوە، ترس زیاتر بەگیانی خەجاودا هەڵدەگەڕا، سیروان، هیچ ئاوڕێکی نەدەدایەوە، گرنکی بەهیچ پاڕانەوەیەکی خەجاو نەدەدا، تاکە شتێک بیری لێ بکردایەوە ئەوەبوو کە دەبێ بڕوا، تا نەشگەنە گوندێکی دوور، دوور لە شار، دوور لە خزم و کەسوکاری خەجاو نەوەستێ. ئەو خۆشی زۆر دەترسا، بەڵام دەیزانی ئەگەر بگەڕێتەوە، رەنگە بەپێی خۆیان بچنە نێو دەستی رق و تۆڵەی خزمەکانی خەجاو. خەجاو تازە بەتەواوی هەستی کرد کە ئەو کارەی ئەوان وروژاندنی رۆحی لە یەکبەستراوی خەڵکانی ئەو سەر زەمینەیە، بەئاگاهێنانەوەی مێژووی ویژدانی نووستووی ئەو خەڵکەیە، ئەو تازە هەستی پێ کرد بەپساندنی بازنەی توندوتۆڵی ئەو دەوروبەرە. مەعنایەک بۆ ئارەزووەکانی نادۆزێتەوە، ئەو لە سەرەتا نەیدەزانی بەپچڕاندنی ئەو بازنەیە، مرۆڤەکان، بەرگی ئینسانی فڕێ دەدەن و سەروسیمای وەحشەتناکی دڕەندەییان وەدەردەخەن. بەچاوی پڕ لە رق و خوێن، بەدوای هەڵگرتنەوەی قەترەی حەیا رژاوەکانیان دەگەڕێن.

ئا ئەوەتەن، ئەو مرۆڤانەی کە لە تەنیشتیەوە دانیشتوون و پاڵیان داوەتەوە، یەکپارچە لەنێو حەز و لەززەتی تۆڵەدا تواونەتەوە، بیر لەوە دەکەنەوە لە کاتی بەجێهێنانی بڕیارەکەیان، دەرگای چ خۆشییەک بەڕوویاندا دەبێتەوە، دوای تەواو بوونیان چۆن چۆنی رووبەڕووی خزمان دەبنەوە. دەبێ لە دەست ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە رۆحییەی کە خەجاو بۆیانی خولقاند، رزگاریان بێ؟ ئا، چیتر ئارەقەی شەرم بەلەشیاندا ناچۆڕێتەوە، چیتر خۆیان لەم و لەو ناشارنەوەو چاوشۆڕیی بەنیگاکانیانەوە نابینرێ. بازنە تێکشکاوەکەی شانازییەکان، خۆی دەگرێتەوە و هەموویان جارێکی دی دەچنەوە ناوی، قەوم و قیلە ئاڵای سەرفرازی بەرز دەکەنەوە و ئیدی لە نێو کۆڕ و مەجلیسی خەڵکان، بەڕووسپی دادەنیشن و زاریان لە جاران پانتر دەکەنەوە و بەئازادی کاروکاسبی دۆڕاویان بەدەست دەهێننەوە. هەموو ئەو ماوە سەختە کە لە ریشەوە هەڵتەکێنرابوون لە گۆشە تەسکەکانی ماڵە شەرم پێهەڵگەڕاوەکانیان هەڵترووشکابوون، بۆ چەند دەقەیەکی تر کۆتایی پێ دێ.

سالار، کە برای خەجاو بوو، ئێستا خۆیشی لە پێشەوەی ئوتومبێلەکە دانیشتووە و دەمانچەیەکی لەژێر پشتێنەکەی دایە. ئەوە چەند مانگێکە، وەک مەرگ راوی نابێ، خۆی لە کونی ماڵەوە نابوو و نەیدەتوانی تا بەردەرگی حەوشەش بچێ، بەڵام ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جارە چاوی بەدنیای دەرەوە دەکەوێ و لەنێو تاریکی ئەو شەوەدا، تroوسکایەکی خۆشهێنەر بەدەروونی تار و رەشیدا تێپەڕ دەبێ.

ئۆتۆمبێلەکە لە شا رێگەکەوە دەرچوو، خزایە نێو دەغڵێکی پان و بەرین. گوێیان

بەو هەموو هەڵبەزین و دابەزین و تەقە تەق و شێلانی دەغڵەکە نەدەدا... ئەوان دەیانزانی بۆ کوێ دەچن. دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا، بەدیقەت چاویان بەو ناوەدا گێڕابوو، شوێنی ئەنجامدانی کارەکەیان دەستنیشان کردبوو خەجاو هەموو گیانی دەلەرزی، لە پڕ وەدەنگ هات، بەقوڕگێکی پڕ لە گریان، پڕ لە پاڕانەوە، لەگەڵ هاوارکردنەکەیدا هەردوو شانی براکەی ڕاتەکاند.

– کوڕە سالار... چیم لێ دەکەن؟!!

سالار بێ ئەوەی نقەی لێوەبێ، بێ ئەوەی کەمترین سۆز و بێ هێزی نیشان بدات، بەبێ ئاوڕدانەوەش، توند دەستەکانی خەجاوی بەسەر شانیدا شۆڕ ببوونەوە، لایدان و لەسەرخۆ بۆڵاندی:

– نەت دەزانی عاقیبەت وات بەسەر دێ؟!!

– نانا، سالار نەمدەزانی!

ئوتومبێلەکەیان ڕاگرت، هەموویان بەچوست و چالاکی هاتنە خوارەوە. دەموچاوی هیچییەکیان بەدەرەوە نەبوو، خەجاو هەر لەناو ئوتومبێلەکە مابۆوە، یەکێکیان بەخێرایی پەڕۆکێکی لە گیرفانی شەرواڵەکەی دەرهێنا، بەهەشتاوی چاوەکانی خەجاوی داپۆشی، ئەو کەسەی پەڕۆکەکەی دەبەست، هەستی کرد هەموو جەستەی خەجاو بۆنی شیری لێ دێ. هەموو دەمارەکانی کەللەی سەری وەهەڵپەکەوتوون. دەت وت بۆ مەرگی خۆیان شین دەگێڕن. ئەو کەسە دەنگێکی بیست، دەنگێک لە قوڵایی دەروونییەوە چەکەرەی کرد، بەهەموو گیانیدا هەڵگەڕا. ئەو وای دەزانی دەنگی خەجاو بوو، درزێکی خستە گیانی دەت وت تیغێک بوو، یەکڕاست ڕووەو دڵی چوو، هەناوی لەگەڵدا هەڵتەکی. دەنگەکە تێکەڵ بەگریانێکی بەسۆز بوو، هەر لە واوەیلای دایکێک دەچوو کە تازە منداڵێکی لێ مردبێ... ئەو کەسە پەنجەکانی هێشتا بەسەر پەڕۆکەوە بوون و دەیویست گرێیەکی دیکەشی لێ بدا، بەڵام خۆیشی نەیزانی هەردوو دەستی بۆ دادەهێزران، بۆ وردە وردە هێزیان تێ نەدەما، بۆ لە خۆڕا شۆڕ دەبوونەوە؟.

خەجاو، لەو بێدەنگی و وەستانەدا، بەسەرسوڕمان و ترسەوە کەمێک پەڕۆکەی سەرچاوی لادا، تەماشایەکی کەسەکەی کرد.

– تۆ کێیت؟ بۆ ناتناسمەوە؟!

– من کەریمی ئامۆزاتم!!

– کەریم... بەقوربانت بم لەدەست ئەو بێ ویژدانانە ڕزگارم کە!!

کەریم دەبوایە بەزووترین کات پەلی خەجاو بگرێ و بیباتە پشت گردەکە، کەچی لەو دەمەدا، قسە و باسەکانی چەند ساڵەی نێو دڵی وەک کۆمەڵە زیندانیێکی ئەبەدی، کە دەرگای زیندان بشکێنن، بەهەڵەداوان و پەلەپرووزێ رابکەن، ئاوا، قسە زیندانیکراوەکان دیواری دڵیان ڕماند، هورووژمیان بۆ گەرووی هێنا، ویستی لە یەک





چرکەدا ئەوەی لە دڵی دابوو بیڵێ، بەڵام کوا، چۆن لە کاتێکی ئاوا ئەو هەموو قسەیە دەگوترێ، ئەوان بۆ کارێکی زۆر گرنگ و دەستبەجێ هاتبوون کەی وەختی ئەو جۆرە قسانەیە... کەریم توند قوڕگی خۆی گرت، خەریک بوو لەبەر شاڵاوی قسەکان هەناسەی لێ ببڕێ و بخنکێ، بەڵام باش بوو، هەموو قسەکان بوون بەدوو فرمێسک، ڕژانە سەر گۆنای خەجاو... خەجاویش بەدەستە لەرزیوەکانی هەردوو چاوی کەریمی سڕییەوە.

– ئەی تۆ منت خۆش نەدەویست؟! چۆن لەگەڵ ئەوانە هاتی؟!!

– نازانم!

کەریم پێش چەند لەحزەیەک یەک پارچە ڕق بوو، چاوەڕێی دامرکاندنەوەی گڕی ڕقی کۆن بوو، حەزی تۆڵە، لەوەی خەجاو قەت خۆشی نەویست و داخوازیشی ڕەت کردەوە، هەموو گیانی داگرتبوو، کەچی ئێستا لە نێو خۆیدا بۆتە دوو کەس، ڕق و ئەڤین، لە تێکهەڵچوونی شەڕی ئەو دوو لایەنە، ئەڤین، سەری بەڕق و کینە شۆڕ کرد، دەست و قامەتی لەرزاند و جەستەی تەسلیم بەهێزێکی نامۆ کرد، چاوی پڕ حەزی تۆڵەی لێ کرد بەنیگای سۆز و خۆشەویستی... لە پڕ کەسێکی دیکە هات و خێرا دەستی خەجاوی ڕاکێشا و لە ئوتومبێلەکە دەری هێنا، کەریم لە شوێن خۆی چەقیبوو، نەیدەتوانی جوولەیەکیش بکا، تەنیا ئەوە نەبێ، تا خەجاویان بەسەر گردەکەشدا هەڵگەڕاند، ئەو چاوی هەر لەسەر باڵای تێکشکاو و جەستەی پەلکێشکراوی خەجاو بوو...

خەجاویان بەگردەکەشدا بردە خوارێ، لە پەنای بەردێک وەستاندیان، خەجاو گوێی لە هیچ شتێک نەدەبوو، دنیا لەلای ئەو، هێندە تەسک و ترووسک ببۆوە، هەستی دەکرد بۆتە تەنێکی بچووکی نێو کونێکی ئەم دنیایە. لەو تاریکییە وەحشەتناکەدا بەچاوی خۆی شەپۆڵی خوێن و دڵی حاڵگرتووی نێو جەستەی تێکڕماوی دەبینی. ئەو هەستی بەهیچ جوولەیەکی ئەوان نەدەکرد، کە دوای چەند چرکەیەکی تر چ کارێک ئەنجام دەدەن.

تاریکی هێندە بەدەروونیدا ڕۆچووبوو تا ئەو ڕادەیەی، ترووسکەیەکی ڕووناکی لێ بەوجود هات. ڕووناکییەکە بەرەبەرە بەرین و بەرینتر دەبوو. ئیدی مەعنایەک بۆ تاریکی نەما. بەهێمنی، تەواوی جەستەی دەخزایە نێو ڕووناکی و دەتوایەوە، هەستی دەکرد خۆی بۆتە ڕووناکی و ڕووناکیش ڕۆحی ئەوی هەڵگرتووە.

لە دوورەوە بەچاوی جەستەی نورانی خۆیەوە، سوارەیەکی بەسەر ئەسپێکی سەرشێتەوە بینی، دەهات، بەخێرایی دەهات و لەناو جەستەی ڕووناک ئامێزی خەجاودا ون بوو، خەجاو لە کاتێکدا هەستی بەلەززەتێکی پیرۆز دەکرد، لە ناکاو چنگێک تاریکی، ڕووەو ڕۆحی ڕووناکی هات، هات و هەموو شتێکی تاریک کردەوە!

سوید ١٩٩٦

# پەڵە خوێن

هەر دوای چوونە دەرەوەی پیرەژنەکە (سارا) بەپەلە دەرگای ژوورەوەی داخست، وەک ئەوەی حەز بەدیتنی هیچ کەسێک نەکا و نەیەوێ گوێش لە هیچ مەوجودێک بگرێ، رێک خۆی بەدەرگاکەوە نووساند. دیاربوو قسەکانی پیرەژن، جگە لە سەر ئێشان و ماندووکردن و ترساندن، هیچی دیکەی پێ نەبەخشیبوو، ئەو بڕیاری خۆی دابوو، کە ئەمشەو هەموو راستییەک بدرکێنێ، بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی، کە ئایا پیاوەکەی ئامادە دەبێ گوێی بۆ بگرێ، یا هەر لە یەکەم وشەوە رق و نەفرەتی بەسەردا دەبارێنێ؟ نیگا هەترەشچووەکانی سارا، هەر لە پەشۆکاوی و بێ ئۆقرەیی پەپوولەیەکی نیگەران دەچوو... سەروسیمای هەر لە کەسێکی لە خۆڕا گیراوی دەکرد، کە تازە فڕێدرابێتە زیندان و پاش نەختێکی دیکە بەرەو مەرگی حەتمی ببەن...

تۆ لە کوێی سارا؟ چۆن دەتوانی کێوی بەستەڵەکی ئەو کارەساتە، بەدەست و پەنجەیەکی ئاوا لەرزۆک و بەهۆرەی ئەم دڵە ساردەت، لە ژوورێکی ئاوا تەسک و ترووسکدا، بتوێنیتەوە؟ چ کەسێک دەتوانێ، لەنێو دەروونی وێران و خاپوورتدا، لقێک لە ئەوینی تازە گوڵێک بچێنێ؟ کەی تارمایی ئەو میحنەتە بەدواتەوە دەسڕێتەوە، چۆن دەتوانی سەرێک لە میحرابی ئاسوودەیی بدەی؟... ئێستا... هەر پێ بنێتە ژوورەوە، هەموو شتێکی پێ دەڵێم لێ ناگەڕێم، پەنجە نامۆکانی لە سەر جەستەی وێرانمدا گوڵی مووچڕکە بڕوێنن، ئەم شەو نیگا پڕ حەز و ئارەزووەکانی کوێر و سەقەت دەکەم... من دەمەوێ ئەوەی هەمە، ئەوەی چەندان ساڵە گیرۆدەیمە، لە نێو تاریکی روحمدا، دەربهێنم... چیم لێ دەکا، ئەوە راستییەکە و هەر دەیڵێم، دەشزانم خۆشترین شەوی لێ دەکەم بەدۆزەخ، لە ناسکترین خەوندا، بەتوندی رادەژەنم و بێداری دەکەمەوە، من ئەوە چەندان ساڵە بەناچاری لەگەڵ ئەو ئازارەمدا دەژیم، گەورە دەبم، دە ساڵ زیاتر، خەرمانەی ئاگری ئەو دەردە دەوروبەری گرتووم، رۆژانە دەسووتێم دەبمە خۆڵەمێش و دەسووتێم و خۆشم نازانم چۆن چۆنی ئەو روحە بەرگەی سووتانی ئەم لەشەم دەگرێ... من لە دونیایەک دەژیم، ترس و نیگەرانی و بێ ئومێدی، هەنگاوم پێ هەڵدێنێ... کێ ئامادەیە دڵی ئارامی بخاتە سەر دڵم و بەپەنجە نەرمەکانیشی دەست بەقژی پەشێواوم دابێنێ؟ بەچاوی پڕ لە پاکیزەیی و روحە شیرینەکەی، دەروونی شەقاربووم بەتەوری ئەو کارەساتە، سارێژ بکا، کەس، کەس نییە، خۆ ئەگەر لە نێو رووگرژی و سیمای گومان و چاوی پڕ خوێنتان تۆزقاڵێک رەحم هەبووایە، ئەوە دەهاتم و هەگبەی ئازاری ئەو دەستانەم بۆ هەڵدەڕشتن... من کە دەوروبەرم بەفرمێسکی درۆ و پێکەنینی مردوو، دڵی رەش، تەنرابێ، چۆن دەکرێ لە چاوی من، لە رەنگی زەردهەڵگەڕاوی من، لە ئاوازە سپییەکانی دەروونی من، تێبگەن؟





ئەو نەختێکی دیکە دێتە ژوورەوە، تاکە شتێکی لێم بوێ، هەر ئەوەیە کە دەبێت بەپێی عادەت بۆی بوەستم و داخوازییەکانی فەرامۆش نەکەم، ئەو بۆ ئەوە نایێتە لام دڵی لە دڵم هەڵسوێ، نیگاکانی لەنێو نیگاکانم بتوێنەوە، بەدوای روحی سەرگەردانمدا بگەڕێ و بەماچی نەمریی لە باوەشم بگرێ... ئەو تەنیا شتێکی گەرەکە و بەس، خەیاڵ و خەونە شیرین و شێتەکانی، لە سەر جەستەی مندا تاقی بکاتەوە، ئارەقەی تەمەن و زەحمەتەکانی، بەبارانی مووچڕکە خۆشەکانی بشواتەوە... ئەو بێباکانە بۆم دێتە ژوورێ، تا پێی بکرێ هەوڵی ئەوە دەدا مەیلەکانی ببزوێنم و جڵەوی مەیلەکانم بگرێ (ئەو) هەموو پیاوەتییەکەی لە نوختەیەکدا گرد دەکاتەوە و هەڵمەتی کوێرانەم بۆ دەهێنێ، منیش دەبێ لە ساتە وەختێکی کەمدا مەیلی خۆ وەدەستدان و مێیەتی، پێ ببەخشم بڕوانامەی کچێنی لە بەرۆکی مەردایەتی بدەم، چەند ئەستەمە خودایە؟ چۆن بتوانم رێ لە هیوای حەز و ئارەزووەکانی بگرم؟ چۆن بتوانم ئەم زمانە لە گۆکەوتەم وەقسە بێنم؟ چۆن بکرێ درزێک لە چوار دیواری دەروون بەستەم بکەمەوە؟ دە ساڵی شەرم، ترس، گریان و خۆ خوردانەوە لە نێو وشەیەکی موعجیزە ئاسا بتوێنمەوە، ئەو لە شەوێکی ئاوادا کەی لە زمانی دەرد تێ دەگا، چۆن بەچاوی حەزە هەڵچووەکانی، پەی بەنیگای مەرگی چەند ساڵە دەبا؟ ئەو کە دێتە ژوورەوە، بەگڕ و حەزێک دێ، منی چاو، منی روو، منی جوانیی باڵا نابینێ، ئەو دێت و دەرگا بەڕوومدا واڵا دەکا، سنگی گەورەیی وە پێش خۆی دەدا و بەسەری بەرز و رووی بەسپیکراوی بۆم دێتە پێش، دێتە پێش و لە پشت چاوە بەشەرم داپۆشراو و هێمنەکانی دونیایەک لە هەڕەشە و سەرچاوەیەک لە گومان دەبینم... ئەو بیری بۆ ئەوە ناچێ، کە من ئەمشەو حەیرانی بەدبەختی بۆ خۆم دەچڕم، لە نێوەڕاستی ئەم ژوورەدا سەرچۆپی گریانی پەنگخواردووی دە ساڵەی بۆ دەگرم، ئەم شەو مەرگی کچێنی خۆم رادەگەیەنم! من دەزانم هەموو شتێکم بۆ یەکەم شەوی تازە زاوا، گڕی ئاگرێکی شێتگیرە، کەچی هەر خۆمی پێ دەسووتێتەوە، ئەم شەو نە هەر لە ژوورەکەمدا رق و کینە دەر دەبێ، لە دەرەوەش لە پشتی دەرگای ژوورەکەم و لە نێوەڕاستی حەوشەشدا، بارانی مەرگ دەبارێ ئەوانەش کە لە دەرەوەن، چاوەڕوانی هەواڵی من و زاوا دەکەن، گیرۆدەی تەڵەیەکی سەختن، تا بەیانی چاویان لە رق و تۆڵە رادەچێ و بەموڵەقی دەمێننەوە.

ئەمشەو هەموویان لەنێو قوڕێکی خەستدا نوقم دەبن، بەیانیش وێنەی تێکشکاوی من، بەهەنیەی هەموویانەوە پێدەکەنێ.

ئەمشەو کۆشکە جوان و بەرزەکان بەڕووی زاوادا دەڕمێن، تەلارەکانی خەون دەبنە کەلاوە.

گڕی حەز و ئارەزووەکان دادەمرکێنەوە، منیش چ بڕیارێکم لە سەر دەدەن با بیدەن،

من لەمە زیاترنیم کە هەم، گوناهی من چی بوو کە دەستێکی غەیبی شووم، لە ناکاو خزایە نێو جەستەم، سنووری نهێنییەکانمی بەزاند و ئەو بەشە هەرە پیرۆزەی ژیانمی وێران کرد؟ ئەو دەستە قیبلەنمای کۆشکی زێڕینی کچێنی بەخوێن سوور کرد...

خوێن، ئەو پەڵە خوێنانە، گەواهی بوون و نەبوونم بوون، دەبوایە قەت لێ نەگەڕێم بڕژێن، نەدەبوایە ئەو دیوارە درزی تێ کەوێ و ئەو پەڵە خوێنە لەعنەتییانە بخرێنە دەرەوە و عومرێک لەگەڵ خۆیاندا راپێچ بدەن... خوێن! لە دایک و باوک و براکانم پیرۆزتر بوو، من بەچی بزانم نێوان ژیان و مەرگ و ئەو دیوارەیە. من چوزانم ئەو پەڵە خوێنانەی روحی نەگریسی منیان پێیە و سێبەرم ئاسا خەون خەیاڵم ئاسا بەدوامەوەن؟...

ئەمشەو ناچارم داستانی دە ساڵی رابردووم، دە ساڵ لە مێژووی ئەو پەڵە خوێنە رژاوانەی، کە ترس و نیگەرانی و بەدبەختییان لە وجودمدا رواندووە، بگێڕمەوە.

هەر کە زاوا هاتە ژوور، یەکجێ بەپێوە دەوەستم، چاو دەنێمە چاویەوە، بەپانایی دەستم، دەمی بزێوی دەگرم، رەنگبێ شێت ئاسایەک بێمە بەرچاوی... با وابێ، چۆن بیرم لێ دەکاتەوە با بیکاتەوە، ئەمشەو یا دڵ و دەروونی وشکی، بەفرمێسکی بەخوڕی دە ساڵەم تەڕ دەکەم، یا گرەوی ئەو تەمەنەی ماومە دەدۆڕێنم... ئەگەر نەمتوانی سەری ویژدانی، بۆ پیرە ئازاری دە ساڵەم نەوی بکەم، ئەوە خۆمی دەدەمە دەست و چیم لێ دەکا با بیکا، من روحم، جەستەم، وەک ئەو پەڕۆیە سپییەی سەر ئەو دۆشەکە وایە، ئەو پارچە پەڕۆیە، شاهێدی بۆ رەشێتی دوارۆژم دەدا، لە دادگایی ئەو شەومدا پشتیوانی لە ناپاکیزەییم دەکا، بێ شەرمانە بۆم دەوەستێ، قاقا بەڕووما پێدەکەنێ، پەنجەی تاوان لە دوڕ چاوانم دەنێ خۆی پان دەکاتەوە و پانتر دەبێ، دەرێژ و درێژتر دەبێ، جەستەی مردوو ئاسام لەنێوخۆیدا حەشار دەدا مۆری چەند پەڵەیەکی لەعنەتیش بەسەر تەرەمەکەمدا دەنەخشێنێ... ئەمشەو تۆوی گومان دادەبارێتە سەر زەوینی روحە وشکەکان، نا، ناهێڵم، ناهێڵم ئەو خامە سپییە دەمی بێ حەیایی لێک بترازێنێ، دەچم، لە دۆشەکەکەی دەکەمەوە، وەک ئاڵایەک بەدەستمەوە دەگرم و رایدەوەشێنم، دەچمە دەرەوە، نێو چاوانی شەرمگرتووی هەموویانی پێ دەسڕمەوە، هەموو شتێ دەڵێم، تازە هەر دەبێ ئەو راستییە تاڵە بدرکێنم، هەر ئەم شەوەیە و ئیدی تەواو دەبێ، نابێ بگاتە سبەی، گوناهەکەم قورستر و قورستر دەبێ، تاوانەکەشم، زۆرتر و گەورەتر دەبێ... ئەوان خوێنیان لە من گەرەکە، خوێن! خوێنێکی گەش، تازە، تازە هەڵمی گیانمی لێ هەڵسابێ... بۆنی پاکی و کچێنی بدا، خوێنێک یەک یەک سەیری کەن و سەری بۆ بلەقێنن، خوێنێک هەموویان یەک بخات و سەری داماویان بەرزکاتەوە، خوێنێک بارانی بزەبێ و تۆزی گومان و رووی گرژیان بشواتەوە... ئێستا لە دەرەوە





هەموویان متەقیان لە خۆیان بڕیوە و چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی زاوا دەکەن، چاویان رێک بڕیوەتە دەرودیوار و پەنجەرەی ژوورەکەم، چاوە دیواربڕ و شووشەبڕەکانیان لە سەر جەستەی من گیرساوەتەوە، هەستە شەش و حەوتەکانیان بەنێو کەللەی گێژەن و دەروونی سرک ئاسامدا رۆدەچن، بەدوای راز و نهێنییەکانمدا دەگەڕێن، ئێستا دەروونیان رەشبەڵەکی شێتان و حاڵی دەروێشانە، دەروونیان دیوەخانی زیکر و دوعای سەرکەوتنی زاوایە... زاواش سوێندخۆری ئەو پەیمانەیە کە لەگەڵ هەموویان بەستوویەتی...

پاش لەحزەیەکی دیکە... رەنگە چەند هەنگاوێکی دیکە مابێ بێتە ژوورەوە... (ئەو) رووی بەبزە داپۆشراوی، لە دانیشتوانی حەوشەکە دەکا و، بەکەمێک شەرمەوە، بەدڵێکی وەهەڵپەکەوتوو، بەسنگێکی دەرپەڕیوەوە... هەنگاو دەنێ... باشتر وایە چراکەش بکوژێنمەوە با دڵی تاریک و چاوی لێڵ و خەندەی مردووم نەبینێ... نا، با هەموو لەشم ببینێ، با بمبینێ کە چۆن قسە دەکەم، کە چۆن هەموو جەستەم شاهێدی قسەکانمە، با چڕ و چەهرەی ئەوم لێ دیار بێ، با بزانم چۆن چۆنی لەگەڵ قسەکانم، یەخەی بەدبەختی خۆی دادەدڕێ، چۆن چۆنی شا مەرگ دەبێ و لە بەر دووچاوی چکۆڵەمدا لە سەر پشت لێی رادەکشێ و منیش بەهاوار و فیغان بۆی دەردەچم، خامە سپییەکەش، کە بۆ مرداربوونی جەستەی من لەوێ داندراوە، پانتر و درێژتر و گەورەتر دەبێ، دەبێتە کفنی ئامادەکراوی زاوا...

ئەم شەو من بەدەوری زەویدا دەسووڕێمەوە، شوێنێک شک نابەم، خۆمی تیا بشارمەوە، کەسێکی بەقودرەت لێم راست نایێ، لە پشتی قسەکانمەوە بوەستێ... سەرم بوڕکانی خوێنە، مرۆڤ پارچەیەکە لە خوێن، ژوورەکەم هەمووی بۆتە مرۆڤی خوێن، مرۆڤەکان هەمووی بەدەوری مندا سەما دەکەن، هەر یەکە پەڕۆیەکی سپی بەدەستەوەیە و هەمووی بەنێو جۆگەلەی خوێنیشدا رادەکەن... رادەکەن و منیش لەگەڵ خۆیاندا پەلکێش دەکەن... بۆ کوێم دەبەن، من کە چەند پەڵە خوێنێک بەدبەختیان کردم، چۆن بتوانم لەنێو ئەم رووبارە خوێنە لەگەڵ ئەو جەستە خوێناوییانە هەڵپەڕم و سەما بکەم؟ لێم گەڕێن، من لە جنسی ئێوە نیم، ئێوە سەرچاوەی نەهامەتین من رقم لێتانە، ئێوە بڕۆن هەر پەڕۆیەکی سپیتان بینی، خۆی تێهەڵسوون... ئێوە چین؟ چاوەکانتان هەر لە چاوی من دەکا، پەنجەکانتان کتومت، پەنجەی دزراوی منن، بالآتان بەقەد بالآی تێکشکاوی منە، وەک من رادەوەستن، دادەنیشن، پێدەکەنن، ئێوە چین؟ دڵیشتان هاوکات لەگەڵ دڵی منا لێ دەدات، ئەو جەستە خوێناوییانە، ئەوەتە وەک من رادەکەن، ماندوو دەبن، تووڕەیی بەبالآیان هەڵدەگەڕێ... وەک من دەگریێن، جوان جوان لە دەردی یەکدی تێ دەگەن... ئەوان منن، خۆمن، لە جنسی منن، وەرن، مەڕۆن، بۆ کوێ دەچن؟!

ژوورەکەم هەمووی بۆتە خوێن، سەدان کون و کەلەبەری تێ کەوتووە، لە هەر کونێک خوێن فیچقە دەکات و دادەچۆڕێ... من لە کوێم، چۆن بەرگەی ئەو لافاوە خوێنە بگرم؟ خوێن و تاریکی شەڕیانە، گۆشەیەک لەم ژوورە نەماوەتەوە... فەزایەک چییە شک نابەم، من لە کوێم؟ سەر بۆتە مەیدانی راو، هەرچی دڕندەی سەر زەمینە، بازبازێنێ تێدا دەکەن... دڕندەکان ئۆقرە ناگرن، هەموویان دوژمنن بەیەکدی و راو چاوی یەکدی دەکەن... بۆ کوێ هەڵێم؟ زەوی رۆچۆتە نێو سەرم، گۆڕستانێکی گەورەیە، کێلی گۆڕەکان شەڕی تیا دەکەن، هەناسەکانم بای خوێنە، رووی جەنگەڵی ئافرەتە لە گۆڕنراوەکان سوور دەکەن.

من چی بکەم چۆن بتوانم مەرگی ئەم شەوە رابگەیێنم، چۆن چۆن ئەم ژوورە بکەمە گۆڕ و تۆڵەکانمی تیا بنێژم؟

ئەمشەو گوڵی مەرگم دەخەمە نێو ئینجانەی روحی ئەو...

من چی بکەم، ئەم پیاوە هەر نەهات و هەر نەهات، تەقەیەکیش لە دەرگاکەوە نایێ، ئەو نەهات و روحی پەڕیوم ببینێ و بەدوای تارمایمدا رابکا، ئەم شەوەم هەر لە شەوی بەر لە دە ساڵی رابردووم، دەکا، ئەو ساڵەی مەرگ دەرگای بەڕوومدا کردەوە، مەرگ مارێکی پەپکە خواردوو بوو، لە پڕ خزایە نێو لەشم دیواری جەستەمی بڕی، بڕی و قەترە خوێنەکانی کچێنی لێ خواردمەوە... ئەوکات، ئەو ساڵە، من تەنیا چواردە ساڵ بووم لە نێو جەنگی شەق و زرمەی لێدان و جوێنی دایک و باوکمدا گەورە بووم، چواردە ساڵ لە نێو لانکی ترس و هەڵڕژانی فرمێسک و تینووی ماچی بێ عاتفیدا ژیام... ئەو شەوە لە سووچی ژوورێکی ماڵەکەمدا لە ترسی شەڕ و هەرای ئەو دووانە هەڵترووشکابووم... دەمزانی ئەم جارەیان پڕپشکی شەڕەکە منیش دەگرێتەوە، وەک زەندەق چوویەک، وەک پەپوولەیەکی نیگەران، دەلەرزیم و پشتم بەدیوارەکەوە نووساندبوو، دەمزانی نەختێکی دیکە، هەڵمەتی دڕندە ئاسای باوکم دەگاتە سەرم، بۆ کوێ چووبام، بارانی ترس بەسەر سەرمەوە دەباری رۆدەچووە جەستەی ناسکم... باوکم هاواری دەکرد و دەیقیژاند:

– تف لە جنستان! حەیف نییە پیاو لە ئێوەیە؟!

لەو کاتەدا نیگای ترس و پەشۆکاوی و لێقەوماویم بەڕووی ئاسماندا بەرز کردبۆوە لە خودا دەپاڕامەوە، هەرچی زووە بمکا بەکوڕ، چی دەبێ دەستی هانام بۆ درێژ بکا و بەر لەوەی باوکم پێ بنێتە ژوورەوە، ببمە کوڕێک و لە بەردەمیدا قیت ببمەوە؟پەنجە لەرزۆکەکانم بەسەر سنگمدا دەهێنا، وەک ئەوەی دڵنیابم کە بوومەتە جنسێکی دیکە... بەڵام نەء، هچ گۆڕانێک نەبوو، لە پڕ زرمەیەک هات، دەرگاکە بەڕوومدا کرایەوە، ئەوە روحی شەڕاوی باوکم بوو، لە بەر دەممدا تەقییەوە، ئەوەندەی دیکە لە شوێن خۆمدا





داتەپیم، تەنیا هێندەم پێ کرا پێی بڵێم:

– ناتخوا بابەنا!

ئیدی زمانم لاڵ بوو، تۆپەڵە جوێنێکی قوڕاوی سەر و پۆتەلاکی سواق دام، تۆپەڵە تفێکی، رەش رووی پاکیزەیی داپۆشیم، ئەوەندە ئاگام لە خۆما بوو، پێیە بەغەزەب داپۆشراوەکەی ئەوم بینی، لمۆزە پێیەک وەک دەمی هاری سەگێگ بۆم هات... بۆم هات و لەنێو هەردوو رانمەوە چەقی، شرقەیەکی لێوەهات، گڕێک بەبەر هەر دوو چاومەوە هەڵایسا، کەوتم... کە بەئاگا هاتمەوە پێستی هەر دوولا رانم بەچەند پەڵە خوێنێک بەیەکەوە نووسابوو.

– ٥– ١٩٩٨

## گەڕان بەدوای هیچدا

لە پشتی پەنجەرەکەوە، سەیری دنیا بەبەفر داپۆشراوی دەرەوەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە بۆڵەبۆڵێکی کرد، ڕادیۆکەی لە خۆ نزیک کردەوە و پێی کرد، چەند جارێک میلەکەی هێنا و برد، لە دوایی‌دا کوژاندییەوە، هەڵسا و چووە هۆڵەکە، سەیرێکی تەلەڤزیۆنەکەی کرد، تەنیا شاشەکەی دەبینی و هیچی تر، لە نێوەڕاستی ژوورەکە دەستی بەپیاسەکردن کرد، لە بەرانبەر کتێبخانەکەی وەستا، خۆشییەکی برووسک ئاسا بەدڵیدا ڕەت بوو، ڕووەو تەلەفۆنەکە چوو، دوو جار دەستی بۆ درێژکرد، گێڕایەوە، بۆ جاری سێیەم پڕی دایێ و ژمارەیەکی لێ دا، ئافرەتێک وەڵامی دایەوە هیچی نەوت تەلەفۆنەکەی داخست، دەرگای یەخچاڵەکەی کردەوە، چاوی بڕییە هەموو شتەکانی نێوی، دڵی بۆ هیچ نەچوو، دای خستەوە، لەبەر پەنجەرەکە دانیشتەوە، ڕۆژنامەیەکی راکێشایە بەردەستی و لە ناونیشانەکانی راما (پلەی سەرما بیست و پێنج لە ژێر سفر... ئەمڕۆ منداڵێک و پیرەژنێکی بەجێماو لە دەرەوە ڕەق بووبوونەوە، گەورەترین ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی لە هۆڵی سەنتەر... دوو ئافرەتی ناودار شوویان بەیەکتر کرد... لاوترین مۆسیقاژەنی وڵات خۆی کوشت!).

خێرا هەڵسا و بڕیاری دا بچێتە دەرەوە، لە دەرگاکە نزیک بۆوە، وەستا، بێ بیرکردنەوە قەمسەڵەکەی داکەند و لەو گۆڕە فڕێی دا، گەڕایەوە دواوە و یەخچاڵەکەی کردەوە، دوو دەنکە حەبی ڤالیۆمی دەرهێنا و قووتی دان، نەختێکی دی دیقەتی لە پەنجەرەکە گرت، هەستی کرد، جەستەی بۆتە دەنکە نۆکێک و لە نێو قودیلکەیەکی سەر داپۆشراوە و یەکێک بەتوندی دەی هەژێنێتەوە.

## دیسکۆ

هەردووکیان، لە بەرانبەر یەکدی دانیشتبوون، مێزێک لە نێوانیان دا بوو، دەست و پەنجەیان، وەک ئاشق و ماشقە تێک ئاڵابوون، چاویان بڕیبووە سەماکەرەکان، مۆسیقا و بۆنی ئارەق و بیرە و دووکەڵی جگارە، وڕ و کاسی کردبوون، لە ناکاو کچە هەڵسا و هەر لە سەر ڕیتمی مۆسیقاکە وەلەنجە کەوت و خۆی گەیاندە نێو لەنجەگرتووەکان.

چاوی لە کوڕێک نووقاند، کوڕە تێ گەیشت و بۆی خزی، دەستێکی لە نێوقەدی کچە وەرهێناو دەستەکەی دیکەی خستە سەر شان و ملی، هێدی هێدی لەگەڵ سەما کردنەکەیاندا جەستەیان لە یەکدی دەخشاند، ڕوومەتیان لە یەکدی نزیک دەکردەوە،





بۆنی بن گوێی یەکدییان کرد، کە چاویان نا بەچاوی یەکدی، لێویان لێک ترازا و دەمیان هاوجووت بوو، کچە گەڕایەوە سەرمێزەکەی، بەبێ موبالاتی لێوێکی هەڵتەکاند و پێی سەیر نەبوو، کە دۆستەکەی لەوێ نەمابوو!.

## هەڵقەی بووکێنی

خەیاڵ ئامێز لە نێو پاسەکە دانیشتبوو، کە چاوی هەڵبڕی، یەکڕاست نیگای لە نیگای کوڕێکی وەستاوی نێو پاسەکە گیر بوو، هەستی کرد، ڕۆحی لە نێو سیحری تەڵەیەکدا عاسێ بوو، جەستەی شەلاڵی شالاوی مووچڕکەیەکی شیرین بوو، لە خۆوە دڵی کەوتە شایی و لۆغانی ترسێکی بەتام. بەنهێنی هەڵقەی بووکێنی لە پەنجەی دەرهێنا، کوڕەکە بەر لەوەی پاسەکە بوەستێ و بچێتە خوارێ، تەماشایەکی جێ پەنجەی هەڵقەی دەستی کچەی کرد و بزەیەکی بۆ فڕێ دا... کچە هەڵقەکەی خستە نێو گیرفانی و بڕیاری دا چیدی لە دەرەوەی ماڵ حەڵقەی بووکێنی نەکاتە پەنجەی!.

کورتە رۆمان

# کێوی مەزن

## ١

دایە! زامی ئەم جارەت، زامێکی سەختە!
ئەوەتا کوڕی تاقانەت،
هەگبەی زامە کۆنەکانی باوکی،
لە کۆڵ ناوە...
ڕکە لەگەڵ کێوی مەزن دەکا!

لەبەرچاومە، کە چۆن بەچاوی خەم و پەژارەت، لە وێنەکەم، وێنە زەردهەڵگەڕاوەکەم رادەمێنی... هەنسکی گریانی پاک و پڕسۆزت، نەشتەر لە قەتماغەی برینەکانت دەدا. دەروونی گەرم و بەسۆزت رادەتەکێنێ، بیرەوەرییەکانی دێرینت دێنێتەوە بەرچاو. هەموویان یەک پارچە ئومێد و هیوا بوون. ئێستاش حەزێکی گەورە یەخەی گرتووی، حەزی ئەوەی هەر بۆ ساتێکی کەمیش بێ سەرم لە پشت دەرگاکەوە بێنمە ژوورەوە و لە ناکاو خۆمت نیشان بدەم، تۆش لە حاڵێکدا چاوی بێ باوەڕیت پێم دەکەوێ کەچی بۆم دێیت، دێیت هەتا ئەگەر سەرابیش بم، بەدەستە چورچ و لاوازەکانت، بەپیرە دەستەکانت، توند باوەشم تێوە دەگریت، سەرم دەخەیتە سەر کۆشی جارانت، وەک پێشوو، پێشووی منداڵیم، ماچم دەکەیت، بۆنم دەکەیت، دەگریت، ئەم گریانە چ سرێکە خودایە! ئەم خۆشەویستییە پڕ تەلیسمە دەبێ چی بێ؟ منیش لەوێ بەئاهەنگی گریانی بەسۆزت، بەجەستەیەکی پڕ لە ئەڤین، سەر بۆ دنیای خەون و خەیاڵ دادەنوێنم، بەڵام نا، چونکە منیش حەز بەدیدەنی تۆ دەکەم، ئەم جارەیان وەکو جاران هاوڕێی خەون نابم، سەر و سیمای پەشۆکاوی تۆ، دەمهەژێنێ. کە لە تۆ جیا بوومەوە دایە! هەستم دەکرد... بەشێک لە گیانی من دادەبڕێ و هەستی غوربەت و نامۆیی سەرتاپای رۆحم دادەگرێ... دایە! تۆ، دەستەکانت کردبوونە سوپەری هەموو بەڵاییێک، تۆ نەبووای لەمێژ بوو من نەدەبووم. ئێستاش لە تۆ دوورم، بەڵام بوومەتە ئەو باڵدارەی کە بەکێوێکی نامۆدا هەڵدەفڕێ. هەڵنانیشێ. هیچ لانەیەکی دیکە شک نابا غەیری لانەی کۆنی پڕ سەبووری تۆ نەبێ...

دایە! لەمڕۆ بەدواوە، خەونەکانت دەنگ و ڕەنگیان دەگۆڕێ. تۆش دەبیتە ئەو باڵدارەی بەدوای بێچووە زامدارەکانیدا دەگەڕێ. دەبیتە ئەو دایکەی، گوێ بۆ دەنگی





با، کردنەوەی دەرگا، پستەپستی ئەملا و ئەولا، ئاپورەی بن دیوار، هەرا و هوریا، هەڵدەخا، خۆت مات دەکەیت و چاو دەگێڕی.

دایە! ئەوەی کە لەمەودوا تراویلکەئاسا دەیبینی، ئێستا لێرە، لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵ، کۆنەدۆست، زنجیرەیەکی کورتی نارێکیان لە حاڵی هەنگاو هەڵهێناندا پێک هێناوە. چاویان لە کێوێک بڕیوە، لوتکەی لە شینایی ئاسمان دەخشێنێ. ئێستا لە دەشتێکی پان و بەریندا وەستاوین، ئەم دەشتە کاکی بەکاکییە، سەرەتای قۆناخی ئەم سەفەرەمانە. سەفەری کێوی مەزن... ئەم کێوە چەندە بەهەیبەت و شان و شکۆیە؟ جاران لە خەوندا شتی وا سەیروسەمەرەم دەبینی. باڵدار ئاسا، بەنێویدا هەڵدەفڕیم. ئەم کێوە لەگەڵ ئەوەی پاک و دڵڕفێنە، سامناک و ورەشکێنیشە. بەڵام وەکو دەڵێن، ئەوەی بیەوێ ژیانی سەخت تاقی بکاتەوە، دەبێ سنگی لەم شاخە بخشێنێ. ئەوەی بەختی بڕینی چنگ بکەوێ، بەهەموو رازێک دەگا! دەبێ ئێمەش رێچکۆڵەیەک لەسەر بەفری نوێی ئەم ساڵ بکەینەوە. دەڵێن ئەم چیایەی کەویەبەفری دەیان ساڵی لەسەر پشتە و ئاژەڵەکێوییەکان، درزیان تێ خستووە و بۆ مانەوەی خۆیان لە ژێریدا دەژین. ئەم کێوە بەکێوی گورگان ناسراوە. دەڵێن لە سێ لاوە بۆ نێچیرەکانیان خۆیان لە بۆسە دەنێن، وەک ئەوەی ماڵیان لەژێر بەفر بێ، لە ناکاو، دەردەپەڕن ئیدی مرۆڤ خۆی و بەختی.

– هۆ هیوا. کەمێکی دیکە پێ هەڵێنە.

هیوا کە لە دواوەی هەموویان دەڕۆیشت، کەمێک راچەنی. شەقاوی گەورەتری هەڵێنا. خۆی گەیاندە ناوەڕاستی رەوتەکە. رەوتی دۆستەکانی، ئەو دۆستانەی لەمێژە یەکتر دەناسن و بەئازار و ناسۆری یەکدی ئاشنان. هەموویان منداڵی کووچە و کۆڵانێک بوون. دەیان جار دەم و لووتی یەکدییان پڕخوێن کردووە و زۆر جاریش پشتی یەکدییان گرتووە و رەقیبەکانی خۆیانیان بەزاندووە، ئەمڕۆش پاش چەندان ساڵی جودایی، ساڵی روو لە یەکدی وەرگێڕان و تۆمەت خستنە پاڵ یەکدی، لەم سەفەرەدا یەکتریان گرتۆتەوە.

هیوا لەبەر ئەوەی هەنگاوێکی مابوو بگاتە بنار شاخەکە، لەپڕ وەستا بەهێواشی سەری هەڵبڕی:

– دەبێ هەمووی سەرکەوین؟

ئەم قسەیەی لەبەرخۆوە گوت، کەچی وەک ئەوەی (شۆڕش) گوێی لێ بووبێ، گەیشتە لای و دەستێکی خستە سەر شانی و گوتی : «وریای خۆت بە... رێگەمان ناخۆشە... »

هیوا بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکا، هەنگاوێکی خێراتری هاوێشت، دەیەویست وای نیشان بدات کە ماندوو نەبووە. شۆڕش کە یەکێک بوو لە هاوڕێ کۆنەکانی، وا پێ

دەچوو دۆستایەتی لەگەڵ هیوا لەوانی دیکە مەحکەمتر بێ. ئەمەو بۆ خەڵکی گەڕەک و کۆڵانەکەشیان روون و ئاشکرا بوو هەتا دایکی هیوایش ئەم کوڕەی بۆ لە هەموو کەس پێ باشتر بوو زۆر جار هیوا پێی دەگوت: (من قەت حەزناکەم لە تۆ دوور بکەومەوە.) شۆڕشیش دەیگوت: (ئینجا بۆ شتی وا روو دەدا؟) کەچی ئەوەی نەیاندەویست و پێیویستیان پێ نەبوو، رووی دا، رۆژ بەرۆژ زەمینەی لێکترازانی ئەو پێوەندییە خۆشتر دەبوو، هەردوو لا هەنجەتی زۆریان بۆ یەکتر دەهێنایەوە، بەڵگەی بێ بڕوایییان دەخستە بەردەم خەڵکی دەور و دراوسێکانیان... لە دواییدا هەریەکە و کەوتە سەنگەرێک و شەڕی دۆستکوژیان بەرپاکرد. ئەوەی هەیان بوو لە دژ یەکتر بەکاریان هێنا و هەڵیان رشت. هەردوو لا کە پشتیان بەدۆستانی گەڕەکە دوورەکان بەستبوو، تا دەهات بێ هێزتر دەبوون. دۆستە نامۆکانیان بەخێرایی لێیان هەڵگەڕانەوە و لە شەو و رۆژێکدا زەبری خۆیانیان وەشاند... دەر و دراوسێ لەگەڵ ئەوەی ئەو لێکترازانەی شۆڕش و هیوایان پێ ناخۆش بوو، گاڵتەشیان بەهەردوو لا دەکرد و دەیانگوت: (کە دۆستت بوو بەدوژمن هەزار سڵاو لە مردن!) هیچ هەوڵ و کۆششێک بۆ ئاشتکردنەوەی هیوا و شۆڕش سەری نەگرت، تا ئەو کاتەی هەردووکیان هەستیان بەئازاری زەبری دۆستە نامۆکانیان نەکرد، بەئاگا نەهاتنەوە، کاتێکیش بەئاگا هاتنەوە، خۆیان بەلاوازی و پەڕپووتی هاتە بەرچاو.

هەر لەو دەمانەدا، هیوا دایکی نەخۆش کەوت و دەستێکی ئیفلیج بوو. شلێری دۆست و خۆشەویستیشی، کەوتە دەستی پیاوانی دەوڵەت و بێ سەروشوێن کرا... بەرلەوەی ئەم کارەساتانەش رووبدەن، شۆڕش بۆ چەند جارێک هیوای بینی. لە نێو شاردا بەنهێنی راوبۆچوونیان دەگۆڕییەوەو تەگبیریان دەکرد. شۆڕش ئەوکات سێ چوار ساڵی پێ چووبوو، کە شاری بەجێ هێشتبوو، لەنێو شاخ و دۆڵ و عاسێکاندا دەژیا.

زۆریان نەمابوو بگەنە سەرووی یەکەم هەوراز، رێبوار کە لە پێشەوە دەڕۆیشت، لەسەر چیچکان بۆی دانیشت، ئەوانی دیکەیش هەڵیان قۆزتەوە و روونیشتن.

هیوا لەسەرخۆ پەنجەیەکی لە بەفرەکە وەردەدا و نیگاشی لە هەورازەکەی بەردەمی گیر کردبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن دەتوانن ئەم شاخە مەزن و عاسێیە، بێ ئەوەی توولە رێگایەکیشی تیابێ، ئاوا ببڕن؟ دوودڵ بوو لەوەی کە پرسیارێکیان لێ بکا، کەچی هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکەشی دەدایەوە (نەء... ئەوان لە من شارەزاترن.)

بەڵێ ئەوان پێشی ئەم، بۆ چەند ساڵێک دەچێ لە شار دەرچوونە. خۆ تێیاندا هەیە نیوەی تەمەنی لەم شاخانە رابواردووە و ئێستایش ئەم هەڵبەزین و دابەزینەی پێ خۆشە، وەک هەر بۆ ئەم ژیانە خولقابێ: بەڵام وەنەبێ هەست بەنارەحەتییەکیش نەکا، نارەحەتییەک کە تا ئێستا ئازاری دەدا، کەچی دەری ناخا. هیوا ئاوڕێکی لە تەنیشت





خۆی دایەوە. یەکسەرە باڵای لەڕولاوازی شۆڕشی هاتە بەرچاو، بەڵام لە دەروونیدا پەی بەوە برد، کە شتێک بەدەوری ئەم قامەتە خۆی لوولداوە، هەر لە ورە و خۆڕاگری دەچێ... رەنگێکی سوور، هەر دەچوو لە شوێنێکی داڕووشاوی قۆنداخی تفەنگە کۆنەکەی شۆڕش، دەبیندرا، کەوتە بەرچاوی هیوا. بوو بەسووکە زەبرێک بیرەوەرییەکانی وەخرۆش هێنا. بیری راماڵی. لە کێوەکەی جیاکردەوە. رووەو شاری برد، ئەو شارۆچکەیەی کەوتبووە نێوەڕاستی چەندان کێو، لەوێ، لە ماڵەوە جێگیر بوو، ئەو رۆژەی هاتەوە یاد، کە چۆن بەرێکەوت بوخچەیەکی شاراوەی لە کونێکی قوژبنی ژێرزەمینی ماڵەوەیان دەبینێتەوە. بوخچەیەکی کۆن. شێدار و خۆڵ گرتوو. بۆنی خۆڵی لێ دەهات... بەخێرایی گرێیەکەی دەکاتەوە چەند پارچە جل و کۆنە بوزگوڕی تێدا دەبینێ، بۆنێکی ساردیان لێ دەهات. بەپەلەپڕووزێ جلەکان دەردێنێ... لەپڕ هەموو گیانی وێک دێتەوە، وەک زەبرێکی لە ناکاوی پێ بکەوێ. لەشی سڕ دەبێ، دەتەزێ، ترسێک دەچێتە جەستەی. جلەکان ئاوا بەپەرشوبڵاوی بەجێ دەهێڵێ و لەوێ نامێنێ... ئەو رۆژە وەک شتێکی لێ قەومابێ، شپرزە و نالەبار دەهاتە بەرچاو. هەتا نەیدەوێرا سەیری دایکیشی بکا. لەویش دەترسا. لە هەموو شتێک دەپڕینگایەوە، چاوی بۆ هەرکوێ هەڵهێنابووایە جلەکانی دەبینی. لەسەر کۆنە کراسە سپییەکەی نێو بوخچەکە، چەند پەڵە خوێنێکی کۆنی وشکبووی بینیبوو. ئەوکات تەمەنی هەر پێنج شەش ساڵان دەبوو... خوێنەکە رۆژ و شەو راوی دەنا، هەتا لە خەونەکانیشیدا پەڵەخوێنەکان دەهاتنە بەرچاوی، دەیانترساند. بۆخۆی چاک دەیزانی جلەکان هی کێن! بەڵام کەی ئەم رووداوە رووی داوە و بۆ جلەکان وەها خراونەتە نێو بوخچەکە؟ ئەمەی نەدەزانی. نەیدەتوانی لێکی بداتەوە... لەو رۆژەوە دایکی هەستی بەو گۆڕانە کردبوو، کە بەسەر هیواوە هاتبوو، بەڵام نەیدەزانی هۆیەکەی چی بوو. دایک بەناچاری لەسەر دەستووری کۆنی کوردەواری تۆپەڵە مزێکی تواوەی بەسەردا رشت. رژایە نێو جامێکی پڕ لە ئاو. (مز) قاڵبێکی سەیروسەمەرەی لێ دەرچوو. هەر لە گیاندارێکی کێوی دەچوو. لە دڕەندەیەکی دەکرد کە دەمی تووڕەیی لێک کردبێتەوە و چاو بەسەر نێچیرێکدا بگێڕێ. کەس نەیدەتوانی راست و دروست بەشتێکی بچوێنێ. لەخۆیانەوە دەیانگوت: (لە گورگ ترساوە.) ئەو کات هیوا، تەنیا بەڕەسم گورگی بینیبوو... کە لێیان پرسی: (لە کوێ گورگت بینیوە؟) گوتی: (لە نێو ماڵمان!)

هەبوو دەیگوت: (بەچاو چووە!) یاخود هەترەشی چووە... ئیدی کوڕیان پتر بەم قسانە دەترساند. بەڵام هیچ کەس وەک خۆی لە نەخۆشییەکە نەدەگەیشت، ئەو رۆژە دایکی بەمەبەستی کارێک چووە ژێرزەمینەکە، جلە پەرشوبڵاوەکانی بینی. یەکسەر دڵەکوتەی گرت و سەرکەوتەوە... هیوا لە بەردەمی وەستابوو، زۆر بەغەریبی هاتەبەرچاو. لەپڕ بۆی

چوو، باوەشی تێ گرت، توند توند هەڵی گوشی، ماچی کرد، گریان لە قورگی گرمۆڵەبوو، ئەشک دەوری چاوەکانی گرت... ویستی راستییەکەی پێ بڵێ... رووداوی جلە بەخوێنەکانی پێ بڵێ... بەڵام نەیتوانی. سەیری کرد مناڵە و ناکرێ ئەو رووداوەی بۆ بگێڕێتەوە... ناچار درۆیەکی کرد بەڵام دڵی هیوا ئۆقرەی بەم قسانە نەهات... هیوا هەر کاتێک خوێن ببینێ، بەتایبەتیش لە شوێنێکی ئاوا، برینی دەکولێتەوە و کارەساتی جلە بەخوێنەکەی دێتەوە بیر.

شۆڕش کە بەپێوە وەستابوو، هێندە جوان تفەنگەکەی بەدەستەوە گرتبوو، دەتگوت کارێکی گەورەی ئەنجام داوە و رووەو هاوەڵەکانی دەگەڕێتەوە. بەڕاستیش تفەنگی لێ دەوەشاوە، هەتا هیواش هەستی بەمە کردبوو، هەربۆیە پێی گوت:

– تفەنگەکەت لێ دێ !

– زۆریشم خۆش دەوێ. تفەنگ چاوی گورگە بۆ دوژمن! لە سەرەوەی هەورازەکە دەنگی رێبوار بەرز بۆوە:

– دەی... وەڕێ بکەون، درەنگە.

هەموویان هەڵسانە سەر پێ و خۆیان توند کردەوە. هەگبەو چەکەکانیان کردە کۆڵ و بەڕێ کەوتن. (ڕۆژگار) کە لە پێشەوەی هیوا دەڕۆیشت، کەمێک هەنگاوەکانی کورت کردنەوە، تا هیوا گەیشتە پشتی. دیار بوو حەزی دەکرد هەر بەڕێگاوە لەگەڵ هیوا بدوێ:

– کاک هیوا. شلێرت نەگواستەوە؟

هیوا بەبزەیەکەوە گوتی: «نەخێر»

– ئاگادارە کە تۆ هاتوویتەوە ئێرە؟

– نەخێر.

– ئەدی دایکت؟

– بەڵێ.

– لەگەڵ نەخۆشییەکان چۆنە؟

– دەستێکی ئیفلیج بووە.

– بەچی؟!

– لەخۆیەوە... پێشانیش ئازاری دەدا.

– ئەگەر شلێر چاوێکی لێ بێ باشە.

هیوا هیچ قسەیەکی نەکرد. هەر زەوقی قسەکردنی نەما. حەزی کرد لە دنیای تەنیایی خۆیدا شۆڕبێتەوە. ڕۆژگار وا تێگەیشت کە هیوا ماندووە و حەوسەڵەی





قسەکردنی نییە، هەنگاوەکانی درێژتر کردنەوە و لێی دوور بۆوە.

(شلێر! بۆ دەبێ چارەنووسمان وەها بێ؟ ئێستا تۆ لەکونجی تاریکستانێک هەڵترووشکاوی. منیش ملم داوەتە ئەم کوێستانە سەختە. هەردووکمان بەئازاری دەردێکەوە دەناڵێنین، دەزانم ئازاری تۆ کوشندەیە و ڕۆژانە سەد جار مەرگ بەچاوی خۆت دەبینی، شلێر! ببورە لێم، وەک بڵێی من دەستم لە سەرنویشتی تۆ دابێ. لەبیرمە کە چۆن بۆ یەکەمین جار یەکترمان ناسی، ئێستاش وا دەزانم دوێنێ بوو. هەر دوێنێ بوو کە هاتمە لات. هەردووکمان یەک پارچە لە نێو گڕی خۆشیدا دەسووتاین. زەردەخەنەی سوور سوورمان بەسەر یەکتردا دەباراند... هەردووک، سەرەتای ئەو ئەڤینە پیرۆزەمان لە چاوی یەکتر خوێندەوە. چ ڕۆژێکی شیرین بوو! هەر دەتگوت دنیاش یەک پارچە بۆتە خۆشەویستی... سەیر بوو هەردووکمان لە هەمان ساتدا دەلەرزین. دەتگوت دەترساین. هەقمان بوو. ڕۆژی سەرنویشت بوو. ڕۆژی قەول و پەیمانی ئەوین. بوو، کە دەبووایە بەدەمیش بیدرکێنین... چوار ساڵی رەبەقمان بەبێدەنگی و دوودڵی بردەسەر ئێستاش هەردووک، هەر یەکەو لە دنیایەکی جیاین، تۆ لەوێ، لە گۆشەیەکی زیندان، چاوەکانت رۆچوونەتە نێو تاریکی و دەرگا و دیوار و شەقامەکانیش دەبڕن. خەیاڵت دەفڕێ. باڵ لێ دەدا، دەگەڕێ، کون بەکون، بەدوای دەنگ و رەنگی مندا دەگەڕێ. خەیاڵت بێ ئارامە، ئەفسانەی ئازادی دەخولقێنێ، کە بەئاگا دێیتەوە، ئاخێکی پڕ لە حەسرەت هەڵدەدەیت و سەر دادەنوێنی... لەگەڵ خۆتدا دەکەویتە قسە: سەرنویشتمان ئاوا بوو! سەرەتا و کۆتایی بەپێچەوانەی یەکتر بوون... بەڵام نا... نا شلێر! ئێستاش من و تۆ هەر لە سەرەتاین... چ هێزێک هەیە خۆشەویستی لە دڵی مرۆڤدا بمرێنێ؟ خۆشەویستی هەموو تەلبەند و دیوار و سنوورێکیش دەبڕێ.

شلێر! لێرە هێندێک هەست بەئازادی دەکەم. بەڵام دڵم تەنگە. هەقمە. باوەڕیش ناکەم ڕۆژێک دابێ لە دڵەوە پێبکەنم مەگەر بەدیدەنی تۆ. هەر بۆ جارێکیش بێ، ئەو حەز و ئارەزووەم هاتبایە دی، هیچم نەدەویست، ئەو کات ئەگەر لەبەردەمی تۆشدا وشک هەڵگەڕێم، رازیم، رازیم بەوەی خۆمت لەگەڵ بگۆڕمەوە، لەجیاتی تۆ هەرچی لێم دەکەن با بیکەن. بەڵام شلێر، ئەمانە هەم تۆیان دەوێ هەم من، زەمانێک بوو بەدوای مندا دەگەڕان، کە تۆش بوویتە هاوسەنگەرم، ئیدی هەردووکمان هەڕەشەمان لێ دەکرا... تۆ کەوتیە دەستیان و منیش رزگارم بوو. بەڵام ئەم دڵە شێتەم، چۆن بێ تۆ، لە دووری تۆ ئۆقرە دەگرێ؟

شلێر! هەوای ئەم کێوە مەزنە، بەنەرمی بەسەرما تێ دەپەڕێ، ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاودەردەکانم ملی شاخێکمان گرتووە. شاخێکی یەکجار بڵند و پڕ عاسێ، هەرچەند سەربکەوین بەفر ئەستوورتر دەبێ... ئێستا هەناسە بڕکێمان پێ

کەوتووە. ئەم چیایە بەگەورەیی خۆی وەک جۆلانە لەبەر چاوم دەلەرێتەوە، دۆستەکانم وەک من ماندوون، بەڵام بەسەر خۆیاندا ناهێنن، شۆڕشی برادەرم، کە چاک دەیناسی، لەگەڵمایە... جاروبار کە هەڵدەچێ، هەر لە ئاگرپژێن دەچێ، دۆست و دوژمن ناناسێ. کە ساردیش دەبێتەوە دۆستانی خۆی دەناسێتەوە... شۆڕش دوو مرۆڤە لەنێو لەشێکدا، هەردووکیان لە حاڵی شەڕدان، ڕۆژگاریش کە دیوتە، مرۆڤێکی سادە و ساکارە، هەموو شتێک کاری تێ دەکا، بەئاسانی بەلای ئەم و ئەودا دەچێ. ڕێبوار ئێستاش هەر کوڕی جارانە، حەز لە گەورەیی و خۆ هەڵدانەوە بەباب و باپیرانی دەکا. کارزانیش هەر منداڵی پێشووی کۆڵانەکەمانە و وا دەزانێ تفەنگ دارلاستیکە!

هەموویان یەکەم هەورازی کێوەکەیان بڕی، سەرووی گردەکە پانتاییەکی هەبوو، ڕێبوار لەپێشەوە دەڕۆیشت و بەفرەکەی دەبڕی، وەک شەموولە دەهاتە بەرچاو، چوست و چالاک دەڕۆیی، کەس نەیدەزانی بۆ وا هێندە وەپێش دەکەوێ، چی لە دڵدایە، کارزان کە لە دواوەی هەمووان بوو، یاری بەچەکەکە دەکرد، وێ دەچوو بیەوێ هەر بۆ زەوق گوللەیەک بتەقێنێ، بەڵام شۆڕش نەیهێشت:

– لە ڕەنوو ناترسێیت؟!

کارزان، تفەنگەکەی لە شان کرد و هێندێک گرژی و تووڕەیش لە ڕوخساریدا وەدەرکەوت ویستی وەڵامی شۆڕش بداتەوە، بەڵام سەنگی وەڵامەکەی قووت دایەوە و بەقسەی خۆی کە هەموو جارێک لە یەکێک تووڕە دەبوو، لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: (با بمێنێ!) ئەم جارەش هەر وای گوت! بەڵام هێندەی پێ نەچوو، شتێک، هێزێک، هێزێکی نامۆ، دڵی ڕاگوشی، تووڕەتری کرد، چەند هەناسەیەکی نارێکی هەڵکێشا و بەهەمان شێوە دەری دایەوە. چاوەکانی لە ترس و دوودڵیدا حاڵیان دەگرت، دروست وەک ئەو کەسەی لێ دەهات کە دەردێکی هەبێ و بیەوێ ڕێگە لە شدەتی ئازارەکەی بگرێ. دەبێ ئەو دەستە نامۆیە ببڕێ، کە دڵ و دەروونی دەگوشێ، دەبێ شتێک بکا تاوەکو جارانی لێ بێتەوە، دەبێ ئەو ڕقە، ئەو ڕقانەی کە کۆی کردوونەتەوە، بەشێوەیەک دەریان ببڕێ، نەهێڵێ چیدی ئازاری بدەن... بەڵێ کارزان بێ یەک و دوو تفەنگەکەی لە شان کردەوە. لوولەکەی لە ئاسمان کرد. بەرقەوە فشاری خستە سەر پەلاپیتکە و دروست گوللەیەکی ئاڕاستەی خۆر کرد! تەقەکە هێندە دەنگی نەبوو، دەتگوت تەقەتۆرەی منداڵان بوو. هیوا دڵی تەنگ بوو. شۆڕش گۆشەی چاوەکانی وێک هاتنەوە. هەستی کرد ئەم کارەی کارزان، دروست لە جوێنێکی پیس دەچوو، کە قەت گوێی لێ نەبووبێ، جوێنەکە بەم درا. تیغێک بەخێرایی بەدەروونیدا هەڵچوو. بەڕقەوە ئاوڕێکی لە کارزان دایەوە، ویستی قسەیەک بکا، بەڵام هیوا ئیشارەتێکی بۆ کرد و کەمێک ساردی کردەوە، دەماری شەویلاکەکانی ترپە و هەڵپەڕینیان وێ کەوت.





کارزان، بێ ئەوەی سەریشی بەرز بکاتەوە سەبر سەبر دەهاتە پێش. شۆڕش بەری خۆی وەرگێڕا و ملی وەبەر ڕێگا نا، وەک هیچ شتێک رووی نەدابێ وا بوو، کەچی لە دەروونی هەموویاندا، ترس و ڕق و بێزاری وەجۆش کەوتبوو، بێدەنگی هەموویان، بەڵگەی بێزاری بوو بۆ کارزان. هیوا لە هەموویان پتر هەستی بەمەترسی دەکرد و ئەم کارەی کارزانی بەیەکەم کۆسپ و تەگەرە دانا. دەیزانی شتی دیکەیش هەن هێشتا سەریان دەرنەهێناوە و لە کاتی خۆیدا توندتر دەتەقنەوە.

هێشتا پانتایی سەرووی هەورازەکەیان نەبڕیبوو، بایەکی توند هەڵی کرد. بایەک وەک شتێک ڕاوبنێ، بەهشتاوی ڕووەو ئەوان دەهات. هەموو سەروپۆتەلاکیان داپۆشت. بایەکە بەنێویاندا تێپەڕی، وششەی لێوەهات، هەموویانی هەژاندەوە، یەکسەر خۆیان وەرسووڕاند، بایەکە ڕووەو خوارەوە داکشا، دارە ڕەق و ڕووت هەڵگەڕاوەکان، قەد و باڵا و سەریان دانەواند! ڕێبوار پشتی لە بایەکە بوو، لەو دەمە هەموو بینیان چۆن وەک دارێکی ڕزیو کە بەهورژمی با هەڵبتەکێندرێ، ئاوا لەقی و بۆ پێشەوە ڕاتەکی و لەسەر زگ ڕاکشا، بۆ چەند خولەکێک هەموویان شڵەژان، هەستیان بەهەڕەشەی بایەکە کرد. خۆ ئەگەر چرکەیەکی دی دەوامی کردبا، لەوانەبوو یەکیان بەساغی دەرنەچووبان، باش بوو بەخێرایی هات و بەخێراییش تێپەڕی. ڕۆژگار گەیشتە لای ڕێبوار و ڕاستی کردەوە. هیواش کەمێ مابوو پێیان بگات، لە ناکاو خۆیشی نەیزانی چ هێزێک بوو، هەموو گیانی قورس کرد، پشت ملی گران بوو، بۆ دواوە هات و پشتاوپشت کەوت و خزی. دەت گوت یەکێک بەپەلە بۆ دواوەی ڕادەکێشا، نەوەستا تا لە شوێنێک قایم بوو، چەقی، قاچەکانی لە نێوان دوو بەرد گیر بوون. دوو بەردی بەبەفر داپۆشراو، هەر لە کەڵبەی گیاندارێکی دڕندە دەچوو. هیوا هیچی نەبینی. شۆڕش کە لە دواوەی بوو ئاگای لە ڕێبوار و ڕۆژگار نەما.خێرا خۆی گەیاندە کن هیوا. بێ ئەوەی هیچی لێ بپرسێ، هەردوو دەستی خستە بن هەنگڵی ویستی قیتی بکاتەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو. سەروپۆتەڵاک و جلوبەرگی هیوا بەبەفر داپۆشرابوو. شۆڕش هەوڵێکی دیکەی دا و ئەم جارە ڕایکێشایە دەرێ. هیوا چەند ئاخ و ئۆفێکی لە دەم دەرچوو. دوایی لەسەرخۆ گوتی:

– قاچم ! قاچم !

– هیچ نییە.

هیوا لەسەر بەفرەکە ڕاکشا. ماوەیەک خۆی هێنا و برد. ئازارەکەی بەرەبەرە کەمتر دەبۆوە. شۆڕش یەکجێ هەردوو لاقی شێلا. لەوسەریش ڕێبوار هاواری دەکرد:

– زووبن، با ئەم هەورازە ببڕین.

شۆڕش بەهەڵچوونێکەوە گوتی:

– بوەستە مەڕۆ.

کارزان بەهانکە هانک گەیشتە لای هیوا. سەرەتا نەیتوانی هیچ بڵێ. لە تەک هیوا دانیشت، دەستێکی بەنێوچەوانیدا هێنا.

– خۆ هیچ نەبووە؟

– قاچم! قاچم!

– هەردووکیان ؟!

– بەڵێ...

هیوا لەسەر پشت کەوتبوو. بۆ چەند جارێک بەرچاوی تاریک، رووناک دەبووەوە، ئازارێک لە دەوروبەری ئەژنۆکانییەوە سەری دەردەهێنا. بەکەمترین تەکان، هەموو گیانی دادەگرت. کارزان وا دەهاتە بەرچاو کە زۆر نارەحەت بێ. رووی لە رێبوار کرد و ئاهێکی هەڵدەکێشا:

– هەموو خەتا لەوە... هەر دەڵێی بەئەنقەست ئێمەی بێرەدا هێناوە.

شۆڕش بۆ ئەوەی ئاگری تووڕەیی لە دەروونی کارزاندا دامرکێنێ، زۆر بەساردییەوە گوتی:

– نا، خەتا لە هەموومانە.

– ئێمە بۆ؟

– هەموو نەمانگوت با ئەو دەلیل بێ؟

– ناچار بووین.

– دە کەواتە ئەو خەتای نییە.

کارزان بێ دەنگ بوو، بەڵام لە نێو دڵیدا، رقێک، ناڕەزاییەک دەهات و دەچوو، شۆڕش دەستێکی دۆستانەی خستە سەرشانی و بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– گوێ مەدەرێ هیچ بووە؟ هیوایش ئەوە هەڵدەستێتەوە. کارزان وەک بەم قسەیە تووڕە بووبێ، رووی لەم لا کرد و پەنجەکانی دەستی وێک هێنانەوە:

– دەبێ زوو ئەم چەند هەورازە ببڕین.

شۆڕش خێرا قسەکەی بڕی:

– ئەگەر نەمانتوانی سەربکەوین، هاتنە خوارەوەمان ئاسانە!

کارزان سەری داخست و هەڵسایە سەر پێ. توانای قسەکردنی نەمابوو، ویستی بەرێ بکەوێ. هیوا تەکانێکی دا خۆ و جیرە لە ددانەکانیەوە هەڵسا. هەردووکیان خۆیان بۆ شۆڕکردەوەو خستیانە سەر پێ. چەند شەقاوێک رۆیشت، ئیدی داوای لێ





کردن بەری بدەن. کارزان رووی لە شۆڕش کرد و لەسەرخۆ گوتی:

– باشترە تۆ وەپێش کەوی.

شۆڕش بەبێدەنگ پێش هیوا کەوت. هیوا هەستی کرد بایەکی فێنک و خۆش بەسەر لەشیدا تێدەپەڕێ. قاچەکانی سووکتر بوون. هەنگاوەکانی چوستتر دەهاویشتن. کارزان خۆی کەمێک دواخست:

– تۆ برۆ هیوا. هەر ئەم دوو هەورازە ببڕین زۆرمان نامێنێ، دەگەینە سەر کانییەکە. سەری دێر هیوا سەری بەرزکردەوە تاقە پەڵە هەورێکی سپی بینی، هەورەکە لە ئاسمانێکی ساف و شینی دەریاییدا لەنجەی دەکرد. لە ترۆپکی چیاکە نزیک دەبۆوە و دەیویست بەنازەوە خۆی لێ بئاڵێنێ. لە دڵەوە حەزی دەکرد هەورەکە بڕەوێتەوە و ترۆپکی کێوەکەش بەجوانی دەربکەوێ. زەوقی بەو کێوانە دەهات کە لە نێو شینایی بێ گەردی ئاسماندا سنگیان دەردەپەڕێن. هەر لە منداڵییەوە ئاشنایی لەگەڵ چیاکانی دەوروبەری شارەکەی هەبووە. جاران کە بچووک بوو هیچ بەیانییەک نەبوو، هەرکە لە خەو هەڵدەستا، بەعیشقەوە سەیری ئەو شاخە زلەی بەرامبەری شارۆچکەکەیان نەکا. چاوی گەڕۆکی بەنێو گرد و عاسێکاندا دەگێڕا و لەزەتی لێ دەبینی. ئەو کات بەعەقڵی منداڵیی خۆی وای دەزانی باوکی لەنێو ئەو شاخانە و لەژێر گاشە بەردێکدا هەواری هەڵداوە. دایکی دەیگوت: بەیانییان باوکت دێتە خوارێ و لەسەر گردەکەی ژێروو دادەنیشێ. هیواش باوەڕی کردبوو، بەڵام بێهوودە بوو هیچی نەدەبینی. ئەو رۆژەش کە هێشتا بەیانییەکی زوو بوو، گرمەی تۆپ و شریقەی گوللە و هەراو هۆریا لە نێوەڕاست و خوارووی کێوەکە تێکەڵ بەیەکتری ببوون و خەڵکی نێو شاریش گوێیان لەم دەنگانە دەبوو، هیوا بەترس و لەرزەوە، بەزمان تێگیرانەوە دایکی لە خەو هەڵساند... دایک راپەڕی. خێرا دەرگای کردەوە و چووە دەرێ. دەتگوت لە ناکاو خەبەرێکی خۆشی پێ دراوە... چاوی لە شاخەکە گیرکرد و دیقەتی دایێ... وەک بڵێی رۆژی حەشر بێ، نوستووەکانی شار بەم بەیانییە زووە هەمموویان بێدار ببوونەوە و هەرکەسەش لە سەربانەکانیەوە، سەیری کێوە ئاگرزاکەیان دەکرد. هیوا بەدوای دایکی کەوت، بەترسەوە دەستی بەکەلانگوچکی کراسەکەی دایکی گرتبوو، لەسەروسیمای رادەما، هیچ دوودڵی و ترسێکی لێ نەدەبینی، کەچی دەنگەکان هەمووی تۆقێنەر بوون. هیوا وای زانی شاخەکە وەقسە هاتووە، هاوار دەکا و دەناڵێنێ. لە هەموو لایەکەوە پرۆشکی ئاگر بەرز دەبێتەوە و رووەو ئاسمان هەڵدەچێ ئەمیش ویستی هاوار بکا... دایە! ئەمە چییە!؟ بەڵام نەیتوانی. زمانی نەدەگەڕا. لە گۆ کەوتبوو. سەروسیمای لە سام گرتوویێک دەچوو. ئەم دەیزانی باوکی لەو چیایە دەژی کە ئێستا ئاگر دەگرێ... دروست هەمان شوێن ئاگری دەگرت، کە هەموو بەیانییەک تێی ڕادەما... دایک لە سەربانەوە بەمۆڵەقی

وەستا بوو، وێ دەچوو لە خەیاڵێکی قووڵدا بێ. هیوایش لە تەنیشتیەوە، ئامێزی لە نێوقەدی دایکی گرتبوو. ئەگەر دایکی لەوێ نەبووایە زەندەقی دەچوو، بەڵام دیسانیش هەر دەترسا. بینایی لە سنگە بەهەیبەت و بێ ئارامەکەی چیا گیر کردبوو. وەکو خەڵکی دیکە هەموو دەنگەکانی دەبیست. لەوانیش پتر، گوێی لە دەنگێکی دیکە دەبوو. دەنگێک کە بەلایەوە زۆر ئاشنا بوو. وای هەست دەکرد دایکیشی لەم دەنگە ئاگادارە... توند پیلی دایکی راتەکاند... دایە! دایە! گوێت لێیە؟ ئەوە دەنگی باوکم نییە؟ دایک هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. ئاگای لە خۆ برابوو، وەک هەر لەوێ نەبێ، ترسێکی دی، لە جاران بەهێزتر خزایە دەروونی هیوا، لە هەمان کاتدا، گرمەی تۆپێک لە شاخەکە بەرزبۆوە، هێندەی پێ نەچوو ورە ورِی هات و بەسەر سەری خەڵکەکەوە تێپەری، لە پشتی سەرەوەی شار، تەقییەوە، چەپکێک تۆزوخۆڵی رووەو ئاسمان هەڵگرت. هیوا لەگەڵیدا راپەری. چاوەروان بوو دایکی دەستی بگرێ و بچنە خوارێ، کەچی دایک هەر نەبزووت، دەتگوت دارێکە و لەوێ رواوە:

– دایە با دانیشین.

ئەم جارەیان دایک وەخۆهاتەوە و دانیشت. هیوایش سەری خستە سەر شانێکی دایکی، بیناییشی لە چیاکە هەڵنەگرت.

– دایە ئەمە چییە؟

– شەرە شەر.

– کێ و کێ؟

– لەگەڵ حکومەت.

– بابیشم لەگەڵە؟

– نا، نا! ئەو لە شوێنێکی دیکەیە.

– ئەدی ئەم دەنگانە هی کێن؟

– دەنگی پێشمەرگانە!

– چی، دەنگیان دەگاتە ئێرە؟

– ئەدی چۆن!

– تۆ گوێت لە دەنگی باوکم بوو؟

– باوکت لەوێ نییە.

– ئەدی من گوێم لێ بوو.

– ئەوە هی یەکێکی دیکە بوو، هەر لە باوکت دەچوو!

– ئا!!





هیوا بەچاوە چکۆڵەکانی، هەندێ شتی لە دامێنی چیاکەوە بینی، شتەکان بەنارێکی و سەرلێشێواوی دەهاتن و دەچوون. جارێ بەرەو خوار جارێ بەرەو ژوور. ئۆقرەیان نەدەگرت... ئەو رۆژە هیوا و دایکی لە جێگەی خۆیان نەبزووتن، تا لە پر ئاگرێکی گەورە، گەورە بەقەد ئاگری نەورۆز، لە بناری چیاکە هەڵکرا، گوری ئاگرێکی سەوزیش بەرەو ترۆپکی چیاکە رۆیی، رۆیی و نەوەستا. تا لەسەر ئەوێ تەقییەوە، بوو بەدووکەڵ، دووکەڵێکی خەستی سپی، بۆ ماوەیەک لوتکەی کێوەکەی تێدا نقووم بوو، هێندەی نەبرد لێک داپچرا و ئیدی لە نێو دەریای شینی ئاسماندا گوم بوو...

هیوا لەپشت خۆیەوە گوێی لە دەنگێک بوو. بەڵام تێنەگەیشت. خەیاڵەکەی پچرا، ئاورێکی دایەوە، زانی، شۆرش بوو. شۆرش بەئیشارەت تێی گەیاند کەوا سەیرێکی لوتکەی شاخەکە بکا. هیوا لە ترۆپکەکە رامایەوە. هەورەکە زیادی کردبوو لە تەنیشت کێوەکەیش چەندان پەڵەهەوری دیکە وەدەرکەوتبوون لە تەوقی سەریشیانەوە تەنکە هەورێک بەری رۆژی گرتبوو:

– ئەم پەڵە هەورانە دەڵێی لەخۆیانەوە دەزێن!

هاوکات لەگەڵ ئەم قسەیەی شۆرش، ئەژنۆکانی هیواش وەئێش کەوتن. ئیشەکە گرمۆڵە بوو، لە نوختەیەک وەستا، پتر بوو، کەمێک وەستا، هەستی کرد لەشی گران دەبێ و ترسێکیش رۆدەچێتە گیانی. ویستی رێ لە ترسەکە بگرێ و ئێشەکەش لەبیر خۆی بباتەوە. بەڵام نەیتوانی، ژانێکی لە ناکاو و غەریب بوو. چ بکا؟ هەردەبێ ئەم رێگایە ببرێ. خۆ کەسیش ناتوانێ لە کۆڵی بکا. لەوێش ناتوانێ بمێنێتەوە. بەهەموویانیش رایکێشن وەسەر ناخرێ. ئەدی چ بکا؟ کەی وەختی ئەمەیە! ئەم ئێشە زەبری بەربوونەوەکە بوو، هەرەشەیەکی جیدییە و مەحاڵە وا بروا، بتوانێ بستێک بچێتە پێش... کارزان گەیشتە لای:

– ئەمە چیتە؟

– قاچم! قاچم!

– هەردووکیان؟

– بەڵێ.

هەردوو لەسەر بەفرەکە دانیشتن:

– با بیانشێلم.

بۆ ماوەی دوو سێ چرکەیەک کارزان قاچەکانی هیوای دەشێلان، هێدی هێدی ئێشەکەی کەم کردەوە. هیوا تەکانێکی دا خۆ و هەڵسایەوە. هەستی کرد هەردوو قاچی سووک بوون. ئێشەکەش برایەوە... ملی رێگایان گرتەوە... هیوا بیری لە دەستەگۆج بووەکەی دایکی کردەوە. لەوە دەترسا هەردوو قاچی ئەمیش لە کار بکەون و بەدەردی

دەستەکەی دایکی بچێ... دایە! دەستەکانت پشت و پەنای من بوون. منیان لە زۆر کەوتندا هەڵساندۆتەوە. دەستی تۆ بوون، لە دێو و درنج و شەولەبان دەیانپاراستم. سکی برسییان تێرا دەکردم بەگەورەییش سۆزی دایکایەتیان پێ دەبەخشیم. من تا ئەمڕۆش بەنهێنی بۆ دەستە مەزنەکانت دەگریم. تۆ ئێستا پێویستیت بەمنە، منی دوور لە تۆ دایە! دەبێ جارێکی دیکە بەیەکتر بگەینەوە؟ بەو دەستانەت، ئەو دەستە ئارامبەخش و گەرمانەت ئامێزم بۆ بگریتەوە دەروونی پڕ لە ژان و ناسۆرم، کڕ بکەیتەوە. بەچاوی پڕ لە فرمێسکی سوێرت، روومەتی شەقار بووم تیمار بکەیت و سۆزی نەمانی باوکیشم پێ بدەیتەوە. دایە! ئەوە شلێریش رووی لە سەفەرێکی نالەبار کردووە. جاران دڵت بەو خۆش بوو. لە روخساری ئەودا منیشت دەدۆزییەوە. بەڵام ئێستا چی دەکەیت؟ روو لە کوێ دەکەیت؟ کێ هەیە گوێ لە دەردی دڵت بگرێ؟ زەبروزەنگی زەمانە یەخەت بەرنادەن، دەزانم دڵە گەورەکەت بارتەقای هەموو کۆستێک دەکا. جەستەی قالبووت لە نێو مەینەتدا بەرگەی ئەم دوو خەمەش دەگرێ... خەمی من و شلێر... دوو خەمی گەورەن دایە! ئێستاش وا هەردوو قاچەکانم پێکەوە هەڕەشەم لێ دەکەن. دەترسم لێرە جێ بمێنم و نەتوانم ئەم شاخە ببڕم... تەنیا کەمێک باوەڕم بەشۆڕشە. کە لەوانەبێ تا دوا نەفەس کۆمەکم بکا... بەڵام ئەو هێندە بێ سەبر و ئارامە، زەحمەتە خۆیشی بەسەلامەتی دەربچێ.

- کاکە هیوا خێراکە...

هیوا گوێی لەم دەنگە بوو، بەڵام نەیزانی کێ بوو. بەهەر حاڵ هەنگاوەکانی خێراتر کردن... بەعاستەم سەری کێل کردەوە. هەورەکە پتر ببوو. تەواوی ئاسمانی ئەو ناوچەیەی داپۆشیبوو، هیوا بەتەواوی هیلاکی و ماندووبوونی پێوە دیار بوو، شۆڕش چەند جارێک سەرنجی لێ گرتبوو. دەیزانی هەڵگەڕان بەهەورازێکی ئاوا سەخت و دژواردا، بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەک هیوا، کە لەمێژە سەفەری وای نەکردووە، سەخت و ناخۆشە، شۆڕش ئەو رۆژانەی هاتنەوە یاد کە چۆن هیوا و شلێری پێکەوە دەبینی. زۆر جار بەخیلی پێ دەبردن، بەڵام لەدڵەوەش پێی خۆش بوو کە رۆژێک وەک بووک و زاوا بیانبینێ و لە خۆشیی ئەواندا بەشداری بکا. سەیر ئەوە بوو هەندە کەیفی بەشلێر دەهات، هەتا وای لێ هاتبوو ئەگەر رۆژێک نەیدیبایە دڵی دانەدەکەوت. خۆ ئەگەر یەکێکی غەریب (جگە لە هیوا) لەو کاتانە چاوی پێ کەوتبا، کە لەگەڵ شلێر دەدوا، مەحاڵ بوو دەیگوت یەکتریان خۆش دەوێ. ئەوەی وای لە شۆڕش دەکرد ئەوەندە بەشلێر موعجیب بێ، خودی قسەکانی شلێر بوون کە بەخێرایی شوێنی خۆیان دەپێکا. شلێر قسەی جیدیشی بەبزەیەکی هەمیشەیی دەردەبڕی، شۆڕش ئاگای لە پێوەندی نێوان هیوا و شلێر بوو. بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ نەکردۆتەوە تەنیا





جارێک نەبێ کە ئەمیش بەدەست خۆی نەبوو، لەکاتی قسەکردندا بەهیوای گوت:

- لەیەکدی دەوەشێنەوە.

هیوا زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و شۆڕشیش تێ گەیشت. شلێر و هیوا لەگەڵ یەکتر بڕیاری ئەوەیان دابوو، کە بایەخێکی زۆر بەشۆڕش بدەن. شۆڕشیش هەرچی هەبووایە بەمانی دەگوت. هەتا رۆژێکیان لە گەرمەی گفتوگۆدا بوو لەگەڵ شلێر، هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە نهێنییەکی پێ بڵێ، ئەگەرچی بەشەرمەوەش دەمی کردەوە، بەڵام شلێر پێی شتێکی زۆر ئاسایی بوو:

- گوڵەی دەستە خوشکت کێویکە بۆ خۆی!

- وا نییە... لێی نزیک بەوە، ئەویش حەز دەکا لەتۆ نزیک بێتەوە... شۆڕش دڵی بەم قسەیە خۆش بوو. روخساری سوور هەڵگەڕا و ویستی باسەکە درێژ بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی... لەم دواییەیەش کە هەواڵی گرتنی شلێری زانی، زۆری پێ ناخۆش بوو، چونکە دەیزانی گوڵە دۆستێکی نزیکی لە دەست داوە...

بڕۆ هیوا! بچێژە ئەم دەرد و مەینەتە. ئەمە ئاسەواری کۆنتە، لە تۆدا ماوەتەوە. پاشماوەی خەمی زامەکانی باوکتە، ئەو باوکەی چەندان ساڵ بەر لە ئێستا، کاتی منداڵیت، بەهیوای ئەوە دژیا کە تۆی منداڵ، تۆی لاو، خەندەی بەهاریی بتگرێ. ئەویش وەک تۆی ئێستا یەخەی لەم کێوانە گرتبوو. بەعیشقێکی غەریبەوە، تێیان ئالابوو. هێندە بەنێوایناندا دەگەڕا، هێندە گوێی لێ رادەگرتن، لە زمانی ئەوان حاڵی ببوو. عیشقی نێوان مرۆڤ و چیا، تەنیا بۆ ئەو کەسانە سادەیە کە تەمەنێک دەکەنە قوربانی، قوربانی بێ غەڵوغەش، کە ڕەنگە ئاکامەکەیشی هەر قوربانی بێت.

پێ هەڵێنە هیوا! ئەم کێوە ئەگەرچی ترسناکە، بەڵام لەوە ترسناکتر خودی خۆتە.پێ داگرە و مەهێڵە پەنجەی بێزاری دڵت بگوشێ. ئاوەڕێک بدەوە، بزانە چی دەبینی؟ چەند گردۆڵکەیەکی بەفراویی، تووڵە ڕێگایەک، لە دوورەوە دەشتێکی پان و بەرین، ئەملا و ئەولا چەند شاخێکی بەرز و دڵتەزێن، لەنێو هەموویاندا سەردەمێکە دەنگی ئاهو ناڵەیەک دێ. گوێ رابگرە. بەئاستەم سەری ناسکت بخە سەرپشتی گاشە بەردەکان، هەست رابگرە، ئەو کات، ترپەی دڵێکی گەورەت دێتە گوێ. رووداوی داستانێک دەبیسی، کە بەتۆ کۆتایی دێ، لە تۆوەش دەست پێدەکا... ئەمە ئەمانەتێکە و دەبێ بیگەیەنیتە جێ... بڕۆ هیوا، بەختی خۆت بەبڕینی کێوی مەزن تاقی بکەوە... هێزێکی نامۆ بەدواتەوەیە و مستێ لە ئێش و ئازاری بەردەمت دەدا!

هیوا بەعشقی شلێرەوە، هەنگاوی دەنا. دەتگوت لە ترۆپکەی کێوەکە، دڵدارەکەی چاوەڕێی دەکا. خەیاڵی تیژ و پڕجۆشی. لە دنیای شلێردا دەخولایەوە... ئەوێ رۆژێی هاتەوە بیر، کە چۆن شلێر وەک مزگێنییەکی گەورەی پێ بێ، هاتە لای، دیارییەکی

بچکۆڵەی بۆ هێنابوو. بۆ یەکەمین جار، بەشەرم و دڵەکوتەوە رووبەڕووی هیوا وەستا، دیارییەکەی پێ بەخشی، رەنگی سوور هەڵگەڕا:

– بیکەمەوە؟

شلێر بەشەرمەوە گوتی

– نا، دوایی

هیوا بەبزەیەکەوە ئەو رۆژنامەیەی کە بەدەوری دیارییەکە لوول درابوو، هەڵی پچڕی... شلێـر تفی قـووت دایەوە. دڵ لێـدانەکـەی پتـر بوو. رەنگی سـوور هەڵگەڕاوتر بوو. پەنجەی دەستەکانی لەرزین. هێزێک وەک لە زەمینەوە بەرەو ئاسمانی ببا، رووی تێ کرد، لەشی سـووک بوو، سووک وەک کای بەر با! لە دەستی هیوا ڕاما... هیوا بەرگی دیارییـەکـەی هەڵدایەوە. بەر لەوەی ناونیـشـانی کـتێبـەکـە ببینێ، نیگای چووە سەر نووسراوەکە، دەستنووسی شلێر... (پێشکەشە بەو کەسەی مانای خۆشەویستی لێ فێر بووم! شلێر.) هیوا سەری بەرزکردەوە. تیشکێک لە چاوی هەردووکیان چوزەری کرد، رووەو یەکدی هاتن، هورووژمی ئەڤینێکی بێ پایان دەورەی دان، لێکی ئاڵاندن، زەڕە بەزەڕەی گیان و جەستەی یەکتریان خۆش ویست بێ ئەوەی فزەیەک بکەن، وەک هەر ئاگایان لە خۆیان نەمابێ پەنجەی ناسکیان لە روومەتی یەکتر دەخشاند... لە چاوی یەکتر هەموو شتێکیان خوێندەوە. ساتێکی چەندە خۆش و دڵڕفێن بوو!

شلێر! ئێستاش کتێبەکەت لەنێو کتێبخانەکەمدا شای کتێبانە، بەڵام تاجە مەزنەکەییم هێناوەتە خوارێ... تاجی ئەو نووسینە جوانەتم لەسەری هەڵگرت، وا لەنێو گیرفانی سەر دڵمە، لەگەڵ خۆمدا هێنام، هەست دەکەم سەری خستۆتە بان دڵە خەمگینەکەم. دەمەوێ لێرەش بەهەوای ئەڤینی تۆوە هەناسە بدەم. چونکە تۆش فێری مانای ئەڤینت کردم. من لەو رۆژەوە تا ئێستا بەتۆوە گرێدراوم. دروست لەو ساتەوە بوو گۆڕام. تۆش گۆڕاویت. هەردووکمان دوو مرۆڤی دیکەمان لێ دەرچوو، بەئەڤینی یەکترەوە دەسووتاین، خەونی سەوزی دوارۆژمان بەیەکترەوە دەبینی... دایکیشم هەمان خەونی بەئێمەوە دەبینی. ئێستاش بزانێ کە تۆ نیت، کە تۆ لە دونیایەکی پڕ مەترسی و وەحشەتناک دەژیت، بەو خەمە دەتلێیتەوە. شلێر! کێ دەیزانی چارەنووسی من و تۆ وای بەسەر دێ؟

هەورازێکی دیکەیشیان بڕی. هیوا وەک هەست بەئێشانی پشتی بکا، دەستەکانی بڵند کردن. خۆی بۆ دواوە کووڕ کردەوە. کەمێک وەستا و لە دەوروبەری خۆی وەڕاما، مستێکی لە بەفرەکەی بەردەمی دا. نەتدەزانی لە ماندووبوونیان بوو، یان لە رقان، شۆڕش هەنگاوێک بۆی گەڕایەوە، ویستی قسەیەک بکا، بەڵام هیوا وەپێشی کەوت:

– چ لە بڕینی بەفر ناخۆشتر نییە.





– ئەدی ئەم کێوە؟!

– هەردووکیان.

– دەنا تۆ بەفرت پێ خۆشە.

– ئێستا، نا...

– سەیرە! جاران کە منداڵ بووین رۆژمان لە نێو بەفردا دەبردە سەر.

– سەردەمی منداڵیی جیایە.

– کە گەورەش بوویت هەر وام دەدیتی.

– راستە، بەڵام بەگەورەیی، بەچاوێکی دی سەیرم دەکرد.

– بەفر هەر بەفرە، چ بەچاوی منداڵیی، یا گەورەیی.

– مەبەستم لەززەت و خۆشییە. بەمنداڵی کەیفمان بەیارییەکانی نێو بەفر دەهات و بەفر ئێمەی دەتواندەوە. کەچی بەگەورەیی حەزم دەکرد لە نێو جوانی و پاکی بەفردا بتوێمەوە!

شۆڕش بەبزەیەکەوە گوتی:

– دیارە، توانای قسەخۆشەکانت هەر ماوە؟

– دیارە.

هەردووکیان پێکەنین، هیوا هەنگاوی هەڵێنایەوە. هێندەی نەبرد لەهیکرا، شۆڕش قاقا پێکەنییەوە. هیوا پێی سەیر بوو:

– ها، چیت هاتەوە بیر؟

شۆڕش هەر بەرێیشتنەوە دەستی بەقسان کرد:

– خانووە بەفرەکانی منداڵییت لەبیرە؟

شۆڕش پاش کەمێک وەستان درێژەی دایێ:

– هەر نەماندەزانی سەرما چییە. لەنێویدا رووەدەنیشتین، هەریەکەو تفەنگۆرەیەکمان پێ بوو. لوولەکەیمان لە کونێکی خانووەکە دەردەهێنا و چاوەڕوانی ئەوەبووین چۆلەکەیەک لەسەر رووتەنییەکەی بەردەمان هەڵبنیشێ. دانەوێڵەمان بۆ روو دەکردن. بەو فێڵە لێمان نزیک دەبوونەوە و ئێمەش شیشە تفەنگۆرەمان تێ دەگرتن و دەمانخستنە سەرپشت، ئەو رۆژانە چەند خۆش و بەلەززەت بوون هیوا. هیوا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و دەری دایەوە:

– راست دەکەی.

– ئەدی ئەو رۆژەت لەبیرە، کە لەسەر بانەکەتانەوە خلیسکت برد و سەراوسەر کەوتیتە نێو بەفرەکە و نیوەی لەشت لەنێویدا مابۆوە؟

چاک لەبیرمە شۆڕش. دیسان پێکەنینی گرتەوە... بیرەوەرییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، هەر بەو خلیسکانە، هیوا زۆر شتی دیکەی وەبیر هاتەوە. کاتێک هیوایان لەژێر بەفرەکەوە دەرهێنا، بەپەشۆکاوی خۆی لەدەست ئەم و ئەو دەرهێنا و بەغار گەیشتە حەوشەی ماڵەکەیان، لە ناکاو پێی هەڵزەنی و ناوەندی سەری وەعەرز کەوت. هەموو دۆستەکانی ئەوانەی لەو سەفەرەش لەگەڵیدان. دایانە قاقای پێکەنین. هەقیان بوو، لەو ناوە شۆڕش خێرا خۆی گەیاندە لای دایکی هیوا و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، دایک بەپەلەپرووزێ لە ژوورەوە وەدەرکەوت، بەهەناسەی سوارەوە لە بەرامبەر هیوا وەستا، بینی هیوا پێدەکەنێ، سەیرێکی شۆڕشی کرد و بەنەرمی شەقێکی لە ڕوومەتی دا و پێی گوت:

- جارێکی دی درۆیان نەکەیت!

هیوا خۆی لە پشت دایکی نا و بەهاواروەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵڵا دایە، درۆی کرد.

شۆڕش تەریق بۆوە و، بەڵام رقێکی زۆری لێ هەڵگرت:

- ئەمن درۆم کرد هەی فێڵباز؟

شۆڕش هەر بەو رق و کینەوە، بەو تەریق بوونەوەیە، لە ماڵی هیوا چووە دەرێ. لەگەڵ خۆی بەڵێنی دا کە تۆڵەی لێ بکاتەوە. نابێ جارێکی دی هیوا لەبەرچاوی هیچ کەس، جورئەت بکا شۆڕش بشکێنێتەوە. ئەو ڕۆژە سەری کۆڵانەکەی بەرنەدا. چاوەڕێی کرد تا هیوا هاتەدەرێ. لە دوورەوە، بەدزی، تۆپەڵە بەفرێکی رەقی تێ گرت، وەک خۆی دەیویست لە تەوقی سەری دا. هیوا دەستبەجێ، لە شوێن خۆی، بەبێ فزە، ڕۆنیشت، سەری گێژ بوو، شۆڕشیش هەڵات ئەو ناوەی بەجێ هێشت، دەتگوت زەوی قووتی دا. هیوا نەیدەزانی چ بکا گێژوویژ دوو سێ جار بەدەوری خۆیدا خولایەوە. بیری کردەوە چۆن بچێتە ماڵەوە و چی بەدایکی بڵێ. هەستی کرد سەرەوەی لاجانگی ڕاستەی بەقەد کەلایەک ئەستوور بووە... وا چاکە هەتا زووە، تا رقەکەی دانەمرکاوە، بەدوای شۆڕشدا بگەڕێ. تا نەیدۆزێتەوە، تا تۆڵەی خۆی لێ نەکاتەوە، نەوەستێ... بەڵام زوو بڕیارەکەی خۆی گۆڕی. ڕووی لە ماڵەوە کرد و بەترسەوە ڕۆیشت دەستێکی لەسەر شوێنی زەبرەکە دانابوو. خەریکی ئەوە بوو بەتاڵە مووە تێکچرژاوەکانی بیشارێتەوە، بیری کردەوە، ئەگەر دایکی، شوێنە ئەستووور بووەکەی ببینێ ئەوە پێی دەڵێ بەربوومەتەوە... بەڵام چۆن دەتوانێ سەروسیما بەبوغز و تووڕەییەکەی بشارێتەوە؟ ئەمەیان زەحمەتە، خۆ دایکی زۆری لێ بکا، لەوانەبێ لە حەیفان بگریێ. ئەو کات دایکی بۆ ئەوەی هیچ گرفتێکیان تووش نەبێ، ناچارە دڵی بداتەوە و هانی نەدا، کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە... لەو بیر و خەیاڵانەدابوو، هەستی کرد ئێشانەکەی برا.





گەڕایەوە ماڵێ. تا ماوەیەک دایکی هەر زەینیشی لێ نەبوو. کاتێک لەسەر سفرەی نانخواردن دانیشت، دایکی چاوی تێ بڕی. دەستێکی لە چەناگەی داو سەری بەرز کردەوە و بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

- ئەوە چاوت بۆ سووربۆتەوە؟

یەکسەر چاوی بڕژایەوە. خێرا ژانی زەبرەکە گەیشتە چاویشی.

- هی دووکەڵی سۆباکەبوو!

- کەی ئەم عادەتە تەرک دەکەی؟

- ئەدی ئەگەر سەرمامان بێ چ بکەین؟

بەپەلە نانی خوارد و فرسەتێکی بۆ هەڵکەوت. خۆی لە دایکی دزییەوە... بەهەشتاوی بۆی دەرچوو. هەموو کون و قوژینی کۆڵانەکە و کەند و هەڵدێری ئەو ناوەی لە شۆڕش نۆڕی. نەیدۆزییەوە، ئەم جارە چووە ماڵیان، هەرکە پاڵی بەدەرگای دەرەوە نا، گوێی لە ئاخێک بوو، یەکسەر زانی شۆڕشە و خۆی لە پشت دەرگاکە دانووساندووە، دەرگاکەی توندتر پاڵ دا. شۆڕش چەند جارێک (ئەی... ئەی بابە. ئەی مردم... )ی بۆ کرد، سوودی نەبوو. دەرگاکە لە نێوچاوانی نزیک ببۆوە، بەسەری لووتییەوە نووسابوو:

- بتکوژم؟! ئەو بەردەت بۆ خستبووە نێو تۆپەڵە بەفرەکە؟

- کوا وەڵاهی بەرد نەبوو!

- ئەدی خۆڵ بوو، درۆزن؟

هیوا، هەر لە حاڵی تووڕەبووندا بوو، هەتا هێزی تیا مابوو پێلەقەیەکی لە خوارەوەی ئەژنۆی شۆڕش دا ئیدی هەستی تۆڵەسەندنەوە و سەرکەوتنی لەلاوە زۆر بوو. دەنگێکی ترسناک لە دەمی شۆڕشەوە دەرچوو. هەر ئەو دەنگەی لێوە هات و لەوێ لە پشت دەرگاکە، لەسەر چیچکان لێی دانیشت. هیواش خێرا دەرپەڕی، لە سەرەتا هەم دڵخۆش بوو هەم دەترسا. بەرەبەرەش کە لە ماڵەوە نزیک دەبۆوە، ئەو خۆشییەی نەدەما کە هەوەڵ جار هەستی پێ دەکرد. لە جێگەی ئەم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا... ئەم جارە چ بەدایکی بڵێ؟ چ درۆیەکی بۆ بکا، دەبێ هەر بشگەڕێتەوە ئەگینا بەم ئێوارەیە دایکی تەنگاو دەبێ و هەموو شوێنێکی لێ دەنۆڕێ، لە قوولاییی دەروونییەوە هەستی بەپەشیمانی دەکرد، بەڕوخسارێکی پەشۆکاو و دوودڵییەوە گەڕایەوە ماڵێ. هەرکە دایکی چاوی پێ کەوت، زانی شتێک ڕووی داوە:

- ئەوە لە کوێ بوویت؟

- ............. .!

- بۆ قسە ناکەیت ؟

– لای شۆڕش بووم!

– قەت وانییە... فێرە درۆ بوویت.

– دەبڕۆ پێی بڵێ.

– دەنا شەیتانییەکتان کردووە.

هیوا بەهیچ شێوەیێ مەسەلەکەی بۆ دایکی نەدەدرکاند. دایک وەک لێی زویر ببێ، لەم لاوە بەپەستی رووی خۆی لێ وەرگێڕا و بەعادزی لێی راکشا لە کاتێکدا بیری لە کوڕەکەی دەکردەوە، دایکی شۆڕش وەژوور کەوت. هیوا وەک هێزێک بیرڤێنێ، زوو خۆی گەیاندە پشت ئەو کەنتۆرەی نوێنی لەسەر دانرابوو. لەوێ هەناسەی لەخۆ بڕی. وای دەزانی دایکی نەیبینیوە، هەستی راگرت:

– ئەوە هیوا بەچی لە شۆڕشی داوە؟ خۆ قاچێکی شکاندووە!

دایکی هیوا، دڵی وەتەپە تەپ کەوت، ترسا، ترس وەباڵای هەڵگەڕا بەبێ دەنگی هەڵسا و رووی لە هیوا کرد:

– هەستە وەرە دەرێ، ئەوە چیت کردووە؟

هیوا لە هەژمەتان دەستی بەگریان کرد. گریانێک گریا، هەموو رق و تووڕەیییەکی لەسەر دڵی دایکی شۆڕش راماڵی. سۆزی دایکایەتی و هاودەردی لە دەروونی هەردوو دایکدا جوولاندەوە. بەهەنسکی گریانەوە بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، لەوێ لەپشت نوێنەکان هاتە دەرێ و لە دایکی شۆڕش نزیک بۆوە:

– ئەها... سەیری ئێرەم کەن... پێش ئەوەی تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە. بەردێکی بۆ خستبوومە نێو تۆپەڵە بەفرێک و توند بێرەمی دادا، دەبینن چەند ئەستوور بووە؟

هەردووکیان سەیری شوێنە هەڵامساوەکەیان کرد و دایکی شۆڕش دەستێکی بەسەری داهێنا و ماچێکی لێ کرد:

– هەر چاکە بەچاوت نەکەوتووە... کوێر بم... وەڵڵا دەبێ قاچەکەی دیکەشی بشکێنم.

هیوا بەگریانەوە گوتی:

– نا... ئەی بەچی بگەڕێ!

– گوێ مەدێ، بەقوربانی تۆی دەکەم!

دایکی شۆڕش دەیزانی کوڕەکەی خۆی شەیتانە و رۆژ نییە دوو سێ شەڕان نەکا. هەتا زەرێکیش نەکا، کەس دەستی لێ ناوەشێنێ. ئەم شەڕەی هیوا و شۆڕش، هەر شەوێک دوشکی و تووڕەیی بەدواوە بوو، بۆ بەیانی نەخشەیەکیان دانایەوە، پێکەوە بڕیاریان دا راوە پاساری بکەن:





– خۆ پێت نایێشێ؟

– هیچ نییە... ئەدی سەری تۆ؟

– ئێستا، نە.

هیوا و شۆڕش هەریەکە و بەجۆرێک ورد و درشتی رووداوەکەیان دەهاتەوە بیر، کاتێک هەر بەرێوە بوون، کە بۆ جاری سێیەم شۆڕش پێکەنییەوە، لەسەرخۆ گوتی:

– زۆر پێکەنیم، وا نیە؟!

گردێکی دیکەیشیان بەدوایی خۆیانەوە بەجێ هێشت. گەیشتنە گۆڕەپانێکی بەردەم هەورازێکی دی. رێبوار کە زۆر لە پێشەوە بوو، جگەرەیەکی داگیرساند و لەژێر هەورازەکە دانیشت. رۆژگاریش هەر بەدوای ئەم جگەرەیەکی پێکرد و وەستا. کارزان پارچە نانێکی لە گیرفانی شەڵوارەکەی دەرهێنا و کرمەکرمی لێوە هێنا... شۆڕش و هیوا لە نزیک یەکدی راوەستان:

– ئەرێ هیوا، برادەرێکی زۆرتان گیران؟

– نازانم!

– دەبووایە خێرا دەستوبردێک بکەن.

– چییان بکردایە؟

– زوو بهاتنایە شاخ...

– کارێکی ئاسان نەبوو.

– ئاخر بەگران لەسەرتان وەستا.

– راستە، سیاسەتەکە درزێکی تێ کەوتبوو.

– دەبووایە خێرا پڕبکرێتەوە.

– هی رۆژێک و دووان نەبوو... هی ئێمەش نەبوو بەتەنیا!

– یانی چی؟

– ئێوەش راست و چەپ وەرگەڕانە سەر ئێمە و درزەکەتان بەرینتر کرد!

– ئاخر دەبووایە ئێوە لەگەڵ ئێمەبن.

– نەخێر، دەبوایە ئێوە لە ئێمە دانەپچڕێن !

– بەهەر حاڵ ئێوە هەڵەتان کرد و زۆر چوونە پێش.

– ئێوەش هەڵەتان کرد و لە ئێمە زۆر دوور کەوتنەوە!

شۆڕش، هەر کاتێک، لە هەر گفتوگۆیەکدا قسەی پێ نەمابووایە، خێرا پێدەکەنی و مەسەلەکەی وا دەردەخست کە بەجیدی نەبووە و مەبەستی گاڵتە و وەخت بردنەسەر بووە. ئەم جارەش هەر وای لێ هات، بەڵام جیا لە جاران شتێکی نوێی بەدەست کەوت،

ئەویش، هیوا بۆ یەکەمین جارە ئینکار لەوە ناکات کە حزبەکەیان هەڵەی کردووە و ئەمەش بەرهەمی هەڵەکانیەتی. شۆڕش ئەمەی پێ خۆش بوو، لە دڵەوە هەستی بەسەرکەوتنێک کرد، کە لەمێژ بوو، لەلایەن هیواوە پێی لێ نەدەنرا. بۆ ئەوەی پتریش دڵی بحەسێتەوە گوتی:

– دەی ئەوە هەردووکمان لە یەک سەنگەرداین.

– هەر دەبێ وابێ... ئەگەر نا...

هەردووکیان پێکەنین، بەنییەتێکی پاکەوە، پێکەنین و قۆڵی یەکتریان راوەشاند. شۆڕش هەستی بەسۆزێکی غەریب کرد، کە لە گیانیدا بەوجود هات، رۆژانی منداڵیی خۆی و هیوای هاتەوە بیر، کە چۆن لەسەر یەک مێزی کلاسی خوێندن دادەنیشتن. پێکەوە ئێواران دەچوونە ماڵی یەکترو دەرسەکانیان رەوان دەکرد، زۆر جار بەرێگاوە لە کاتی هاتنەوەیان لە قوتابخانە، لەگەڵ کوڕەکانی ئاغای گەڕەکەکەیان تێک دەئالان و لێیان دەبوو بەشەڕ. جاری وا هەبوو کوڕانی ئاغا دەمانچەی باوکیان، یا هی یەکێک لە خولامەکانیان دەهێنا و هیوا و شۆڕشیان پێ دەترساند. هەموو رۆژێک بیریان لەوە دەکردەوە، چۆن زەبرێکیان لێ بدەن و ئیدی ئەو بەڵایەیان لەکۆڵ بێتەوەو کوڕانی ئاغا لە بەرامبەریان چاوشۆڕ بن و چیدی بەرۆکیان نەگرن و تا هەتایێ چاوترسێن بکرێن. زۆر تێفکرین، هیچیان پێ نەکرا. لەسەر ئەم حاڵەش ئاغا لە دوای هەردووکیانی نارد، چەکدارێک هات و هەردووکیانی راپێچی و هێنانیە بەردەم ئاغا:

– دەستی هەردووکتان دەبڕم! چیتان دەوێ لە کوڕەکانم ؟!

– ئەوان شەڕمان پێ دەفرۆشن.

– حەرامزادەینە... ئاخر نەدایکتان بێ مێردە!

هەردوو لە بەرامبەر ئاغا و قسەکانی، لە حەیفان وەختا بوو بتەقن، بگرین، چاویان لە شاخەکەی بەرامبەریان هەڵبڕیبوو. ئاغا نەڕاندی بەسەریانەوە:

– ئێستا دارکاریتان دەکەم هەی قەحپە داکینە!

ئاغا بەدەستی خۆی هیوا و شۆڕشی حەسیرمەیدان کرد و لەگەڵ هەر قامچییەکیش بەرِقەوە دەیقیژاند:

– تۆبەدەکەن یان نا ؟

هیچیەک وەڵامی ئاغای نەدایەوە دەتگوت زمانیان لاڵ بووە:

– ئەگەر جارێکی دی، بەشەڕبێن... گووتان دەرخوارد دەدەم!

ژنە بچووکەکەی ئاغا، لە پەنجەرەوە سەیری حەوشەی دەکرد... ئاغای وەک هەرس دەهاتە بەرچاو. خۆی پێ نەگیرا و بەخێرایی دەرپەڕی. دەستی مێردەکەی گرت. کەمێک رایتەکاند. نیگای بەزەیی لە چاوی پڕ شەڕ و خوێن و فیتنەی ئاغا گیر کرد. لەپڕ





پاڕایەوە... گوناحن... بێ باوکن... بەسە... بۆ خاتری خوا.

– لاکەوە ماکەر!

ژنە بەئەندازەیەکی وا تەریق بۆوە، لە شوێن خۆی رەق وەستا. چاوی تووڕەیی لە چاوی ئاغا نا. لێوەکانی لە خۆیانەوە، دەجوولانەوە، دەتگوت بەنهێنی کۆمەڵە جوێنێکی بۆ ئاغا فڕێ دا... ئاغا بەسەریدا نەڕاندی:

– بڕۆ... بڕۆ ژوورێ!

ژنە هەر لەوێ چەقی. وەک بەرد، وەک بزمار، پاش ماوەیەک لە هەردوو منداڵەکە ڕاما، بەچاوی بەسۆز و دایکانە تەماشای کردن... دواجاریش بەڕقێکی پەنگخواردووەوە بەری خۆی وەرگێڕا و بێ ترس گوتی:

– دەستت شکێ زاڵم!

ئاغا بەم قسەیە ئاگری تێ بەربوو. شۆڕش و هیوای دایەوە بەر قامچیان، هەریەکەو پێلەقەیەکیشی تێ کوتان:

– هەڵسن دەی، کەربابینە!

شۆڕش و هیوا، وەک لەنێو تەڵەیەک رزگاریان بێ، هەڵاتن، هەر بەغاردان، وەک ئەوەی هەست بکەن یەکێکیان بەدواوەیە، بەنشێوی بەردەرگای ماڵی ئاغا چوونە خوارێ، نەوەستان، تا گەیشتنەوە ماڵێ. لە ماڵەوە هیچ یەکیان نەوێران رووداوەکە بۆ دایکیان بگێڕنەوە. دەچوونە دەرەوەی شار، بەنهێنی لە شوێنە شین هەڵگڕاوەکەیان رادەمان، ئەوەی جوێنی پیس بوو، بۆ ئاغایان دەنارد. سوێندیشیان دەخوارد، کە هەردەبێ تۆڵەی خۆیان لە (دلۆ)ی کوڕی ئاغا بکەنەوە. بەڵام دووساڵیشی پێ چوو، بەڵێنەکەیان بەجێ نەهێنا، چونکە هەرسێ کوڕەکانی ئاغا، لە هیوا و شۆڕش دەترسان و لێیان دوور دەکەوتنەوە. رۆژێکیان بەرێکەوت، هیوا لە یەکێک لە رووبارەکانی دەوروبەری شار، هەلێکی چاکی بۆ رەخسا و لە کاتی مەلەوانی کردن، لەگەڵ (دلۆ) لێیان بوو بەشەڕ. هیوا هەتا تاقەتی تیا بوو، مستێکی لە دەمی کوڕی ئاغا دا و پشتاو پشت فڕێیدایە نێو رووبارەکە... ئێوارە زاندرا کە (دلۆ) دوو ددانی پێشەوەی شکاوە و ئاغاش چاوی پەڕیوەتە تەوقی سەری، شێت و هار بووە و هەر لەبەر خۆیەوە دەڵێ... ئابڕوومان چوو، قەت وانابێ... دەبێ ماڵی هیوا لێرە نەمێنێ... پاش دوو رۆژ چەکدارەکانی ئاغا بەدەستی خۆیان ماڵی هیوایان تێکنا و خستیانە نێو لۆرییەک و رەوانەی شارێکی دیکەیان کرد. ئەوکات شۆڕش خۆشەویستترین دۆستی لەدەست چوو. شەو و رۆژ لە فیکر و خەیاڵی ئەوە بوو چۆن خۆی لە دەستی کوڕەکانی ئاغا رزگار بکا. لەو رۆژەوە کە هیوا لەوێ نەمابوو، کوڕەکانی ئاغا تەڕاتێنیان بەشۆڕش دەکرد و رۆژ نەبوو لێدانێکی پێ نەکەوێ... تا رۆژێکیان لەپڕ ماڵی ئاغا لەو شارە نەما و

گواسترایەوە شارێکی گەورەتر... خەڵک دەیانگوت: لەترسی پێشمەرگان هەڵاتووە... هەبوو دەیگوت: قۆنتراتچییەتی دەکا و هەر ئاغای جارانیشە ! هێندەی پێ نەچوو ماڵی هیوایش گەڕایەوە شارۆچکەکەی جاران.

رێبوار کە گەیشتبووە سەرووی هەورازی سێیەم، لەسەر بەردێکی زل دانیشتبوو، رووی لەوانەی خوارەوە بوو. رۆژگاریش پەلەی ئەوەی بوو بگاتە لای. لەپڕ چەند هەنگاوێک لەدووری رێبوار، هەڵخلیسکا. رێبوار لەسەر گاشەبەردە نیوە رەشبووەکە راوەستا و بەهەڵلاوە گوتی:

موستەهەقت بێ... دەتویست وەپێشم کەوی؟

کارزان بەتەنیشت شۆڕشدا تێپەڕی، وشەی لێوە هات. بەهەناسەبڕکێ و سەروسیمایەکی تێکچرژاو و دەم بەبۆڵەبۆڵەوە، هەنگاوی هەڵدەهێنا. شۆڕش واقی وڕما هەر بەسەرسووڕمانەوە گوتی:

– ئەمە چی بوو! تۆش بوویتە منداڵ؟

کارزان هەر ئاوڕیشی نەدایەوە. نیوە پێچێکی بەدەوری هیوادا کردو لەوێش تێپەڕی، هیوایش چاوی سەرسووڕماوی تێ گرت. پاشان لەسەرخۆ گوتی:

– کارزان لەسەرخۆبە.

– ئەمە چییەتی؟ دەیەوێ چ بکا؟ بۆ کوێ دەڕوا، کارزان چ کارێکی بەدەستەوەیە؟ بۆ وا لەگەڵ بەفرەکەش شەڕیەتی، دەبێ دەردی منداڵیی نەبێ؟ دەبێ شتێک ئازاری نەدا؟ چ سرێکە وا بۆ پێشەوەی دەبا؟ ئەگەر وا بڕوا دەکەوێ. دەکەوێ و هەمووشیان لەم سەفەرە دوادەخا.

کارزان ساتێکیش نەوەستا. ئەم هەورازەی بۆ ببووە گۆڕەپانێک. تیژ سەردەکەوت. ساتمەیەکیشی نەکرد بێ ئەوەی ئاوڕێکیش لە ڕۆژگار بداتەوە، تێپەڕی، ڕۆژگار هەر لەو کاتەی لەنێو بەفرەکەدا ڕۆنیشتبوو، حەزی دەکرد کەمێک بحەسێتەوە. لەپڕ کارزان وەستا. وەستا و یەکسەر رووەو رۆژگار گەڕایەوە. رۆژگار دڵی وەختووره کەوت. حاڵەتێکی سەیری هاتە بەرچاو، لەوە نەدەچوو کارزان هیچ کارێکی بەرۆژگار بێ... ئەدی بۆ گەڕایەوە؟ بۆ بەچاوی هەڕەشەوە سەیری دەکا؟

کارزان رووبەڕووی رۆژگار وەستا. هەموو پێیان سەیر بوو چاوەڕوانی ئەوەبوون شتێک رووبدا، کەچی لەپڕ وەک دەمی هەردووکیان دروابێ، جورئەتی هیچ دوانێکیان نەبوو... کارزان سەری دانەواند، دەتگوت شتێک هەیە و دەیەوێ بیڵێ بەڵام شەرم دەکا. شەپێکی لە بەفرەکەی بەردەمی دا و بەدەم لەرزینەوە گوتی:

– ئێمە هەموومان کەرین!

رۆژگار، واقی وڕما و لەبەردەمی وەستا. نەیزانی چۆن وەڵامی قسەکەی بداتەوە.





خۆی وا نیشانی کارزان دا وەک پێی بڵێ (من هیچت لێ تێ ناگەم) دەتگوت کارزان لە سەروسیمای رۆژگار شتێکی خوێندۆتەوە. بەتووڕەییەوە بەری خۆی وەرسووڕاند و گوتی:

خەتا لە تۆش بوو؟

کارزان رۆیی، چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە رێبوار، لە ناکاو وەستا، چاوی لە چاوی نا، خوزی زاری کۆکردەوە، هەرچەندە هەوڵی دا نەیتوانی دەمی وشکی پێ تەڕ بکاتەوە، بەهەناسەی سوارەوە بەسەر رێبواردا نەڕاندی:

– کوڕی بابم، ئەوە دەتەوێ بمانترێنی ؟!

رێبوار لەشێوەی هاتن و وەستان و دوانی بێ ئارامی کارزاندا، هێندێک ناڕەحەتی دایگرت و کەمێکیش ترسا، بەدڵنیاییەوە زانی کە شتێک رووی داوە و هەر دەشبێ بتەقێتەوە. ئەو جۆرە هاتنەش مانای زۆری هەبوو، بێ باکی و نەترسان و رقێکی گەورەی نیشان دەدا کە دەبێ بەشێوەیەک رێی لێ بگیرێ و سەرکوت بکرێتەوە و زەرەر بەهیچ لایێک نەگەێنێ:

– ئەگەر ماندوویت، دانیشە.

کارزان تووڕەتر وەجواب هات:

– ئێمەت بەکوێدا هێنا؟

رێبوار هەڵسایە سەرپێ و بەری خۆی وەرگێڕا:

– ئەگەر لە من شارەزاتری فەرموو!

– پاش چی؟

رۆژگار بەخێرایی خۆی گەیاندە لایان و بەنیازی ئەوەی ناوبژییان بکا، بەپێکەنینەوە تۆپەڵە بەفرێکی بۆ رێبوار هاوێشت و لەناو قەدی پشتی دا:

– لێگەڕێ با کارزان پێش کەوێ.

رێبوار بەری لە هەردووکیان کرد، قسەکەی رۆژگاری بەجیدی وەرگرت:

– نا باشترە تۆ پێش کەوی!

شتێک هەر لە چەنگاڵ دەچوو، لە گەرووی رۆژگار گیربوو. ئەم نەیدەویست مەسەلەکە وای لێ بێ و کێشەکەش بەسەر ئەمدا بشکێتەوە. بۆ چەند ساتێک لە بەردەم کارزان و رێبوار، دەستە وەستان مایەوە. قسەی پێ نەکرا، بەڵام رقێک لە دەروونیەوە هەڵچوو، هوروژمی بۆ سەرەوە هێنا، دەمی ترازاند، رووی لە ڕێبوار کرد و بەجیدی گوتی:

– باشە وەرنە دوام!

ڕێبوار متەقی لێوە نەهات، زمانی تووڕەیی خۆی گەست، چەند تاڵە موویێکی سمێڵی بەددانەکانی گرت و قرتاندی، لەنێو خۆیدا هەستی بەداڕمانێک کرد و سەریی داخست.

کارزان و ڕۆژگار مشتومڕێکیان کرد و ئیدی کارزان وەپێش کەوت، ڕێگایەکی دیکەی بەنێو بەفرەکەدا کردەوە، ڕاستەوڕاست، بەمەزەندەی خۆی بەرەو سەمتی ئەشکەوتەکە ڕێگەی بڕی، ڕێبواریش هەتا هەموویان وەڕێ نەکەوتن، نەجوولایەوە. شۆڕش ویستی بیدوێنی، بەڵام خێرا ڕای خۆی گۆڕی و بەباشی زانی کە نەیوروژێنێ... ڕێبوار لە پاشەوەی هەمووان بەدڵێکی شکاو و پەستەوە، بەقینێکی شاراوەوە، هەنگاوی هەڵدەهاوێشت، گوڕی تووڕەییش لە دنیای دەرەوە دایبڕاندبوو...

بەس بگەینە جێ، ئەمن دەزانم چیت پێ دەڵێم. ئێرە شوێنی پاڵەوانبازی نییە!

(هەقی خۆمت دەدەمێ. مەرج بێ دەم و قەپۆزت بشکێنم. ئاخر لەبەر من نەبوایە تۆ پیاوی نێو ئێمە بووی؟ کارزان! تۆش وات لێ هات بەسەر مندا بهاڕێنی؟ نەمکرد، لەدەستم چوو، دەبوایە هەر لە مزگەوت و پەنای دیوار و کەلاوەکان بتهێڵمەوە، خوا ئەو شوێنانەی بۆ تۆ دەستنیشان کردبوون. کەچی من سەرپێچیم کرد. من بەم دڵە حیزەم هەڵخەڵەتام و ڕامکێشایتە ئێرە. لەبیرت چوو، هێشتا بزگوڕەکانت لە ئاودەستخانەی مزگەوتی ناو بازاڕ ماون، بڕۆ بڕۆ بیانبینە، ئێستا خەڵکی گووی ژێر کەوشەکانیان پێ دەسڕنەوە! سووچ لەخۆم بوو، ئەگەر نا دەبوایە هەر بەمناڵە خوێڕییەکانی شار چاوترسێنت بکەم. وەڵلاهی دەبێ بەڵایەکت بەسەربێنم بەهەر چوار پەلت گووی خۆت بخۆی. ڕاوەستە، بەس بگەینە سەرکانییەکە، ئەوجا لەوێ نیشانت دەدەم! هەتا دوێنێ منداڵێکی بەردەستی خۆم بووی. چما سەد شەقم تێهەڵدابای فزەت دەکرد؟ ئێستاش لێرە فس فس پاڵەوانیم بەسەردا دەکەی؟

دەتەوێ لەبەرچاوی ئەوانە، خۆت دەربخەی؟ گووت خوارد بەبابی مردووشتەوە! ئاخر کێ هەیە لەمانە وەک من بست بەبستی ئەم شاخانە شارەزابێ؟ چ ڕۆژ هەبوو باوکم کێوێکم پێ نەناسێنی؟ ئاخر من خۆشم هەر لە ئەشکەوتێکی ئەم چیایانە لەدایک بووم. تۆی قوون بەگوو لە چی دەزانی؟! لەسەرحاڵی خۆشت دەم لەدەمی من دەدەی؟ چ بکەم ئەگەر هیوامان لەگەڵ نەدەبوو، قوونی ڕەش و سپیم دەردەخست. دەبوایە شل و کفتت بکەم. بۆ باب و باپیرت عاقڵ بکەم! نەدەبوایە خۆمت لێ کڕ بکەم. خۆزیا کە هاتی و بەسەرمندا هاوارت کرد، لەوێ شان و ملتم بشکاندبایە. وەک منداڵیی جارانت لەبەردەستم بگریابای... نووزە و ناڵینت بگەیشتبایە کەشکەلانی فەلەک. ئەوکات بەڕووت و قووتی، بەشەق و شولاق ڕەوانەی خوارەوەمان دەکردی، بۆ کوێ دەچووی بچووبای. تۆ پیاوی ئەم سەفەرانە نیت. بەڵام چی بکەین؟ ئەوە تووش بووین.





ئێستاش نەچووە بچێ ئەو هەقەت لێ دەکەمەوە ئەگەر یەک ڕۆژم لە تەمەن مابێ. ئاخ! هەقتە کارزان، خەتا لە تۆ نەبوو، لە باوکم بوو، ئەو فێری کردی چۆن چۆنی ڕەخت و فیشەکدان ببەستی، چۆن تفەنگ بکەیتە شان، سێرەی لە نیشانە بگری، بتەقێنی. فێری کردی چۆن دەستوەکەری بکەیت و زەبری یەکەم بوەشێنی. ئێستاش بەهەمان تفەنگ، بێ ئەمەکانە، هەڕەشەم لێ دەکەی؟! قەیدی ناکە... بڕۆ... بەڵام لەسەرت ناچێ. منیش دەزانم کەی زەبری خۆمت لێ دەدەم. چۆن لەهیکڕا بەڕووتدا دەتەقمەوە و تۆڵەی خۆمت لە تفینکان دەردێنم!)

بوغز و تووڕەیی ڕێبوار دانەمرکایەوە. هەر بەڕێوە جگەرەی دادەگیرساند. دووکەڵەکەیشی بەقووڵی هەڵدەکێشا، چەند جارێکیش لە دەروونی خۆیدا، تفی بۆ کارزان هەڵدەهاوێشت و دەیگوت: (نەدەبوایە بێدەنگ بم. دەبوایە سەری بهاڕم!) کەڕەتێکیش لە خەیاڵی خۆیدا دەستڕێژێکی لە کارزان کرد و خستیە سەر بەفرەکە.

کارزان لە سەرەتاوە باوەڕێکی زۆری بەخۆ هەبوو، کە دەتوانێ بەسووک و ئاسانی بیانگەیێنێتە ئەشکەوتەکە. دوای ئەوەی زۆر ڕۆیشت، چاوی بێ ئۆقرە و پەشۆکاوی زۆر گێڕا، چەند جارێک دەوەستا و ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد، لەپڕ وەستا. زۆر بەگرانی لە شوێن خۆی چەقی، دەتگوت هێزێک وەستاندی، قورسایییەک نێوچاوانی داگرت و چاو و بڕۆی لەگەڵیدا گران داهاتن، تەنکە تاریکییەک بەخێرایی بەرچاوی لێڵ کرد و ڕەویەوە، ڕاست و چەپ، پشت و پاش، سەری وەرچەرخاند. هەموو شوێنێکی لێ ببوو بەیەک شوێن. دیاربوو سەمتی ئەشکەوتەکەی لێ ون ببوو.

هەرچەند هەوڵی دەدا سەرلێشێوانەکەی پێوە دیارنەبێ، بەڵام نەیدەتوانی. ئەم جارە لەخۆیەوە ملی ڕێگای گرت. هەنگاوی قورس و پڕ گومانی هەڵدەهێنا. نەیدەزانی رووەو کوێ دەچێ. دەتگوت بەتەواوی خۆی تەسلیم بەئیرادەیەکی نادیار کردووە یان خۆی داوەتە دەست خاکەکە و بۆ کوێی دەبا، ئەوە دەیبا، هەر بەرۆیشتنەوە بەخەیاڵ لەگەڵ ڕێبوار کەوتە قسە (هەموو خەتا لەتۆ بوو، هەتا ئەگەر ڕێگەشم لێ ون بێ. لەتۆی دەزانم. مەرج بێ کارێکت پێ بکەم، هەتا ماوی لەبیرت نەچێ، هەر من دەتناسم، دەزانم هەناوت چی تێدایە. بەهەوای چ خەون و خەیاڵێکەوە دەژی. دەزانم غەرەزێکت لێم هەڵگرتووە. دەتەوێ ئەلێرە بەئاسانی ملمان بشکێنی و گوو لە گۆڕی بابمان بکەی. بەڵام لێت ناگەڕێم. دەبێ هەر بەو عەزرەتەوە بژیت. چما جاری جارانە، وەکو سەپانی خۆت سەیرم بکەیت؟! ئەو بابەت مرد. ئەوە دەبینی هەردووکمان تفەنگمان پێیە و هەریەکەش سێرەمان لە نیشانەیەک گرتۆتەوە. قەت ناهێڵم ببیتە ئەو ڕێبەرەی کە تۆ دەتەوێ، ڕێبەر! دەلیل، تففوو! ئاخر نەئێمەش لە تۆ کەمترین. ئەگەر نا چۆن ڕێگە بەیەکێکی وەک تۆ دەدەین، ببیتە دەلیلمان! ئەوە کەی ڕێگا بوو، ئێمەت

پێدا هێنا؟ دەبیخۆ، منیش هێندە ئەمسەرو ئەوسەرت پێ دەکەم تا بێزار دەبی، تا بەڕوومدا دەتەقییەوە، ئەوجا دەزانم چیت پێ دەڵێم، ئەوکات نیشانت دەدەم کە من کێم، تۆ زۆر بەخۆت دەنازی، ئەگەر پێم عەیب نەبوایە، هەر ئێستا ملتم دەگرت و دەستم لە قرقرتۆکەت دەنا و بیخم دەکردی ئێستا بۆخۆشم نازانم بۆ کوێ دەچم. لەوانەبێ لە دواوەش گاڵتەم پێ بکەن. بابیکەن، هەرچی دەڵێن بابیڵێن. منەتم بەهچیان نییە زۆر زۆر بەجێم دێڵن. باشترە، بۆخۆم بەتەنیا ملی ڕێگا دەگرم. دەبێ پێش ئەوانیش سەربکەوم. پێش ئەوانیش بگەمە خوارێ... بەس هەمووی لە تۆ دەزانم، ڕێبواری ڕێگر! ئەو هەقەت لێ دەکەمەوە) کارزان لەو بیرو خەیاڵە پڕ هەڵچوون و کەللەیییانەدا بوو کە گوێی لە دەنگێک بوو... رایچەناند:

– ها، ئەتۆش فت!

کارزان مەودای چاوەکانی بچووک کردەوە و بەرەو جەستەی ماندووی ڕێبواری گواستەوە. پاشان لە نوالەی خوارەوەیان وردبۆوە. تاوێک لە هەموویان وەڕاما و بەدەنگێکی پڕ گلەیییەوە گوتی:

– جەنابی بزانێ!

ڕۆژگار بەهەلیزانی کە جێی خۆیەتی گاڵتەی پێ بکا، بەخەندەیەکی پڕ ماناوە گوتی:

– کاکە ئەشکەوتەکە لەسەرەوەیە!

کارزان زۆری نەمابوو یەکسەرە قسەیەکی ناشیرین بەرۆژگار بڵێ، ئەوەی باش بوو، شۆڕش خۆی هەڵقورتاند و کارزانی کەمێک هێور کردەوە.

– دەی، بەفر هەم ڕێ دەشارێتەوە، هەم چاویش نابینا دەکا!

هەموویان وەک هەست بکەن چارەنووسیان بەدەستێکی ڕاز و نامۆ گیری خواردبێ، شڵەژاو و بێ دەسەڵات، دەهاتنە بەرچاو. نیگای بێ ئۆقرەیییان لە یەکتر و لە دەوروبەری خۆیان گیر دەکرد. لە نێو دەروونیشیاندا رقێکی بێ پایان، گینگڵی دەخوارد و لە دووتوێی ددانەکانیاندا دادەمرکایەوە... ئەو کێوە مەزنە، ئەو دۆڵ و عاسێ و پانتاییەیان لێ ببووە کووچەیەکی تەنگ و تاریک، بیریان دەکردەوە، بەچ لایێکدا سەربکەون، هەتا زووە چۆن خۆیان بگەیێننە ئەشکەوتەکە؟ هەرچەند سەریان هەڵدەبڕی دڵیان تەنگتر دەبوو... هەور، بەرە بەرە لێک دادەپچڕا و لە چەند قۆڵێکەوە هوروژمیان بۆ یەکدی دەهێنایەوە، دەتگوت هەر پەڵە هەورێک دەیەوێ ئەوەکەی دیکە لەنێوبەرێ. کەچی لە یەکدی نزیک دەبوونەوە، باوەشیان تێک وەردێنا و تێکەڵ بەیەکدی دەبوون و پەڵەهەورێکی گەورەتریان پێک دەهێنا! مەیدانی پان و بەرینی ئاسمان چ شەڕو شۆڕێکی سەیری تێدا بەرپادەبوو! شەڕوشۆڕێکی ئاشتییانە. لە هەموو لاوە راونان و غاردان، پێشبڕکێی پەڵە هەورەکان، کەچی یەکپارچە هەموویان یەکیان دەگرت و رق و





کینەکان ئامێزیان لە یەکدی دەنا و خۆیان بۆ کارەساتێکی گەورە، بۆ یەک مەبەست کە هەموویان لەسەریدا ڕێککەوتبوون، ئامادە دەکرد، لە سەرووی کێوەکەش بایەکی توند دادەخزا و هاشەهاشی دەگەیشتە خوارێ... ئێستا ئاسمان وەک دەروونی دۆستانی ئەم سەفەرە لە حاڵی شەڕو شۆڕدایە، بەڵام لە ئاسمان هەموو هەڵچوون و داچوونێک لەنێو یەکدی دەتوێنەوە، کەچی لەسەر زەوی، شەڕ، شەڕی بێ ئامان، شەڕی دەروونەکان، جەنگی دۆستانی ئەم سەفەرە، لەحاڵی جۆش و خرۆش و کوڵێن دایە. کەس نازانێ ئاکامەکەی چی لێ دێ. ڕەنگە ئەوانیش بۆ یەک مەبەست هاتبن، بەڵام هەریەکە و بەچاوی خۆی لە مەبەستەکە دەڕوانێ... ئێستا هەموویان هەست بەمەترسی نەگەیشتن و عاسێ بوون دەکەن. هەست دەکەن هێز و توانایان لەبڕان دایە. خۆفێکی گەورە گنێخەی گرتوون. خۆفی بەفری کەڵەکەبووی بێ پایان و خۆفی خۆ لە کەمین نانی ئاسمان... شۆڕش کە سەرنجی لە ئاسمان گرتبوو، ڕووی لەوان کرد و وەدەنگ هات. بەدەنگێکی پڕ لە گومان و ناچارییی هاواری کرد:

– بەدوام کەون!

شۆڕش و هیوا وەپێش کەوتن، کارزان و ڕۆژگاریش کەوتنە دوایان. ڕێبواریش وەک لەنێو خۆیدا تێکقڕمابێ بەخەیاڵەوە لە دوای هەمووان هەنگاوی هەڵدەهێنا (ئۆخەی خۆ دڵم داسەکنی! کوڕم تازە مێژووکەی کێویی، بۆنی شیرت لە زاری دێ، دەتەوێ خۆت لە قەرەی من بدەی؟ دە هەڵیگرەوە، ئەوها باش بوو؟ ڕەزیل و زەلیل بوویت. بزانم چیت کرد؟ ڕچەیەکت بەدەوری خۆتدا کرد و هیچی دی، گووێکی گەورەت خوارد و تەواو! دیار بوو حەزت لێ بوو، ئاوا دەمت بشکێ. بەدەستم نەبوو، بەلام بەدڵم بوو. خۆ ئەگەر هەموو جارێ وات بەسەر بێ، ئەوە باشە، هەتیو! بەمنداڵیش هەروا بوویت. کفر بوو یەکێک نەوعە چۆلەکەیەک بکوژێ. دەبوایە ئیللا و بیللا تۆش بیکوژی. مناڵێک بەسەر هەر دارێک هەڵگەڕابا، دەبوایە تۆش لە چاوی بکەیتەوە، کەس نەدەوێرا شتێک بکا، تۆش دەتکرد. ئەتۆ پیشەی منداڵیتە، تەرکی ناکەی، دەستم بشکێ نەمکرد لەکاتی خۆیدا شوێنێکت بشکێنم، تاکو لەکاتی ئاوا بەبیرت بێتەوە و ئارەقەی شەرم و ترس هەڵبرێژی! ئەمن نازانم باوکم بۆ خۆشی دەویستی، چی لە چڕ و چاوی تۆ دەدیت؟ هەر لە منداڵییەوە دەمزانی، بۆ ڕۆژێکی ئاوای بەخێو دەکا تاکو بەگژ مندا بێتەوە. سەرشێت و بێ عەقڵێکی ئاوا تڕن چۆن دەبێتە پیاو؟! من نەبووام کێ بێزی دەهات لەگەڵ یەکێکی ئاوا بڕمیز دۆستایەتی بکا؟

ڕێبوار، شەقاوەکانی سووکتر کردن، زۆری نەمابوو بگاتە ڕۆژگار. ویستی داخی دڵی خۆی بەسەر ئەم هەڵڕێژێ، کەچی خێرا پێچی بەم بیرە دایەوە و لە دڵیدا هێواش بۆوە. ڕۆژگاریش کە هەستی بەنزیک بوونەوەی ڕێبوار کرد، بەهەنگاوی کورت خۆی

دواخست، تا ڕێبوار گەیشتە لای پاشان بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

– لەوانەبێ بەفریش بباریێ.

– خوای دەکرد بەرد دەباریێ!

ڕۆژگار دەیویست دڵی ڕێبوار نەرم بکاتەوە، بەڵام کە بینی بەتوندی وەڵامی دایەوە، بێدەنگ بوو. وەک هەموو جارێ، ئەگەر نەیتوانیبایە ئەوەی دەیەوێ بیڵێ، قڕوقەپ دەبوو، سوور هەڵدەگەڕا و گەرووی دەگیرا.

ڕۆژگار هەر لە منداڵیشەوە وابوو، کوڕێکی کەمدوو، شەرمن، سادە لەوح دەهاتە بەرچاو. کارزان لە هەموویان پتر سوودی لەم خەسڵەتانەی ڕۆژگار دەبینی، بەنوختە لاوازی ئەم کوڕەی دەزانی. هەربۆیە بەخێرایی دەیکردە دەستکەلای خۆی و بەئارەزووی خۆی تەڕاتێنی پێ دەکرد، وەنەبێ ڕۆژگاریش هەستی بەو عەیبانەی خۆی نەکردبێ و ئازاری لەبەریان نەخواردبێ. سەرەڕای ئەمانەش، وەک هەر کەسێک لەنێو خۆیدا تووڕە دەبوو. جاروباریش بوغز و کینەی هەڵدەگرت و بەڕووی کەسێکی وەک کارزانیشدا دەتەقییەوە، بەڵام کارزان دەیزانی چۆن چۆنی جڵەوی دەگیرێ و چۆنیش ڕام دەکرێ. جیا لە هەموویان هیوا بایەخێکی زۆری پێ دەدا. هەموو جارێ لە شارەوە نامەی بۆ دەنارد و بۆی دەنووسی: (تۆ پێویستیت بەجورئەتە... جورئەتێک لە وەختی پێویستدا!) ڕۆژگاریش هیوای زۆر خۆش دەویست، بەڵام قەت نەیتوانیوە ڕووبەڕوو، باسی دڵی خۆی بۆ بکا، وەکو شاخێکی مەزنی دەهاتە بەر چاو کە ناتواندرێ، ببڕدرێ. تەنیا بەنامە هەندێ شتی بۆ دەدرکاند. ئەویش باسی ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوتی دەوروبەرەکەی بوو هیچی دی.

کارزان سەرنجی لە هەنگاوەکانی شۆڕش گرتبوو، کە چۆن بێ هیچ نیشانەیەکی دوودڵی و دڕدۆنگی، وەک ئەوەی تەواوی ئەو ناوە بەڵەد بێ، بەفرەکەی دەبڕی. ئەم دیمەنەی پێ ناخۆش بوو. حەزی دەکرد ئەویش وەکو خۆی و ڕێبواری لێ بەسەر بێ، بۆ ئەوەی دڵی ئیسراحەت بکا و هەموویان خەتابار دەربچن یان هەر نەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ وا لە شۆڕش بکا کە بەڕووی ڕێبواردا بتەقێتەوە... بەڵام وێ دەچوو هەموو دڵنیا بووبن لەوەی کە شۆڕش ئەشکەوتەکە دەدۆزێتەوە... ڕۆژگار و هیوا پێیان خۆش بوو، بەڵام دووەکەی دی دەتگوت فێڵێکیان لێ ئاشکرا دەبێ، هەتا دڵیشیان وەتەپەتەپ کەوتبوو.

ڕۆژگار بەسادەیی خۆیەوە، وەک هیچی لە دڵدا نەبێ، تۆپەڵە بەفرێکی نەگوشراوی بەسەر کارزاندا پەخش کردەوە و بەپێکەنینەوە گوتی:

– بەخوا دەیدۆزیتەوە!

کێ دەیزانی ئەو کات، کارزان بیری لە چ دەکردەوە، ئەوەی تەنیا پێیەوە دیار بوو، لە





ڕێبوار پتر کەس نەیدەبینی و بیریشی لێ نەدەکردەوە... کارزان بەم قسەیەی ڕۆژگار، موچڕکەیەکی عەسەبی بەلەشدا گەڕا و هەردوو پێی چەقاندن، بەڵام بەساردییەوە ئاوڕێکی دایەوە:

– کێ پێی ناخۆشە؟

ڕۆژگار وەک بیەوێ سیمای گرژ و تووڕەیی کارزان خاو بکاتەوە دیسان بەپێکەنینەوە گوتی:

– دەی گوێ مەدەنێ ئێوە سەرتان لێ شێوا.

کارزان بەهەڵی زانی بۆ ئەوەی هەندێک فشاری دەروونی خۆی کەم بکاتەوە و وەقسە بکەوێ:

– ئەسڵەن ڕێبوار کوێرانە دەڕۆیی.

– تۆش عەسەبی بوویت.

– نەوەڵڵا سەیرکە ! منیش وەکو شۆڕش، هەر دەهاتمەوە ئێرە... بەڵام ئەو وای نەدەکرد. ئەو هەر حەز دەکا وەپێش کەوێ، ئەو ڕێبوارە ڕێگرە!

– دەی... با نۆبەتی شۆڕش بێ.

هەردوو وەڕێ کەوتنەوە... شۆڕش کە لە پێشەوەبوو، وەستا، چاوەڕێی ئەوەبوو هیوا بیگاتێ، لەسەرخۆ ئاوڕێکی دایەوە.

– هیوا، ئەو ڕەشاییە چییە؟

هیوا، هێندە لە بەفرەکە ڕامابوو، لە نزیکەوەش بەزەحمەت دەبینی خۆ جارێ لە دوورەوە هەر هیچ شتێکی بۆ سەح نەدەکرایەوە، بەرچاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. هەرچەند سەرنجی دا شوێنەکە، هیچی نەبینی.

شۆڕش دڵنیا نەبوو کە ئەو ڕەشاییە، ئەشکەوتەکەیە، ئەگەر چی ئەشکەوت ئاسا خۆی دەنواند... کەمێک چووە پێشتر. وەستا، تەزووێک بەلەشیدا هات، تا کارزانیش گەیشتە لایان لە شوێن خۆی نەبزووت:

– ئەرێ ئەوە ئەشکەوتەکە نییە؟

کارزان بزەیەکی هاتە سەر لێوان، بزەکەی پڕبوو لە مانای جۆراوجۆر، بۆ شۆڕشی تووڕدا، بەفیزەوە ئاوڕێکی لە ڕۆژگاریش دایەوە دەتگوت پێی دەڵێ: (تۆیش خۆت ناجەڕبێنی؟) ئیدی بەری خۆی وەرگێڕا و بەشێوەیەک کە خۆشیی سەرکەوتنێکی تێ بگەڕێ، ڕووی لە شۆڕش کرد و گوتی:

– ئەوە بەڕاستتە؟!

– بۆ نا؟

کارزان بەتوانجەوە گوتی:

- ئا دەبێ کەوتبێتە پشت ئەم رەشاییە!

شۆڕش هەوڵی دا شڵەژان و تێکچوونەکەی بشارێتەوە، بەڵام نەیتوانی. کارزان زوو هەستی پێ کرد لە خۆشیانیش هەموو ماندووبوونەکەی لەبیر چوو، ترسێک بەنێو لەشی شۆڕشدا هەڵگەڕا. هەستی کرد قاچەکانی گران دەبن و بەفرەکەیش لەژێر پێیدا رۆدەچێ. بەبێ ئاگایی تفەنگەکەی لە شان کردەوە و ویستی شتێک بڵێ، بەڵام هیچی نەگوت. رێبواریش گەیشتە لایان وەک ئەوەی منەتی بەهیچیان نەبێ و ئەوان لە ئاستیدا بچووک و شەرمەزاربن، دەمی پلاری لێک ترازاند:

- بۆ نارۆن؟

شۆڕش کەللەی گەرم داهات، قسەکەی رێبوار وەک دروو بەدڵی داچوو. بەبێ دەنگی بۆ لای خوارەوە بایدایەوە. چەند هەنگاوێک رۆیی. رێبوار ویستی بەچاوی کەسێکی لەخۆڕازی لەگەڵیان بدوێ، بەڵام کارزان جووڵەیەکی کرد و یەکسەر لە ریزەکە هاتەدەرێ و رچەیەکی دی کردەوە و ملی نا. هیوا لەو پاشاگەردانییە واقی وڕما. هەستی کرد مەترسییەک کاسەی سەری دەهەژێنێ. شۆڕش دەمکوت بوو، رێبواریش ئاماژەی گاڵتەجاڕی بۆ هەمووان دەکرد، بینایی رۆژگاریش بوو بەپاسارێکی سەرلێشێواو، بەسەردەمی هەموویانەوە هەڵدەنیشت!

کارزان ئاوڕێکی دایەوە، ئاوڕی فەرمان و دەسەڵات:

- بۆ نایێنە دوام؟!

رق و گاڵتەجاڕی تێکەڵ بەسەروسیمای رێبوار بوون.

- بۆ کوێ کاکە؟

کارزان وەک رێبوار هەر نەناسێ و بەهیچیشی نەزانێ، رووی تێ کرد و گوتی:

- تۆ هەقت نییە!

رێبوار چەند شەقاوێکی نائاسایی هاوێشتن و لە رێچکەکە دەرچوو، وەها دەرچوو، دەتگوت دەیەوێ خۆی بخاتە سەنگەرێکەوە. شۆڕش بەنێوچاوانی گرژەوە، بۆی چوو. رێی لێ گرت. بەدەنگێکی بەرزەوە قیژاندی:

- دەتانەوێ چ بکەن؟!

رێبوار وەستا، کارزان سەیرێکی شۆڕشی کرد و هەنگاوێکیش چووە پێش. شۆڕش وەک لێیان بپاڕێتەوە و فەرمانیان بەسەردابکا، پێی گوتن:

- ئاخر وا نابێ براینە.

رێبوار لێوی بێزاری هەڵتەکاند و رووی لەوانی دیکەش کرد:





- کارزان بەهیلاکمان دەبا ئاگەدارین!

شۆڕش توندتر وەقسە هات:

- فەرموو بەدوام کەون!

شۆڕش ملی هەمان رێچکەی پێشووی گرتەوەبەر، ئەوانی دی هێشتا وەڕێ نەکەوتبوون. هیوا لەسەرخۆ دەمی ترازا و رووی لە کارزان و رێبوار کرد:

- براینە! هەموومان ماندووین، برێک بەحەوسەڵەبن... سەفەرەکەمان دوور و سەختە.

هەموویان سەری خۆیان داخست، شەرم روخساری هەموویانی داگرت، شۆڕش وەپێش کەوت... رۆژگاریش بەدوای هیوا، رێبوار بەناڕەزاییەوە لەپشتەوە هەنگاوی هەڵێنا.

هیوا هەستی دەکرد، بەرەبەرە دڵی رادەگوشرێ. بەچاوی شەکەتبووەوە، لە دوورەوە رادەما. بیریشی لە دۆستەکانی ئەو سەفەرەی دەکردەوە... هاتەوە یادی، کە چۆن بەر لە چەند ساڵێک، کارزان کچێکی کۆڵانەکەیانی خۆشدەویست، ماڵی کچە، لە کەلاوەیەکی پاشماوەی خانووێکی رووخاودابوو، تا دەچوویتە ژوورەوە دەبوایە چەند جارێک بەسەر گردۆڵکەی خۆڵ و دارو بەردی خانووە رووخاوەکە هەڵبەزین و دابەزین بکەیت، دەتگوت ماڵەکەیان بوومەلەرزەی لێدابوو. کارزان هەربۆ ئەوەی چاوی بەکچەکە بکەوێ دەبوایە شەوانە چەند جارێک بەدەوروبەری ماڵەکە بخولایەوە. کەچی وێ دەچوو هیچی بۆ نەهاتبێتە پێش، کە هیوایشی دەبینی، مەسەلەکەی بۆ دەگێڕایەوە، زۆر بەجیددیش دەیگوت:

- منی خۆشدەوێ بەڵام نازانم بۆ نایێتە دەر.

هیوا بەدەست خۆی نەبوو پێکەنینی بەم قسانە دەهات و ئەویش توورە دەبوو:

- هەر دەبێ بیبهێنم!

هیوا لەسەرخۆ دەیگوت:

- تا خانووە رووخاوەکەیان چا نەکەنەوە، شوو ناکا.

- من چاکی دەکەمەوە... بەم دەستانەم.

هیوا زۆری پێ خۆش بوو، کارزان لەو عیشقە یەک لایەنەدا سەرکەوێ. دەیزانی هەر قسەی هەیە و بەس. ئەو ئێوارەیە کە هیوا لە کار دەگەڕایەوە، شەکەت و ماندوو دیار بوو. کارزان لە دوورەوە بەزەردەخەنەیەکەوە بەپیرییەوە چوو. هیوا زانی شتێک بووە. بیری کردەوە کە بۆ یەکەم جارە کارزان وا دڵخۆش دەبینێ، یەکدییان راگوشی:

- خێرە؟

– لەوانەبێ.

– راستیم پێ بڵێ.

– ئەمڕۆ بینیم.

– ئێ؟

– لەگەڵم پێکەنی.

– بەس؟

– هەر ئەوەندە.

هیوا دەیزانی ئەو کچە بەئاسانی دڵی نادا بەکارزان، نەوەکو بەکارزان بەڵکو بەزۆری دی، کە لە ژێرەوە بەنهێنی بەدۆستی خۆیان دادەنا، بەڵام هیچیان بەتەواوی لە کچەکە نەگەیشتبوون. هیوا یارمەتییەکی زۆری کارزانی دا. شەوانێکی زۆر لەگەڵی دادەنیشت و گوێی بۆ قسەکانی شل دەکرد، رۆژێکیان کارزان بڕیاری دابوو کە دەبێ بەنوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ کچەکە بدوێ و ئەڤینی خۆی بۆ ئاشکرا بکا. کەچی ئەو رۆژەش بەمات و مەلوولییەوە گەڕایەوە. بەپەستی لەلای هیوا دانیشت. دەم و لێوی نیشانەی تەریق بوونەوەیان پێوە دیاربوو، رەنگیشی زەرد هەڵگەڕابوو. هیوا لە دڵی خۆیدا زانی کە نەک هەر سەرنەکەوتووە و بەس، بەڵکو لەوانەبێ کچەکە قسەیەکی رەقیشی پێ گوتبێ. کارزان لە شوێنی خۆیدا بەماتەمی دانیشتبوو، نیگای لە زەوی گیر کردبوو. جەستەشی پارچەیەک بوو لە بێ ئارامی. لەپڕ هەڵستا:

– بۆ کوێ کارزان؟

– ماڵی رێبوار!

– چ بووە؟

– هیچ!

هیوا دڵی داخورپا، ترسا لەوەی نەوەکو لەگەڵ رێبوار تێکی دابێ. یان رێبوار بەمەسەلەکەی زانیبێ و بۆ ئەم و ئەوی گێڕابێتەوە. دەستی کارزانی گرت و داینیشاندەوە.

کارزان بەشەرم و سەر داخستنەوە گوتی:

– رێبوار لەگەڵی بوو !

– ئەوجا چییە؟

– پێکەوە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین!

– چی تێدایە ئەویش وەک تۆ دەیناسێ.

ئەم قسانە هیچ کارێکی نەکردە سەرگومان و دوودڵییەکەی کارزان. هەر ئەو





گومانەش سەرەتای تێکچوون و هەڵگرتنی رق و کینەی شاراوەبوو، کە دەروونی کارزانی دەهاڕی و پێوەندی لەگەڵ رێبوار سارد دەکرد، وای لێ کردبوو کە ئەسڵەن حەز بەدیدەنی نەکا. هیوایش هەستی بەم وەزعە کردبوو، هەربۆیە ئەو رۆژە بەکارزانی گوت:

– حەزناکەم ئاوات ببینم، تۆش بۆخۆت هەوڵ بدە، کێ دەڵێ کچە تۆی خۆش ناوێ؟ خۆ ئەگەر ئەوی خۆشبووێ، دەبێ لێی دوورکەویتەوە و لە رێبواریش نەتۆرێی.

– بۆ؟

– چونکە ئەویش نازانێ کە تۆ خۆشت دەوێ.

– ئەدی ئەگەر بزانێ؟

– ئەدی ئەگەر کچە ئەوی خۆشبوێ و تۆی خۆشنەوێ؟

– .............. !

بەڵام چ دڵدارێک هەیە، حەز بکا یەکێکی دیکەیش دولبەرەکەی خۆشبووێ. هەتتا ئەگەر ئەڤینەکەیش یەک لایەن بێ؟ کارزانیش وابوو. دەیدیت کە (گولێ) لەگەڵیدا پێدەکەنێ، ئەمە بەخۆی لای ئەم جۆرێک بوو، نیشانەیەک بوو لە خۆشەویستی، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ رێبواریش پێدەکەنی و قسەشی لەگەڵ دەکرد. ئەمە ئێرەیی هەموو دڵدارێکە! خۆ رێبواریش هیچی بەهیچ نەدەکرد. کچەش هەموو شتێکی بۆ شلێر دەگێڕایەوە، دەیگوت:

– کەیفم بەهەموویان دێ، هەر کامێکیانم بچێتە دڵ و لە من بگا، من هی ئەوم، بۆ ئەوم و، لێی جیا نابمەوە.

ئەوەبوو، هەردووکیان (کارزان و رێبوار) لە دووری کچە دەتلانەوە و خەونیان پێوە دەدیت، بێ ئەوەی گۆشەیەک لە دڵی کچەدا بۆخۆیان بکەنەوە، وەنەبێ کچەیش هیچ بایەخی پێ نەدابن، یا هیچ بیری لێ نەکردبنەوە، نا، هەتا ئێستاش چاوەڕوانی ئەو رۆژەیە یەکێک لەوانە جورئەت بیگرێ و رزگاری بکا!

بەباوەڕی هیوایش، ئەم کچە تا ئەم ساتە، لە دەروونی هەردووکیاندا دەژی و شەڕی نهێنی ئێستاشیان لە بنەوانەوە هەر لەسەر ئەم کچەیە و بەس، بێگومان لە سەفەرێکی ئاوایشدا، ئەگەر ئەم شەڕەیان پەرە بگرێ، ئەوە لق و پۆپێکی زۆر دەردەکا و کارەسات بۆ هەموویان دەخولقێنێ.

– ئەوەتە!!

هەموویان پێکەوە راچەنین، خۆشییەکی لە ناکاو، وەک بایەکی فێنک، لە شوێنێکی گەرمدا، هوروژمی بۆ هێنان، شۆڕش لە دوورەوە دەستی بەرزکردەوە.

– وەرن، ئەوە... دۆزیمەوە!

هیوا وەک تا ئێستا، دڵی لە نێو مستی یەکێدا بووبێ، لەپڕ بەڕەڵڵا کرا، لەشی

خاوبۆوە، سووک بوو، مەودای بینینی چاوەکانی پتر بوو، هەموو شتێکی بینی، هەتا دارە باریکە بەبەفر داپۆشراوەکانیشی دیتن، ئەشکەوتەکەیشی بینی!

رۆژگار بەغار چووە پێش. وەک بیەوێ بارگرانی لەسەر شانی ماندووبووی شۆڕش کەم بکاتەوە، رووەو ئەشکەوتەکە بازی دەهاوێشت و وەک منداڵێک هەڵدەهات.

– خۆیەتی... خۆیەتی، ئەشکەوتەکەیە!

کارزان وەک هێندەی پێ خۆش نەبووبێ، لەسەرخۆ گوتی:

– ئەوە چییەتی؟ شێت بووە؟

رێبوار بەکاوەخۆ بێ ئەوەی تۆزقاڵێکیش سەری بەرز بکاتەوە بەرێدا دەرۆیشت. نەیویست خۆشیی خۆی دەرببڕێ، هەتا نەیهێشت لە روخساریشی دەربکەوێ، لەمەش زیاتر بەسەری لێوەکانییەوە گوتی:

– خۆ منیش هەر دەمهێنانەوە ئێرە!

کەس وەڵامی نەدایەوە. ئارام ئارام بەدوای شوێن پێی شۆڕش کەوتن. شۆڕش لەبەردەمی ئەشکەوتەکە وەستا بوو، هەرچەند ئەوانی دیکەیش نزیک دەبوونەوە، کونی ئەشکەوتەکە گەورەتر و رووناکتر دەبوو.

## ٢

پێش هەموو شتێک هەرچوار تفەنگەکەیان بەدیواری ئەشکەوتەکە هەڵپەسارد. هیوایش هەگبەکەی لە قولینچکێک دانا. ئەوەی خواردن بوو لە شوێنێک کۆیان کردەوە. رێبوار چوارمەشقی دانیشت و سەری خستە نێوان ئەژنۆکانییەوە. کارزان، رووبەڕووی رێبوار پاڵی دایەوە و نیگای لە تەوقی سەری گیرکرد. رۆژگار لەسەر پشت لێی ڕاکشا. شۆڕش راست و چەپی خۆی گەڕا. چەند وردەدارێکی کۆکردەوە... . هیوا، وەک چاوەڕوانی فرمانێک بکا، بەپێوە راوەستا بوو... شۆڕش خەریکی ئاگرکردنەوەکە بوو، گڕێکی بچووکی لەژێر وردە دارەکانەوە هەڵایساند، بەرەبەرەش دووکەڵەکەی قانگی ئەشکەوتەکەی دەدا، شۆڕش نەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە... بەکۆخەکۆخ خۆی گەیاندە دەرێ. کارزان لە ئاگرەکە نزیک بۆوە و پف، پف، پف خۆشتری دەکرد. هیوایش لەتەک ئاگرەکە دانیشت هەردوو چاوی بەملپێچەکەی بەستن و سەری داخست. رۆژگار، هەڵسایەوە دوو بەردی هێنانە لای ئاگرەکە و کەوشەکانی داکەند و لەسەری دانان... . هێندەی نەبرد شۆڕش باوەشە دارێکی هێنا و لای ئاگرەکە داینا، توند داینا. هەموویان لێی تێگەیشتن. کارزان لە پێش هەموویان هەڵسا و چووە دەرێ. لەبەر ئەشکەوتەکە وەستا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. لە بەفر زیاتر هیچی دیکەی نەبینی. پێی سەیر بوو کە چۆن شۆڕش هێندە زوو ئەو باوەشە دارەی هێنا... بیری کردەوە کە دەبێ بچێتە دوورتر... چەند هەنگاوێک رۆیی. لەپڕ وەستا. لە بەفرەکەی بەردەمی راما.





(دەگاتە نێو قەدم) هێندێکی دیکە چووە پێش. دارێکی رزیوی دۆزییەوە. سەیرێکی کرد، قەدێکی شکاوی لێ شۆڕ ببۆوە و دەمی لە بەفرەکە گیر کردبوو، خۆی گەیاندێ، هەر زوو پێلەقەیەکی لێ دا و قرچ، قرچ، کەوتە سەر بەفرەکە. هەر لە نزیکەوە دارێکی دیکەی بینی، دارەکە تەواو وشک و بەلق و پۆپ بوو. بۆ ئەویش چوو. لقێکی وشکی لێ گرت و رایکێشا. قرچەی لێوەهات و کەوت. خۆی بۆ کەدێکی دیکە هەڵاوێشت و گرتی... هێشتا رای نەکێشا بوو، بیری رۆیشت (ئەمن بەم دەردەسەرییە داران بینم، ئەویش خۆی پێ گەرم کاتەوە؟ شەرمیش ناکا، هەر خۆی نەبزوواند، وەک بڵێی شۆڕش لەگەڵ ئەمی نەبێ، ئاخر دەبوایە تێ بگەی کوڕی بابم. شتی وا چاو مۆنکردنی پێ دەوێ؟ هەڵسە و برۆ وەکو ئێمە بارەدارێک بێنە و مەغەزرە! پشتت هەر لە پشتی یەختە دەچێ بۆ وا دەزانی ئەو خەڵکە گێلە، کەرە، کوێرە، تا لێت تێنەگەن ئاخر منیش لە تۆ کەرترم، دەنا نەدەهاتم و لێی رادەکشام. بەجەهەنەم! منیش وەکو تۆ چاوم پان دەکەمەوە. ئەگەر تۆ سەرمات نەبێ، من هەر سەرمام نابێ... شەرمیش ناکا، وا دەزانێ زەمانی جارانە. لێرەش دەیەوێ ئاغا و بەگایەتیمان بەسەردا بکا، گووت خوارد ! نەتۆ کوڕی جارانی نە منیش. ئەمن ئێستا باش دەزانم دۆست و دوژمنم کێن! ئەگەر ئەمڕۆش لەگەڵمانی ئەوە بەحوکمی زرووفەکەمانە، دەنا تۆ تلڵپی تەڕی پیاوەتیت تێدا نەماوە، با کەمێک دنیا وەرچەرخێ، ئەو کاتە خۆت دەبینییەوە. خۆت لەناو هەڵدێرێک دەدۆزییەوە کەس بەهاناتەوە نایێ. هەرچەند بپاڕێیتەوە سوودی نابێ، مەگەر خوا رزگارت بکا! هەنگی دەبێ ببیتە تاژی بەڵام تاژییەکی چاک، راوی چاکت پێ بکرێ. ئەگەر نا لەم دەشت و دەرە دەمێنیتەوە و بەحەپەی سەگێک تاو و لەرز دەتگرێ و شوێن نابێ خۆتی تێ بنێی!) لەپڕ لقەکەی راکێشا. شریقەی لێوەهات و لە بنەچەوە شکا... هەردوو دارەکەی بەدوای خۆیدا راکێشا و ئەوی دیکەیشی لەسەر رێگاکە هەڵگرتەوە و گەڕایەوە... لەو دەمەدا رێبوار پارچە دارێکی دەشکاند و دەیخستە سەر ئاگرەکە. کارزان کە ئەمەی بینی، پتر دڵتەنگ بوو، وای هەست دەکرد دروست ئێسکی گیانییەتی دەشکێندرێ. لەبەرخۆیەوە گوتی : (حازر خۆری بەرسێبەرێ! هەقە فرێت دەینە دەرێ... گووت دەرخوارد دەین لەوێندەرێ!)

هیوا ویستی هەڵسێ و بچێتە دەرێ. کارزان دەستێکی لەسەر شانی دانا و بەچاو پێی گوت : دانیشە. بەڵام هیوا گوێی نەدایێ و دەرچوو شۆڕش لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکە وەستابوو، نەیهێشت. کارزان سەری بەسەر ئاگرەکەدا شۆڕکردبۆوە، لەبەرخۆیەوە بەدەنگێک کە هەموویان گوێیان لێ بوو گوتی:

– سەرمایە، داریش زۆرە!

کەس نەیدەزانی کارزان ئەم قسەیەی لەگەڵ رێبوار بوو، یا لەگەڵ ئەوانە بوو کە

داریان نەهێنابوو قوونیشیان لە ئاگرەکە دەخشاند. بەهەرحاڵ ئەمە توانجێک بوو، ڕێبوار پێی تێکچوو. شۆڕشیش هەر بۆ ئەوەی دڵی کەس بەم قسەیە بریندار نەبێ، خێرا وەجواب هات:

– ئێستا دارمان ناوێ... ئەوەندە بەسە.

ئەم جارەش ئەشکەوتەکە یەکپارچە بووە دووکەڵ، لە نێو دووکەڵە خەستە مشکییەکەدا، زمانی ئاگرێکی زەردی بەگوڕ، لەهەموو لاوە دەردەکەوت، دووکەڵەکەی بۆسەرەوە راودەنا، لە خوارەوەش تا سەرەوە لەنجەی دەکرد، دەتگوت کەوتۆتە هەلەکەسەما! کارزان هەر لە خۆیەوە وەک ئەوەی لە رقی یەکێک وابکا، دەستی بەپف لێکردنی ئاگرەکە دەکرد. ڕێبوار بەچاوی رق و گومانەوە تێی وەڕاما، لەسەرخۆش گوتی:

پێی ناوێ ئاگرەکە خۆشە !

کارزان پتر پفە پفی لێ کرد، تا سوور هەڵنەگەڕا، ماندوو نەبوو، هەناسە بڕکێی وێ نەکەوت و کەللەی نەهێشا، سەری بەرز نەکردەوە، دوایی بەو چاوانە، بەچاوی سووری فرمێسکاوییەوە، نیگای تیژی بەنێو دووکەڵەکەدا رەوانەی سەرچاوی داخراوی ڕێبوار کرد. دەهاتە سەری، هەر بەوحاڵەی کە دانیشتووە و بەدرۆ پێڵووی چاوەکانی داخستوون بۆی هەڵسێ و بیگرێ و ماوەیەک دەموچاوی بخاتە سەر ئاگرەکە. بۆ ئەوەی بەگوێی خۆی قرچە قرچی سووتانی دەم و لێو و چاو و لووتی ببیسێ، بۆنی هەڵکوروزانی قژ و گۆشتەزونی بکا... ئای کە پێی خۆش بوو! کەچی هێندەی نەبرد لە دڵەوە پەشیمان بۆوە و نەیزانی بۆ دڵی پێ دەسووتێ و حەزناکا بەدەستی خۆی وای لێ بکا ؟

شۆڕش لە گۆشەیەکەوە سەیری کارزانی دەکرد، دەیزانی رقێکی زۆری لە ڕێبوار هەڵگرتووە. حەزی دەکرد لە تەواوی کێشەکەیان بگا. کەچی بۆی نەدەکرا. هەندێ جار دەیویست لایەنگیری کارزان بکا. بەڵام لەو سەفەرەدا بەباشی نەدەزانی، چونکە ئەمیش جۆرە رقێکی لە ڕێبوار هەڵگرتبوو. لەوەش دەترسا، نەوەکو هیوا پێی بزانێ و ئیدی گلەیی لێ بکا، هەر بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدا کە خێرا ناوبژیان بکا. ئەم جارەش هەڵسا و لەتەک ڕێبوار وەستا. دەستێکی خستە سەرشانی و گوتی:

– ئەرێ کاکە ڕێبوار، نانەکەی نەخۆین ؟

ڕێبوار بەئاستەم سەری بەرزکردەوە و ئاهێکی هەڵکێشا و بەسەری زمانییەوە گوتی:

– بۆ نا ؟

کارزان ئەم قسەیەی بۆ مەرامێکی خۆی قۆزتەوە:

– وەڵڵا خۆ برسیمانە !

شۆڕش خێرا گوتی:





– دەهەستە با زوو دەست پێ بکەین.

کارزان خێرا هەستا و چووە زگ پریاسکەکان، ڕێبواریش هەستا. خواردنەکەیان هێنایە لای ئاگرەکە، دووکەڵەکەیش هەتا دەهات بنەبڕ دەبوو، لەو کاتەدا هیوا خەیاڵی رۆیشتبوو. چەندان ساڵ بەرەو دواوە گەڕابۆوە، بەزەحمەت دەهاتە بەر چاوی کە چۆن شەوێک لە شەوەکانی زستان، وەک ئێستا بەفرێکی زۆر باریبوو، لە تەک دایکییەوە، لەکن ئاگردانەکەی نێو حەوشەی ماڵیان، خۆی وێک هێنابۆوە، ئەو کات تەمەنی شەش حەوت ساڵانێک دەبوو، نەیدەزانی بۆ دایکی لە دەرەوە دانیشتووە و چاوەڕوانی چ دەکا. حەزی نەدەکرد دایکی بەجێ بهێڵێ. ئەوکات هێندە لە تەنیایی دەترسا، وەک ئەوەی دوژمنێکی هەمیشەیی رۆحە بچووکەکەی بێ. قەت لە دایکی جیا نەدەبۆوە، ئەو شەوەیش هەر لەوێ، سەری خستە سەر کۆشی دایکی و چەند جارێک خەو دەیبردەوە و خێرا بێدار دەبۆوە. بەفریش دڕی بەتاریکی شەو دەدا و هەتا دەهات دەنگە کزەکانی نێو ماڵە دراوسێکانی کپ دەکردەوە و قووتی دەدان. دەستێکی ئاسنین بوو. دڵی هیوای رادەگوشی... لە ناکاو دایکی هەڵسا و بەبێدەنگی هەنگاوی نا. هیوایش لەسەرخۆ و بەترسەوە بەدوایدا رۆیی، گوێشی لە چرپەیەک بوو دایک بەرەو دەرگاکە چوو، بەبێ ترس دەستی درێژ کرد و کردییەوە. زەلامێک کە سەرو پۆتەڵاکی دەمامک دابوو، باوەشی لە دایکی وەرێنا، چەند ساتێک دەستیان لە ملی یەکتر کرد و روومەتیان لە یەکدی هەڵسویی. کلۆ بەفرەکانیش نەیاندەتوانی بەنێوانیاندا، بەنێو دوو جەستەی بەیەکەوە نووساودا، تێبپەڕن! بەبێ چرپە دەستی یەکتریان گرت و بەر دەرگایان بەجێ هێشت:

– بابە!

– وسبەکوڕم!

باوک هیوای لە باوەش نا و روومەتی تەڕ و بەفراوی کوڕەکەی لستەوە. بۆنی کرد، چەند جارێک گۆنای هەڵمژی و هاڵاوی گەرمی هەناسەی بەسەرو سیمای کوڕەکەیدا پەخش کردەوە. دەستی ئەمیشی گرت و چوونە ژوورەوە. دایک لە بەرانبەر مێردەکەی دانیشت، دەستێکی بەڕوومەتی دەمامکدراوی داهێنا:

– ئەوە بۆ درەنگ گەیشتی؟

– بەفر نەیهێشت.

– دوێنێ خەبەریان پێ دام، کە ئەمشەو دێیتەوە.

هیوا چاوی لە دوڕ چاوی باوکی نابوو. پەنجەکانیشی بەسەر تفەنگە تەڕبووەکەی باوکی دەهێنا و دەبرد. بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە گوتی:

– بابە، خۆ ناچیتەوە؟

– دەچمەوە، بەڵام دێمەوە.

(باوکە ! هەر ئەو جار بوو، هێندە بەخێرایی هاتی و هێندەش زوو ڕۆیشتی. بۆ کوێ چوویت؟ ئەگەر دەتزانی دڵی من و دایکم لە چ حاڵێکدا بوو وا بەخێرایی بەجێت نەدەهێشتین. تۆ ڕۆیشتی، بەڵام برینێکی گەورەت لە دەروونی ئێمەدا بەجێ هێشت. بابە! دەڵێن تەرمەکەت فڕێ دراوەتە نێو دۆڵێک، دۆڵێکی عاسێ. من ئەو کات نەمدەزانی بۆ تۆیان کوشت، کێ بوو ئەو کەسەی جورئەتی کوشتنی تۆی خستە ئەژنۆی خۆی؟ من سەرم لەو کارەساتە دەرنەدەچوو. من ئەو کات منداڵ بووم. ئەگەرچی رقێکی زۆریشم لە قاتیلە نەناسراوەکە هەڵگرتبوو، بەڵام لە هیچ شتێک تێ نەدەگەیشتم. من تەنیا ئەوەم دەزانی کە باوکێکی خۆشەویستم هەبوو، لەدەستم چوو. تا جلە بەخوێنەکانی تۆشم نەبینی، هیچم نەزانیبوو. کە دایکم بۆی گێڕامەوە، ئیدی هەموو شەوێ تۆم لە خەودا دەبینی، تۆم بەجلی سووری خوێنینەوە دەبینی، لە خەونەکانمدا پێت دەگوتم: من زیندووم، هەر لە ماڵەوەش خۆم شاردۆتەوە! سەیر بوو بابە! ئەم قسەیەت بۆ دەکرد؟ دەزانی چەند دەترسام. دەزانی هەموو کون و قوژبنێکی ماڵەوەم لێ بووە تارمایی تۆ؟ نە تۆ لەبەرچاوم لادەکەوتی و نە خوێنەکەت. کە گەورە بووم یەک جار خەونم پێوە دیتی. بەڵام ئەو کەرەتە بەجلی جاران نەبوویت، بەرەنگ و دەنگی جارانیش نەبوویت... ئەم جارە دروست هەر لە من دەچووی. پێمگوتی: بابە! بۆ گۆڕاوی؟ بەپێکەنینەوە وەڵامت دامەوە: من نەگۆڕاوم، ئەوە تۆیت لە من دەچی!

تێدەگەم بابە! دەزانم تۆ چیت گەرەک بوو. تۆ ئەو ئازارەی کە ئێستا هەست بەژانەکەی دەکەم، ئەوانەی تۆیان کوشت، دۆستی خۆت بوون. ئێستاش ئەو دۆستانەت هەر ماون. بەڵام هێندێک گۆڕاون. ئەو کات تۆ چۆن لە گەڵیان بوویت، بەشێک بووی لەوان، کەچی هەر بەکەسێکی نامۆ و ترسناک سەیریان دەکردی. منیش ئەوەتە وا لە تەکیان دانیشتووم. هەمان دۆستانی تۆ، پاشماوەی دۆستەکانت، بەڵام ئەم جارە من نامۆ نیم. ئەوان خۆیان باوەڕیان وایە. لێشم ناترسن، لە هەموو کارێکیش راوێژم لەگەڵدا دەکەن، وەکو تۆ بەپشتی خۆمیان دادەنێم. باسی کوشتنی تۆشیان بۆ ناکەم، رەنگە ڕۆژێک دابێ وای بەباش بزانن، زەبرێکی دیکەیش لە کوڕەکەت بدەن، بەڵام وێ دەچێ ئێستا زەحمەت بێ، چارنییە هەر دەبێ لەگەڵیان بم، لێیان جیا نەبمەوە. ئەوانیش مرۆڤی پاکن .بەڵام.)

شۆڕش خواردنەکەی ئامادە کردبوو، بەڵام دەیویست چایەکە پێڕا بگا، ئینجا دەستی پێ بکەن، کارزان خۆی پێڕانەدەگیرا، نەوس سواری ملی ببوو، ڕۆژگاریش دەمی وشک ببوو. لاچاوێکیشی هەر لەسەر خواردنەکە بوو... کارزان خۆی لە خواردنەکە نزیک کردەوە و پارووبەکی گەورەی دروست کرد و بەزۆر پەستایە دەمی. دەتگوت لە ڕقی





ڕێبوار وا دەکا و پێشی دەڵێ: ئاوا دەتهاڕم! قووتت دەدەم !

هیوا رووی دەمی لە ڕێبوار کرد و گوتی:

– ئێرە ناوەڕاستی ڕێیە؟

– بەڵێ.

کارزان پلارێکی تێ گرت:

– هەر لەخۆیەوە گۆرانی دەڵێ!

ڕێبوار بەبێزەوە چاوێکی لە کارزان کرد، پێڵووی چاوەکانی داخستن، هەستی کرد ژانێک ڕۆدەچێتە چاوییەوە. ماندوو ئاسا سەری خۆی خستە نێو ئەژنۆکانییەوە.

شۆڕش ئاگرەکەی خۆشتر کرد. بەسەر لێویشیەوە گوتی:

– بڕۆن قاچ و قولتان بشۆن؟

ڕۆژگار و هیوا، هەڵسان چوونە دەرێ. کارزان چاوی نەوسی هەر دەگێڕا و بۆ ئەوەی نەشچێت دەست و پێی بشوا، شۆڕشی بەقسان خەریک کرد.

– چ دەڵێی کاک شۆڕش، با شەو لێرە بمێنینەوە.

– دەتەوێ رەق ببینەوە؟

– بۆ؟ چ زۆر، دار زۆر.

ڕێبوار ئەگەرچی سەری خۆی داخستبوو، وای نیشان دەدا کە حەوسەڵەی قسانی نییە، بەڵام بەهەموو قسەیەکی کارزان تێک دەچوو، مانای زۆری بۆ لێک دەدایەوە، دروست دەتگوت دەرزیشە ڕۆدەچێتە مێشکی. ویستی سەری هەڵبڕێ و وەڵامی کارزان بداتەوە، بەڵام نەیتوانی. قرچە قرچی سووتانی دارەکان پەردەی کش و ماتی ئەشکەوتەکەی هەڵدڕی... هیوا و ڕۆژگار بەپێکەنینەوە وەژوورکەوتن، هیوا لە بێدەنگی و سەرداخستنی ئەوانی دی هەڵوێستەیەکی کرد، ویستی شتێ بلێ، بەڵام یەکسەر دانیشت، کەس هەوەسی قسەکردنی نەمابوو. هیوا دڵی تێکهەڵات. وای هەست کرد، لەنێو کەسانێکدا دەژی کە بەزۆر کۆکراونەتەوە، ناچاریشن پێکەوە بژین... شۆڕش داوای لێ کردن دەست بەنانخواردن بکەن. چایەکەیش پێگەییبوو، بۆنی دێمدانی دەخزایە لووتی هەمووان، لە دەوری جەمەدانییە پەخشکراوەکە دانیشتن. دەستی کوردستان بەدوای نیگا خێراو برسییەکانیانەوە درێژ کرد. هیوا و ڕێبوار بەهەرەمە نانیان دەخوارد. یەکەم زۆری برسی بوو، دووەمیش دیار بوو بۆ وای دەکرد ! ڕێبوار لەوە دەترسا، کە نەخشەکەی کارزان سەربگرێ و ئەمشەو لەوێ بمێننەوە، بەڵام دڵنیا بوو بێجگە لە ڕۆژگار هیچیەک وەگەڵی ناکەون، کارزانیش هەر بۆ ئەوەی وای نیشان بدا کە پەلەیان نییە، لەسەرخۆ بەخاو و خلیچکی پارووی دەکرد و دەیجوی و قووتی دەدا. جار جارەش لەسەر سفرەکە هەڵدەستا و پارچە دارێکی دەخستە نێو ئاگرەکە.

هیوا، دوایەمین پارووی بەدەستەوە بوو. هێشتا دەمی لێ نەدابوو، لە ئەشکەوتەکە دابڕا. هەمـوو ئەوانەی لەوێ بوون بەبەرچاویەوە نەمـان. جلـەوی خەیاڵی ڕەها ببـوو، ڕۆیشـتبـوو، بۆ ئەو ڕۆژەی، ئەو ساڵەی، کە لەگـەڵ دایکی بەتەنیـا لەسـەر سفـرەی نانخواردن دانیشتبوون. دایکی پێی گوت: (بەباوکتیان دەگوت: ئێوە خەنجەری دوو دەمن! هەم لە دوژمنی ئێمە دەدەن، هەم سەری ئێمەیشی پێ دەبڕن! باوکت دەیگوت: با جارێ ملی دوژمنەکانمانی پێ ببڕین، دوایش بۆتان دەسەلمێنین کە هەر بەو خەنجەرە ئێـوەش دەپارێزین... ئەوان باوەڕیان بەقسـەکانی باوکت نەدەکرد. یان نەیاندەویست باوەڕی پێ بکەن... ئەوەبوو لە شوێنێک کەمینێکی بۆ دادەنێنەوە و دەستگیری دەکەن. جلەکانی لەبەر دادەکـەنن. دوایی لە پەنای تاوێرە بەردێک رایدەگـرن. یەکـێک پێی دەڵێ: تۆبەی دەکەی؟ باوکت نەیدەزانی تۆبەلە چی بکا. خۆی لەوان بەکەمتر نەدەزانی، هەربۆیە هیـچی نەگـوتبـوو، بەڕێکەوت کـۆمـەڵە چەکـدارێک بەوێدا دێن، باوکت دەناسنەوە. بەهەشتاوی لێیـان دەچنە پێش و داکۆکی لە باوکت دەکەن، کەچی ناگەنە ئەنجام، ئەوانەی باوکتیان گرتبوو، بەهێزتربوون. لەو دەمە لێیان دەبێتە شەڕ، شەڕێکی بێ ئامان دەقەومێ. باوکیشت لەو ناوەندە دەمێنێتەوە. هاوار دەکا، تکایان لێ دەکا، دەیەوێ بەرەوانیـان لێ بکا... سوودی نابێ. خوێن دەڕژێ... هیـوا بەدەنگی ڕێبـوار لە خەیاڵەکەیدا پچڕا. دوا پاروەکەی دانایەوە نەیخوارد:

– بڕێک خێرا بکەین... درەنگمان بەسەردا دێ.

کارزان:

– ئەدی نەحەسێینەوە؟

هیوا بەهێمنی رووی لە کارزان کرد و گوتی:

– ڕێبوار راست دەکا.

کارزان سەری ناڕەزایی داخست و ڕقیشی لە هیوا هەڵگرت.

شۆڕش:

– با هەندێک بحەسێینەوە.

ڕۆژگار:

– کەیفی ئێوەیە.

کارزان بۆڵەیەکی کرد و پاشان لێی راکشا، وەک بیەوێ بەهەموویان بڵێ: من نایێم، ئێوەش کەیفی خۆتانە! ڕێبوار هەستی بەناڕەحەتییەکی زۆر کرد. لە دەروونییەوە، بێزی لە حـاڵی خۆی دەبۆوە. قـەت خـۆی وا نەبینیـبـوو. پاڵی وەدیواری ئەشکەوتەکـە دا و پێڵووی چاوەکانی لەسەریەک دانا و کەوتە بیرکردنەوە (باشترە هەڵسم و بەتەنیا بڕۆم. ئەوانە پیـاوی ئەوەنین هەتا سـەر لەگـەڵیـان بم... سـووچ لە خـۆم بوو. دەبوایە هەر لە





خوارەوە ڕێگەکە دوورودرێژ بکەمەوە. ئەوکات درەنگ دەگەیشتینە ئێرە و ناچار دەبوون دەربچین. مـاڵی هەندێیـە شتـەکـانم هەڵگرم و لەبەرچاویان دەربچم. چ دەڵێن؟ ئەوەی دەیلێن با بیلێن بەهیواش دەڵێم: ئەگەر حەزدەکەی زوو بگەینە سەرێ فەرموو... ئەوەی لەسەرم بێ بۆی دەکەم... راستـە من و هیوا لە زۆر شت ناکۆکین، بەڵام هەردەم هەستم کـردووە هیـوا ئەو کـوڕەیە کە پێویستـە لێی نزیک ببـمەوە. منیش ئەوی لەسـەرم بێ، ئێستا پێی دەڵێم. ئەگەر هات ئەوە باشە، ئەگەر نا، ئەوە دەڕۆم. دڵنیاشم ئەو شۆڕش بەجێ ناهێڵێ. ماوەیەکە دۆستایەتیان خۆشتر بووە و نامە و نامەکاری لە نێوانیاندا زیادی کردووە، سەیرە! خۆ شۆڕش چەند جارێک لەلای ئەم و ئەو گلەیی لە هیوا دەکرد، کەچی ئێستا وای نیشان دەدا کە موویان بەنێواندا ناچێ. لەمەش سەیرتر هیوایە! هیوا دەڵێ: شۆڕش هەر لە ئاوی لێڵ دەچێ، مرۆڤێکە ڕەنگ و دەنگ و بۆی هەمـوومـانی هەڵگرتووە! نازانم مـەبەسـتی هیـوا چییـە. ئەوەندە دەزانم کـە شـۆڕش لە هەمـوومـان فێڵبازترە و ئاگری ژێر کاشە. جاری وا هەیە سەرکۆنەی من دەکا و لە هەمان کاتیشدا هیـوا دەشواتەوە. خۆ کارزان و ڕۆژگاری پێی منداڵن و بەکلکی خۆیانی دادەنێ. بەڵێ بۆ ڕۆژێک هەڵی گرتوون کە خۆی دەزانێ!)

ڕۆژگار بەگورجی، پێڵاوەکانی دەپێ کردن. بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ چووە دەرێ، کـارزان تفـەنگەکـەی لێکوپێک کـردبۆوە و خـاوێنی دەکـردەوە. هیـوایش لە تەنیـشت ئاگرەکەوە لەسەر زگ لێی راکشا بوو. چاوی لە نێو گڕی ئاگرەکە بڕیبوو. هێدی هێدی ئاگـرەکـە وەک ئاگـر لەبەرچاوی نەمـا، بوو بەبازنەیەکی زەرد، هەر لە مـانگ دەچوو، گچکە بوو، زۆر گچکە دەبوو، پاشان بەرچاوی بەتەواوی ڕووناک بۆوە، بازنەکە نەما، بیریشی بەدەوری دیمەنی شلێردا دەچەرخا... شلێری لە بەرانبەر حازر بوو، لە سووچێکی ژووری زیندان، چوارمەشقی دانیشـتبوو، چەناگەی خستبـووە سەر ئەژنۆکانی و دوور دەیڕوانی:

– شلێر!

– هیوا

– لە کوێیت شلێر؟

– لە کونجێکی زیندانەکانی ئەم وڵاتەم.

– بەردەبی؟

– کە تۆ لە شاخ بگەڕێیتەوە!

شلێر سەری دادەخا... هیـوا هەردوو لاجانگی دەگرێ و ڕووی کێل دەکاتەوە. سەیری چاوەکـانی یەکـتر دەکـەن. هیـوا نێـوچەوانی شلێر مـاچ دەکـا. توند باوەش لە یەکدی دەگرن. بەپەنجـەکانیـان فـرمێسکە قـەتیس مـاوەکـانی یەکدی دەسڕنەوە. نێـوچەوانیـان

بەشەوق و غەریبی لە یەکدی دەخشێن. هیوا سەر بەرز دەکاتەوە و دەیخاتە سەر پەرچەمی شلێر، بۆنی دەکا. ماچی دەکا. لەچاوی یەکدی ورد دەبنەوە... شلێر لێوەکانی لێک دەترازێن... گریانە شاراو و کپکراوەکەی دەتەقێتەوە:

– بۆ دەگری؟

– بۆ تۆ.

– دەزانی چەندم خۆشدەوێی؟

– دەزانم... بۆیە دەگریم.

هیوایش گریانی دێ، دێت و پێی ناگەڕێتەوە. توند باوەش لە یەکدی دەگرنەوە و فرمێسکیان تێکەڵی یەکتر دەکەن.

ئاگری ئەشکەوتەکە تینی زۆر ببوو. کارزان دەستێکی لە قاچی هیوا دا و هیوا ڕاچەنی. هەموو شتێ لەبەرچاویدا سڕایەوە:

– ئاگاداربە نەسووتێیت!

هیوا بەپانایی دەستێکی، چاوە بەفرمێسکەکانی هەڵگڵۆفین و ئاهێکی خەفەتبارانەی هەڵکێشا، هەڵسایەوە و دانیشت... ڕۆژگار بەخۆی و باوەشە دارێک هاتە ژوورێ. هەر بۆ ئەوەی واشی نیشان بدا کە کارێکی چاکی ئەنجام داوە، لەبەر ئەشکەوتەکە کردیە هەڵڵا، ڕێبوار بەتیلە چاوێکی، تێی وەڕاما، بەئاستەم دەمیشی جوولایەوە. دەتگوت قسەیەکی بەرۆژگار گوت. شۆڕش وەک لێپرسراوێک رووی تێ کردن و گوتی:

– بڕێک بەدەستوبرد بن... خۆمان گەرم بکەینەوە و...

کارزان:

– بڕۆین ؟!

ڕۆژگار هەندێک پارچە داری خستە سەر ئاگرەکە و گوتی:

– دەزانن هەورێکی چڕیشی هێناوە؟

ڕێبوار بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات و گورج هەڵسایەوە. بەلالووتێکەوە گوتی:

– من دەمزانی...

کارزان پارچەکانی چەکەکەی هاوێشتنەوە سەریەک. بەدوو چاوی زەقەوە، سەیری ئاسمانی دەرکی ئەشکەوتەکەی کرد. پاشان وەک لەگەڵ خۆیدا بدوێ گوتی:

– ئەدی زستان یانی چی؟!

ڕێبوار خۆی پێ نەگیراو بەشەرمی زانی ئەگەر قسەیەک نەکا:

– یانی خۆتی لێ بپارێزە!





کارزان:

– چی، بەحەزی تۆیە؟

– ئەگەر بمەوێ دەتوانم.

– بەمەرجێک کارەکەت هێندە پێویست نەبێ.

شۆڕش:

– دەی کەمێک دەحەسێینەوە و دەڕۆین! کارزان:

– زۆر زۆر بەفرمان بەسەردا دەبارێ!

کارزان دەیویست پتر پێ داگرێ و ئەوانی دیکەیش بۆ لای خۆی رابکێشێ و ڕێبوار وەتاق بخاتەوە. ڕێبواریش هەستی بەمە کرد، بەڵام نەیدەزانی لە شوێنێکی ئاوادا چی لەگەڵ بکا. وێڕای ئەمەش خۆی پێ نەگیرا و دەبووایە دەم لە قسەکانی کارزان بدا. ئەم جارەش لەباتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە، سەرێکی بۆ لەقاند. سەرلە قاندنێک هەر لەوە دەچوو پێی بڵێ: (خۆ دەبینییەوە!) کارزانیش دەستی بۆ تفەنگەکە درێژ کرد. هیوا دڵی وەهەڵپە کەوت، شۆڕش سەیری پەنجەکانی کارزانی کرد. ڕۆژگار خۆی بەئاگرەکەوە خەریک کرد، وەک بڵێی ئاگای لەو کەین و بەینە نەبێ. ڕێبوار یەکسەر چووە دەرێ. شۆڕش هەڵسا و بەدوای کەوت. لە دەرەوە لە تەنیشتی وەستا. هەردوو سەریان بەرز کردەوە و سەیری یەکدییان کرد:

– ئەم دەمەقاڵێیە کەم بکەنەوە.

– خەتا لەوە.

– لە تۆیشە.

– نازانم بۆ رکەبەریم لەگەڵ دەکا؟

– بۆ تازە دەیناسی؟!

ماوەیەک بێدەنگ بوون، ڕێبوار هەستی کرد شۆڕشیش رقی لە کارزانە، هەر بۆیە کەمێک دڵی خۆش بوو. شۆڕش بەچاکی زانی بابەتەکە بگۆڕێ:

– لەوانەیە بەفریش ببارێ.

– ئەدی بۆ باسی ڕۆیشتن دەکەیت؟

– ئێ چی بکەین؟ ئەوان نایانەوێ بڕۆین.

– هەر کارزان و بەس.

– وانییە.

– ئەدی کێی دی دەیەوێ؟

– دەی حەوسەڵەت هەبێ!

ڕێبوار دەمی لە بەفرەکە کرد و تفێکی هەڵدا... شۆڕش گەڕایەوە نێو ئەشکەوتەکە... ڕێبوار ڕووەو کانییەکە ڕۆیی، لەوێ لەسەر چیچکان دانیشت. لە دورِ ئاوەکە وەڕاما. ئاوێکی ساف و بێگەرد، مەیلەو سپی هەر لە چەشنی جیوە، لەو ناوەدا دەردەبوو، کانییەکە چوار کەژی ساڵ، لەبڕان نەدەهات و تا دنیاش گەرم ببوایە، ساردتر دەبوو، بۆ هەموو ئەوانەی بەوێدا دەهاتن، جارێ هاوینان هەر بۆ خۆی سەیرانگایەک بوو، مرۆ حەزی دەکرد، پاش ئەو ماندووبوونە زۆرە، لەوێ پاڵداتەوە و خۆی وەبەر ئەو هەوا ساف و خۆش و دڵڕفێنە بدا و خەوێکی خۆشیشی لێ بکەوێ. زستانیش، بەفر تا لێواری کانییەکە دێت و چوارچێوەیەکی بازنەیی بەدەوریدا دروست دەکا و ئاوەکەی هەر لەشێوەی جیوە دێنێتە بەرچاو... ڕێبوار بەرلەوەی بیری لەلای خۆی نەمینێ، لە وێنەی خۆیەوە رامابوو، بەڵام هێندە بایەخی پێ نەدەدا لە جیاتی وێنەکەی دنیایەکی دیکەی دەهاتە بەرچاو، بەرە بەرە بەهێزی خەیاڵ و داڵغە قووڵەکانی، لەوێ نەما. ڕۆیشت بۆ ڕۆژانی چەند ساڵێک بەر لە ئێستای گەڕایەوە. لە نزیک کەلاوەیەک وەستا، کەلاوەی ماڵی (گوڵێ) خانووە ڕووخاوەکەی ئەو جووتیارەی کە لە رقی ئاغا گوندیان بەجێهێشتبوو، هاتبوونە شار، لە شاریش بەتەگبیر و پیلانی ئاغا، شەوێ لە شەوانی بەهار چەکدارێک لێیان بەژوور دەکەوێ و هەر لەنێو جێگادا جووتیارەکە دەکوژێ. ئیدی (گوڵێ) بێ باوک دەمێنێتەوە و ئەو شوێنەش بەجێ دێڵن و کۆنە خانوێکی بەقوڕ دروستکراو لە نزیک ماڵی هیوا بەکرێ دەگرن... زۆر جار گوڵێ باسی کوشتنەکەی باوکی بۆ ڕێبوار گێڕاوەتەوە. خەڵکیش یا زۆربەی جووتیاران دەیانزانی کە کوشتنەکەی لە ئەنجامی ئەوەبوو کە لەگەڵ ئاغای ناوچەکە هەڵی نەدەکرد و چەند جارێکیش نەخشەی کوشتنی ئاغای داڕشتبوو، بەڵام بۆی هەڵنەکەوتبوو کە ئەنجامی بدا. پاش لە نێو چوونی جووتیارەکەش، ڕۆژێکیان پیاوانی ئاغا بەنوێژی نیوەڕۆ، دەچنە ماڵی (گوڵێ) و داوای لێ دەکەن کە بەخۆی و دایکی بگەڕێنەوە لادێ، کەچی ئەوان، نەوەکو هەر قەبوڵی ناکەن بەڵکو چەکدارەکانیش دەردەکەن، ئەوەبوو چەکدارەکان بەشەو دەگەڕێنەوە و خانووەکە دەدەنە بەر قازمان و دەیڕووخێنن... ئەو کات قسەیەکی وا هەبوو کە ئاغا داوای (گوڵێ)ی کردبوو. گوڵێش گوایە، گوتبووی ئەگەر ئاغا بەپێخواسی لە لادێوە بەرەو شاربێ ئامادەش بێ لەو شوێنەی گوڵێ دەیەوێ بژی، ئەوە قەبوڵیەتی. ئاغاش بەو قسەیە عەقڵی تێکدەچێ و بڕیاری ئەوە دەدا کە گوڵێ و دایکی بخاتە ژێر خانووەکە...، بەڵام ئەوەی ئاغا ویستی سەرنەکەوت. گوڵێ و دایکی بەسەلامەتی لە ژێر خانووەکە دەردەهێندرێن و دوایی چەند هەفتەیەک هیوا و ڕێبوار و کارزان و ڕۆژگار و شۆڕش، کە هەموویان کوڕی یەک کووچە و کۆڵان بوون، هەمووشیان تا ئەندازەیەک وەکو یەک دەژیان و دەست کورت بوون، ئەو دۆستانە و چەند کەسێکی دیکەیش،





هیممەتێکی چاکیان نواند و توانیان بەزبارە نهۆمێک بۆ گوڵێ و دایکی دروست بکەن و تێدا بژین. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کچ و دایک لەو کەلاوەیەدا سەریان پێکەوەناوە و دڵیان لە دڵی یەکدی دەسوێنن. ڕێبوار لەو ماوەیەدا چەند جارێک هاتوچۆی ماڵی گوڵێی دەکرد و کچەی کەوتبووە بەر دڵ. گوڵێش کەیفی بەڕێبوار دەهات، بەڵام قەت دڵی خۆی پێ نەدەدا... باشە گوڵێ! خۆ من کوڕی ئاغا نەبووم، خۆت بۆ کێ هەڵگرتبوو، بۆ بەمن ڕازی نەبوویت؟ باوەڕ ناکەم... ئاخر ئەو کوڕە دەمڕووتە، بەرەڵڵایە، ناکەس بەچەیەت چۆن لە من پێ باشترە؟ خۆزیا لێرە چاوێکت لێ دەبوو، ئەوجا دەتزانی چ کوڕێکە. بۆت دەردەکەوت کە تۆی بێ ئاگا، چ کوڕێ بەدواتەوەیە. نا، نەکەی گوڵێ، من لەمێژە چاوم لەتۆیە. هەر بەهیوای تۆوەش دەژیم، بۆ بەم کێو و هەردانە کەوتووم؟ بەڵێ، لەبەر تۆیە، لەسەرتۆیە، من ئەوە جاری دووەمە خۆشمدەوێیی، لەبیرتە جاری یەکەم چۆن بوو. ڕاستە یەکەم جار زۆر خۆم تێ هەڵدەسواندی! دەمویست، تەنیا و تەنیا قسەیەکت بۆ بکەم، قسەیەکت لەگەڵ بکەم، تۆش وەڵامم بدەیتەوە، ئەوکات زۆر دڵڕەق بوویت، هەقت بوو. منیش ئەوکات سەرلێشێواو بووم، بەڵام دوایی وانەمام، تۆش وانەمای من فێری زۆر شت بووم تۆش ڕەفتارت لەگەڵمدا گۆڕا. تۆ ئەم جارە بەدڵەوە لەگەڵمدا پێدەکەنیت. منیش بیرو خەیاڵم هەمووی ڕووی لە تۆ کرد، چ بکەم ئەڤینت لە کەللەیدام. من بەڕاستی خۆشمدەویستی. من نازانم ئەو چ مەبەستێکی هەبووە، بەڵام ئەوە دەزانم، کە تۆ هی ئەو کوڕە نیت، کارزان ئەو کوڕە نییە هەر بیریشی لێ بکەیتەوە. ئەو هەر ڕۆژە و لەسەر هەوا و نەزمێکە. ئامادەیە لەگەڵ تۆ، لەگەڵ چەندانی دیکەیش لەیەک سات و کاتدا خۆی وەک دڵدارێک نیشان بدا. هەر زووش لێرەو لەوێ دەیانکاتە مۆرێک و بەنێوچەوانی خۆیەوە دەنێ، هەر بۆ ئەوەی خۆی پی هەڵبداتەوە یان ناوتان بزڕێنێ... بەڵام من وانیم، کەی منت وا بینیوە، من تا ئێستا لە ژیانمدا، هەر لەو ڕۆژەی تۆم بینیوە، بەئەڤینی تۆوە ژیاوم. ڕاستە کەسانی دیکەیش هەروەکو من بەدواتەوەن، بەڵام چاک دەزانی، کێ بەڕاستی و بەدڵ، بۆ تۆ دەتلێتەوە و لەگەڵتدا ڕەنج دەخوات و بەدوای خەمەکانی تۆوە دەبێ؟ من لە پێناوی تۆدا دەیان مەرگییان پێ نیشان داوم. دەشزانی کە هەمووی لە پێناوی تۆدا بووە کەچی ئێستا هەر هیچ، هیچ سۆزێک، مەیلێک، دڵخۆشییەکت پێ نەداوم. چ بکەم؟ تۆ وا چوویتە بیر و هۆشمەوە، زەحمەتە بتوانم لە خۆمت دوور بخەمەوە، تۆ ئێستایش لەنێو دڵمدا گەورە دەبیت و گەورە دەبیت و دەبیتە بووکی خەونەکانم، خەونی شەوانی بووکێنیت یەخەم بەرنادا! کەی ئەم خۆزگەیەم دێتە دی؟ باوەڕناکەم... تا کازرانی کۆسپ، کارزانی مار و دووپشک، بەسەر ڕێگامەوە مابێ، لە کەمینداببێ، قەت ئەو خۆشییە بەچاو نابینم... گوڵێ! دەبێ تۆش بۆ چەند ساتێکیش بێ، ئاوا وەک من بتلێیەوە؟ نەء... نا، من

دەزانم چۆن چۆنی چارەی دەکەم! گوڵێ بەس چاوەڕوانم بە، نەکەی دڵت بەیەکێکی دیکە بدەی و منیش لە خەفەتی تەنیاییدا بهێڵیتەوە... تۆ ئێستا، نەبوویتە دەزگیرانی هیچیەکمان. کەچی کارزان وای نیشان دەدا کە پاش ماوەیەکی دی دەستی کورتی پێت رادەگا و دەتهێنێ. نا! نەکەی گوڵێ. رەنج بەخەسار دەبیت، بەدبەخت و بێچارە دەبیت، تۆ هیچ کاتێک، کەیفت بەکارزان و ئەوانی دیکەیش نەهاتووە، کەیفیشت پێ نەیێن چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەوانە بژیت؟ بەڵێ وێ دەچێ هەر ئەو تەنیاییەت وایان لێ بکا لێت نزیک ببنەوە، یاخود لەوانەشبێ تۆش هەر بەسەری زارتەوە قسەیەکت لەگەڵ کردبن. تەنیایی ئەمانت پڕ کردبێتەوە! کارزان ئێستا منداڵە، لە عەقڵ و رەفتار، لە قسە و کار، دروست پێویستە بنێردرێتەوە نێو منداڵان، تا بەقۆناغی منداڵیدا تێبپەڕێ. ئەو ئێستاش گەنگەرۆکەی منداڵانی پێ خۆشە، خۆ ئەگەر شووشی پێ بکەیت، ئەوە پشتت شکا... گوڵێ: دەمەوێ پێم بڵێیت بۆ ناتوانی لەگەڵ من بژی؟ باوەڕم پێ ناکەی؟ ئەدی ئەم تفەنگە چییە بەدەستمەوەیە! پێم نەگوتی ئەمە تۆڵەی باوکتیشی پێ دەکرێتەوە؟ دیارە لە قسەکانم حاڵی نی! حاڵیش نابی، هیوایش وای پێ دەگوتم. دەیگوت گوڵێ لە رەنگت دەگا، لە دەنگت ناگا! کەچی هانی دەدام کە لەتۆ نزیک ببمەوە پێی خۆش بوو دۆستایەتی من و تۆ بەتینتر بێت، لە دواییشدا بەیەکدی بگەین... ئێ، ئێ! ئێستا تێدەگەم، دەزانم، دڵی تۆ، نە رۆژگار، نە کارزان، نە هیوا نەشۆڕشی تێدایە، هیچیەک لەمانە نەچوونەتە دڵی تۆ، تۆ رێزی هیوا دەگری. لەوانەشە هێندێک خۆشت بوێ. ئەو هانی شلێری دەدا کە فێری خوێندەواریت بکا. کێ دەڵێ فێری ئەڤینیشی نەکردی،! خۆ ئەگەر وابێ، ئەوە هەموومان هیچ! کەواتە ئێستا، گوڵێ بیر لە کوڕێک دەکاتەوە لە چەشنی هیوا بێ، کتومت لەو بچێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی، کە کوڕی وەک هیوا، خۆی ناداتە یەکێکی دیکەی وەک گوڵێ. هیوا تەنیا لە شلێر دەوەشێتەوە!

گوڵێ! تۆ چیت؟ بۆ لێم تێناگەی، بۆ هەست بەئازارەکانم ناکەی، من ئەگەر لەبەرچاوی تۆ نەبێ، ئەگەر لەخۆشی دوارۆژی تۆ نەبێ، چیم لەم شاخ و داخە داوە، چیم لەو زەحمەتی و دەربەدەرییە داوە! تۆ دروست لەم کێوە سەختە دەچیت کە ئێستا پێیدا هەڵدەگەڕێین! هێندە ئاڵۆزیت، لەو گلۆڵە پەتانە دەچیت کە سەرەکەیان نادۆزرێتەوە وەکو هیوایت، کە تا ئێستا نازانین چ لە دەروونیدایە! لەو هەورە دەچی کە بەساتێکی کەم هەراو دەبێت و لێک دادەپچڕێ، کەس نازانێ دەبێتە بەفر یان باران! وەک سەفەری ئێمەی تەواو دەبێ و تەواو نابێ!

– رێبوار، رێبوار!

چەند جارێک شۆڕش لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە ناوی رێبواری دەهێنا. رێبوار زۆر





بەساردی، وەک ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبێ، ئاوڕێکی دایەوە:

– وەرە ئەشکەوتەکە لەوێ چ دەکەی؟

رێبوار بەلەش گرانییەوە هەڵسایە سەرپێ و بەبەردەمی شۆڕشدا تێپەڕی. هیچ قسەیەکی نەکرد و یەکسەر چووە ئەشکەوتەکە... شۆڕش لێوێکی لێ هەڵتەکاند و رێبواری وەک پیرەمێردێکی کەنەفت هاتە بەرچاو. خەندەیەکی بێ منەتی بۆ فڕێ دا و تۆپەڵە بەفرێکی بەدوادا هاوێشت. بیری بەرەو ساڵانی کۆن، ساڵانی مێرد منداڵیی رۆیشت، رۆژانی ئەو ساڵەی هاتەوە بیر کە چۆن لە شارۆچکەکەیاندا، خۆیان بۆ جەژنی نەورۆز ئامادە دەکرد، شۆڕش بڕیاری دابوو کە ئەم جارە، لە رِقی رێبوار دەبێ ئاگرێکی وا بکاتەوە هەموو خەڵکی شارەکەیان سەری سوڕماویان لەلای ئاگرەکەی ئەو بکەن و روو لە ئاگرەکەی رێبوار وەربگێڕن... چەند رۆژێک بەری نەورۆز، شۆڕش بەنهێنی، دارو کۆنە تایە و لاستیکێکی زۆری کۆکردەوە و چاوەڕوانی ئەوەبوو هەر کە نەورۆز هات، پێشی رێبوار بگرێ و خۆی بگەیێنێتە بەرزترین لووتکەی گردێکی دەوروبەری شار. لەوێ ئاگرەکە هەڵکا... دەیزانی ئەگەر وەکو جاران یارمەتی رێبوار نەدا ئەوا ئاگرەکەی رێبوار کز دەسووتێ و منداڵانیش لێی دەڕەونەوە. سەیر ئەوەبوو ئاگرەکەی رێبوار هەموو جۆرە منداڵێکی لە دەوروبەردا کۆ دەبۆوە. هەژار، دەوڵەمەند، مامناوەند، شەڕکەر، ئازا و ترسنۆک، بێدەسەڵات، شەڕنەکەر، هەتا دز و... !، شۆڕشیش کەیفی بەو بەزمە و بەو هەمەڕەنگییە و بەو پاشاگەردانییە نەدەهات، بەپێچەوانەوە ئەو رای وابوو کە تەنیا منداڵە هەژارەکان دەبێ لە دەوروبەری ئاگری نەورۆز کۆببنەوە. هەوڵی دەدا لەنێو ئەو گاڕانە هەمە جۆرەدا خۆی بدزێتەوە و لە دووری هەموو کەسێک، بۆی دانیشێ و سەیری ئاگرەکە بکا. شۆڕش لە هەموو شتێک پتر، خەمی لەوە دەخوارد کە دەیبینی کوڕەکانی ئاغا چۆن چۆنی بەرلەوەی ئاگرەکە بەجێ بهێڵن، دەستبەجێ شەڵوارەکانیان دەهێنایە خوارێ و میزیان بەئاگرەکەدا دەکرد. شۆڕش هەر یەک جار ئەم دیمەنە دزێوەی کەوتە بەرچاو، ئیدی بەرلەوەی ئەوان ئەو کارە دووبارە بکەنەوە، لەوێ نەدەما، بەڵام ئەم جارە بڕیاری دا کە بەبێ رێبوار ئاگرێکی دی بکاتەوە. ئەوەبوو ئێوارەی ئەو نەورۆزە هەموو پێویستییەکانی گواستبۆوە سەر بەرزترین گردی شارەکەیان، لەپڕ خەڵکی شار هێشتا هەر لە دەرەوە بوون، بینییان ئاگرێک کرایەوە، ئاگرێک بەرەبەرە دادەگیرسا و پتر دەبوو، هێندە پان و بەرین ببوو، هێندە بەگڕ و کڵپە ببوو، تەواوی شارەکەی رووناک کردبۆوە. لە دووری ئەو ئاگرە، بەلای راستی ئاگرەکەی شۆڕش ئاگرێکی دی بەسستی و لەسەرخۆ دادەگیرسا خەڵکی دەیانگوت: هەر ئێستا دەکوژێتەوە. ئەو ئاگرە لەوە دەچوو خاوەنەکەی بێ موبالات بێ و ئەوەندە بایەخی پێ نەدا، بەڵام سەیر ئەوەبوو ئەوشەوە هەردوو ئاگرەکە دانەمرکانەوە... ئاگرەکەی شۆڕش شەوقی دەگەیشتە پەڕەکەی ئاسمان،

ئاگرەکەی ڕێبواریش وەک ئەستێرەیەکی دوور، بێ ئارام، ساتێک ون دەبوو، پاشان دەردەکەوتەوە، شۆڕش سەرنجی لە ئاگرەکەی ڕێبوار دابوو، لە دەروونەوە هەستی بەسەرکەوتنێک دەکرد، هەر لەوە دەچوو بەڕاستی ڕێبواری لە شەڕ و ململانێ بەزاندبێ. لەمەش زیاتر زۆربەی منداڵە هەژارەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. ئیدی لەوکاتەوە شەڕێکی نهێنی لەنێوان ئەم دووانەدا پەیدا بوو. تا ئەمڕۆش درێژەی هەر هەیە. بەڵام شۆڕش لەو دواییەدا تا ئەندازەیەکی زۆر ئەم ڕکابەری و شەڕە شاراوەی کەم کردۆتەوە و لەکاتی پێویست نەبێ دەری ناخات، بەتایبەتیش ئێستا تاقیکردنەوەیەکی زۆری وەدەست کەوتووە و فێری ئەوەش بووە کە لە سەفەرە سەختەکاندا، بەکەللەیەکی ساردەوە ڕووبەڕووی هەر ڕووداوێک ببێتەوە.

شۆڕش هەر لەو بیر و خەیاڵانەدا بوو، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، دەستێکی لە بەفرەکە دەخشاند و جاروباریش تێی ڕادەما. لەسەر بەفرەکە ناوێکی نووسی، ناوی ئەو کچەی کە هەموو شەیدای ببوون و بەئەڤینی ئەمەوە ڕوویان لە شاخ کردبوو... شۆڕشیش بەر لە مانگێک نامەیەکی بۆ هاتبوو، بەڵام کچەکە شتێکی ئەوتۆی تێدا نەنووسیبوو، کە ببێتە مایەی دڵگەرمییەکی زۆر بۆ شۆڕش، ئەگەرچی شۆڕش باوەڕێکی زۆری بەخۆی هەبوو کە دەتوانێ دەستی بگاتە کچەکە و لە نێو بازاڕی ئەڤینی ئەو دۆستانەدا ڕزگاری بکا. ئەمە شتێکی سەیرو سەمەرە نەبوو، ڕێکەوتیش نەبوو، چونکە ئەو دۆستانە لە کۆڵانێک دەژیان کە ماڵی کچەی لێ بوو. کچەش وەک ئەوان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بوو کە یەکێک لەو کۆمەڵە لاوانە، شەیدای ببێ، ئەویش خۆشی بوێ و کوڕ بەجورئەتەوە بێت و ڕزگاری بکا...

هیوا لە ئەشکەوتەکە وەدەرکەوت... شۆڕشی بینی یەکسەر پێی گوت:

– خۆمان خڕنەکەینەوە؟

شۆڕش وا خۆی نیشان دا، کە خەیاڵی لای ئەمان بووە:

– بەڵێ، من ئامادەم.

– هەرچەندە زوو بڕۆین گیروگرفتمان کەمتر دەبێ.

– لەوانەیە بەفریش بباریێ. جێی مەترسیشە.

– چارمان نییە، دەبێ بڕۆین، مەترسە هیچ نییە.

– ترسی گەورە لە نێو خۆماندایە!

– بۆیە باشترە زووتر بەڕێ بکەوین.

– پەلەی ناوێ... کیسەڵانە هاتووین... پیاوی ماندووش نابێ بەکەروێشک!

– بۆ وا بێ ئومێدی؟

شۆڕش زۆر بەناڕەزاییەوە مستێکی لە بەفرەکە دا و بەسەر سوڕمانەوە گوتی:





– پێم ناڵێی کەی سەردەکەوین؟!

– نازانم!

– ئەم هەموو خەباتە... لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ!

– خەبات بەژماردنی ساڵەکان نییە، ئەوەی دوێنێش جیایە لەگەڵ ئەمڕۆ!

– هیچ میللەتێک وەکو ئێمە زیانی پێ نەکەوتووە.

– مەرج نییە ئەوەی زیانی پتری وێ کەوێ، زووتر سەربکەوێ!

– وایە.

هەردووکیان لە ئەشکەوتەکە چوونە ژوورەوە، لەتەک ئاگرەکەوە دانیشتن، سەریان وەبەر خۆ نا. ڕۆژگار تفەنگەکەی کردە شان و ویستی بچێتە دەرەوە... شۆڕش بەسەیرەوە تێی وەڕاما:

– دوورنەکەویتەوە، ئێستا دەڕۆین.

ڕۆژگار چەند هەنگاوێک لە ئەشکەوتەکە دوورکەوتەوە. کەمێک وەستا. بەڕێکەوت سەری نزم کردەوە، شتێکی بینی، خەتکێشانێک، ناوێک لەسەر بەفرەکە! گوڵێ! ئەمە پیشەی شۆڕشە! هەر بۆ ئەوەی نووسیوە تا ئێمە ببینین، تا پێمان بڵێ هەمووتان دەست لە گوڵێ بشۆنەوە. بەڵێ خۆیەتی. ئەو پێش ئێستا لە دەرەوە بوو. بەم شێوەیە دەیەوێ هەموو کەسێک لە گوڵێ دوور بخاتەوە. کوڕێکی سەیرە، وا دەزانێ گوڵێ نێچیری بەردەستییەتی و ئەمڕۆ نا سبەی گیری دەکەوێ! ئای هەی گوڵێ! چەند کەست سەرگەردان و دێوانە کرد، کەچی نەبوویت بەدەزگیرانی هیچ کەسێک! هەموو ئەوانەی عاشقت بوون هەتا ئێستاش خەونت پێوە دەبینن، تەنیا بەخەو دەستی وشکیان بەدەستی تفەڕک و زیڕینت دەکەوێ. نازانم چ سرێکە، چ نیاز و مەرامێکە لە دڵی تۆدایە و کەس پەی پێ نابات! بۆ یەکێکت خۆش ناوێ؟ دەبێ تۆ چی بیت؟ بەهەر حاڵ تۆ برینێکی قووڵی بەسەر دڵیانەوە. هێندە باست دەکەن، هەتا منیش لەخۆمەوە، بێ ئەوەی شتێکیشت لەسەر بزانم، بێ ئەوەی قسەیەکت لەگەڵ بکەم، خەونی سەیرت پێوە دەبینم، زۆرم هەوڵ دا، هەر بۆ جارێکیش بێ، تێبگەی، منیشت لە خەیاڵدا بێ، کەچی تۆ هێندە زانایت کە ئەوان نەتوانن بەتۆ بگەن. منی دەستوپێ سپی چیم پێ دەکرێ! هەتا ئێستاش کەس بەهونەری دەستگیرکردنت نازانێ.

ڕۆژگار ویستی پێ بەناوەکەدا بێنێ و بیسڕێتەوە. کەچی لەپڕ گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگێکی دوور، لە دەنگی دۆستەکانی نەدەچوو. خێرا تفەنگەکەی لە شان هێنایە خوارێ. بەئەسپایی پێی لە بەفرەکە گیر کرد و ڕووی لە سەمتی دەنگەکە کرد. هێزی ئەو دەنگە دوور و نامۆیە بەدوای خۆیدا ڕایکێشا. قسەکەی شۆڕشی لەبیر چوو کە دەبوایە لەوێ دوورنەکەوێتەوە... چەند هەنگاوێکی خێرا چووە پێش. دیسان گوێی

لەدەنگەکە بۆوە، وەستا گوێیەکانی قوڵاغ کردن، سەیرێکی دووری کرد، دەنگەکە بڕا. لەسەرخۆ هەنگاوی هەڵهێنایەوە. هەوڵی دەدا بەئەسپایی، بەفرەکە ببڕێ، پانتایی بەر ئەشکەوتەکەی بەجێهێشت. جارێکی دی وەستا، بەئاستەم گوێی لە دەنگەکە بۆوە. پێی نەکرا دروست دەستنیشانی دەنگەکە بکا. ماوەیەک زەینی دایێ، بیری کردەوە کە لەوانە بێ کەسانێک بن بەهەورازەکەی ئەودیو پانتاییەکە وەسەرکەون و بەرەو ئەشکەوتەکە بێن، دەبێ ئەم گردۆڵکەیەی بەردەمی ببڕێ. لەوێ سەرکەوێ و تەماشای بکا... هێشتا نەگەیشتبووە گردۆڵکەکە، دەنگەکەی بیستەوە، بۆی دەرکەوت کە دەنگی ئینسان نییە... بەهەناسەبڕکێوە ملی گردۆڵکەکەی گرت، دەستیشی خستبووە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی. چەند جارێک بەبێ ئاگایی هەنگاوی کوێرانەی هەڵدەهاویشت و دەکەوتە سەر سینگ و خێرا هەڵدەستایەوە. کەمی مابوو بگاتە سەرووی گردەکە، وەستا... خۆی مات کرد و لەسەر سنگ لێی راکشا. چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد گوێی لە دەنگەکە ببێتەوە. لەسەرخۆ بڵند بۆوە. لەسەر چیچکان دانیشت. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و پاشان بەکوورەکوور وەسەرکەوت، گەیشتە سەری گردۆڵکەکە، تەماشایەکی پێش و پاشەخۆی کرد، هیچی نەبینی و هیچیشی نەبیست. جارێکی دی لەسەر زگ راکشایەوە. ویستی تەقەیەک بکا، بەڵام خێرا پەنجەی شل کردەوە و خۆی ئامادە کرد هەڵسێتەوە. لەو کاتەدا لەپڕ لە سەرووی ئەو، دەنگەکە بەرز بۆوە، لە شوێن خۆی دانیشتەوە. دەنگەکە بەلایەوە نامۆ نەبوو، بەڵام دیسان دروست نەیدەزانی دەنگی چ جۆرە ئاژەڵێکە، ئاوەڕێکی دایەوە. ئەشکەوتەکەی لێ دیار نەبوو، بەڵام شوون پێیەکانی خۆی بینی کە چۆن راست و چەپ بەفریان فڕێدابوو، کەلێنێکی باریکیان لەسەر بەفرەکە کردبۆوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: (زۆر دوور کەوتوومەتەوە!) هەندێک لەسەر سک رۆیی. رووەو دەنگەکە چوو، وەستا لە پشت گاشەبەردێکی رەش خۆی مات کرد، بەئاستەم سەری هەڵبڕی، تەنێکی بچووکی سپی هاتە بەر چاو، تەزووێک بەلەشیدا هات. تفەنگەکەی خستە سەر بەردەکە، سێرەی لێ گرتەوە. بەرەنگ ئاژەڵەکەی ناسی.

ئاژەڵەکە بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، گێرەی بەبەفرەکە دەکرد. دەتگوت شتێکی لێ ون بووە. یا بەدوای دایکیدا دەگەڕێ. هەر لە نزیکییەوە کونێکی تاریک، هەر لە ئەشکەوتێکی بچووک دەچوو، دەهاتە بەرچاو. بڕیاری دا گوللەیەکی پێوەنێ. هێشتە پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی گران نەکردبوو، مرەمرێکی ترسناکی گوێ لێ بوو. مرەمرەکە لە راست و چەپ و پێشەوە بەرزبۆوە. رۆژگار هیچی نەبینی. دەنگە بەسامەکان پتر بوون. لە نێو کاسەی سەری رۆژگاردا دەنگیان دەدایەوە، نەیدەزانی روو بۆ چ لایەک وەرگێڕێ، بۆ کامە لا هەنگاو هەڵێنێ، لای چەپی نشێوە، لای راستی





ئەشکەوتەکەیە و لای پێشەوەشی هەورازە. لە هەر سێ لاوە دەنگەکان و ئاوێتەی یەکدی دەبوون. چ بکا باشە؟ تازە کار لە کار ترازا. بێگومان رەوە گورگێکە و لە هەموو لاوە هێرشی بۆ دەهێنن. نا! باشترە تەقەیەک بکەم ئاگاداری دۆستەکانم بکەمەوە. ئەوان دەهانام دێن. نا! ئەدی ئەگەر تەقەم کرد و لە هەموو لاوە بۆم هاتن؟ خۆ هەر چ رووبدا، ئەوان ناگەنە سەرم. وا چاکە گوللەیەک بهاوێم و گورگەکان بترسێنم. نەیدەزانی دروست چ بڕیارێک بدا، لەو دەمە نێو چەوانی یەکێک لە گورگەکانی بینی، تووڕە، هار و برسی، بەهەڕەشە... رووی چەکەکەی لە ئەشکەوتەکە کرد. شریقەی لێوەهێنا... دەنگێک، گز، گز، لەنێو سەریدا چەکەرەی کرد. دونیاش کشومات بوو. کەمێک چاوەڕوان بوو گوێی لە وەڵامی تەقەکەی ببێتەوە. خۆیشی نەیزانی چەندی پێ چوو، لەپڕ لە سێ لاوە، دەنگەکان نزیک بوونەوە، لە دوو لاوە دوو گورگ، وەک ئەوەی زەمانێک بێ بەدوای نێچیردا بگەڕێن و لە ناکاو بیدۆزنەوە، ئاوا بۆ رۆژگار هاتن. دەهاتن بێ ئەوەی تۆزقاڵێکیش بترسن. رۆژگار ویستی رابکا، تەقەیەکی دیکەش بکا، کەچی نەیتوانی. ئاوڕێکی لە لای دەستی راستی دایەوە، نیوە هەنگاوێکی پەشۆکاویی هەڵێنا، پارسەنگ تێکچوو، لاترەی بەست، خێرا هەڵسایەوە. گورگێک لە دووری چەند مەترێک بەرانبەری وەستابوو، سەیرێکی نشێوەکەی کرد. لەوێش گورگێکی دی، خۆی لە کەمین نابوو، ناچار بوو لە شوێن خۆی بووەستێ. بەترس و رق هەڵچوونەوە، خۆی راگرێ، ئەگەرچی دەستەکانیشی وەلەرزین کەوتبوون، ئەگەرچی قاچیشی ئۆقرەیان نەدەگرت و سێ گورگەکەی لێ بوونە دەیان گورگ، بەڵام ئەمانە هیچیان رێیان لێ نەگرت، کە لوولەی تفەنگەکەی لە سینگی یەکێکیان بکا و بەبێ سێرە لێگرتنەوە، دەستڕێژێکی پێوەنێ... بەچاوی خۆی بینی، دیتی کە چۆن هەر چوار پەلی گورگەکە روویان لە ئاسمان کرد، گورگ رمبەی لێوە هات و پشتاوپشت خزی. ئەمجارەیان دەمی تفەنگەکەی لە یەکێکی دی کرد. لە جاران تووڕەتر و بەهێزتر هاتە مەیدان، وەک ئەوەی سەرکەوتنێکی وەدەست هێنابێ، نەشئەی سەرکەوتن لە کەللەی دابێ، چاوی لەنێو چاوی گورگەکان نا. هێشتا پەنجەی بەپەلاپیتکەوە نەنابوو، هاشەیەک لە تەنیشتییەوە هات، چەقۆیەکی تیژ بوو، بەخێرایی بەسەر هەردوو نەرمەی پۆزیدا تێپەری، لێوی خوارەوەی لەگەڵیدا گەست. نێوان برۆکانی وێک هاتەوە. بەڵام هەستی بەقاییمی زەبرەکە نەکرد. بەری خۆی وەرسووڕاند. چەند هەنگاوێکی پڕ زەحمەتی بۆ سەرەوە هەڵێنا، هەستی دەکرد بەفر بۆتە کەلەپچەیەکی قایم و قاچەکانی بەزەوی نووساندوون. تا دەهات هەناسە بڕکێیەکەی هێزی جەستەی کەم دەکردەوە، بۆ ماوەیەک وەستا، هەوڵی دا هەست و خوست لەخۆ ببڕێ، بەڵام چۆن دەتوانێ؟ دڵی شەکەت بووی وە پەلەقاژە کەوتووی، لەبەردەمی، وەک چۆلەکەیەکی

سەربڕاو هەڵدەپەڕی، تازە بۆ کوێ بچێ؟ دۆستەکانیشی کە ناتوانن بگەنە هانای، داخوا ئێستا خەریکی چین... کۆمەڵە دەنگێکی ترسناک و ناجۆر، هەر لە دەنگی دەهۆڵێکی دڕاو دەچوو، هاتە بەر گوێی. بەخێرا ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە، بەستەزمان ! چما لەبەر پێی خۆی زیاتر دەیتوانی چ شتێکی دی ببینێ؟ هەرچەند کردی و هەوڵی دا نەیتوانی هەنگاوێکی دی بچێتە پێش، دیسان وەستا، ئەوجارە وەک بەتەواوی خۆی تەسلیمی چارەنووس کردبێ، لە شوێن خۆی جوولەی نەکرد، تفەنگەکەی بۆ تەقەکردن ئامادە کرد. بەئاستەم گوێی لێ بوو لە نزیکییەوە دەنگە بەسامەکانی گورگەکان بەرزبوونەوە، دەستێکی نامۆ دەروونی هەژاند، شتێک، بەشێک لە ئەندامانی نێو لەشی داڕما، سەرنجی بۆ بڕیاردان و خۆ ئامادەکردن نەما. هەر لەخۆیەوە بێ ئەوەی هیچ شتێک ببینێ پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکە گران کرد، گڕی زنجیرە ئاگرێکی لە لوولەی تفەنگەکەوە بینی و تەقەکانی، وەک شکانی شووشەیەکی هاتە بەر گوێ، لەپڕ جارێکی دی مڕەی گورگەکانی بیستەوە، هەر کە سەری بەرزکردەوە، لە دووری چەند هەنگاوێک سەری وەحشەتناکی دوو گورگی بینی... تەکانێکی دایە خۆ و ویستی رووەو خوارەوە مل بنێتەوە. کەچی لەوێش، ناڵە و رقێکی بێ ئامان سەردەکەوت! گورگێک بۆی دەهات و قەپۆزی خوێناویشی لە بەفرەکە وەردەدا، ئەو ناوە پڕ بوو لە دەنگە بەدەسەڵاتە تۆقێنەرەکان و، هەموو لایەکی رۆژگاریان گرت، لە چوارچێوەیاندا، هێزێک داڕژایە ناو لەشی، تفەنگەکەی بەرز کردەوە، ویستی بیتەقێنێ بەڵام بۆ کوێ؟ لە پشتەوە گورگێکی بۆ هات، هات و زەبرێکی خراپی لە قاچی وەشاند، ئیدی هەردوو قاچی رۆژگار روویان لە ئاسمان کرد و لەسەر بەفرەکە راکشان. بەرچاوی لێڵ و تاریک داهات، هەرچەندە تەکانی دەدایە خۆ، سوودی نەبوو، تەنیا ئەوەی پێ دەکرا کە مستی کوێرانە بەدەوری خۆیدا راوەشێنێ، بەوەش ماندووتر دەبوو، پتر لە پەلوپۆی دەخست، گورگەکان پەلاماری زۆریان دا، رۆژگار بۆ دوا جار هەستی بەمشەمشێک کرد و زانی شتێک خۆی لە گەردنی دەخشێنێ... !

هاوڕێکانی رۆژگار بەپەلە بەدوای شوێن پێی رۆژگاردا کەوتبوون، هەر بەرێگاوە چەند گوللەیەکیان تەقاند دڵی هەموویان وەخەتەر کەوتبوو، دڵنیابوون کە شتێک رووی داوە و رەنگە لەوە چوو بوو کە رۆژگار شتێکی بەسەر هاتبێ، بەغار دەڕۆیشتن و هاواریان دەکرد:

– رۆژگار ! رۆژگار !

کارزان دەیگوت : چ پێویست دەکا هاوار بکەین گوللە تەقاندن باشترە.

کارزان سێ چوار گوللەی دی لەسەر یەک تەقاندن، کەمێک وەستان، هەستیان راگرت، هیچ وەڵامێک نەبوو.





بەگردەکە هەڵگەڕان، زۆریان نەمابوو، بگەنە ئەو شوێنەی کە گورگەکان پەلاماری رۆژگاریان دا. وەستان، سەیرێکی دەوروبەری خۆیان کرد. لە دوورەوە گوێیان لە دەنگێک بوو. هەستیان راگرت شۆڕش گوتی:

– ئەمە گورگە.

لوورەی بەقینی گورکەکان تا زێتر و بەربڵاوتر دەبوو، بەنێو دۆڵ و پەنا و پێچی شاخەکەدا تێدەپەڕی. هیوا لە دڵی خۆیدا گوتی:

هیچ دڕندەیەک خۆی لەبەر گوللە ناگرێ.

کارزان گەیشتە شوێنێک و لەپڕ وەستا. بەدەوری خۆیدا وەرچەرخا. وەک شتێک لە هەموو لایێکەوە هێرشی بۆ بهێنێ، سەری لێ بشوێنێ، دەهات و دەچوو، دەمی بەش ببۆوە، بەتەوای رەنگ و رووی کارزانیان بینی، دیتیان کە چۆن یەکپارچە بەپەشۆکاوی و سەرسامییەوە ئەملا و ئەولا دەکا. ئەوانیش ترسان، ترس وەباڵایان هەڵگەڕا، دڵەکوتەیان پێ کەوت، شۆڕش هاواری کرد:

– کارزان چییە ئەوە؟

کارزان بەدەست ئاماژەی بۆ کردن، زمانی نەدەگەڕا. هەموو ڕێچکەی بەفرەکەیان بڕی، غاریان دا، گەیشتنە ئەو شوێنەی کارزانی لێ وەستابوو. هەموو تێکڕا زاریان بەش بۆوە. چاویان بەخوێنێکی کاڵ کەوت. خوێنێک لەگەڵ بەفرەکەدا تێکەڵ ببوو. لە چەند شوێنێک بەفرەکەی تواندبۆوە و بەرەو زەمین رۆچووبوو. دەمی تفەنگێک لە بەفرەکە چەقیبوو... شوێنی راکێشانی لاشەی رۆژگاریان بینی. نەیاندەزانی سەیری کوێ بکەن. زمانیان لە گۆ کەوتبوو، مات و سامگرتوو بوون. هەر لەیەکتریش رادەمان. بەڵام هیچیان نەدەگوت... کارزان تفەنگەکەی رۆژگاری هەڵگرتەوە. سەیرێکی کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی (ئاوا بەئاسانی رۆیشتی؟) پاشان زامنی کرد و گەڕایەوە لایان. چەند قاڵکە فیشەکێکیان کەوتە بەرچاو. هیوا گوتی:

– دیارە گورگەکان زۆر بووینە... ئەمەش شوێنی پێیەکانیانە.

– خێرا شوونیان هەڵگرین.

هەموویان سەری رەزامەندیان بۆ لەقاند. رێبواریش، ئەگەرچی لە دڵەوە لەگەڵ ئەوە نەبوو بچن، چونکە دەیزانی تازە هیچیان پێ ناکرێ و لە سەفەرەکەش دوا دەکەون و گیروگرفتی دیکەیان بۆ دەخولقێ. بەڵام ناچار بوو سەر بۆ ئەم قسەیە دانەوێنێ... شۆڕش وەپێش کەوت، دروست بەو شوێنەدا دەڕۆیشت کە لاشەی رۆژگاریان بەسەردا راکێشابوو. لە زۆر شوێنیش چەند پەڵە خوێنێک یەکتریان گرتبۆوە و ڕێچکەیەکی باریکیان دروست کردبوو. شۆڕش بیری دەکردەوە کە لەوانەبێ لاشەکەیان بردبێتە شوێنێکی عاسێ، یان هەنجن بەهەنجن کرابێ، رێبوار لەوە دەترسا لەپڕ رەوە گورگێکیان

بۆ دەرکەوێ و زەبرێکیان لێ بدا. هەموویان سەیری دەوروبەری خۆیانیان دەکرد تفەنگەکانیشیان سوار کردبوو، ئەم جارە هیواش چەکدارببوو، نشێوێکیان بڕی، بینیان شوونی راکێشانی لاشەکە رووەو هەورازێک دەچێ، هەورازێکی رک و عاسێ. هیوا چەند پەڵەخوێنێکی دیکەی کەوتنەوە بەرچاو. ئەم جارە جلە بەخوێنەکانی باوکی هاتنەوە بیر، ئاهێکی هەڵکێشا. جلەوی خەیاڵی خۆی گرت و نەیهێشت دووری بخاتەوە. رێبوار سەیری بڵندایی هەورازەکەی دەکرد و لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: (وائهوو!!) شۆڕش ئاوڕێکی دایەوە:

– بۆ ناو ئەو شاخانەی سەرەوەیان بردووە!.

چار نەبوو هەورازەکەیان بڕی، هیلاک و شەکەت بوون، ئارەقەیان دەردا. لەوێ وەستان، بەبێدەنگی لە یەکدی وەڕامان. هەریەک دەیویست قسەیێک بکا، رێبوار ویستی بڵێ: هێندە گوتتان بمێنینەوە، دەبیخۆن! کارزانیش ویستی بڵێ: هەموو خەتا لە تۆ بوو رێبوار!

شۆڕش لەگەڵ خۆیدا خەتاکەی دەبردەوە سەر کارزان و رێبوار. بەڵام هیوا خودی رۆژگاری تاوانبار کرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: بەگوێی شۆڕشت نەکرد! شۆڕش بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ، بەرەو شاخە رووتەکە رۆیی. ئەو شوێنەی کە هەمووی گاشەبەردی گەورەی لەسەر یەکتر کەڵەکەبووی لێ بوو. پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی و شوون پێی گورگەکانی بەرنەدا. چاوی بێ ئۆقرەو دوودڵی هەمووان، نێو بەردە زل و زەبەللاحەکانی دەپشکنی. شۆڕش هێندە بەخێرایی و هەڵچوونەوە دەڕۆیشت، لەبەر چاوی هەمووان ون بوو، هێندەی نەبرد بەتەقەیەک ئەوانی دی ئاگادار کردەوە و بەلای خۆیدا رایکێشان. کە گەیشتنە لای شۆڕش، لەپڕ وەستان، دەروونیان لەرزی، بەچاوی ئەبڵەقەوە لەسەر تەرمی هەنجن بەهەنجن کراوی رۆژگار راوەستان. لەسەرخۆ، کڕوکپ، بۆی دانیشتن. هێشتا هەڵمێک لە نێو خوێنی داچۆڕاوی لاشەکەوە بەرزدەبۆوە، هیوا بەری خۆی وەرگێڕا، چیدی نەیتوانی سەیری بکا، کارزان لە دڵی خۆیدا گوتی: چ گورگێکی هار و برسی بوونە!.

شۆڕش:

– براینە با لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە، تازە دەبێ لێرە بوەستین و سەرنەکەوین.

رێبوار:

– کاک شۆڕش زەحمەتە.

کارزان:

– راست دەکا، چۆن هەڵدەگیرێ؟

شۆڕش وەڵامدانەوەی هەردووکیانی پێ ناخۆش بوو. بەڕقەوە گوتی:





– بۆ خوارەوە زەحمەت نییە!

هیوا لەسەرخۆ گوتی:

– باشترە لێرە بیشارینەوە.

شۆڕش پتر تووڕە بوو. وا خۆی نیشان دا کە لە هەمووان دڵسۆزتر و بەهیممەت ترە:

– من رایدەکێشم، ئەگەر بەس سەری بمێنێتەوە، هەر دەبێ لە خوارەوە بیشارمەوە.

سەیر ئەوە بوو. ئەو دیمەنە خوێناوی و ئەو لاشە هەنجن بەهەنجن بووەی رۆژگار، هیچیەکیانی ئەوەندە نەتاساندبوو، کە بەتەواوی پێوەیان دیار بێ، تەنیا لە سەرەتادا ئەم حاڵەتە دروست بوو، بەڵام بەنیسبەت هیوا، شتێکی ئاسایی نەبوو، ئەو نەیدەوێرا وەک ئەوانی دی سەیری لاشە ترسناکەکەی رۆژگار بکا، رۆژگار وەها خەڵتانی خوێنەکەی خۆی ببوو، دەتگوت دەستی ئەنقەست خوێنی بەسەردا رژاندووە.

نیوەی قاچێکی، بەتەواوی رووتێنرابۆوە و ئێسکی بەدیار کەوتبوو. ملی وەک بەچەقۆ بڕابێ، لە چەند لاوە دەمی کردبۆوە و قرتێندرابوو. سەری چووبۆوە ژێر پشتییەوە. کارزان قژی خوێناوی رۆژگاری گرت و سەری لە ژێرەوە دەرهێنا. ئەو دیمەنە کارێکی زۆری لە هیوا کرد. خێرا بەری خۆی وەرسووڕاند و لەسەر چیچکان دانیشت. بیری لە رۆژگار کردەوە کە دەبێ چ ئازار و دەردەسەرییەکی بینیبێ. چۆن بەچاوی زەقەوە لەو گورگانە راماوە و ئەوانیش بەهەوەسی خۆیان لمۆزی برسی و هاریان لە جەستەی بێتاوانیدا نقووم کردووە. چ مردنێکی غەریبە!

شۆڕش و هیوا مشتومڕێکیان لەگەڵ یەکدی کرد و دیار بوو لەسەر یەک فیکرە رێککەوتبوون. کارزان و رێبوار ئەو پستەپستەیان پێ ناخۆش بوو حەزیان دەکرد ئەوانیش بەشدار بوونایە. بەهەر حاڵ هەردوو چاوەڕوانی بڕیارێک بوون کە کۆتایی بەم وەزعە بێنی.

کارزان رووی لە شۆڕش کردبوو، رێبوار لەگەڵ خۆیدا بڕیاری ئەوەی دابوو کە رایەکەی خۆی نەگۆڕێ، بەڵام چار نییە ئەگەر وای لی بێ کە تەرمەکەی ببەنە خوارێ، دەبێ تەسلیم بەو بڕیارە بێ. کارزان وەک بیەوێ خۆی وا نیشان بدا کە لە رایەکەی پێشووی هەڵە بووە، لە شۆڕش نزیک بۆوە و بەچاوی لێبووردنەوە گوتی:

– من لەگەڵ تۆ دام!

شۆڕش لەسەرخۆ گوتی:

– باشە.

کارزان:

– دەیبەینە خوارێ... باشترە بەڵکە بتوانین دایکیشی ئاگادار بکەینەوە!

شۆڕش بەسەرسامییەوە لە کارزان وەڕاما، ئەو راگۆڕینەی پێ سەیر نەبوو، بەڵکو

ئەوەی پێ سەیر بوو کە تەواوی روخساری کارزان تەعبیر لە دڵسۆزی و بەئەمەکی و وەفاداری دەکا، حاڵەتێکی یەکجار سەیر بوو، هەتا گومانی خستە دڵی شۆڕشەوە!

– براینە لەو رووتەنییەی ژێر ئەو گاشەبەردە دەیشارینەوە.

رێبوار پێی خۆشبوو... بەڵام کارزان یەکسەر رووی خۆی وەرگێڕا و لێوی خوارەوەی گەست. شۆڕش دانەوییەوە:

– وەرن بەهۆشیاری هەڵیگرن.

تەرمەکە وەک بەدار و بەرد کوترابێ، وەک کەوتبێتە بەر ددانی مەکینەیەک، بەتەواوی تورخابۆوە، جلەکانی بەری هەلا هەلا ببوون. بەزەحمەت توانیان بەسەر بەفرەکەوە بیخشێنن و بیبەنە ژێر کەڤرەکە. لەوێ بەچەقۆ خاکەکەیان هەڵکەند. کارزان ئەگەرچی نارازیش دیار بوو، بەڵام لە هەموویان ماندووتر دەرکەوت. سەعاتێکی پێ چوو تا توانیان قۆرتێکی وا لێبدەن کە تەنیا لاشەکە بشارێتەوە. ویستیان تەرمەکە بخەنە نێو قۆرتەکەوە، کەچی یەکسەر وەستاندیان، وەک بڵێی تازە شتێکی نوێیان دۆزیبێتەوە. لە ڕاستیدا هەر وا بوو، تازە بەتازە تاقمەکەی رۆژگاریان بینی. شۆڕش دەستی لێ نزیک کردەوە، بەڵام وەستاندی:

– ناتوانم هەمووی خوێنە.

رێبوار هاتەپێش و لەبەر تەرمەکەی رۆژگار دانیشت و لەسەرخۆ هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد و بەجوانی تاخمەکەی لێ کردەوە و لە تەرمەکەی دوورخستەوە. پاشان بەهێواشی تەرمەکەی هەڵگرت و خستیانە نێو قۆرتەکە. هەموو، بۆ ماوەیەکی کەم بۆ دوا جار، سەیری دیمەنی خوێناوی و گۆڕەکەی رۆژگاریان کرد. هیوا، نەیتوانی جڵەوی فرمێسکی بێ ئارامی بگرێ. لەبەر خۆیەوە گوتی: ئاخ مردن چەند بەهەیبەتی!

شۆڕش بەهەردوو دەستی، خۆڵی دەوروبەری چاڵەکەی فڕێ دەدایە سەر تەرمەکە، ئەوانی دیکەیش چەند بەردێکیان بۆ هێنا. لەسەرخۆ بەردەکانیان لەسەر خۆڵەکە ریزکرد و تەواوی تەرمەکەیان پێ شاردەوە... هەموویان لەژێر بەردە گەورەکەدا روونیشتبوون چاویان لە شوێنی تەرمە شاردراوەکە دەکرد. لە دوورەوەش لوورە لووری گورگەکان دەبیسترا!

## ٣

نیو سەعات دوای شاردنەوەی تەرمەکە، بڕیاریاندا وەڕێ کەون. هەرچواریان خۆیان ئامادە کرد. شۆڕش تاوێرەکەی دەستنیشان کرد و هەنگاویان نا... هەر یەکە و بەجودا لە کاتی رۆیشتندا، ئاورێکی لە دوای خۆی دەدایەوە. شۆڕش وەپێش کەوتبوو، هەموویان بیریان لە رۆژگار و کارەساتەکەی دەکردەوە. هەریەک بەجۆرێ. هەموو کڕوکپ، دڵگران، بەسیمایەکی پڕ لە خەم و پەژارەوە، بەهەورازەکەدا هەڵدەگەڕان، هەر بەمەزندەش





بەفرەکەیان دەبڕی.

کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ بوو. چەند پەڵە هەورێکی چیل لە دووری یەکدی، ئارام ئارام ئاسمانیان دەتەنیەوە، دەوروبەری خۆریان گرتبوو، لە کەمیندا بوون بۆ ئەوەی بەتەواوی روو لە تیشکەکەی بگرن، کزە بایەکیش لە سەرووی شاخەکەوە بەکاوەخۆ دادەکشا، لە دوورەوە لەوبەر، بەلای دەستی راستیانەوە، جۆگەلەیەکی باریک بەنێو دۆڵێکدا دەهات و بەفرەکەی شەق کردبوو. کارزان بەقووڵی بیری لە رۆژگار دەکردەوە وەک نەمردبێ و لە تەنیشتەوە بڕوا، قسەی لەگەڵ دەکرد:

– بۆ وات کرد رۆژگار؟

– سووچ لە من نەبوو.

– ئەدی لە کێ بوو؟

– لە رێبوار!

دەزانی هەر کە پێت لە دەرەوەنا، زانیم لە رقی ئەو دەتەوێ بچیت و بارەدارێکی دی بێنی، بەڵام غەدرت کرد، ئەوەی زیانی پێ کەوت هەر خۆت بوویت، خۆ دەبینی بێ ئەوەی تۆزقاڵێکیش خەم و پەژارە دایبگرێ، پێی لێ ناوە و بەزەوقەوە دەڕوا! وەک ئەوەی نە بای دیبێ نە باران. من دەزانم ئێستا بیر لە چی دەکاتەوە، ئەو تەنیا دەیەوێ بگاتە سەرێ و پاشان بەخێرایی دابکشێتە خوارێ و لەوێ لە ناو لێفی گەرم و نەرم خۆی لوول بدا. ئەمن چاکی لێ تێدەگەم، خۆ تۆش باشت دەناسی دەتوانم سوێند بخۆم کە ئەو بوو وای لە تۆ کرد! تۆ لە ڕقی ئەو چوویت و بارەدارێکت هێنا. ئەو چاوی خۆی مۆن کردبۆوە، جاری دووەمیش هەر بۆ ئەوە چوویت. کە بیشکێنیتەوە، بەڵام تووشی ئەو بەدبەختییە هاتی. ئەم گورگانە، گورک نەبوون، ئەمانە خودی رێبوار بوون، هەر کتومت رێبوار بوون! نا رۆژگار، تۆ دەبوایە لە جیاتی ئەوەی مل لەبەر ئەو گورگانە بنێیت، ملی رێبوار بشکێنی. دەبوایە خێرا بگەڕێیتەوە سەری رێبوار بپلیشێنیەوە! ئێستا من دەزانم چ نەخشەیەکی لەژێر سەردایە. لەو گورگانە هارتر و برسی تر، چاوی لە ئێمە زەق کردۆتەوە. ئەگەر رێی لێ نەگرین، دەمانکاتە نێچیری خۆی. ئێمەش بەدەردی تۆ دەبا، بەڵێ! ئەو بوو خوێنی تۆی رژاند. هەر ئەویشە تووشی هەڵدێری دیکەمان دەکات، خۆ ئەگەر ئەو چاو حیز و مل ئەستوور و بێ ویژدانە نەبوایە، ئەو دڵ کرمێیە لەگەڵمان نەبووایە، نەتۆ جاری دووەم دەچوویتە دەرێ و نە ئاواشت لێ دەهات.

رۆژگار! ئەو رۆژانەم چاک لەبیرن، کە چۆن سەگەکانمان دەبردنە نێو رەزەکانی بنار چیا بەرزەکەی شارەکەمان. لەوێ خۆمان مات دەکرد و گوێمان لە لوورە لووری گورگەکان شل دەکرد و چاوەڕوان بووین کە سەگەکانمان تێی بتەقێنن... دەتبینی کە چۆن سەگە بۆرەی من، چەند زیرەکانە لووتی بەرز دەکردەوە و لەپڕ دەحەپی و رادەپەڕی؟

دەمانبینی کە چۆن سەگەکانی دیکەیش بەدوای دەکەوتن و ملیان لە شاخەکە دەنا، بەغاردان ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد. چاوەڕوان بووین تا سەگەکانمان دەگەڕانەوە ئەو کات دەمانزانی کە چ دەردێکیان بەگورگەکان کردووە. سەگەکانمان هەموو جارێ بەسەرکەوتوویی لە ڕاوە گورگ دەگەڕانەوە. تەنیا دوو جار نەبێ کە بەلمۆزی بەخوێن و بەشەلە شەل هاتنەوە. لەبیرمە، ئەوێ جارێم چاک لەبیرە کە چۆن سەگەکەی تۆ بەتەنیا لاشەی گورگێکی بەدوای خۆیدا رادەکێشا و ئێمەش ددانەکانی گورگەکەمان دەرهێنا و هەریەکە و ددانێکمان خستە نێو دەستەسڕێک و دەگیرفانمان قایم کرد. ئەو کات وایان دەگوت کە ددانی گورگ بۆ بەخت و ئازایەتی و چاووزار باشە. ئەو چەلەش کە پۆپیتە سلێمانکەیەکمان کوشت و ئێسک و پرووسکیمان خستە نێو دەسماڵێک و دەنێو باخەڵمان هاوێشت، چەند دڵخۆش بووین گوایە ئەمەش بۆ بەخت بووە، بەختی دۆزینەوەی کچێک. کەچی هیچمان بەهیچ نەکرد و نووشتەش دادی نەداین، چەند بەدبەخت بووین! هیچ خۆشییەکمان لە ژیاندا نەدی. لە دەربەدەری و هەڵات هەڵات و برسێتی و تەنیایی پتر تامان لە هیچ نەکرد. تۆش بەم قەهرەوە، بەحەسرەت دیتنی ڕۆژێکی خۆش کە چاوت پێی نەکەوت بەحەسرەت ئەو کچەی خۆشت دەویست و رووی لێ نەدەنای، چوویتە ژێر گڵەوە. مردنێک مردیت کە نە لە بیری تۆدا بوو، نە لە بیری ئێمەش ئەوە چۆن بوو نەتتوانی هیچیەک لەم گورگانە بکوژیت؟ ئەوە قەت تۆ نەبوویت. ئەدی ئەو چەکەت بۆ چی بوو؟ بەڵام نا، وا دیارە لە تاقەتی تۆدا نەبووە هیچ کارێک بکەی، ئەوان زۆر بووینە و تۆش تەنیا، ئەوان فێڵیان لێ کردی و تۆش بێ ئەزموون بوویت... نا! دیارە تۆ خۆت ویستووتە بمری، دیارە چیدی نەتویستووە بژیت. هەر بۆیە هیچ دەستوەکەرییەکت نەکردووە... نازانم تۆڵەت لە کێ بستێنمەوە. لە ڕێبوار، شۆڕش، هیوا؟ هەموویان لەگەڵ ئەوە بوون بمێنینەوە، ئەوان بوونە ئیزرائیلت. بەڵام ڕێبوار ئیزرائیلی ئەسڵی بوو. ئەو کافرە! هەر بۆ ئەوەی زوو بگاتەوە خوارێ دەستی لە شتێک نەدا، هیچی نەکرد، ئێمەش لە رقی ئەو دواکەوتین. ئەو هەر وابووە، خووی وایە. جار نەبووە گۆبەندێکمان بۆ نەخولقێنێ. هەموو جارێ دەبوایە فڕوفێڵێک، هەنجەتێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە ئێمە جیا بێتەوە. ئەو لەگەڵ ئێمە ناتوانێ بەئارەزووی خۆی بێت و بچێ، دەزانێ جڵەوی دەگرین و بەری نادەین. بەڵام سەگێکی هێندە بێ حەیایە هەر زوو لە حەپە دەدا و دادەڕسێ، هار دەبێ، لە ئاکامیشدا زەبرێکی ئاوامان لێ دەدا، هیچیەک بیری بۆ ناکەینەوە، وەک ئەوەی بەسەر تۆی هێنا! ئەگەر ئەو تەمبەڵی نەکردایە، ئەوە تۆش وا دوور نەدەڕۆیشتی. ئەو وای کرد کە دەماری پیاوەتیت بجووڵێتەوە و دەربپەڕی. هەر بەو دەمارەش ڕووبەڕووی گورگەکان بوویتەوە کەچی لەو شەڕەدا سەرنەکەوتی... گرنگ نییە، مەرج بێ تەڵەیەکی وای بۆ دابنێمەوە تۆڵەی





هەموو کارێکی لێ بکەمەوە. دەبێ بەهەر دە پەنجان گووی خۆی بخوا. چما خوێنی رژاوی تۆ بەفیڕۆ دەڕوا. نا، نا، ئەمە دوا جارە. دەبێ ئەویش وەکو تۆ لە خوێن بگەوزێ... دەبێ لە جیاتی دەمی گورگ، لمۆزی خۆمی تێ هەڵسوم. چونکە هەر هەڵێکی دیکەی بۆ هەڵکەوێ، ئیشمان دەبینێ. ئەوەی نەماندیوە پێمان نیشان دەدا، تفڤوو لەوەی هاوڕێیەتیشی دەکا. گوێشی بۆ رادەگرێ. ئەو لەعنەتییە، دەبوایە ئەوێ جارێ بکوژرێ کە لەنێو شاردا ئێمەی ئاشکرا کرد و بوو بەهۆی تێکدانی هەموو نەخشە و پیلانەکانمان. چ کارێکی نامەردانەی کرد! هەر بۆ ئەوەی لە نێو لێفی گەرمدا بخەوێ، خۆی لە ئێمە دزییەوە و چووە ماڵێکی دۆستی. هەنجەتەکەشی ئەوە بوو گوایە کە لە ئێمە دابڕاوە، ئیدی بزر بووە و بەناچاری خۆی گەیاندۆتە ئەو ماڵە... با وابێ! بزانە چ کارێکت پێ دەکەم. بەس لەم سەفەرە دەربازبین.

کارزان لە نێو خۆیدا هەندە هەڵچووبوو، تا شۆڕش بانگی نەکرد، نەیزانی کە هێندە وەپاش کەوتووە. هیوا وای بەباش زانی کە بچێتە نێوان کارزان و ڕێبوار بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر هەردووکیانەوە زاڵ بێ و لە بیر و غایەلەی ترسناکیش دووریان بخاتەوە... ئەوەبوو ماوەیەک وەستا، تا ڕێبوار گەیشتە لای. ڕێبوار هیچ قسەیەکی نەکرد و یەکسەر تێپەڕی. کارزان بەخاووخلیچی دەڕۆیشت. پاش دوو سێ چرکە لە هیوا نزیک بۆوە:

– کارزان خێرابە.

– کارتان بەسەر منەوە نەبێ!

هیوا رەنگ و روخساری تێکچوو، بەڵام بەخێرایی خۆی ئاسایی کردەوە. لێی چووە پێش. دەستی خستە سەر شانی:

– چ بکەین؟ با شتێکی دیکەش روو نەدا.

– هیچ روونادا، ئەوەی ڕۆژگاریش خەتا لە ئێمە بوو.

– چۆن؟

– پێش هەمووشمان، خەتا لە ڕێبوار بوو.

– دەی، تازە ڕۆیشت، با سەرکەوین و بگەینەوە خوارێ، ئەوجا لەوێ قسەی لە سەر دەکەین.

– قەت نابێ بڕوا!

هیوا دەستی کارزانی گوشی، هەستی خۆشەویستی پێ بەخشی، لە تەنیشت یەکدییەوە دەڕۆیشتن.

– با بڕێک خێرا بکەین.

– حەز دەکەم تۆ بڕۆیت، دوا مەکەوە!

– ئەوە چیتە؟

– هیچ!

– دەی ئەوە لە پێش تۆوە دەڕۆم!

هیوا وەپێش کەوت. هەمان ئێشی جاران، ئێشی ژێر ئەژنۆکانی، سەری هەڵدایەوە. لەنێو ئێسکەکانییەوە دەرچوو، تەزووی ترسێک لە دڵی چەقی، دڵی ئێشاند. دەستی چەپەی لەرزی، تەزی، وەژان کەوت، بەرە بەرەش سڕ بوو. قورساییەک تەپڵی سەری داگرت. لە دوورەوە هەموو شتێکی بەتەڵخی. هەتا شۆڕشیش کە لە پێشەوە بوو، تەمێکی ئاڵۆز دەوروبەری روخساری گرتبوو، ویستی بەخەیاڵ لێدان ئەم حاڵەتە لە بیری خۆی بەرێتەوە. نەیتوانی، هەوڵێکی دیکەی دا بێهودە بوو... تەرمی رۆژگاری هێنایە بەرچاوی خۆی. تەرمەکەش سڕایەوە. شلێری خۆشەویستی پەستایە نێو مێشکییەوە. سوودی نەبوو، دایکی وەبیر خۆی هێنایەوە، دەنگێکی سەیری هاتە گوێ، دەنگێک هەر لە هی شلێر دەچوو. دەنگەکە بوو بەگریان، گریانەکە بوو بەدوو چاوی پڕ لە فرمێسک، چاوەکان بوون بەشلێر، شلێری هاتە بەر چاو، لە ژوورێکی خۆش، فراوان، پاڵی دابۆوە. لەسەرخۆ دەگریا. منداڵێکی ساواشی لە باوەش بوو. مەمکی لە زاری منداڵەکە نابوو. بەهەردوو دەستیشی رایدەژاند:

– شلێر! ئەمە خەونەکەمان بوو؟

– خۆیەتی.

– بزانم چاوی لە تۆ دەچێ؟

– لێی گەڕێ تازە کرپۆتەوە.

چاوی لە ناو چاوی شلێر نا، لێوی هەردووکیان راتەکین! لە لێوی یەکتر وەڕامان، نێو چاوانیان پێکەوە نووساند:

– ئاگات لە منداڵەکە بێ!

هەردووکیان دەوەستن، سەریان بۆ منداڵەکە شۆڕ دەکەنەوە. منداڵەکە بۆن دەکەن، بەنهێنیش هەناسەی یەکدی هەڵدەکێشن!

– وەکو گوتمان با ناوی هەندرێن بێ!

– باشە.!

هەندرێن! چ کێوێکی پان و بەرین بوو. چ شاخێکی پڕ عاسێ و چ مێژوویەکی پڕ لە نهێنی بوو! هەقت بوو بەفیزەوە لە شاخەکانی دەوروبەرت، لە شارەکەمان، لە ئاسمان رامێنیت. تۆ ئازاری برینێکی دێرینی ئێمە بوویت. کە هەناسەی ئۆخەت لە دەم دەرچوو، کۆرپەڵەیەکی ناسکت لێ بوو، ساوایەک هاتە مەیدان، هەموو کەسێک، دۆست و دوژمن، خۆمانی و بێگانە، هەموویان چاویان لە چاوت نا، تێتەوەڕامان، تروسکەی ئاواتێکی تازەیان لێ بەدی کردی. لە هەموو لایێکەوە دیاریان بۆ دەهێنای.





هەندرێن! تۆ گەورە بوویت. کۆرپەلەکەشت گەورە بوو. بەڵام دەزانی ئێستا چۆن چۆنی دەژی؟ جوانییەکەیان شێواند. قاچیان شکاند. ئێستا رەوتی سووسکانەی جارانی نەماوە، دەڕوا، بەڵام دەلەنگێ، هەندرێن لەنێو زریان و تۆفاندا، لەنێو هەوری پڕ لە بارانی خوێن، لەنێو جەنجاڵی ئەم چەرخەدا، سەری مەزنی لە ئاسمان دەخشێنێ و بزە بۆ شارەکەمان دەکا. کۆرپەکەشی لەسەر سنگی خۆیدا، لەنێو دۆڵ و عاسێ و زوورگەکانیدا، دێت و دەچێ. ماندوو دەبێ، دەکەوێ، هەڵدەستێتەوە، دەنوێ، خەون دەبینێ، خەونێک کە تا ئێستا هەوڵی بۆ دەدا و نایگاتێ... ئەوەتا، وەک ئەوەی رووداوەکان دووبارە ببنەوە، وەک بڵێیی هەمان خەون، خەونی جاران، کۆرپەی جاران، کێوی جاران، هەموویان دووبارە ببنەوە... کۆرپەیەک بەنێو دڵی بێ ئارامی چیای مەزندا دەڕوا، وەکو کۆرپەلەی کێو، وەک کێوی مەزن، دایکی بێت، هەستی دایکایەتی پێ دەبەخشێ. بۆنی خۆی بەسەردا دەبارێنێ، تێکەڵ بەرۆحی یەکدی دەبن، ئەوانەی کە ئێستاش هەنگاو دەنێن، دەڵێیی لەو کێوە بوونە و لە رۆحی ئەو دەرچوونە. بەبێ ئەو، تاوێک ناتوانن بژین، هەناسە بدەن، کە چارەنووسیشیان بکەوێتە مەترسییەوە، هەر دەبێ لێرە، لەسەر سنگی ئەم کێوە بەهەیبەتەدا بگەنە ئاکامێک یان مردن یان بەردەوامبوونی ژیان... ئەم کێوە لاشەی هەزارەها مرۆڤی وەک ئەوانەی لێ شاردراوەتەوە. کەچی هێشتا ناڵە و فیغان و دەنگ و سەدای مرۆڤەکانی لێ دەبیسترێ. کێوی مەزن قەت بێ خاوەن نەبووە. نەخەڵکی بێ ئەو ژیاون، نە ئەو بێ خەڵک... ئەم کێوە پەناگەیەکی عاسێ و مەزن بووە، بۆ هەموو ساتێک و هەموو خەڵکێک.

رووی دا و قەوما... ئەوەی ئێستاش لە هیوا قەوماوە زۆر کەس پێشبینی دەکرد، بەڵام چ بکەن، هیچیان پێ نەدەکرا. دیواری گوێچکەی رێبەرەکان هێندە ئەستوور و بەرین بوو، قسەکان، رەخنەکان. بەچڕوچاوی هیوا دەکەوتنەوە... نەیاندەتوانی ئاوا بەئاسانی دەنگی خۆیان بگەیێننە سەرەوە. ئەگەر گەیشتباش کەڵکی نەبوو.

شلێر! تۆش لەگەڵ رایەکانی من نیت؟ وەنەبێ ئەوەی ئێستا تێی کەوتووم، ئۆخەی حەزە کۆنەکانم بێ، نا من قەت حەزم بەم رۆژە نەدەکرد، بەڵام دەمزانی ئەوەی دەیڕوێنین، بەرەکەی لەو جۆرە پتر نابێ. ئێمە دەگەڵ دوژمنی زۆڵ و بیژویان کەوتبووینە چاڵێک! دەبوایە چاو لە رق و کینە کۆنەکانیان نەپۆشین، دەبوایە هەموو جووڵەیەکیان بۆ خەڵکانی دەرەوەی چاڵ، ئاشکرا بکەین، بۆ دەبێ هەموو جارێ وامان بەسەربێ؟! ئەم جارەش کە لێمان درا، وەکو لافاوێکی سەرشێتمان لێ هات. لافاوێک کە هیچ بەربەستێکی لە پێش نەبێ. راست و چەپ، پشت و پاش، پەرت و بڵاوبووین، لێک

دابڕاین، بەزەحمەت دەمانتوانی یەکتر ببینینەوە. بەترس و دوودڵیش، خەمەکانمان بۆیەکدی دەگێڕایەوە. ئەوجارەش دەستمان لە ناو دەستی یەکدی نایەوە. هەر لەخۆمانەوە کەوتینەکار، کارێکی زەحمەت و پڕ لە ماندوویێتی... کە دەستمان پێ کردەوە، ئێمە بریندار بووین. خوێنمان لێ ڕژا، چاوە سوورەکانی دەوڵەت کون کون بەدوامانداد دەگەڕان، بکەین... شەقێکی چاکمان خوارد ئێستاش زرنگەی لەبن گوێمانەوە دێ و نابڕێتەوە!

شلێر! ئێمە بەدەستی دۆستەکانیشمان زەبری توندمان پێ کەوتووە. چەندان سەفەری سەختیشمان پێکەوە کرد و چەندان کێوی مەزنمان پێکەوە بڕی. کەچی سەرەنجام هەر لێمان درا، دۆستەکانیشمان بەباشی ئێمەیان نەدەناسی. تۆ ئێستا لەبن دەستی دوژمنەکەت دەناڵێنی. ئەو دوژمنتە، دوژمنێکی برسی و تینوو بەخوێنی تۆ، منیش ئێستا لەگەڵ دۆستەکانم، ئەو دۆستانەی کە تۆش دەیانناسی و هەموو کات لەگەڵ یەکدیدا ناتەبا بوونە و بۆ یەک مەبەست ملیان لەو کێوە مەزنە ناوە. کەچی هەریەکەو دەیەوێ وەپێش ئەوی دی بکەوێ. لەنێو خۆیاندا شەڕێکی شاراوە هەیە و لە حاڵی جۆشوخرۆشدایە، دۆستەکانم ئێستا بەشەرمەوە سەیرم دەکەن، هەموویان دەیانەوێ دۆستایەتیم لەگەڵ بکەن، من گوتوومە لە سەرەتاش هەر گوتوومە، دۆستایەتیم لەگەڵ ئێوە هەتا سەرە. بەمەرجێک ئێوەش لەگەڵم بێن، بەڵام من لێرە لەگەڵ دۆستەکانم بەرێوەم، ئەو دۆستانەی کە بێی من هیچیان پێ ناکرێ، منیش بێی ئەوان هیچم پێ ناکرێ، ئێستا وا هەست دەکەم لە کارەساتێک نزیک دەبینەوە، کە نازانم کۆتاییەکەی بەکوێ دەگات. ڕۆژگارمان بوو بەقوربانی حەزی یاخی و مناڵانە، لێرە ناشتمان. کارزانیش وەک نەیەوێ لەگەڵمان بێ، خۆی وەدوا دەخا. نازانم چ شتێکی لە ئێمەش کردووە، بەڵام ئەوان دوو دۆستی نزیکی یەکدی بوون، بەبێ یەکدی نەدەحەوانەوە. کەچی زۆر جاریش لەیەکدی دەتۆران.

کارزان! پێ هەڵێنە. لە سەفەرێکی ئاوا سەختدا، پێویستمان بەیەکدییە، کەمێک وەرەوە سەرخۆت، ئێرە جێگەی سەرهەڵدانی رق و کینە کۆنەکان نییە، باوەڕم پێ بکە تۆ و ئەوانی دیکەش یەک جەستەن. ڕاستە لە بیرکردنەوەدا جیان، بەڵام هەمووتان بۆ مەبەستێک هاتوونەتە ئێرە و. ئەم ژیانەتان هەڵبژاردووە، وا منیش بەشێکی هەرە گرنگی ژیانم تێکەڵ بەژیانی ئێوە دەکەم. دەست لەو رق و کینە هەڵگرە، دەزانم زەحمەتە! ئێستا جاری جاران نییە، جاران دوژمن لاواز بوو، ئەمڕۆ نا. تۆ هەموو شتێک کارت تێ دەکا. بچووکترین شت گەورە دەکەیت و خۆشت لە هەموو کەسێک پێ باشترە.

– تەق، تەق، تەق!





هیوا لە شوێن خۆی ڕاچەنی، هەموویان وەستان، ئاوڕیاندایەوە.

شۆڕش بەتوندی دەنگی هەڵبڕی:

– چییە دیسان کارزان؟

– هیچ نەبوو... لوورەی گورگەکان نزیک دەبیسم!

– ئەوجا تەقەکردنی پێ دەوێ؟

– ئەگەر لێم بگەڕێن بەدوایانا دەچم!

– پێ هەڵێنە، وەختی ئەوە نییە.

هەموویان وەڕێ کەوتن. ڕێبوار کە لە دوای شۆڕشەوە دەڕۆیشت، سەری نوقمی دووکەڵی جگەرەکەی ببوو سەیری خوار نشێوەکەی دەکرد و خەیاڵی رەها کردبوو، تەرمە خوێناوییەکەی ڕۆژگاری هاتەوە بەرچاو... چۆن سەروپۆتەڵاکی لە خوێن گەوزێنرابوو! ئەی خوایە بەچ ئازار و دەردێک ڕۆیشت؟ هەمووی خەتا لەوان بوو، ئەوان خستیانە بەردەمی گورگەکان، ئەگەر ئەوان بەگوێی منیان بکردایە، ئێستا ئەمەش رووینەدەدا، بەڵام با بیخۆن! چەندم پێ گوتن، درەنگە، کاتی حەسانەوە نییە، بەگوێیان نەکردم. هەر لەبیری ئاگر و خەودا بوون... دەڵێی تازە بەتازە دەستیان داوەتە تفەنگ و بۆ یەکەم جاریشە بەم کێوەدا هەڵدەگەڕێن. ئاخر لە ڕۆژێکی ئاوادا چۆن دەکرێ چرکەیەک دوا بکەویت؟ لە شوێنێکی ئاوادا چۆن دەکرێ بمێنینەوە؟ چی تێدا بوو، کە کێوەکەمان دەبڕی، دوایی دەچووینە خوارێ، بەسەر ماڵەکاندا دابەش دەبووین و تێروپڕ دەنوستین، بەڵام نا، دەتگوت بەئانقەست نەخشە بۆ کارەساتێکی ئاوا دەنەخشێنن! ئەم کێوە پڕە لە گیانداری خەتەرناک... هەموویان دوژمنی ئێمەن، برسین، هارن، بەدوای نێچیری وەک ئێمەدا دەگەڕێن. هەر باشیش بوو، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەرمەکەی ڕۆژگار لەوێ بشارنەوە. ئەگەر نا پشتمان دەشکا. دەبوایە بەدوو ڕۆژی دی ئەم هەورازە ببڕین... جەنابی کارزانیش دەیویست تەرمەکە، وەکو بزنە کێوی ڕاوکراو بەدوای خۆماندا ڕاکێشین. ئاخر تۆ ئەو پیاوەیت بەبردنە خوارەوەی تەرمەکە وەفاداریت نیشان بدەی؟ تۆ هەموو کارێکت نیشانەی مخەنەتی و ریاکارییە. من دەزانم مستەهەقی چیت. ئێستا لێم بگەڕێن هەردوو گوێچکەت دەبڕم، بۆ ئەوەی خەڵکی بتبینن و بڵێن دیارە قەبەحاتێکی کردووە. ئاخ! لەدەستم چوو دەبوایە بەر لە ئێستا دەستێکت بشکێنم، هەتاکو قوونی خۆت پێ نەشۆرێ! وەک سواڵکەر بپاڕێیتەوە و ڕەزیلی بەر دەستی خەڵکت بکەم. چوو، ئێستاش ئاسان نییە، ئێستا وەکو من تفەنگت پێیە، دەزانم لە هەلێک دەگەڕێی لە پشتەوە بەنامەردی زەبرێکم لێ بدەی. بەڵام قەت ناتهێڵم تامی ئەو خۆشییە بچێتە زارت. دەبێ هەر بەداخەوە بتکوژم کە چت پێ ناکرێ دەبێ وات لێ بکەم بەهەر دە پەنجەکانت گووی خۆت بخۆی!

شۆڕش وەستا، دیار بوو لەبەر چی دەوەستێ. رووی لە نشێوەکە کرد و دانیشت، پێش هەموویان گوێی لە هاشەی بایەک بوو، بایەکی سارد، تیژ، هوروژمی بۆ سەرەوە دەهێنا، بەنێو دۆڵ و عاسێکاندا سەردەکەوت، دەتگوت لە خوارەوە هێزێک راوی دەنێ. بایەکە وەک تیخ بەسەر بەدەنی شۆڕشدا تێپەڕی. گەیشتە سەر ئەوانی دیش. کارزان بەلاداهات و کەوت. بەتووڕەیی هەڵسایەوە و تفێکی بەدوای بایەکەدا رەوانەکرد. خۆی داتەکاند و سەری بەرزکردەوە و بۆڵەیەکی لێوە هات. بایەکە هەوراز چوو، خێرا تێپەڕی دەنگی نەما. شۆڕش رووی لە نشێوەکە کردەوە. تەماشایەکی خوارەوەی کرد، دەتگوت تازە ئەو گرد و دۆڵ و عاسێیانە دەبینێ لە دڵی خۆیدا گوتی: (چۆن دەچینە خوارێ؟) دەستێکی بردە نێو باخەڵی چۆغەڵەکەی، پەنجەکانی کوتان، پارچە کاغەزێکی دەرهێنا، هەر بەڕۆیشتنەوە لێکی کردەوە، یەکەم جار سەیری ژێرەوەی کرد و موچڕکێکی خۆشی و دوودڵی بەلەشدا هەڵچوو، ئەوە بۆ دەیەمین جارە، ئاوا بەدزی لەو کاغەزە رادەمێنی و دەیخوێنێتەوە. ئەم جارەش زۆر بەوردی، سەرنجی نیگای لە یەکەم وشە گیر کرد، بەبێ وەستان هەمووی خوێندەوە. بەسەر هەندێ وشەشدا بازی دەدا، ئاهێکی دەردا و لەگەڵ خۆیدا گوتی: تۆ هێشتا نامناسی؟ لە مە پتر چیت بۆ بکەم؟ ئەوە دەبینی ملی شاخ و داخی ئەم ولاتەم گرتووە. ئەگەر لەبەر چاوی تۆ نەبێ، چم لەم بەزمەداوە. تۆش وەک تۆزقاڵێک لە هەستی من تێنەگەیشتبی، بەدڵێکی رەق و وشکەوە لەگەڵم دەدوێی. کەی ئەڤینی من پێ دەگا و تۆش لە من دەگەی؟ کەی وا دەبێ؟ ئەم قسانە هی تۆ نین، هی یەکێکن لە تۆ نزیکە. ئەم زمانە، زمانی شلێرە. لەو بەولاوە کەسی دی شک نابەم. ئەو لە تۆ دەگا و فێری هەموو شتێکت دەکا. من تێناگەم مەبەستت چییە کە پێم دەڵێی: هیچ شتێکی وام لە تۆ نەدیوە کە لە خۆشەویستیدا راستگۆ بیت! خۆشەویستی بەلای تۆوە چۆنە؟ تۆ دەڵێی: هێشتا دوورین لە یەکدی، دەبێ لە نێو مندا بتوێیتەوە، لە خۆ بایی نەبیت! من زەمانێکە هەست دەکەم لە نێو تۆدا تواومەتەوە و بەچاوی تۆیشەوە دەورەوبەرم دەبینم! کەچی تۆ باوەڕم پێ ناکەیت. نامەم بۆ دەنووسی و هیچ گۆڕانێکیش لە تۆ بەدی ناکەم. ئەگەر وایە بۆ لێم ناگەڕێیت تا منیش چیدی بیرت لێ نەکەمەوە و دەستیش لە هەموو شتێک هەڵبگرم؟ بۆ لە نامەکانتدا پێم دەڵێی: تۆ دەتوانی لێم نزیک بیتەوە؟ بۆ هەتا ئێستا لە تۆ دوورم؟ پێم دەڵێی: لە هیوا نزیک بەوە، یانی چی؟! من بەبێ هیوایش تۆم خۆش دەوێ، راستە ئەو پشتی منی گرتووە و یارمەتیشم دەدا. بەڵام مەرجی یەکەم تۆی، ئەو چ پەیوەندێکی بەنێوان من و تۆوە هەیە؟ من هیوام خۆش دەوێ، لەبەر خاتری تۆش پتر خۆشم ویستووە کەچی تا ئێستا لەگەڵمدا نادوێت. من لە تەلیسمی قسەکانت ناگەم، لەهەر نامەیەکت چەندان کەم و کوڕییم بۆ دەستنیشان دەکەی کە من





هیچیانی بەڕاست نازانم، دەزانم ئەمانە قسەی تۆ نین. تۆ چاوت هێندە نەکراوەتەوە تا دەرک بەم هەموو شتانە بکەیت، ئەمانە قسەی شلێرن، ئەوە لێت ناگەڕێ و کۆسپ دەخاتە نێوانمان. با ئەم قسانە بۆ هیوا بنووسێ، بەڵام ئەم جارە چی دەکەی؟ ئەوە شلێریشت لەدەست چوو. کێ قەڵەمت بۆ دەگرێ و قسەکانت بۆ دادەڕێژێ؟ خۆ هیواش لەوێ نەما و پەنای بۆ بەریت. ئەوە شان بەشانی ئێمە، دێوانەی شاخ و داخ بووە و بەفر دەکێڵێ!

شۆڕش نامەکەی پێچایەوە و خستیەوە باخەڵی. سەری هەڵبڕی و چاوێکی لە ئاسمان کردو دڵی تەنگ بوو. دیسان هەور، ئاسمانی کێوەکەی داپۆشیبوو، هەورێکی چڕ و سپی، پەمۆ ئاسا، بەنەرمی و لەسەرخۆ شەکڵی خۆی دەگۆڕی. دەتگوت بایەکی کزی پێ دەکەوێ و وەلەنجەی دەخا، تیشکی خۆریش لەلای ئەوانەوە گیرا بوو. بەڵام لە دوورەوە، لە هەندێ شوێن، لەوبەر لەناو دۆڵاییەکەی شاخەکانی تەنیشت کێوی مەزنەوە، شەوقی دەدایەوە. لە کەلێنی هەورە لێک داپچڕاوەکانیشەوە چەپکێ تیشک تێدەپەڕی. بەڕاستی نەتدەزانی بۆ کوێ دەچێ و لە چ شوێنێک بەزەوی دەکەوێ، بەرە بەرەش ئەو ناوە سارد دەبوو، ئەوانیش هەنگاویان خێراتر دەهاویشت، هەموویان لەبیری ئەوە دابوون کە تا زووە دەبێ بگەنە ئەو شوێنەی دەیانەوێ، لە پەلەپەلیان گیانیان گەرم داهاتبوو. تەنیا کارزان نەبێ، دەتگوت یەکێک لەپێشەوە پاڵی پێوە دەنێ و نایهێڵێ بڕوا، جاروبار دەوەستا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا، حەزی بەسەرمابوون دەکرد. سەرمایش درزی دەجلەکانی کردبوو، رۆچووبووە نێو لەشییەوە، بەڵام بایەخی بەسەرماکە نەدەدا ئەوەی گرنگ بوو، رق و کینەکەی بوو، لەززەتی لەوە دەدیت کە بەرقەوە سەیری رێبوار بکا، لە دڵەوەش ئەوەی جوێنی پیسە بۆی هەڵبدا. لەمەش پتر ئەم جارەیان داڵغەی لە شۆڕش دا، حەزی دەکرد شۆڕش ئاوڕێک بداتەوە تا بەرقەوە سەیری بکا و بەدەنگێکی بەرزەوە پێی بڵێ: ئێوە بڕۆن هەقتان بەسەر منەوە نەبێ... لە بەختی ئەو هیچیان ئاوڕیان نەدەدایەوە. ئەمیش پتر رقی هەڵدەستا و لەدڵی خۆیدا دەستی بەجوێندان دەکرد، جوێنی بەهەمووان دەدا. بەڵام لە هەموویان پتر یەخەی شۆڕشی دەگرت... جەنابت دەتەوێ وەپێشمان بکەوی؟ ئەوە قاچەکانت نین ئازایەتیان لێ دەردەبێ. ئەوە حەزی مێشکە بۆگەنەکەتە! لەمێژبوو خەونت بەرۆژێکی ئاوا دەدیت دەتویست لە سەفەرێکی ئاوادا پێشمان بگری و ئێمەش بەدواتدا بێین، تۆش چاک دەناسم، لە رێبوار باشتر نیت، سەد بەردت لەویش داوە. هەموو کار و کردەوەیەکت لەژێرەوەن، ئاگری بن کایت. ئێستا دەتەوێ بەکەیفی خۆت تەراتێنمان پێ بکەی، بەڵام بۆت ناچێتە سەر، لە ورد و درشتی مەرامەکانت گەیشتووم. تۆش! تۆش دەتەوێ گوڵێ بکەیتە هی خۆت؟! چما ئاگام لە هەموو کەین و بەینێکت نییە! گوڵێت خۆشدەوێ؟

تۆش عاشقیت! گوڵێ عاشقی تەڵەکەبازێکی وەک تۆ دەبێ؟ خەونە خەون! هەردەبێ بناڵێنی و بەو دەردە بتلێیتەوە. من خۆم گوڵێ دەناسم دەزانم دڵی لەلای کێیە. ئەوە چەند ساڵە من هەوڵی لەگەڵ دەدەم کەچی هەر ئاوڕیشم لێ ناداتەوە. ئەوجا تۆ؟! تۆش دەتەوێ بەختی خۆت تاقی بکەیتەوە. لێرەو لەوێ وا نیشان دەدەی کە دەستەگوڵی تۆیە و کەس ناتوانێ بۆنی بکا؟ مەحاڵە، نایخۆی، گوڵێ کچێکی هێندە بەهەست و نەستە، دەرک بەهەموو شتێک دەکا، چما هێندە گێلە بەقسەکانی تۆ هەڵبخەڵەتێ؟ چما هێندە سادەیە دەستی گڵاوی تۆی پێ بکەوێ؟ هەتا منیش مابم پیاوم دەوێ ناویشی بێنێ! گوڵێ ئێستا منی خستۆتە ژێر چاوی خۆی. تاقیم دەکاتەوە. بەمنی گوتووە ئەگەر بزانی لێم تێدەگەی. ئاخر پێم ناڵێی تۆ چیت هەتا لە هیچ و خۆڕاییی ئەم کچەت دەست بکەوێ؟ تۆ چ خێرێکت هەبووە بۆی؟ کەی لە خەمی ئەو دابوویت؟ ئەو جووتیارانەی ویستیان تۆڵەی باوکی گوڵێ بکەنەوە. باوکت ڕێی لێ گرتن. ئەوەبوو نەیهێشت و بەسەریاندا نەڕاندی : خوێن مەڕێژن! ئەو وای کرد، ڕێی خۆش کرد، چەکدارەکانی ئاغا بەئارەزووی خۆیان بێن و ماڵی گوڵێ بەسەریەکدا بڕووخێنن. دەزانی باوکت چی دەویست؟ دەیەویست لەگەڵ ئاغا دەست بەسەر موڵک و ماڵی گوڵێدا بگرن و لەنێو خۆیاندا بەشی بکەن! تۆش کوڕی باوکتی... باوکت لەگەڵ ئاغایان لێی بوو بەشەڕ، لەسەر بستە زەوییەک، ئەو زەوییەی کە هی جووتیاران بوو، لەسەر ئەو زەوییە کوژرا. ئەو دەیویست لە دەستی ئاغاکانی دەربێنێ و بۆ خۆی گلی بداتەوە. بەڵام ئەو پێی نەکرا و ئەوان لە باوکت بەدەستوبردتر بوون، باوکت داکۆکی لەو شەرەفە کرد و بەس! تۆش ئێستا دەتەوێ لە شەڕی من و ڕێبوار سوود وەربگری، هەردووکمان لە عەرزی دەی بۆ خۆشت ببیتە ئاغا! ترحێو! ئەو زەمانە چوو. میرات و دەسەڵاتی باوکیشت کە گۆڕ بەگۆڕ بووە، دادت نادات. گوڵێش بۆ تۆ نابێ و تۆشی خۆش ناوێ... نایخۆی! بەچاوان نابینی، هەتا من مابم ئەوە دەستی خۆتی لێ بشۆ... ئەو بابەت مرد. ئەو دڵەت لەت لەت دەکەم ئەگەر بزانم گوڵێی تێدایە. وەکو ڕۆژگار دەبێ، شەڵاڵی خوێن بکرێی. هەر بەم دەستانە ورگت دەدڕم! ئەگەر گوتیان بۆ وات لێ کرد، دەڵێم برادەرمە و خیانەتی لەگەڵم کرد! کێ لەسەرت وەجواب دێ؟ پاشماوەی دارودەستەی باوکت؟ ئەو خەڵکەی تۆی خۆش دەوێ؟ ئەوانیش تێدەگەێنم، پێیان دەڵێم شۆڕش تاوانی کوشتنی دەیان، سەدان، هەزاران کەسی لە ئەستۆدایە. ئەوەی بەسەر خەڵکی هاتووە، ئەو سەبەبکارە. هەموو شتێکت بۆ سازدەکەم. کێ هەیە بڵێ وانییە، با هەندێک هەبن بڵێن: درۆیە! گرنگ نییە من دەمەوێ لەنێو خەڵکدا سووکت بکەم، چاوت شۆڕ بکەم و لەعنەتت بۆ بنێرن و نەفرەتت لێ بکەن. دەڵێم شۆڕش دەیەوێ هەڵتانبخەڵەتێنێ و شەرەفی ئەو کچەش بەرێ کە ئێوە خۆشتان دەوێ... مەرج بێ لەنێو خەڵکەکە رووت





ڕەش بکەم... وات لێ بکەم خۆت لەبیر بچێ و سەرت لێ بشێوێ... دەبێ دەستی پەشیمانی بگەزیت و چاوت لە ڕەحمی من بێ. هەتا لێم نەپاڕێیتەوە دەستم ماچ نەکەیت لێت نابوورم. ئەو کات دەزانی چیت پێ دەکەم ئەمسەرو ئەوسەرت پێ دەکەم. چما تازە دەمناسی؟ خۆ ئەگەر بەڕووتدا بتەقمەوە دەزانی چیت بەسەر دێنم، دەبێ بەدەردی ڕۆژگارت بەرم! زەمانێکە لە داخی تۆ عەقڵم لەسەر نەماوە. خوێنی خۆم دەخۆمەوە. هەتا ئەمڕۆش خۆم لێ کڕکردوویت. ئیدی تەواو توانام نەما، منەتیشت نەبێ لە هەر کوێ ناوی گوڵێ دێنی بێنە، لە هەرکوێ دەنووسی بینووسە، لەسەر دار، بەرد، شاخ، زیخ، تفەنگ، جەمەدانی، هەر کوێ دڵت گرتی دەستی شکاوت مەگێڕەوە. حەز دەکەی لە ژوورەکەشت ناوە پیرۆزەکەی هەڵبواسە، لە سنگی خۆتی بدە، بیکە بەسوێندی سەر زارت، هەموو شتێک بکە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی، کە ئەم کارەی تۆ دژی منە. جوێندانە بەمن، گاڵتەکردنە بەگوڵێ و شەڕەفی گوڵێ بەمن، بەشەڕەفی من!

کارزان وەک هۆشی لەلای خۆیەوە نەمابێ لە ڕێچکەی دۆستەکانی لای دابوو، بەلایەکی تردا ڕۆیشتبوو. خۆی لە شوێنێک بینیەوە کە سەری هەڵبڕی هیچ کەسێکی نەهاتەوە بەرچاو. من لە کوێم؟! باشترە هەر ڕوخساریان نەبینم، دەڕۆم لێیان جیا دەبمەوە. نابێ چرکەیەکی دی، یەک هەنگاوی دی لەگەڵیان بڕۆم. درۆزنینە، فێڵبازینە، هەزار نەخشەتان لە ژێر سەرە. هەریەکە دەیەوێ بەجۆرێک ئەوی دی لەناوبەرێ. بەس من دەزانم چییان بەدەستەوەیە. باشترە حەوت قۆناغ لێیان دووربکەومەوە بۆ من باشترە. هەرچەند لێیانەوە نزیک بم، بەزەرەری من تەواو دەبێ... دەڕۆم هەتا تێ نەکەوتووم. با دوور بکەومەوە. ئەو شۆڕشە هەر لە ڕێوی دەچێ، ڕاوەستە ئەگەر هەموومانی تێک بەرنەدا ئەوە لە هیچ نازانم لە هەموویان پیستر و بۆگەنترە... دەزانم پلانێکی بۆ منیش ناوەتەوە. هیوایش لە پشتییەتی و بەری نادا، ڕێبواریش بەدڵیەتی، ئەو سەگە لە ڕۆژێکی ئاوادا دەگەڕێ، من و شۆڕش مل دەبەر ملی یەکتر بنێین و یەکمان ئەوی دی قووت بدا. شۆڕشیش لەو خراپترە، ئەویش دەیەوێ، من و ڕێبوار مێشکی یەکدی بڕژێنین تا بۆ خۆی و هیوا، بەجووتە ملی ڕێگا بگرن و بارگرانی ئێمەیان لە ئەستۆ نەمێنێ... نا! واچاکە نەڕۆم. دەترسم وەکو ڕۆژگارم بەسەر بێ. ئەوان حەز دەکەن وام لێ بێ. نا نابێ بەو حەزەیان بگەن... بۆ نا؟ بۆ نەڕۆم؟ چما وەکو ڕۆژگار دەستوپێ سپیمە؟ ڕاوەستە بزانە چۆن زەندەقیان دەبەم، بەم گەرووەدا دەڕۆم، لە شوێنێک خۆم حەشار دەدەم، گرنگ نییە با بەدوامدا بگەڕێن، با ماندوو بن، ئەگەر ماندوو بن، ئەوە بەسوودی منە. ئەو کات دەتوانم هەرچییەکیان لەگەڵدا بکەم، بیکەم. ئەوان پێویستییان بەمنە. لە دووربوونەوەی من دەترسن، هەموویان لێم دەترسن، هەقمە وابیر بکەمەوە و باوەڕ بەهیچیان ناکەم. هەموویان بەدوژمنی خۆم دادەنێم. لەپێش

هەمووشیانەوە، شۆڕش! ئاخر پێم نالێی بۆ کێ شۆڕش دەکەی. بۆ نالێی شۆڕش لەسەر کارزان و ئەوانی دی دەکەم، بۆ نالێی دەمەوێ هەموویان تێک بەردەم و خۆشم وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچم؟ ئەدی هەر تۆ نیت، چ بەقسە، چ بەچاو، چ بەرەفتار، دەتەوێ نێوان من و ڕێبوار خراپتر بکەی؟ ئەدی ئەوە نییە تیغ تیخمان دەدەی و ئاگری نێوانمان خۆش دەکەی؟ تۆ دەتەوێ لەبەردەم ئاگری من و ڕێبوار خۆت گەرم بکەیتەوە و خەندە لێدەی. لەسەرخۆش ئاگرەکە خۆش بکەیت. تا هەردووکمان دەکەیتە خۆڵەمێش. وانییە کاکە شۆڕش؟! دەبڵێ وانییە... دەبێ ئەم نەخشە گڵاوەت تێک بشکێنم، هەڵیی وەشێنمەوە. دەبێ خۆمی لێ لابدەم. بەسەلامەتی لێی دەربچم و لە دەستی هەمووشتان ڕزگارم بێ... دەبێ یەکەم جار خۆم لە ڕێبوار نزیک بکەمەوە. با بۆ ماوەیەکیش بێ. گرنگ ئەوەیە ستوونێکی شۆڕش هەڵتەکێنم. ئەویش وەتاق بخەم، دەبێ نەهێڵم هیوا خۆی تێکەڵ بکا. هیوا سوودێکی زۆری هەیە بۆم. خۆم لەویش نزیک دەکەمەوە. ئەو گوێم بۆ ڕادەگری. دەبێ بەتەواوی بێلایەنی بکەم، ڕێبواریش هەر خواخوایەتی دووقسانی لەگەڵ بکەم هەر زوو هەڵدەخەڵەتێ. خۆشباوەڕە، کلکی دەبڕم! بێ ئەوەی هەستی پێ بکا لمۆزی لە زەوی دەخشێنم و دەیشکێنم! جاری یەکەم ڕێبوار دەگرم، خۆمی لێ نزیک دەکەمەوە. ئەوجا نۆرەی هیوا دێت... با بچم بیانگەمێ، هەتا هەستیان بەهیچ نەکردووە، هەرچەند دوور بیمەوە گومانم لێ دەکەن دوایش هیچم پێ ناکرێ و لەو ناوەش شۆڕش قازانج دەکا.

کارزان هاتەوە سەر ڕێچکەی بەفرەکە و بەخێرایی خۆی گەیاندە هیوا. بزەیەکی پڕ لە سۆز و وەفاداری بۆ کرد. هێندە ماندوو ببوو، دەمی بەش ببۆوە، وەهەناسە بڕکێ کەوتبوو دەستێکی خستە نێو دەستی هیوا و گوتی:

– دەبێ بمبووری هیوا گیان.

– بۆ؟

– پێش ئێستا کەمێک سارد بووم لەگەڵت.

– چی تێدایە ساردێتی هەموومانی گرتۆتەوە.

کارزان وەک لە ئیرادەی خۆی نەبێ، بەپێچەوانەی بڕیارەکەی پێشووی، نەیتوانی بچێتە لای ڕێبوار. لەگەڵ هیوا لە تەنیشت یەکترەوە دەڕۆیشتن:

– بۆ وا دواکەوتی؟

– بەخۆشم نازانم!

– گوێی مەدێ، ئەم سەفەرەش تەواو دەبێ.

– بەدڵنیاییەوە.

– دەزانم، نەمانی ڕۆژگار کارێکی زۆری تێ کردووی.





– ڕاست دەکەی.

– حەز دەکەم لە ڕێبوار نزیک بیتەوە.

– باشە!

– هەرچەندە دەتوانی خۆت بپارێزە.

– دەزانم.

– ئێمە دۆستی کۆنی یەکدین.

– وایە.

کارزان دڵی خۆش بوو. لەگەڵ خۆشیدا دەیگوت: (بەڕاستی دۆستی بەوەفاین! سەیرە هەموومان بۆ یەکدی لە کەمین داین، کەچی دۆستیشین!)

هیوا، هەستی دەکرد کە لەوانەبێ کارزان بەخۆیدا بچێتەوە و هەر نەبێ لەو سەفەرەدا وا نەکات هیچ شتێک ڕووبدا. حەزی کرد کارزان بدوێنی و زۆر شتیشی بۆ ڕوون بکاتەوە. بەڵام کارزان پەلەی ئەوەی بوو خۆی بگەیێنێتە ڕێبوارو لەگەڵ ئەمیش بکەوێتە قسە و خۆی لێ نزیک بکاتەوە. هیوا بەبێدەنگی دەڕۆیشت و سەری خەم و پەژارەشی داگرتبوو. بیری لە کارزان دەکردەوە کە چۆن بەبێ باوک و دایک خۆی گەورە کرد و لەنێو چەرمەسەری ژیاندا خۆی ڕاگرت و تا وای لێ هات ئەم کوڕەی لێ دەرچوو ئەو ڕۆژانەی دەهاتە بەرچاو کە چۆن لەگەڵ کارزاندا دەیانبردە سەر.

منداڵیی کارزان پڕ بوو لە شەڕو شۆڕ و مەینەتی. بێ بەش بوو لە ئامێزی گەرمی دایک و باوکی، لە خۆشەویستی و حەسانەوە. شوێنی هەرە خۆشی کارزان ماڵی هیوا بوو. لەوێ نەبوایە دڵی نەدەکرایەوە، سۆز و هەستی دایکانەی لە دایکی هیواوە پێ دەبەخشرا. هەر لە منداڵییەوە پێوەندییان بەتین بوو تا گەورەش بوون تەنیا جارێک نەبێ، قەت لە یەکدی زویر نەبوون، هیوا وای کرد کە کارزان کەچە نوێنەکانی کە لە مزگەوت داینابوون و لەوێش دەنووست، فڕێ بدا و لەگەڵ خۆیشی بیباتە مەیدانی کرێکاران و لەوێ چاوەڕوانی دەستی خێرێک بن بۆ سەر کاریان ببات. کارزان هەر لەسەر دەستی هیواوە فێری خوێندەواری بوو. وای لێ هات کتێبی گەورەش بخوێنێتەوە. حەزی دەکرد لەگەڵ هیوایش بەشەوان بخوێنێ و بەڕۆژیش کار بکات. بەڵام ئەوەی پێ نەکرا، چونکە ئەو کاتەی فێری خوێندەواری ببوو، بەتەمەن گەورە بوو. هەر لە منداڵیشەوە حەزی لە تفەنگ دەکرد و خەونی بەو ڕۆژەوە دەدی کە گەورە ببێ و چەکێک بەشانی خۆیەوە ببینێ. چەند جارێک بەدزی لەگەڵ هیوا دەچوونە لای باوکی ڕێبوار لەوێ تفەنگیان دەکردە شان و بەکەیفەوە خۆیان پێ بادەدا. کە گەورەش بوو، لە دوای ڕێبوار چووە شاخ و تفەنگی هەڵگرت.

هیوا بەسۆزەوە لە کارزان وەڕاما و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و گوتی:

- کارزان بۆ وا خێرا دەڕۆیت؟
- دەمەوێ بگەمە ڕێبوار!
- تکایە وەکو گوتم.
- باشە، باش.
- ڕێبوار کوڕێکی خراپ نییە.
- دەزانم.
- لەبیرت نەچێ پێویستیمان بەیەکدییە.
- ئەگەر ئەو لەبیری نەچێ!
- نا ئەویش لەبیریبیەتی؟

کارزان ویستی شتێک بڵێ، بەڵام نەیگوت: دیسان چرچاوی تێکچوو، لەرزی، پەنجەکانی وێک هاتنەوە، رقێک لە قووڵایی دەروونیدا پێچی خوارد و بەباڵای قسەکانیدا هەڵزەنی. هیوا خێرا هەستی بەگۆڕانەکەی کارزان کرد. بەبزەیەکەوە مستێکی دۆستانەی لەناو قەدی دا و گوتی:

- ئەمە چیتە؟

کارزان هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک، فرمێسکی رق و قینیان دەردا، گەرووی گیرا، ئەو قسانەی دەیویست دەریان ببڕێ، خنکان. هەرچەند هەوڵی دا نەیتوانی هیچ بڵێ. ویستی فرمێسکەکانی بەخێرایی بسڕێتەوە و روخساری وشک بکاتەوە، ئەمیشی پێ نەکرا. چەند هەنگاوێک لە هیوا دووركەوتەوە. هیوا زۆر بەئارامی خۆی گەیاندێ و دەستی گرت؟

- چیتە بۆ پێم ناڵێی؟

کارزان بەدووچاوی پڕ لە ئەشک و تووڕەییەوە ئاوڕی لە هیوا دایەوە:

- هەموو خەتاکە لە شۆڕشە!

هیوا لەبەر خۆیەوە داما وەک هیچ دەسەڵاتێکی دی نەمابێ. بێدەنگ بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزە) کارزان بەری خۆی وەرگێڕا و هەنگاوەکانی بەپەلەتر هەڵدەهێنا. بەفر لە ژێرییەوە کرمە کرمی دەهات. کەللەی سەری وەک پەنگر دادەئایسا. دووچاوی وەژان کەوتبوون. لوولەی تفەنگەکەی بەتوندی رادەگوشی، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: (لە هەقت دێم شۆڕش!)

هیوا هەستی کرد کە ئێستا کارەساتێک روودەدا، ویستی هەنگاوێک بهاوێ بگاتە کارزان، بەڵام نەیتوانی، هەردوو قاچی بەرەبەرە گران دەبوون. دەتگوت شتێکی قورس بەدوای خۆیدا رادەکێشێ. هەمان ئێشەکەی جارانیش، ژانی بن ئەژنۆکانی





وەجوولەکەوت. کارزانی بینی کە چۆن وەستا، وەستانێکی سەیروسەمەرە، هەر دەتگوت ئێستا لە ڕێچکەکە دەردەچێ و بەلایەکی دیدا دەڕوا. دەمی کردەوەو ویستی گازی بکا، کەچی ئەمەشی پێ نەکرا.

کارزان دەستی بەرۆیشتن کردەوە. بەچەند هەنگاوێکی خێرا، گەیشتە لای ڕێبوار. ڕێبوار ئاوڕێکی لێ دایەوە، حەپەسا. لە چاوی خوێن تێزاوی کارزان وەڕاما. دڵی وەخورپە کەوت. ترسا رەنگی سەروسیمای گۆڕدرا. نەیتوانی هیچ شتێکی پێ بڵێ، هەردووکیان بۆ چەند تاوێک چاویان لە ناو چاوی یەکدی نا. کارزان وەها سەیری ڕێبواری کرد دەتگوت ئاگر بەدەورووبەری خۆیەوە دەبینێ و دەبێ لێی دووربکەوێتەوە. دەستێکی لەدەستی ڕێبوار دا و هەر بەچاو پێی گوت: (لاکەوە!) ڕێبوار هەر بۆ ئەوەی ترسەکەی بشارێتەوە رووکەشانە خۆی گێڤ کردەوەو چاوەکانی لێ زەق کردنەوە. زانی ئەم کوڕە شتێکی ترسناکی لەژێر سەرە و غەزەبێکی گەورەی هەڵگرتووە. ویستی رێگەی پێ نەدا، بەڵام کارزان پێچەیەکی کرد و بەتووڕەییش گوتی:

- بۆ پێشم بەرنادەی؟

ڕێبوار توند لوولەی تفەنگی کارزانی گرت:

- چت دەوێ؟
- لاکەوە! نامەوێ چەهرەت ببینم.

ڕێبوار بەدەم لەرزینەوە گوتی:

- بۆ خۆت پیاو بە!
- پێت دەڵێم لاکەوە!

ڕێبوار هەردوو چاوی سوورهەڵگەڕان. لە هەموو لایێکەوە خوێن هوروژمی بۆ بچمی تووراوی هێنا. کارزان بەدوو چاوی زەق، بێ ئەوەی بژۆلەکانی بتروکێن، لە چاوی ڕێبوار وەڕاما، تروسکێک لە قووڵایی بینایییەوە، دەرچوو. لە بەرامبەریدا بوو بەهەزاران تروسکە، گیانی لەرزی. ڕێبوار بەدەم لەرزین و دەنگێکی نوساوەوە گوتی:

- دەتەوێ چ بکەی؟

کارزان هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو. خۆی لەدەستی ڕێبوار راپسکاند. پەڕی، لەودیو ڕێچکە شکاوەکەی بەفر، کەوتە سەر زەوی. خێرا هەڵسایەوە. بەتووڕەیی خۆی قیت کردەوە. ئاوڕێکی پەشێوی لە دەورووبەری خۆی دایەوە. دەتگوت وا هەست دەکا یەکێک گەمارۆی داوە. تفەنگەکەی هەڵگرتەوە تێی تەقاند. چەند جارێک هەڵەنگوت و هێندە نەدەما دەمی لە بەفرەکە بچەقێ. وەها غاری دەدا دەتگوت لە دوورەوە شتێک دەبینێ و بەدوایدا رادەکا. ئەگەرچی بەزەحمەتیش بەفرەکەی دەشکاند، بەڵام نەدەوەستا، تا نەگەیشتە پشت گاشەبەردێکی بەبەفر داپۆشراو، ئاوڕێکی نەدایەوە. لەوێ بەهەناسە

بڕکێوە لوولەی چەکەکەی خستە سەر لاتەنیشتێکی بەردەکە، بەتووڕەیی بەفری ژێر چەکەکەی وەلانا... ئەوانیش کە بێ رادە سەریان سوڕمابوو، لێکڕا لەسەر سک راکشان، تازە وەک بەدەست خۆیان نەبووبێ رووبەڕووی کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو ببنەوە، ئامادە بوون... بەتەواویی هەستیان بەختورەتی رەفتارەکەی کارزان کرد.

چاویان لە لوولەی تفەنگەکە گیر کردبوو. وەک لاڵ بووبن بۆ ماوەیەک فزەیان لێوەنەهات. هیچیەک جورئەتی ئەوەی نەبوو لە شوێن خۆی بجوولێتەوە. دەتگوت هەموویان لە چاوەڕوانییەک دابوون کە یەکپارچە نیگەرانی و دڵتەنگی بەخۆوە گرتبوو، تەنیا کارزان نەبێ، ئەوانی دی دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان نەبوو. ئەم دیمەنە گومان و سەرسوڕمانی وەڵات. هەریەکە و لەوەش دەترسا، گوللەی یەکەم بەو بکەوێ. لە ناکاو رێبوار شوێنەکەی خۆی بەردا و خێرا خۆی گەیاندە پشت بەردێک و دەستبەجێ تفەنگەکەی سوار کرد. کارزان پتر ورووژا و بەباشی رێبواری بینی و گوێشی لە سوارکردنی تفەنگەکەی بوو، هیوا زاری کردەوە و بەتوندی هاواری کرد:

– کارزان کاکی برا، دەتەوێ چی بکەی؟

کارزان بەئاستەم سەری خۆی لار کردەوە و رووی لە هیوا کرد و بەدەم لەرزین و تووڕەییەوە نەڕاندنی:

– تۆ خۆتی لێ بکێشەوە هیوا!

هەموویان بۆ ماوەیەکی تر بێدەنگ بوون، ترس و دڵەکوتێ و هەناسەسواری یەخەی هەموویانی گرتبوو، رێبوار حەجمانی نەمابوو، هەوڵی دەدا دیسان شوێنەکەی بگۆڕێ، چەند جارێک خۆی ئامادە کرد، بۆی دەربچێ، کەچی نەیدەوێرا، زۆرباشیش دەیزانی کە ئەم خۆ لە کەمین نانەی کارزان، بۆ ئەمە و لەوانەبێ تەنیا خۆی ببێتە قوربانی. بەڵام وەک هەر جەنگاوەرێکی کۆن، لەکاتی لێقەوماندا، هەوڵی رزگاربوونی خۆی دەدا و بیریشی لە کۆتایی پێهێنانی دوژمنەکەی خۆی دەکاتەوە. لێرەش، کە مەسەلەکە گەیشتە ئەو رادەیە ناچار بوو، دەبوایە داکۆکی لە خۆی بکا، دەبوایە بەر لەوەی زەبرێکی پێ بکەوێ، دەستوەکەرییەکی چاک بکا و خۆی لەو مەینەتە رزگار بکا... لە ناکاو پەردەی کشوماتی دڕا. شریقەی گوللەیەک هات. هەرسێک گوێیان لە ویزەکەی بوو. رێبوار سەری خۆی لە بەفرەکەدا نوقم کرد. شۆڕش دەنگێکی لێوەهات. دەنگێک کە هیچ کەس لێی تێنەدەگەیشت. لەبەرخۆیەوە بۆڵەیەکی کرد. هەر لە جوێندان و دەردانی ڕقێکی کۆن دەچوو. هیوا هەردووچاوی تووڕەیی و بێ ئارامی زەق بوونەوە. باوەڕێکی سەیری لەلاوە پەیدا بوو. ویستی هەڵسێ. هەر بەم تووڕەییییە، رووەو کارزان بچێ و بەگژیدا بێتەوە. ئەوەی دێتە سەرزای نەیگێڕێتەوە. بەڵام دەنگی گوللەیەکی دی کە هەر لەلای کارزانەوە سەری هەڵدا، رێی گرت. بیرەکەی گۆڕی لە جێگەیدا ڕقێکی لێ زا، رقێک





برووسکە ئاسا گەیشتە نێو پەنجەکانی. بۆ یەکەمین جار بوو، هەستی بەمە کرد. دەستی خستە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی، بڕیاری دا کە نابێ بێدەنگ بمێنێتەوە. ئەوە لەبەرچاوی ئەم، کارزان کارێک ئەنجام دەدا بۆنی خوێنی لێ دێ، رێ لە سەفەرەکەیان دەگرێ. لەوانەبێ هەموویان تێ بچن و لاشەیان وەکو رۆژگار بکەوێتە بەردەم گورگە برسییەکانی کێوی مەزن. لە نێو خۆیدا کەوتە ململانێیەکی سەیر و بێ ئەنجام. کوشتنی کارزان شتێکی ئاسان بوو، بەتایبەتیش بۆ هیوا. چونکە ئەو شوێنەی ئەم لێی راکشابوو، رێگەی ئەوەی پێ دەدا کە بەگوللەیەک نیشانەکەی بپێکی و دەنگی شەڕاوی کارزان کپ بکاتەوە. بەڵام ئەوەی رێگەی نەدەدا، بیرەوەرییە پڕ لە کارەسات و جەرگبڕەکانی ژیانی کارزان بوو، کە بوونە سۆزێکی بێ پایان و جڵەویان لە کوشتنەکەی دەگرت. ئەدی چ بکا؟ ئەوە رێبواریش دەستی کرد بەتەقەکردن، دروست لە نزیک تفەنگەکەی کارزانەوە تۆپەڵە بەفرێک بەرزبۆوە، سیمای کارزانی داپۆشی. کارزان لە لایەکی دیکەی بەردەکەوە دەستی بەتەقە کرد و ئەو شوێنانەی دایە بەر گوللە، کە شۆڕش و رێبواری لێ بوو. هیوا هەستی دەکرد هیچ گوللەیەکی بۆ نایێ و دەیزانی ئەمە چ مانایەک دەگەیێنێ. هەر بۆیە خێرا تەکانێکی دایە خۆو هەڵسایە سەرپێ:

– تکاتان لێ دەکەم بوەستن.

لەگەڵ شریقەی گوللەیەک، باوەشێک بەفر، لەژێر پێی هیوادا، پەرش و بڵاوبۆوە، لێکڕا دەمارەکانی لەشی گرژبوونەوە. بەرچاوی تاریک بوو. لەسەر سک لێی راکشایەوە. خێرا دەموچاوی خۆی لە بەفرەکە چەقاند ئیدی نەیتوانی سەری بەرز بکاتەوە. تەقەیەکی چڕوپڕ دەستی پێ کرد، تەقەیەک هەر لەوە دەچوو سەنگەرێکی دوژمن بگیرێ. تازە هیچ یەک نەیدەتوانی جڵەوی ئەسپی تاودراوی شەڕەکە رابگرێ، لەو شوێنە لەنێو پانتایی و گردۆڵکەی کێوە مەزنەکەدا، رق و کینی چەند ساڵەی دۆستەکان ملیان لە ملی یەکدی نا. دەیان گوللەی قین و مەرگیش هەڕەشەی لە هیوا دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هیوا تەقەیەکیشی نەکرد. تەنیا چاوی زیت و پڕ لە مەراق و کەسەری بەدەوری هەڤاڵەکانیدا دەگێڕا. بەفر لەنێو پەنجەی رق و گەرمبوویدا گرمۆڵە دەبوو بێ ئەوەی هەستی پێ بکا دەتوایەوە. بەرەبەرە هەموو شتێک لەبەردەمیدا بچووک و تەسک و ترووسک دەبۆوە. هەستی دەکرد، ویزەی هەموو گوللەیەک بەنێو مێشکیدا تێدەپەڕێ و دروست گوللەکان ناوەڕاستی دڵی دەپێکن. جەستەی شەکەت و زەبر وێکەوتووی چەند ساڵەشی بەسەر بەفرەکەوە نامێنێ و هێدی هێدی رۆدەچێتە خوارێ و دەچێتە دونیایەک کە هەر لە خەون و خەیاڵ دەچێ. خۆی هاتە بەر چاو کە لە نێو رۆحی باوکیدا دەتوێتەوە و ئێستا هەمان رووداوی چەندان ساڵەی پێشوو، دووبارە دەبێتەوە. باوک شوێن کوڕەکە دەگرێتەوە و بەزمانی جاران روو لە دۆستەکانی دەکا و

لێیان دەپارێتەوە، بەڵام تۆزقاڵێک کەڵکی نابێ و هەتا دێتیش گڕی گوللەکان لەمیش نزیک دەبێتەوە و باڵای مەرگێک لەبەردەمیدا دەوەستێ. دەنگێک لە قووڵایی دەروونیەوە هەڕەشەی لێ دەکا. هەموو شتێک دەبێتە خوێن. لەجیاتی بەفر خوێن دەبارێ. خوێنێکی گەرم و تازە بەبەردەمیدا تێدەپەڕێ. بەفرەکە رادەماڵێ. ئەمیش بەبەر لێشاوی خوێنەکە دەکەوێ. دەڕوا، کەس نازانێ بۆ کوێی دەبا. نا! نا! ئێوە دۆستی یەکن. بوەستن، لەسەر چی بەشەڕدێن؟! کوا چ شتێکتان دەست کەوتووە؟ دەبێ ئەم سەفەرەمان تەواو بکەین... بەسە!

هیوا بەجۆرێک لە نێو دەروونی خۆیدا هەڵچوو بوو، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، وەک کەسێکی مەست بوو، هەڵسایە سەرپێ و وەستا. دەمی حەپەساوی لێک ترازا. رووەو کارزان کەوتەڕێ. چەند جارێک بەملاو بەولادا دەکەوت. بەڵام ئەوەی ترس چییە لە گیانیدا نەمابوو. دەتگوت لە هەموو هەستێک دابڕابوو. هەر لەوە دەچوو، بەدەستی هێزێکی نامۆ وەکار کەوتبێ. بەڵام نا، لە دەروونی هیوا رق و بەتەنگەوە هاتن، جێگەی هەموو شتێکیان گرتبۆوە. زۆری نەمابوو، بگاتە لای کارزان، گوێی لە شریقەیەک بوو، یەکسەر شتێک لەناو دەستیدا پەڕی، وەک لەخەو رابپەڕێ، چاوی لەبەردەمی خۆی کرد. ویستی تفەنگەکەی هەڵگرێتەوە، کەچی نەیتوانی. هەر لە تەنیشت چەکەکەیەوە، پەنجەیەکی بڕاوی بینی. پەنجەی دەستمە! ئەمەشتان کرد؟ ترسێک، تێکەڵ بەکورتە هەناسەیەک بوو. خۆی شۆڕکردەوە. پەنجە هەڵتەکێندراوەکە نیوەی رۆچووبووە ناو بەفرەکە و خوێنیش بەدەوریدا پەخش دەبۆوە. لە شوێن خۆی دانیشت سەیرێکی پەنجە لێکراوەکەی کرد. دروست پەنجەی شەهادەی لە بنەوە نەمابوو. خێرا دەستەسڕێکی دەرهێنا و شوێنەکەی توند بەست. خوێنەکەی راگرت. بەڵام دەموچاوی، دەستەکەی دی، جلی، تفەنگەکەی، هەمووی لە خوێن وەردا. لەگەڵ ئەوەشدا تفەنگەکەی کردە شان و هەڵسایەوە لەدەوروبەری خۆی وەڕاما کەسی نەبینی، بۆشی روون نەبۆوە لە چ لایێک بوو ئەم گوللەیەی بۆ هات. جارێکی دی کشوماتی باڵی بەسەر شوێنەکەدا گرت. کشوماتییەکی پڕ لە ترس و نیگەرانی. هیوا نەیدەزانی رووەو کوێ بچێ، بۆ لای کێ بڕوا. هەموو شتێک لەبەرچاویدا هەستی رق و تووڕەیی دەجوولاندەوە. هەتا بێزی لەخۆشی دەبۆوە. ئارەزووی دەکرد گوللەیەکی بۆ بێ. کوێرە گوللەیەک دروست بەناوەڕاستی دڵی بکەوێ.

لەو دەمەدا کلۆبەفرەکانیش تازە بەتازە، لە سنگی ئاسمان دەبوونەوە و بەنازەوە دادەبەزین. مەودای بینایی دۆست و دوژمنەکانی سەر کێوی مەزنی تەنگتر دەکردەوە و بەرەبەرەش تووشی هەناسە بڕکێی دەکردن. هیوا بیریشی بۆ ئەوە چوو کە لەوانەبێ لەو هەموو تەقەیە، یەکێک هەر کوژرابێ. بێگومان هەر یەکەم جاریش لەلای شۆڕشەوە





گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگێکی نامۆ، بەڵام ئێستا چۆن بزانی وایە؟ بۆ کوێ بچێ؟ نا، باشترە دابنیشێ، چاوەڕێ بکا، ئەمە چ حاڵەتێکی سەیر بوو بۆ دەبوایە هەموو شتێک لێرە یەکلا بکرێتەوە؟ خۆ کەمێکی دی بوەستابان، هەریەکەو بەسەر خۆیدا زاڵ ببوایە ئەوە زۆرمان نەمابوو. ئیحتمالی شەڕیش کەمتر دەبۆوە. بەڵام نا، دیار بوو، هیچمان نەماندەتوانی رێ لەو شاڵاوە بگرین. ئەوە پڕووشکەکە بەمنیش کەوت، منیشی سووتاند. پەنجەی پەلاپیتکەیان هەڵتەکاندم. خۆزیا دەمزانی لە کام لاوە بۆم هات... سەیرە! گومانم لە هەموویانە، بەڵام بۆ لە دڵیان نەدام؟ بۆ کەللەیان کون کون نەکردم. بۆ مێشکیان نەڕژاندم؟!

ئەمە شتێکی رێکەوت بوو، یا دەستی ئەنقەست وای کرد؟ هەر بۆ ئەوەیە شەڕم پێ نەکرێ. بەئاسانی تەسلیم بەئیرادەی گوللە هاوێژەکە بم!

هیوا سەری بەرزکردەوە، لە هەموو لایەکەوە کلۆبەفرەکانی بۆ هاتن، دەتگوت بەلێشاو شاڵاوی بۆ دێنن. دروست رووەو چاوی دەهاتن و بەخێرایی دادەبەزین. چاوەکانی هیوایش فرمێسکی خەم و پەژارەیان لێ دەچۆڕاوە. لەگەڵ بەفرەکەدا تێکەڵ بەیەکدی دەبوون و دەتوانەوە... هیوا ماوەیەک دانیشت. سەیری شوێن بڕینی پەنجەکەی دەکرد. چاوەڕێ بوو گوێی لە چرپەیێک، گوللەیێک، هاوارێک، ناڵەیەک بێ. هیچی نەبیست. کلۆبەفرەکانیش، هێندە بەتووڕەیی، بەخێرایی، چڕوپڕی دادەبارین، پەردەیەکیان دەچنی، پەردەی لەعنەتی ئاسمانیان بۆ زەوی دەچنی، تاکو شەرم و کرێتی رووداوی ئەم کارەساتە داپۆشێ و هەتا هەتایێ بیانخاتە ژێر مێژووی پڕ نهێنی کێوی مەزن! هیوا لە نێو خۆیدا هەستی بەسۆزێکی بێ پایەن کرد، سۆزێک هەموو گیانی داگرت، سەدایەک لە دەروونیدا، هەڵقوڵا، لە گەروویدا تێنەپەڕی. گریا، بەڵام بەبێدەنگ، سەروسیمای وەک لێقەوماوێک لێ دەهات کە دەستی کۆمەکی کەسی پێ رانەگا. لە شوێن خۆی بەسەرتەنیشت داهاتەوە و لەوێ راکشا.

شۆڕش ئەگەرچی لە نێو بەفر و خوێنیشدا دەگەوزا، بەڵام وەک بڕیاری دابێ، تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەغەزەبەوە سەیری بەفری بەردەمی دەکرد و مستی لەعنەتی تێدەوەشاند، وەک بڵێی بەفرەکە بەکۆسپی سەر رێی تۆڵەسەندنەوە دابنێ، بەڵام دیسان عینادی رکەی دەروون هەوڵی هەڵساندنەوەی دەدا، بۆ مانەوە، هەر بۆ ساتێکی دیکەیش بێ، هەر بۆ ئەوەی بەدەست خۆی، گوللەیەک لە تۆقی سەری کارزان بدات و ئیدی ئەو کاتە مردن چ لەززەتێکی مەزنی هەبوو! شۆڕش هەڵسایەوە. خوێنی سەر دەموچاوی بەدەستی رق و کینە راماڵی. خوێن نەدەوەستا. بەڵام درەنگیش دەگەیشتە نێو برۆکانی و بەسەرچاوەکانیدا دەهاتە خوارێ، فشارێکی زۆری دەدایە خۆ. هەنگاوی قورس و پڕ زەحمەتی هەڵدەهێنا. دەچووە پێش، بەڵام بەترس و بەئاگایی، هیچی

نەدەبینی، مەودای هەنگاوێکیش پتر هێزی بینینی نەبوو. خۆیشی نەیدەزانی رووی لە کوێیە، بۆ کوێ دەچێ، تەنیا ئەوەی لە بیر بوو بەر لەوەی بمرێ دەبێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە. لاشەی کارزانیش شەڵاڵی بەفر و خوێن بکا... بەڵام کوا؟ کێ ئەڵێ هیچیەک ماون؟ یا ئەوەتا مردوون، یا هەڵاتوون. ئێستاش خۆی بەتەنیا ماوەتەوە و وەک غەریبێک بەنێو شارێکی چۆڵکراودا تێدەپەڕێ، تێنووی دیتنە، دیتنی هەموو شتێک، مرۆڤ، دۆست، دوژمن، دار، بەرد، ئاژەڵ، ئاو، ئاوەدانی، مشتێک بەفری گرمۆڵە کرد و بۆ دەمی برد، مژی، چاکی مژی، بەفرەکە کەوتە بەر هێرشی خوێن، خوێن خزایە نێوی، سووری کرد، ئیدی شۆڕش چاوی پێ کەوت، بەرقەوە تفێکی لە بەفرەکە کرد، لە خوێنەکە کرد، بەفرەکەی فڕێ دا، هەڵسایەوە... بۆ کوێ بچێ کوا؟ چرپەیەکی نایەتە گوێ. دەنگێک نابیسێ. گوللەیەک ناتەقێندرێ، کوا؟ با دەنگی گوللەشی بۆ بێ هەر باشە. با گوللەیەک بێ و چیدی لەو ئازارە نەژی. با گوێی لە دەنگی گوللەیەک بێ. چەند خۆش بوو، هەتا ئەگەر مەرگیشی بەدواوە بێ... هەتا ئەگەر لە لوولەی تفەنگی کارزانیشەوە بێ... کوا؟ بابێ و بەدڵم بکەوێ. نامەوێ چیدی بەدوای تۆڵەی خۆمدا بکەوم، تازە هیچ، کار لەکار ترازا... چەند هەنگاوێکی دی چووە پێش. ئیدی لەوێ کەوتە سەر چۆکان. نەیتوانی خۆی رابگرێ. بەلایەکدا خواربۆوە و لەسەر تەنیشت لێی ڕاکشا...

هیوا دیقەتی لە شوێن پەنجە بڕاوەکەی گرتبوو، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد... دایە گیان! بۆ هاتیە لام؟ تۆ نەتدەزانی جێگە و رێگەم لەتۆ دوور بۆتەوە؟ تۆ پیریت، ماندوویت، بۆ ئەم کارەت کرد، من پێویستیم بەمە نەبوو. من هەر بیریشم لێ نەدەکردەوە... من؟ نا، نا، باوەڕم پێ بکە، ئا... سەرمامە... سەرمایەکی زۆر، گەیشتۆتە ئێسکەکانم. وەختە ببمە پارچە سەهۆڵێک، چی؟! شلێر! هێناوتە؟ کوا؟ ئۆف، شلێر! ئەمە چیتە، تۆش وەکو من لە قاڵب دراوی؟ بوویتە بەفر، وەرە، لێم نزیک بەرەوە. منیش وەکو تۆ لە نێو بەفردام. بەڵام وەک تۆ بەفرنیم. دەمبینی، بەباشی دەمبینی و هەست بەگەرمایی دەستەکانم دەکەی... نا! ئەوە چیتە؟ بۆ چیت دەوێ؟ تۆ شلێر نی، ئەدی بۆ دەگریت، وەرە بۆ دواجار تێر تێر لەباوەشت بم. سەرم بخەمە سەر دڵی بێ ئارامت دڵی منیش ئێستا بێ ئارامە، بەتۆ نەبێ هێور نابێتەوە. وەرە... ئای خودایە! ئەمە چی بوو. شلێر! شلێر... خۆ توایەوە، شلێر!

هیوا راپەڕی، راپەڕینێک یەکسەر بەسەرپێوەی وەستاند. چاوەکانی هەڵگلۆفین... خێرا خۆی هاتەوە بیر. ئێشی پەنجە بڕاوەکەی پتر بوو. سەیرێکی کرد. هێشتا کەم کەم خوێنی لێ دەهات، هێندێک چووە پێش دەستی دایە تفەنگەکەی. هەر لەبەر دەمیەوە... جەستەیەکی بینی. جەستەکە تەنکە بەفرێکی بەسەرەوە بوو، خێرا دانیشت، خۆی بۆ





شۆڕکردەوە، بەفری سەر دەموچاوی راماڵی. بەسەر لێوەکانییەوە گوتی:

شۆڕش!

شۆڕش، وەک لە خەودا بێ لەسەرخۆ بەری خۆی وەرگێرا و ئاهێکی لە دەم دەرچوو. هیوا سەیرێکی برینی سەری کرد خێرا جەمەدانییەکەی لە ملی خۆی کردەوە و لەبەر خۆشیەوە دەیگوت: راوەستە خۆت مەجوولێنەوە، ئێستا تیمارت دەکەم.

جەمەدانییە بەخوێنەکەی شۆڕشی فڕێ دا و هی خۆی لە جێگەی بەست. تەواوی خوێنی سەر دەموچاویشی سڕییەوە. شۆڕش یەکەم جار نەیدەزانی ئەمە کێ بوو ئەو کارەی دەکرد. بەڵام دوایی پاش ئەوەی سەرنجی لە کەسەکە گرت، لەپڕ هەڵسایەوە: هیوا! ئەوە تۆی؟ تۆش ماوی؟

هەردوو باوەشیان تێک وەرێنا، دەموچاوی بەخوێنیان لە یەکدی هەڵسوی، فرمێسک لە چاوانیان سەری دەردا، گریان، بەڵام لەسەرخۆ:

– شەڕەکە هی من نەبوو.

هیوا بەڕوخساری پڕ لە بێزاری سەیری شۆڕشی کرد. شۆڕش پاڕانەوەیەکی دۆستانەی بۆ کرد:

– باوەڕ بکە... شەڕی رێبوار و کارزان بوو...

– باشە، ئەوان دەبێ لە کوێ بن؟

– ..................

ماوەیەک، وەک توانای قسەکردنیان نەمابێ، بێدەنگ بوون. دیسان هەست بەکشوماتییەک دەکرا، دەتگوت هەموویان لەو کارە پەشێمان بوونەتەوە. بەفر بارینەکەیش تا دەهات کەمتر و تەنکتر دەبۆوە. دەوروبەری ئەو ناوە دەردەکەوت و حوکمی بینینی پتر دەکرد. لە ناکاو کارزان، لە پشتی بەردێکەوە دەرپەڕی، بەپەلە بۆ شوێنێکی دی دەرچوو. هیوا بەئاشکرا کارزانی بینی، رووی لە شۆڕش کرد و لێی پاڕایەوە: هەڵنەستی ئێستا دەگەڕێمەوە...

دەتگوت شۆڕشیش هەستی بەشتێک کرد. هەر کە هیوا رۆیی، لەوێ هەڵستا و چووە پەنای بەردێک. لەپڕ شریقەی گوللەیەک هات، دیواری بێدەنگی رماند. ترس و سامناکی لە دەروونی دۆستەکاندا سەری هەڵدایەوە و. هەموو راچەنین و بەترسەوە خۆیان بۆ شەڕێکی دیکە سازکردەوە و چوونە سەنگەرەکانیان. هیوا لە شوێن خۆی چەقی، نەیدەتوانی بستێکی دی بچێتە پێش. هەستی کردبوو کە مردن لەویش نزیک بۆتەوە. ناچار بوو لەسەر سک لێ ڕابکشێ. چاوی لەو بەردە گیرکرد کە کارزان لە پشتیەوە خۆی حەشاردابوو. لە دواوەی خۆی گوێی لە دەنگێک بوو، ئاوڕێکی دایەوە. شۆڕشی بینی هەر لە گیاندارێکی دڕندە دەچوو. هەرچۆنت سەیر بکردایە، لێی

دەترسای. هەموو گیانی باسی لە تۆڵەسەندنەوە دەکرد. لەسەر پێ وەستابوو. خوێنیش لە پەنا و کەلێنی جەمەدانییەکە دەچۆڕایەوە، تک تک بەسەر چەکەکەیدا دەکەوتن و شۆڕ دەبوونەوە سەر بەفرەکە. هیوا خۆی وەرسووڕاند. هەڵسایەوە، هاوارێکی سامناکی لە دەم دەرچوو:

کێوە دەچێت؟

هیوا خۆی گەیاندێ و توند گرتی، گرتی و بردییە پەنای بەردێک:

– بۆ لێم ناگەڕێی هیوا؟

– تکایە، تۆ بریندارێ.

– ئاخر دەمرم و...

– نا، بەس ئەوەندەیە خوێنەکەت بوەستێ...

– ئاخ! ئەویش رزگاری بێ؟

هیوا بیری لە رێبوار و کارزان دەکردەوە. نەیدەزانی چۆن بیانگاتێ و شەڕەکە بوەستێنێ. ئای کە کارێکی سەخت و دژوار بوو. چاری نەبوو، دەبوایە هەڵبستێ و شتێک بکا، بەڵام دیسان نەیتوانی، ئەم جارەش بوو بەتەقە. کارزان و رێبوار بەڕووی یەکدیدا تەقەیان دەکرد و جوێنیان بەیەکدی دەدا:

– رێبوار بۆ خۆت پیاو بە، با بەدەردی شۆڕشت نەبەم!

لەپڕ شۆڕش هەڵسایەوە، ئاوڕێکی لە راست و چەپی خۆی دایەوە، رووی لە هیوا کرد و بەهەڕەشەوە گوتی:

– کوا تفەنگەکەم؟!

هیوا دەم و لێوی پڕ لە خوێنی شۆڕشی بینی. چاوە سوور و پڕ لە رق و قینەکانی بینی، ویستی قسەیەکی دۆستانەی پێ بڵێ. بەڵام شۆڕش رێگەی پێ نەدا و رووبەڕووی وەستا:

– تکایە، تفەنگەکەم بۆ بێنە.

– ئاخر تۆ بریندارێ، برینەکەت...

– دەبێ بەدەستی خۆم بیکوژم.

– تۆ نابێ بجوولێیتەوە.

– ئەوەندەم پێ دەکرێ کە تۆڵەی خۆم بکەمەوە.

هیوا توند گرتی رایگوشی، بەچاو لێی پاڕایەوە. کەڵکی نەبوو:

– پێت دەڵێم تفەنگەکەم بدەرەوە.

سەروسیمای شۆڕش وەها دەلەرزی، دەتگوت دەستێک لە دواوە رایدەتەکێنێ،





بەهەردوو دەستی یەخەی هیوای گرت:

– ئەگەر تفەنگەکەم نەدەیتەوە، نامەوێ چەهرەی تۆش ببینم!

هیوا بەچاوی بەزەیی و پڕ لە ئەڤینەوە لە دوورِ چاوی شۆڕش وەڕاما. لەسەرخۆ گوتی:

– شۆڕش! دەبێ بمێنیتەوە!

شۆڕش بەچاوی پڕ لە فرمێسک و خوێنەوە وەک بپاڕێتەوە، گوتی:

– ئاوا بەنامەردی؟

– نەخێر، تۆ مەردیت، بەڵام بەگوللەی براکانت وات بەسەرهات.

– نەخێر ئەو نامەردە!

– نەخێر، ئەویش وەک تۆ مەردە، چونکە ئەویش بەشێکی جەستەی تۆیە!

– نەخێر، ئەو دوژمنی هەموومانە، دەبێ لەنێو ببردرێ، ئەو دڕندەیە. کۆسپە، نەخۆشییە، دەبێ لە نێو ببردرێ.

هیوا دەستێکی خستە سەر شانی شۆڕش، ویستی هێمنی بکاتەوە. بەڵام شۆڕش، خۆی وەرگێڕا و بەلالووتێکەوە گوتی:

– باشترە چەکەکەم وێ دەیەوە!

لەو دەمەدا دەستڕێژێک کرا. ویزەی گوللەکان بەسەر سەریانەوە تێپەڕین. خۆیان نزم کردەوە و بەباشی چوونە پشت بەردەکە. هیوا لە شۆڕش پاڕایەوە کە لە شوێنی خۆی هەڵنەستێ، تا دەگەڕێتەوە. بەڵام شۆڕش رازی نەبوو:

– چەکەکەم بۆ بەجێ بهێڵە و برۆ!

– بەڵام نەبزووی.

شۆڕش سەری رەزامەندی بۆ لەقاند. هیوا دەرچوو. ئەوکات دنیا کشومات بوو. بەرەو ئەو شوێنە چوو کە دەستڕێژەکەی لێ کرا. بەئەسپایی دەڕۆیی. لوولەی تفەنگەکەی سەرەوخوار بوو. بەمە وای نیشان دەدا کە ئەو مەبەستی شەڕ نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا پەنجەی دەستەکەی دی خستبووە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی. ئامادە بوو، گوللەی غەدر و سەرلێشواوی بۆ بێ، دەستوەکەری خۆی بکا... لە شوێنێک وەستا، بەمەزەندەی خۆی ئەوێ لە جێگەکەی کارزان نزیک بوو، سەری هەڵبڕی:

– کارزان! رێبوار!

هیچ وەڵامێک نەبوو، دەتگوت لەو ناوە نەمابوون، چووبوونە شوێنێکی دی و لەوێ شەڕەکە یەکلا بکەنەوە. هیوا جارێکی دیکەش دەنگی هەڵبڕییەوە. ماوەیەک وەستا بیری کردەوە چ بکا؟ تازە خوێن بەری چاوی هەموویانی گرتووە. بەدوای کێدا بگەڕێ، کێ لەوانە بەگوێی دەکا؟ ئەوە بەزەحمەت توانیوێتی شۆڕش رابگرێ. ئەدی ئەوان چۆن؟

ئەگەر وا بڕوا، شۆڕش پتر خوێنی لەبەر دەڕوا وەختەتەر دەکەوێ. لە تاوی شۆڕش، لە تاوی ئەوانی دیکەیش، برینەکەی خۆی لە بیر نەمابوو. ئێشەکەی بەتەواوی بڕابوو. ویستی بچێتە پێش. دیسان وەستا. هەستی کرد ئەم جارەیان دەستوپێی گران دەبن. هەنگاوێکی هەڵاوێشت. بەزەحمەت قاچی بەرز دەبوونەوە، تەکانێکی دا خۆ. بەبێزاری بەفرەکەی شکاند. دەیشکاند و ئاهی بێ دەسەڵاتی هەڵدەکێشا، لە هیکڕا وەک یەکێک ئاگاداری بکاتەوە. گوێی لە دەنگێک بوو، راچەنی، لە شوێن خۆی چەقی. ویزەی چەند گوللەیەک، دەستەرێژێک هات و خێرا لەسەر بەفرەکە، راکشا، دڵی وەتەپەتەپ کەوت، سەری بۆ نێو بەردەکانی سەرەوە بەرزکردەوە، دەنگێکی بیست، دەنگی کارزان:

– هیوا! نامەوێ تۆ بکوژرێی، بەرێی خۆتدا بڕۆ!

هیوا سەری خۆی داخستەوە. ماوەیەک لە نێو بێدەنگیدا، مات بوون، دایە! وێ دەچێ هەمان داستانی باوکم لێرە دووبارە بێتەوە. ئەوەتە، منیش لە نێوەڕاستی دۆستەکانمدا درێژبوومە. هەر چەند تکا و رەجایان لێ دەکەم بێ سوودە... ناچارم دەکەن، وەکو باوکم بیر نەکەمەوە، وەکو ئەو نەکەم. بیرێک لە چارەنووسی خۆم بکەمەوە، ئەو زەمان چوو، ئێستا دەبێ خۆم رزگار بکەم. دەبێ نەهێڵم گوللەی دۆستەکانم پێ بکەوێ. ئەوەتە، خوێن بەری چاوی هەموومانی گرتووە. دەیانەوێ یەکتر قڕکەن هەریەک دەیەوێ خۆی بمێنێتەوە. دەیەوێ منیش دەستەمۆ بکەن. چ بکەم دایە؟ ناتوانم وەکو باوکم بکەومە نێوانیان، ئەوە گوللەی مەرگ هەڕەشەم لێ دەکا. ئەوە دۆستەکانی بەرەو نەمان دەچن. دەبێ رێ لەمردن بگرم. ئەوان بمرن مردنی منیش ئاسانترە. بەهەر جۆرێک بێت، کارزان رێبوار بمێننەوە.

هیوا ترسا، ترس و غەریبییەک خۆیان لە یەکتر هەڵسویی، ویستی هەڵبستێتەوە. دەستێکی گران خرایە سەر پشتی، بەهەشتاوی خۆی وەرگێڕا. یەکەم جار نەیزانی کێیە:

– چ دەکەی شۆڕش ؟!

هیوا لە چڕوچاوی شۆڕشەوە ترسێکی گەورەی خوێندەوە. وای هەست کرد لە بەرانبەر تەنێکی دەستوەشێندا راکشاوە، دەبێ هەڵسێتەوە، رێ لە گیانە شەڕاوییەکەی بگرێ، رێ لە خوێنە داچۆڕاوەکەی بگرێ، توند بیگرێ و دووری بخاتەوە. گورج هەڵستایەوە. شۆڕش لەسەرخۆ گوتی: خۆت تێک مەدە، کاکە هیوا!

هیوا پێی سەیر بوو، دروست بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکانی ئەم، شۆڕش لەسەرخۆ، هێمن و ئارام، وەک هیچ مەرامێکی ترسناکی نەمابێ. خەندەیەکی بۆ هیوا کرد و سەری داخست: تەواو!

هیوا لە قسەکانی شۆڕش نەگەیشت. بەڵام هەموو گیانی بەو قسەیە لەرزی، دەتگوت





دەرزی ئاژن دەکرێ. دەستی دایە تفەنگەکەی و وەک سەری لێ شێوابێ بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە. شۆڕش بەدەست و پەنجەی بەخوێنەوە دەستێکی گرت و لەسەرخۆ هاواری کرد:

– خۆت مەشێوێنە ،ها! سەیر بکە.

لە دوورەوە لە لای دەستی راستەی، رێبواری بینی وەک باوەڕ نەکا کە رێبوارە چاوەکانی هەڵگلۆفین. دیسان تێیوە ڕاما. بەبێ دەنگی شۆڕشی بەجێهێشت. ملی لە بەفرەکە نا، رۆیی، نەوەستا، تا گەیشتە نزیک رێبوار، ئیدی چەقی، لەبەردەمی خۆیەوە گوتی:

– رێبوار! مخابن!

رێبوار لەسەر سک درێژ ببوو، سەری خستبووە سەر قۆنداغی تفەنگەکەی دەتگوت خەوتووە. هیوا لەسەر چیچکان بۆی دانیشت، سەیری نێوچاوانی رێبواری کرد. خوێن و مێشکی ئاوێتەبووی، بەسەردەموچاوی رێبوارەوە بینی، مووچڕکێک بەگیانیدا هەڵچوو، دەنگێک لە قووڵایی دەروونییەوە بەرزبۆوە، لە دەمییەوە دەرچوو، هەموو جەستەی لەگەڵیدا لەرزی. چەند قەترە فرمێسک لە چاوەکانیدا پەڕین، کەوتنە سەر روومەتی خوێناوی رێبوار، لەگەڵ خوێنەکەدا تێکەڵ بوون، توانەوە. هیوا سەری بەرز کردەوە. دیسان کڵۆ بەفرەکان بەرەو رووی هاتن، دیسان ئاسمانیش گریا. ئەویش فرمێسکی لەعنەتی بۆ ئەو کارەساتە باراند. کڵۆبەفرەکان، بەنەرمی لەسەر بەژنی راکشاوی رێبواردا هەڵدەنیشتن. بەتوندیش سووژن ئاسا بەلەشی زیندووی هیوادا دەچوونە خوارێ. هیوا وای هەست دەکرد، کڵۆبەفرەکان گۆشت و ئێسقانی دەبڕن، بەسەر دڵییەوە هەڵدەنیشن... بەرەبەرە کاسەی سەری گران دەبوو. وڕوگێژ لە پشت سەری رێبوار راوەستا، لەسەرخۆ دانەوییەوە وەک بیەوێ رێبواری نوستوو بێدار بکاتەوە. دەستێکی بەدەموچاوی خوێناوی داهێنا و لەبەرخۆیەوە چەند جارێک گوتی:

– رێبوار! رێبوار! بۆ واتان کرد؟

رێبوار وەک زەمانێک بێت، لەوێدا دەمکوت کرابێ، لە خەوێکی هەمیشەییدا بوو، خەوێکی بێ هات و هاوار، بێ کێشە و ململانێ، بێ کارزان و رۆژگار و هیوا و شۆڕش. دوور لە دنیای جەنجاڵ و خەباتی رکابەری... هیوا لاشەی رێبواری وەرگێڕایە سەرپشت. نەیتوانی سەیری سنگی بکا. ملی خۆی وەرسووڕاند. بەڵام سنگی لە خوێن غەرقبووی بینی. خێرا چاوەکانی نووقاندن، ئاوڕێکی لەو شوێنە دایەوە کە شۆڕشی لێ بوو، هیچی نەبینی، سەری خۆی داخست، گولێی هاتە بەرچاو، گولێ بەدووچاوی پڕ لە ئەسرینەوە، بەقژی خاو و لە قوڕ هەڵسواوەوە، لە بەردەمی هیوا ئامادەبوو، دەگریا و دەیگوت: هیوا چ قوڕێکیان بەسەر من کرد! بۆ وایان کرد؟ گولێ! باوەڕم پێ بکە

ئەمەش عاشقی تۆ بوو. ئەمەش دەیویست لە دنیای پڕ لە ئازار و سەختیدا تۆی ئازیز ڕزگار بکا... گوڵێ، ئێستا خوێنێک دەڕژێ لە ڕاستیدا خوێنی جەستەی پاکی تۆیە... چ بکەم گوڵێ، هەموویان بەهەوای تۆوە دەژیان، کەچی دوژمنی تۆیان لەبیر چوو بوو... گوڵێ! نەمتوانی، پەنجەی ڕقی هیچیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان هەڵگرم.

دایە! ئێشی ئەژنۆکانم پتر دەبن. شتێک بەنێو ئێسقانی قاچەکانمدا هەڵدەگەڕێ، شتێک هەر لە کرم دەچێ، کرمێکی زۆرن دایە، هەموویان بەڕێگاوە مۆخەکەی دەخۆن. پشتیشم، ناو قەدی پشتم، ژانێکی زۆری تێدایە، ژانی سەرما و سۆڵی ئێرە نییە، ژانی هاوخەمانی کۆڵانەکەمانە، ژانی تۆ و شلێرە دایە ژانی خوێن ڕژانی جەستەی گوڵێیە... سەرم پڕە لە هاوار و فیغان، لەناو گریانی هەمووتان.

هیوا هەڵسایەوە، ڕێبواری بەجێهێشت و ڕووەو ئەو گاشە بەردە ڕۆیی کە کارزان خۆی لە پشتیدا مەڵاسدا بوو. لە دووری چەند هەنگاوێک لوولەی تفەنگی کارزانی بینی. بەبێ ترس، چووە پێش، بینایی لەناو کونی لوولەی چەکەکەی هەڵنەگرت، تا نەگەیشتە نزیک بەردەکە، چاوی نەبزواند. پێڵوەکانی نەترووکاند، تا دەستی لە لوولەی نەدا، تا تەنکە بەفرەکەی لەسەر ڕانەماڵی، لێوی نەترازاند. هەر کە سەری کارزانی بینی، نێوچەوانی گرژبۆوە، لەشی داهێزرا، دڵی گەورە و پڕ لە خەمی داخورپا:

– کارزان! کارزان؟

– ......... .

کارزان پشتی چەمابۆوە. سەری لە نێو ئەژنۆکانییەوە گیر کردبوو، هەردوو دەستیشی بەتەنیشتیدا شۆڕ ببوونەوە و تا مەچەکیان لە نێو بەفرەکەدا نوقم ببوو.

هیوا بێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بێ وەک ئەوەی یەکێکی خۆشەویست و نزیکی لەدەست چووبێ، پەنجەکانی بەسەروسیمای کارزان دادەهێنا. لە باوەشی گرت. سەری لە خوێن شەڵاڵ بووی بەرز کردەوە. خوێن وەک ملوانکەیەکی سوور بەڕاست و چەپی ئەسکوردی کارزاندا شۆڕ دەبۆوە، بەسەر سینگیدا دەچووە خوارێ، هیوا لەسەرخۆ جەستەی شل و چاوی کارزانی لەسەر پشت درێژ کرد و هەڵستا، نەیدەتوانی بەئاسانی هەنگاو بنێ. دەتگوت پێیەکانی لە ئاسن دروست کراون. لە بەفرەکە گیردەبوون، دەخشان، بەدوای خۆیدا رایدەکێشان. بەفریش بەخێرایی دەباری، دەتگوت پەنجەی ڕوحکێشانە، دادەکشایە سەر زەوی. لە دوورەوەش لوورەی گورگەکان، درزی لە دیواری کش و ماتی کێوی مەزن دەکرد و دڕی بەهوروژمی کڵۆ بەفرە سەر بەکڵاوەکان دەدا و لە شوێنی شەڕەکە نزیک دەبۆوە.

ئەم جارەش هیوا سەری هەڵبڕی، وەک بیەوێ فرمێسکەکانی بداتە بەر کڵۆ بەفرەکان و سیما و ڕوخساری پێ بشواتەوە... بەلەشێکی گران و قورسەوە، هەڵستا. خێرا





هەڵستا ڕووەو ئەو شوێنە چوو کە شۆڕشی لێ بەجێ هیشتبوو. وەک سەرخۆشێک بەملاو ئەولادا دەکەوت. دەکەوت و هەڵدەستایەوە. بەسەختی بەرپێی خۆی دەبینی. کەچی هەر دەڕۆیشت. جاروباریش بەسەرلێشێواوی ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت (شۆڕش! شۆڕش! لەکوێییت؟) لە هیکڕا بەسەر شتێکدا هەڵنگوت، خۆی پێ ڕانەگیرایەوە و لە دووری شتەکەدا ڕمبەی لێوەهات، سەروچاوی لە بەفرەکە چەقی، ناڵەیەکی لە دەم دەرچوو. خێرا هەڵستایەوە. ئاوڕێکی لە دواوەی خۆی دایەوە. پڕبەدەم هاواری کرد: شۆڕش! شۆڕش!

شۆڕش وەک خۆی لە خەوێکی قورسدا بەئاگا بێتەوە، بەزەحمەت خۆی بۆ هیوا وەرگێڕا. دەمی کردەوە. بەڵام هیچی پێ نەگوترا. بەدەست ئاماژەی بۆ هیوا کرد، هیوا بۆی چوو. لەبەردەمی داچەمییەوە، سەروچاوی بەبەفر داپۆشراوی خاوێن کردەوە. لە چاوی وەڕاما... بزەیەکی بۆ کرد. بەدەم لەرزینەوە گوتی: مەترسە، هەڵتدەگرم.

شۆڕش چاوی غەریبی بەسەر گیانی هیوادا گێڕا لەسەرخۆ گوتی: ب... ڕۆ... هیوا دیسان خۆی بۆ نەوی کرد باوەشی تێ گرت. سەروسیمای لەدەموچاوی شۆڕشدا هەڵسویی. هێندێک تاقەتی دا خۆ و هەڵیستاندەوە... بەفرەکەی لەسەر داماڵی. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئێستا دەڕۆین.

شۆڕش وەک توانایەکی نەمابێ بەئاستەم دەمی جووڵاندەوە: نا... توا... نم.

هێزێکی غەریب دارژایە جەستەی ماندووی هیوا. هیوا هەردوو پیلی شۆڕشی گرت و لەسەر پێ وەستاندی... تفەنگەکەشی کردە شان و دەستێکیشی خستە سەر شانی.

– ناو قەدم بگرە...

هەردووکیان، زۆر بەزەحمەت وەڕێ کەوتن... هیوا هەنگاوەکانی لەپێشتر بوون، بەفرەکەی دەشکاند، ناوەناوەش سەری هەڵدەبڕی و لە قووڵایی نشێوەکە و لە دۆڵە دوور و باریکەکانی خوارەوە رادەما، وای هەست دەکرد کە ڕەنگە هەموو تەمەنی بەشی ئەوە نەکا بگەنە سەرەوە!

ئاپۆرە: قەرەباڵغی
کەویە: بەفری بەسەریەکدا کەوتووی چەند ساڵ
مقەیەت: ئاگاداری
هەترەش: زندەق

## فەرهەنگۆک

شەموله: کورتەبنە

تیغ: موس

پیل: شان

تفەنگۆرە: تفەنگی لە تەختە و تەنەکە دروستکراو

تێکچڕژاو: ئاڵۆزکاو

دانووساندن: خۆمەڵاسدان

زەڕکردن: خەتاو زەرەردان لە کەسێک

دوشک: تۆران

پاساری: چۆلەکە

هەرس: ورچ

خوزی: تف

سەمت: ئیتیجاهـ

سووچ: هۆ

تفینگ: لووت

قرقرتۆگ: قوڕقوڕاگە

نواڵە: دەرودۆڵ

گنێخە: قوڕگ

مێژووکە: بەرخی تازە لەدایک بوو

رچە: شکاندنی بەفر بەمەبەستی رێکردنەوە

بڕمیز: میزکەر، بەخۆدامیزتن

جەڕباندن: تاقیکردنەوە

ئاماژە: ئیشارە

تەریق بوونەوە: فەشەل بوونەوە

قولینچک: گۆشە، قوژبن

کەد: قەد

غەزرین: پتر بۆ ئاژەڵ بەکاردێ، عینادی

تاژی: تانجی

هەڵسوان: خشاندن

هەڕەمە: خێرا

بەڕەوانی: ناوبژی

کێلکردنەوە: بەرزکردنەوە، قیت کردنەوە

زبارە: هەرەوەرزی

گەنگەرۆکە: هەللاوبەزمی منداڵان

تفەڕک: پیرۆز

لاترەی بەست: هەڵەنگوت و کەوت

دم: دەم

تورخانەوە: رزین، پلیشانەوە

هەلا هەلا بوون: پارچە پارچە، هەپڕوون بەهەپڕوون بوون

کەڤر: بەرد

چیل: زۆر سپی

غەڕا: لەخۆ بایی بوون

هاڕسین: وروژان، داڕسان

تیخ تیخدان: هاندان، فیتدان

گەروو: گەری، گەلی

پەنگر: پشکۆ، پۆلو

پێڕ: جەماعەت

قازمە: پاچ

بەری: پێش

ئەسکورد: مل

هەرێ: پەیمان، وەعد

بزگوڕ: کۆنە جل و پارچە پەڕۆ



## ناوەڕۆک


**چەند پەیڤێک**: 5

**دوا سەردان**: 6

**رێگای سێوان**: 10

**تۆی ئێستا، ئەوەی دوێنێ!**: 15

**نامەیەکی بەپەلە**: 22

**هەژان**: 49

**داینە سوورە**: 64

**خەجاو**: 67

**پەڵە خوێن** : 75

**سێ چیرۆکی زۆر کورت**: 81

**کورتە رۆمان-کێوی مەزن**: 83